# نسکۆ و دابڕان

ئەم کتێبە لەلایەن، دیار ئەحمەدی وێنەی گیراوە و کراوەتە PDF لەبەر ئەوەی وێنەکان کەمێک ڕووناکبوون و ڕەنگەکەی وایکردبووە کە با ئاسانی نەخوێندەرێتەوە، بۆیە منیش کەمێک دەستکاری وێنەکانم کردوو و دووبارە گۆڕیمەوە بۆ PDF، هیوادارم بەم کارەم لە زەحمەتەکانی دیار ئەحمەدیم کەمنەکردبێتەوە.

ناوی کتێب: نسکۆ و دابڕان
نووسینی: مستەفا هیجری
گرافیک و دیزاین: هۆزان
تایپ: بەختیار عوسمانی، سەلاح دەشتی
نۆرەی چاپ: یەکەم ٢٠١٥
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانە: سەردەم
نرخ: ٤٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی (١٢٥٠)ی
ساڵی ٢٠١٥ی دراوەتێ

## ناوەڕۆک


پێشەکیی نووسەر ٤
بەشی یەکەم: تیرۆری دوکتۆر قاسملوو ٧
بەشی دووهەم: تیرۆری دوکتۆر سادق شەرەفکەندی (کاک سەعید) ٣٥
بەشی سێهەم: جیابوونەوەی تاقمی حەوت کەسی ٤٥
بەشی چوارەم: کۆنگرەی ٨ و جیابوونەوەیەکی دیکە ٧١
بەشی پێنجەم: جیابوونەوەیەی دوای کونگرەی ١٣ ٩٨

## نسکۆ و دابڕانەکان (لە ١٣٥٧ەوە)

## پێشەکیی نووسەر

دیاردەی جیابوونەوە تەنیا تایبەتمەندیی حیزبە کوردییەکان نیە، بەڵکوو ئەگەری جیابوونەوە لە هەموو حیزبێکدا بە تایبەتی لە حیزبە دێموکراتەکاندا هەیە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش وەک یەکێک لەو حیزبانە لە مێژووی خۆیدا چەندین جار تووشی جیابوونەوە بووە. لەم دەرفەتەدا دەمهەوێ باسێک لەسەر دابڕانەکان لە حیزبدا لە ساڵی ١٣٥٧ک (١٩٧٩ز)ەوە تا کاتی نووسینی ئەم دێڕانە بێنمە گۆڕێ، هۆی هەڵبژاردنی ئەم ڕێکەوتەش وەکوو سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییە کە پێش ئەو ساڵانە من نە ئەندامی حیزب بووم و نە لە نزیکەوە ئاگاداری هۆیەکانی ئەو دابڕانانە بووم، بۆیە لەو پێوەندییەدا هەرچی باس بکەم لە رووی نووسراوە و داوەری کردنی کەسانێکی دیکە دەبێ کە زۆر جار بۆ خۆم قەناعەتم پێیان نیە، بەڵام لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوییەوە، وەک ئەندامێکی ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبە ئاگاداری هۆیەکان و وردەکارییەکانی سێ دابڕان بووم کە تێدەکۆشم سەرنجم لەسەر ئەو دابڕانانە چڕ بکەمەوە و ڕاستییەکانی ئەو دابڕانانە بۆ خوێنەرانی بەڕێزی ئەم دێڕانە لە ڕوانگەی خۆمەوە روون بکەمەوە.

لەوانەیە هێندێک کەس لەگەڵ ئەو خوێندنەوانە نەبن، بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە لە ریزی دابڕاوەکاندا بوون، ڕەنگە زۆر هۆی دیکە بۆ دابڕانەکانیان دەستنیشان بکەن یان دابتاشن، بەو حاڵەش ئەم نووسینانە بە خوێندنەوەیەک کە نووسەری ئەم دێڕانە هەیەتی، دەلاقەیەک بە رووی ئەم بڕگە تاڵ و نەخوازراوانەدا دەبێ کە لە هەلومەرجە ناسکەکاندا زەبری قورسیان لە پەیکەری حیزبی دێموکرات و بە گشتی لە پەیکەری جووڵانەوەی کورد وەشاندووە. لانیکەمی خەسارەتی ئەم دیاردەیە ئەوە بووە کە بۆ ماوەی چەند ساڵێک هێزەکانی هەر دوو لایەنی بە خۆیەوە خەریک کردووە و دوژمنی سەرەکیی هاوبەشیانی کەم و زۆر لە بیر بردوونەتەوە و، دەرفەت دان بە دوژمن و چاندنی تۆوی بێهیوایی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بەرهەمی ئەو دابڕانانە بووە.

بەڵام با ئاماژە بەو راستییەش بکەین کە هۆیەکان، ئەکتەرەکان، کاریگەرییە دەرەکی و نێوخۆییەکان و رادەی خەساری هەرکام لەم دابڕانانە جیاوازییان لەگەڵ یەکتر هەیە، جار بووە کە دابڕان بووەتە تەنیا رێگا و دەرەتانێک بۆ پێکەوەمانەوە و کارکردنی دوو لایەن نەماوەتەوە، چوونکە کێشەکان کێشەی گرینگی سیاسی و خوێندنەوەی بەتەواوی جیاوازی رووداوەکان و ئاڵوگۆڕەکان بووە، بەڵام لەو حاڵەتانەشدا دەکرا دابڕانەکان بە شێوەیەک بەڕێوە بچن کە کەمترین خەسارەت بۆ جووڵانەوە بەرهەم بێنێ کە لە جێگەی خۆیدا ئاماژە بەو خاڵانەش دەکرێ.

ناوی «نسکۆ و دابڕان»مان بۆ ئەم کتێبە هەڵبژارد لەبەر ئەوەی دوو بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ و لەسەر دوو تەوەری بەرچاو ساغ دەبێتەوە:

یەکەم ـ باسی شەهید بوونی رێبەرانی حیزب، دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو و دوکتور سادق شەرەفکەندی دەکا

دووهەم ـ باسی ئەو سێ ئینشعابە دەکات کە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە حیزبی دێموکراتدا کراون.

ئەم تەوەرانە بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە لەسەر ئەم خاڵە هاوبەشە یەک دەگرنەوە کە هەردووکیان لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا تراژێدی بوون. نسکۆ و دابڕانەکان لە ڕاستیدا کارەسات و تراژێدی بوون؛ بەو جیاوازییەی کە نسکۆکان لە دەرەوەڕا و بەدەستی بێگانە تووشی حیزب بوون و دابڕانەکان لە ناوەوەڕا و بەدەستی هاوسەنگەرانی حیزبی بەسەر حیزبدا سەپێندران.

تێبینی: بۆ دەستنیشانکردنی ڕێکەوتی ساڵەکان، ساڵی کۆچیی هەتاوی بە نیشانەی (ک) و ساڵی زایینیش بە نیشانەی (ز) نیشان دراوە.

# بەشی یەکەم



## تیرۆری دوکتۆر قاسملوو

د. قاسملوو ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی.ک (١٩٨٩/٦/١٣ز) لە شاری وییەن هاوڕێ لەگەڵ کاک عەبدوڵلا قادریئازەر و د. فازڵ ڕەسووڵ[١] لە کاتێکدا بە دەستی تیرۆریست دیپلۆماتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران تیرۆر کران کە بە مەبەستی چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشەی کورد لە ئێراندا و لەسەر داوای ڕێژیم لە سەر مێزی وتووێژ دانیشتبوون.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران زۆر جار سەبارەت بە پاراستنی گیانی شەهید د.قاسملوو ڕەخنەی لە خۆی گرتووە کە لەو کۆبوونەوەیەدا بە شێوەی پێویست پارێزگاریی لە بەڕێزیان نەکردووە، بەڵام ئێستا و دوای تێپەڕبوونی ٢٥ ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا، کاتی ئەوە هاتووە کە بە ڕوونکردنەوەی هێندێک لە ڕاستییەکانی ئەو ڕووداوە کە زۆر کەس لێیان ئاگادار نین، چۆنیەتیی بە هاسانی لە داوکەوتنی دوکتۆر بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکەین.

مەبەست لەو ڕوونکردنەوەیە ئەوەیە کە:

یەکەم ـ گرینگتر لە هەموان ئەندامانی حیزبی دیموکرات و گەلی کورد بە گشتی مافی خۆیانە کە لانیکەم لە کاتی خۆیدا لە ڕاستییەکانی مێژووی خەباتی خۆیان ئاگادار بن.

دووهەم ـ دیسان بۆ فێربوون لە مێژوو و دەرس وەرگرتن لە هەڵەکان، ئەزموونی زیاتر وە سەریەک بنێن بۆ ئەوەی بەرەی داهاتوو وشیارتر بن و ئەو هەڵانە دووپات نەکەنەوە.

چۆنیەتیی دەستپێکردنی ئەو وتووێژە:

لە مانگەکانی کۆتایی هاوین و سەرەتای پاییزی ١٣٦٧ی.ک (١٩٨٨ز) د.قاسملوو سەفەرێکی ئورووپای کرد و ماوەی نێزیک بە سێ مانگی پێ چوو. لەو ماوەیەدا بێجگە لە کۆمەڵێک دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسانی پایەبەرزی حکوومەتی و حیزبەکانی چەند وڵاتێکی ئورووپا، کارێکی دیکەشی کرد، ئەویش چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی لە شاری ڤییەن بوو. ئەو چاوپێکەوتنە د.فازل رەسووڵ پێکی هێنابوو.

دواتر دەرکەوت کە مام جەلال تاڵەبانی و ئەحمەد بن بێللا سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئەلجەزایریش ـ کە ئەودەم خانەنشین و دانیشتووی ڤییەن بوو ـ لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوون.

هەموو ئەو رووداوانە لە حاڵێکدا روو دەدەن کە نەک هەر کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی هیچ ئاگادارییەکیان لە کۆبوونەوەکە نیە، بەڵکوو تەنانەت هاورێیانی بەرپرسی حیزبی کە لە ڤییەن بوون، ئاگایان لەو کۆبوونەوەیە نیە. لە بەرپرسانی حیزبی تەنیا کەسێک کە لە لایەن دوکتۆر قاسملووەوە ئاگادار دەکرێ و لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار دەبێ، عەبدوڵڵا قادریئازەر ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات دەبێ، کە دیارە ئەویش لە سەر راسپاردەی د. قاسملوو مەسەلەکە بۆ کەس ئاشکرا ناکات.

نەسرین خانمی خێزانیشی ئەو کاتە ئاگادار دەبێ کە دوکتۆر لە ڤییەنەوە نامەیەکی کورتی بۆ دەنووسێ:

*" ... ساڵێکی نوێی خۆشت بۆ بە ئاوات دەخوازم، بە داخەوە ئەورۆ ناتوانم بگەرێمەوە پاریس، من لێرە خەریکی وتووێژێکی زۆر گرینگم لەگەڵ نوێنەرانی رێژیمی ئێران،*

*بێگومـان وتووێژەکە، وتووێژێکـی بە تەواوی کۆتاییە. لە ئاکامدا هیچ کەس بێجگە لە تۆ نابێ لێی ئاگادار بێ..."*[٢].

د. قاسـملوو دوای ئەو سـەفەرە و گەڕانەوەی بۆ کوردسـتان باسی هەمـوو ئەو ڕووداوە و چۆنیەتیی ئامـادەکاری بۆ کۆبوونەوەکە و ئەو باسـانەی کە لـە نێوان خۆی و هەیئەتـی حکوومەتی ئێرانـدا هاتبوونە گـۆڕێ، بۆ دەفتەری سیاسـی ڕوون کردەوە و ئـاگاداری کردینەوە کە هەیئەتـی ئێرانی داخواز و پێشـنیارەکانی ئەویان بە هێند وەرگرتووە و هەموویـان نووسـیوەتەوە بۆ ئەوەی بیبەنەوە بۆ ئێران و بەرپرسـانی سەرەوەتری خۆیانی لێ ئاگادار بکەنەوە و د.قاسملووش لە گەڕانەوەی بۆ کوردسـتاندا نەزەر و بۆچوونی ڕێبەرایەتیی حیزب لەسەر بابەتەکە وەردەگرێ و لە سەفەری داهاتوودا بۆ دەرەوەی وڵات جارێکی دیکە کۆ دەبنەوە و هەنگاو بۆ بەرەوپێشـبردنی پرۆسەکە هەڵدەگرن هەتا زووتر بە ئاکامی بگەیەنن.

دوای تەواوبوونـی ئەو بەشـە لە ڕاپۆرتی سـەفەری د.قاسـملوو بۆ دەرەوەی وڵات سروشـتی بوو کە دەفتەری سیاسی ناڕەزایەتیی خۆی لـەو پێوەندییەدا دەربڕێ کە لەو بابەتـە گرینگەدا کومیتەی ناوەندی و تەنانەت دەفتەری سیاسیشی لێ ئاگادار نەکردۆتەوە، بەڵام بۆ من وەک ئەندامێکی دەفتەری سیاسی بێجگە لەو کارە، بەشداریی شەخسی دوکتور وەک کەسی یەکەمی حیزب لەو کۆبوونەوەیەشدا جێگای ڕەخنە بوو. من لە کۆبوونەوەکەی دەفتەری سیاسـیدا ڕاشکاوانە ڕەخنەم لەوە گرت کە د.قاسملوو وەک کەسایەتیی یەکەمی حیزبی دێموکرات لەگەڵ هەیئەتێکی کۆماری ئیسـلامی کە لەگەڵ ئێمە لە شـەڕێکی چەکداریی گەرمدان و تا ئـەو دەم بە سـەدان و بگرە هەزاران کەسـمان لە یەکتری کوشـتووە، دادەنیشـێ کە تەنانەت ناوی ڕاستەقینەی ئەندامانی هەیئەتەکەش نازانی و لەباری پاراسـتنی ئەمنییـەت و پاریزگاریی خۆیـەوە هیچ هەنگاوێک هەڵناگـرێ، لە حاڵێکدا کە هەر لـەو کاتەدا ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی دڵسـۆزی حیزبی کە بەشێکیان قاڵبووی مەیدانی خەباتی پێشمەرگایەتی

و لە هەموو باریکیشەوە جێگای متمانە بوون، لە وییەن دەژیان و ئامادە بوون لە پێناو پاراستنی د. قاسملوودا گیانیان فیدا کەن، متمانەیان پێ ناکرێ و بە تەنیا لەگەڵ کاک عەبدوڵلا قادریئازەر ئامادەی کۆبوونەوە دەبێ. من درێژەم بە رەخنەکانم دا و ئیشارەم بەو راستییە کرد کە بەڕێز دوکتور قاسملوو زۆر باش شارەزای کاری دیپلۆماسی و پرەنسیپی بەشداری لەم چەشنە کۆبوونەوە و دانوستانانەیە و، ئەوەی وەک عورفی ئەمڕۆی دونیا ناسراوە، ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی هەیئەتی خۆی لە چ ئاستێکدا ناردووە، دوکتور قاسملووش پێویست بوو هەیئەتێکی لەو ئاستەدا لە هاوڕێیانی کوردستان و دەرەوەی وڵاتی بۆ ئەو دانیشتنە ناردبا و بۆ خۆی لە کۆتایی پرۆسەکە و بە ئاکام گەیشتنیدا، بۆ ئیمزا کردن و راگەیاندنی رێککەوتنەکە لەگەڵ بەرپرسانی ئاستی هەرەبەرزی رێژیم ئامادە ببوایە.

د. قاسملوو لە بەرانبەر ئەو رەخنانەدا بۆی باس کردین کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی پێداگریی زۆری کردووە کە ئەو دانیشتنە بە ئامادەبوونی ئەو چەند کەسە پێک بێ و کەسی دیکەی لێ ئاگادار نەکرێتەوە لەبەر ئەوەی لە نێو دامودەزگاکانی رێژیمدا دژبەرانی ئەم کۆبوونەوەیە و نەیارانی درێژەپێدانی زۆرن و ئەگەر ئەوان ئاگادار ببنەوە، پرۆسەکە لە بار دەبەن، بۆیە پێویستە ئەوپەڕی نهێنیکاری بکرێت بۆ ئەوەی کۆسپ و تەگەرەمان نەیەتە سەر رێگا. لە پێوەندی لەگەڵ پاراستنی خۆی و کاک عەبدوڵلا لە پیلانەکانی رێژیم لەو کۆبوونەوەیەدا بۆی باس کردین کە بەڕێز مام جەلال چەند کەس لە برادەرانی خۆی کە دەمانچەیان پێ بووە، لە پشت دەرکی ژووری کۆبوونەوەکە و لە شوێنێکی دیکەی نزیک لە کۆبوونەوەکە داناوە، بۆیە لەم بارەوە نیگەرانیمان نەبووە.

لە راپۆرتەکەی د. قاسملوودا وا دەردەکەوت کە هەیئەتی رێژیم بە شێوەیەک هەڵسوکەوتیان کردووە و باسەکانیان بردووەتە پێشێ کە ئەو گومانەیان لە د. قاسملوو و باقی ئەندامانی هەیئەتدا پێک هێنابوو کە بەراستی رێژیمی کۆماری ئیسلامی دوابەدوای کۆتاییهێنان بە شەڕی

هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق، بە شێوەیەکی جیددی خەریکە چارەسەرێکی ئاشتیخوازانە بۆ پرسی کورد لە کوردستانی ئێران بدۆزێتەوە، بۆیە د. قاسملووش بە هیچ شێوەیەک نەیویستووە ئەو هەلە لە دەست بدات، ڕازیبوونی بەرپرسانی پێوەندیداری ڕێژیم بە بەشداریی بەڕێز مام جەلال و بن بێللاش زۆرتر ئەم گومانەی بەهێز دەکرد، غافل لەوەی کە ڕێژیم زۆر فێلبازانە و دوای لێکدانەوەیەکی وردی هەمەلایەنە لە توانایی دوکتور قاسملوو نیگەران بوو زۆر بە لێزانییەوە ئەو داوەی بۆ داناوەتەوە و ئەم بەشانە لە کاری کۆبوونەوەکەش ڕاست بەشێک لە پیلانەکە و ڕاکێشانی نێچیر بۆ نێو داوەکە بووە[٣].

د. قاسملوو لە ڕاپۆرتەکەیدا باسی کرد کە لەگەڵ هەیئەتی ڕێژیم ڕێک کەوتوون کە لە بەهاری ساڵی ١٣٦٨ی هـ ک (١٩٨٩ز) بە پێی قەراری پێشوو جارێکی دیکە کۆ ببنەوە و د. قاسملوو هەیئەتی ڕێژیم لە ئاکامی بۆچوونی ڕێبەرایەتیی حیزب و ئەوانیش هەیئەتی حیزب لە وەڵام و ئاکامی داخوازییەکانی حیزب ئاگادار بکەنەوە و کارەکە درێژە پێ بدەن.

ئاکامی باسەکانی د. قاسملوو لەسەر ئەو کۆبوونەوەیە و، ڕەخنەکانی دەفتەری سیاسی لەسەر شێوەی کۆبوونەوەکە بوو بەوە کە:

*وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ئاشتیخوازانە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کارێکی دروستە، هەرچەند لە ڕابردووشدا حیزبی دیموکرات لەو پێوەندییەدا هەوڵی داوە، بەڵام بە ئاکام نەگەیشتووە، ئەو جارەش پێویستە ئەو ڕێگایە تاقی بکرێتەوە، بەو مەرجەی لە دانیشتنی داهاتوودا د. قاسملوو لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداری نەکا، بەڵکوو لە جیاتی ئەو، هەیئەتی حیزب بە سەرۆکایەتیی ئەندامێکی ڕێبەرایەتی بەشداری کۆبوونەوەکە بێ. لەسەر ئەم مەرجە پێداگری کرا و د. قاسملوو لە وەڵامی ڕەخنەی دەفتەری سیاسیدا، بۆ دڵنیایی‌دان بە دەفتەری سیاسی فەرمووی مەبەستی*

*من لە بەشداریی خۆم لە کۆبوونەوەکەدا ئەوە بووە کە سەرەتای کارەکە دامەزرێنم و درێژەی کارەکە بە هەیئەتی حیزبی دەسپێرین. لە ئەنجامدا ساغ بووینەوە کە دەفتەری سیاسی بە لەبەرچاوگرتنی ئەم مەرجە، لە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیدا پشتگیری لە درێژەپێدانی وتووێژەکە بکا*(٤).

لە رۆژانی ٩ هەتا ١٤ی رەشەمەدا کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پێک هات، لەو کۆبوونەوەیەشدا د. قاسملوو راپۆرتی سەفەرەکەی پێشکەش کرد و دوای نەزەر و بۆچوونەکانی د.قاسملوو سەبارەت بە وتوویژ لەگەڵ رێژیم و موناقشەکردن لەسەر پرسەکە، کۆمیتەی ناوەندی بریاری درێژەدان بە وتووێژەکەی بە لەبەرچاوگرتنی مەرجی دیاریکراوی دەفتەری سیاسی پەسند کرد.

دوای ئەوەی رێبەرایەتی بۆ درێژەدانی وتووێژەکە بەو شێوەیە کە پێشتر باسمان کرد قەناعەتی هێنا، د.قاسملوو لە کۆتاییەکانی مانگی بانەمەڕ سەفەری دەرەوەی وڵاتی کرد و ئێمەش چاوەڕوانی ئەوە بووین کە هەیئەتی ئێرانی کە گەڕابوونەوە تاران و ئاکامی وتووێژەکەیان لەگەڵ بەرپرسانی باڵای خۆیان تاوتوێ کردبوو، د. قاسملوو ئاگادار بکەنەوە و بۆ دانیشتنی هەیئەتی حیزب ـ بە بێ ئامادە بوونی د. قاسملوو ـ و هەیئەتی رێژیم قەرار دابنێن، بەڵام لەو پێوەندییەدا هیچ خەبەرێکمان پێ نەگەیشت تا رۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی.ک دوکتور قاسملوو و هاوڕێکانی شەهید کران و دەفتەری سیاسی لە رێگای هاوڕێیانی دەرەوەمان لەو خەبەرە دڵتەزێنە ئاگادار کرایەوە.

دوای رووداوەکە دەرکەوت کە پاش ئەوەی هەیئەتی کۆماری ئیسلامی لە کانالی د. فازڵەوە دوکتور قاسملوو ئاگادار دەکەنەوە کە جارێکی دیکە بۆ درێژەدانی وتووێژەکە کۆ ببنەوە و هەیئەتی حیزب لە نەزەری حکوومەت سەبارەت بە باسەکانی کۆبوونەوەی پێشوو ئاگادار بکەنەوە، جارێکی دیکە د. قاسملوو بە بێ لەبەر چاوگرتنی بریاری دەفتەری

سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی لەگەڵ کاک عەبدوڵڵا قادریئازەر، بە نهێنی و بە بێ ئەوەی کەسێکی دیکە ئاگادار بکاتەوە لە شاری ویێەن لە ماڵی هاوسەرەکەی د. فازڵ ئامادەی ئەو دانیشتنە لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت دەبێ، بەو جیاوازییەی کە ئەو جارە مام جەلال و بن بێلا بەشداری کۆبوونەوەکە ناکرێن. هۆی بەشدار نەکردنی ئەوان لە لایەن ڕێژیمەوە بە تەواوی روونە، چوونکە ئەو پیلانەیان بە دەستەوە بووە و ویستوویانە پیلانەکەیان هەرچی هاسانتر بە ئەنجام بگەیەنن. بیانووی رژیم بۆ بەشدار نەکردنی ئەو دوو بەڕێزە لە کۆبوونەوەکەدا ئەوە بووە کە ئەم وتوویژە بە تەواوی نهێنییە و تا کۆتایی نابێ بڵاو بێتەوە بۆ ئەوەی لایەنە توندڕەوەکان لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا کۆسپ نەخەنە سەر ڕێگای وتوویژەکە، مام جەلالیش کەسێکە لەوانەیە وتوویژەکە ئاشکرا بکات، بن بێللاش کەسێکی بیگانەیە و پێویست ناکا بۆ باس لەسەر وردەکاریی وتوویژەکە بەشدار بێت، ئێمە دوو لایەن کە ئێرانین و هاوولاتین لەسەر پرسەکە باس دەکەین و بە ئاکامی دەگەیەنین. ئامادەکردنی زەمینەی بەشداری نەکردنی ئەو دوو بەڕێزە پێشتر و دوای کۆتایی کۆبوونەوەی یەکەم، لە لایەن هەیئەتی ئێرانییەوە کرابوو و ئەوەیان بە د.قاسملوو راگەیاندبوو، چوونکە د.قاسملوو لە گەڕانەوەی بۆ کوردستان و دوای کۆبوونەوەی جاری یەکەم ئەو قسانەی بۆ ئێمە باس دەکرد.

د.قاسملوو بۆ بە نهێنی راگرتنی ئەو کۆبوونەوەیە (کۆبوونەوەی دووهەم) ئەوندەی قایمکاری کردبوو کە کاک کەریم پیرۆتی کە ئەندامێکی دڵسۆز و هەڵسووری حیزبی و تەنانەت جێگای متمانەی د. قاسملوو بوو، دەیگێڕایەوە کە لە ویێەن لە خزمەت د. قاسملوودا بووم، دوکتور لە رۆژی رووداوەکەدا پێی دەڵێ کە لەگەڵ کاک عەبدوڵڵا قادریئازەر بە ماشێنەکەی خۆی بیانباتە هوتێل ... لەوی قەرارێکی هەیە، کاک کەریم دوای ئەوەی کە دەیانگەیەنێتە شوێنی مەبەست، دەیهەوی لەگەڵیان بچێ، د.قاسملوو پێی دەڵێ لێرەڕا بگەڕێوە، کاک کەریم پێداگری دەکا کە

لەگەڵیان بچی و دەڵێ من نایەمە کۆبوونەوەکە، بەڵام بۆ ئاگاداربوون لە ئێوە لە پشتی دەرکەی ژووری کۆبوونەوەکە لە هوتێل دەبم، خۆ ناکری ئێوە ئاوا دوو نەفەری بچن بۆ شوێنێک و کەسی دیکەتان لەگەڵ نەبێ، بەڵام د.قاسملوو لێی قەڵس دەبێ، لە ئاخردا کاک کەریم لێی دەپرسی کەنگێ و لە کوێ بێمەوە بە دواتاندا؟ د. قاسملوو پێی دەڵێ دوای تەواوبوونی دیدارەکە بۆخۆم تەلەفۆنت بۆ دەکەم، ئەو دەم لەبەر دەرکی هوتێل ئامادە بە، کاک کەریم ئەو دوانیوەڕۆیە هەر چاوەڕوانی تەلەفۆنی دوکتور دەبێ، بەڵام کە درەنگ دەبێ و تەلەفۆنی بۆ ناکرێ، نیگەران دەبێ و دەچێتە بەردەم هوتێلەکە، کە دەبینێ کۆڵانی تەنیشتی هوتێل زۆر قەرەباڵغە و پۆلیسی زۆری لێیە و ئامبولانس هاتوچۆ دەکەن نیگەرانییەکەی زیاتر دەبێ و دەیەوێ بچێتە بەر دەرکی ئەوماڵەی کە لە نێو کۆڵانەکەدا خەڵکێکی زۆری لێ کۆ بووەتەوە، پۆلیسەکان پێشی پێ دەگرن، کە دەپرسێ لەو کۆڵانەدا چ قەوماوە، پێی دەڵێن لە فلان ماڵدا قەتڵ رووی داوە و سێ کەس کوژراون.

بەداخەوە بە شەهیدبوونی د. قاسملوو و کاک عەبدوڵڵا قادری ئازەر زۆر پرسیاری بێ وەڵام بۆ ئێمە ئەندامانی رێبەرایەتیی ئەو کات هاتنە گۆڕێ کە تا ئێستاش وەڵامێکی راستەقینەیان پێ نەدراوەتەوە و لەوانەیە هیچ کاتێکیش ئەو وەڵامانە بە دروستی نەدرێنەوە، چوونکە ئەوانەی وەڵامی راستەقینەیان لە لا بوو، شەهید کران.

یەکەم پرسیار ئەوەیە کە:

هاندەری دوکتور بۆ ئەوەی کە بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی بشکێنێ و جارێکی دیکە بۆ خۆی راستەوخۆ بەشداری لەو کوبوونەوەیەدا بکات چ بووە؟ هەموو ئەو وەڵامانەی کە دەکرێ بەو پرسیارە بدرێنەوە زیاتر گومان و لێکدانەوەن و منیش بە حوکمی ئەوەی کە ساڵانێک شانازیی هاوکاربوونی ئەو گەورەپیاوەم پێبڕاوە و کەم و زۆر شارەزای رۆحیات و هەڵسوکەوتی بووم، بە لە بەرچاو گرتنی هەلومەرجی ئەو کاتی ناوچە و حیزبی دیموکرات چەند گریمانەیەک بۆ وەڵامی ئەو

پرسیارە دێنمە ئاراوە:

● یەکــەم: گرینگترینیان دەتوانێ ئەوە بێ کە دوکتۆر لە کۆبوونەوەی یەکەمی لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەت بە تەواوی بەو قەناعەتە گەیشتبێ کە ڕێژیم کێشــەی کورد لە ڕێگای وتوویژ لەگەڵ دوکتۆر قاسملووەوە چارەســەر دەکا، دوای گەڕانەوەی دوکتۆر لە کوردستانەوە بۆ ئورووپا کاتێـک ئاگاداری دەکەنەوە کە کۆبوونەوەکە پێک بێنن، لەوانەیە دوکتۆر پێـی ڕاگەیاندبن کـە ڕێبەرایەتیی حیزب بڕیاری داوە هەیئەتێکی ئێمە لە کۆبوونــەوەدا بەشــدار بێت و ئێوە لەگەڵ ئەوان ئــەو وتوویژانە درێژە پێبدەن، بەڵام ئەوان کە لە ڕاستیدا مەبەستیان چارەسەری پرسی کورد نەبووە، بەڵکوو مەبەستی ڕاستەقینەیان لە داوخستنی د. قاسملوو بووە، وەڵامیان دابێتەوە کە لە بەر گرینگی و هەســتیاربوونی پرســەکە ئەوان تەنیـا لەگـەڵ دوکتــۆر ئامادەی دانیشــتن دەبن و ئەگــەر دوکتور ئەوە قبــووڵ نــەکا وتوویژەکە کۆتایــی پێ دێت، دوکتۆریش کاتێک تووشــی ئــەم دووڕێیانــە دەبێ کە یــان درێژەدانی وتوویژەکە بــە ئامادەبوونی خــۆی یان هیــچ، ڕێگای یەکــەم هەڵدەبژێــرێ بۆ ئەوەی ئــەو دەرفەتە مێژووییەی! لەدەست نەدابێ، خۆ لە ئەگەری سەرکەوتن لەو وتوویژەدا و بەدەســتهێنانی مافێکی جێگای پەســند بۆ حیزبــی دیموکرات و گەلی کــورد لە کوردســتانی ئێرانیشــدا، بێجگە لــەوەی وەک قارەمانێکی ئەو بوارە دەردەکەوێ، مەجالێکی ئەوتۆش بۆ ڕێبەرایەتیی حیزب سەبارەت بە لە ژێرپێنانی ئاشکرای بڕیار و ڕەخنەلێگرتنی نامێنێتەوە.

● دووهەم: پاش تەقەوەستان لە نێوان هێزەکانی ئێران و عێراق دوای شــەڕێکیماڵوێرانکەری هەشت ســاڵە، حیزبی دیموکرات لە کۆبوونەوە و ڕاگەیاندنەکانی خۆیدا، بە مەبەســتی هاندانی خەڵک و پێشــمەرگە بۆ درێژەدانــی خەبــات و بەربەرەکانــی، گیروگرفتــە گەورە و لــە ئەژمار نەهاتووەکانــی ڕێژیمی زەق دەکردەوە کە دوای کۆتایی شــەڕ بەرۆکی ڕێژیم دەگرن و ڕێژیمیش لە چارەسەرکردنیان دەستەوەستان دەمێنێتەوە، وەک ئاوەدانکردنــەوەی ژمارەیەکــی زۆر لــە شــارە وێرانکــراوەکان،

گەڕاندنەوەی سەدان هەزار لە دانیشتوانی ئەو شارانە کە ئاوارەی نێوخۆی وڵات بووبوون و هەموو شتێکی خۆیان لە دەست دابوو، هاتنە ئارای ویست و داخوازی ڕەوای خەڵکی ئێران سەبارەت بە ئازادی، کار و داهات و هەموو مافە پێشێلکراوەکانیان کە پێشتر بە بیانووی ئەوەی ڕێژیم لەگەڵ دوژمنێکی دەرەکی واتە سەدام حوسێن لە شەڕێکی توندوتیژدا بوو، کەمتر باسیان لێوە دەکرا و ... بەڵام بە کۆتاییهاتنی شەڕ، ئەو داخوازییانە و بەربەرەکانێ بۆ دابینبوونیان بەردەوام دەبێ و لە ئاکامدا دەرفەتی خەباتی گەلی کورد و حیزبی دیموکرات باشتر دەبێ. ئەوانە هەموو لایەنێکی ئەو پرسە گرینگە بوون.

بەڵام لەوانەیە بۆ د. قاسملوو کە سەرکردایەتی و ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کوردی دەکرد، لایەنی دیکەی ئەم پرسەش کە لایەنێکی نێگەتیڤی پرسەکە بوو جێگای لێ وردبوونەوە بووبێت، بەو واتایە کە ئەگەر تاکوو ئەودەم لەگەڵ ئەوەی ڕێژیم لەو ٨ ساڵەدا کە لە ژێر هێرشی بێوچانی سەدام حوسێن بوو توانیبووی کوردستانێک کە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی بەشێکی زۆری لە ژێر دەسەڵاتی هێزە بەرهەڵستکارەکانی کورد بە تایبەت حیزبی دیموکراتدا بوو، هەنگاو بە هەنگاو وەرگرێتەوە و پاشەکشە بە هێزی پێشمەرگە بکا، بە جۆرێک کە لە کاتی وتووێژی د. قاسملوو لە گەڵ ڕێژیمدا، سەرکردایەتیی حیزبی دیموکرات و هەموو هێزە سیاسییە بەرهەڵستکارەکانی کوردی ئێران لە ژێر زەختی ڕێژیمدا نەیانتوانیبوو لە کوردستانی ئێران بمێننەوە و بە ناچاری ڕوویان لە کوردستانی عێراق کردبوو و لەوێ بنکە و بارەگاکانی خۆیان لە سنوورەکان دامەزراندبوو. تۆ بڵێی د. قاسملوو بیری لەو لایەنە نێگەتیڤەش نەکردبێتەوە، مادام کە ئێستا ڕێژیم شەڕێکی لەگەڵ هێزەکانی عێراق نامێنێ، توانای بەربەرەکانێ کردنی لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بەرفراوانتر و بەهێزتر دەبێ و خەباتەکە سەختتر، پڕمەترسیتر و درێژتر دەبێتەوە، ئەوەش هاندەرێک بووبێ بۆ ئەوەی د.قاسملوو ئەو وتووێژە بە دەرفەت بزانێ و لە دەستی نەدا، بەڵکوو لە

ڕەوتی وتوویژەکاندا چارەسەریک بۆ کیشەی کورد بیتە ئاراوە.

لــە هەر حاڵدا د. قاســملوو بە هــەر لیکدانەوەیەک لانیکــەم بۆ جاری دووهەم بەشداریی لەو شیوە وتوویژەدا کردبی، لیکدانەوەیەکی دوور لە راســتی بووە. وەک ئەوانەی کە کار لەسەر کەرەسەی تەقینەوە دەکەن پەیتا پەیتا ئەم مەترسییە دەڵینەوە کە "یەکەم هەڵە، ئاخر هەڵەیە" هەڵەی د.قاســملووش ئاخــر هەڵە بوو کــە بەداخەوە زۆر لــە ریبەرانی دیکەی کوردیش تووشــی بوون و دوای ئەو هەموو ئەزموونە میژووییانە، ئەو هەڵەیە لانیکەم لە د. قاسملوو چاوەڕوان نەدەکرا.

دوای بــە چۆکداهاتنــی کۆماری ئیســلامی لە شــەڕی ئیــران ـ عیراق و پەســند کردنــی بڕیارنامەی ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایشــی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆماری ئیسلامی و هیزەکانی لەوپەڕی بیهیوایی و پرشوبڵاویدا بوون چوونکە ئاکامی شەڕیک کە سەدان هەزار کوژراو و بریندار بۆ کۆماری ئیسلامی لی کەوتەوە و هەڵگری سەدان میلیارد دۆلار زیانــی ماڵی و ویرانبــوون و تیکڕووخانی ژمارەیەکی بەرچاو لە شــار و شارۆچکەکانی سەر سنوور بوو کە زۆربەیان تا ئیستاش وەک خۆیــان لی نەهاتۆتــەوە، هەموو ئەوانە بە هیوای ســەرکەوتن بەســەر سەدام حوسین و تیکڕووخاندنی حکوومەتەکەی و "رزگارکردنی قودس لــە ریگای کەربەلاوە"[٥] بوو، بەلام ئاکامەکەی بە پیچەوانەی ئارەزووی ریژیم تەواو بوو، نەک ریژیمی بەعسی عیراقیان بۆ نەڕووخا و قودسیان لــە ریگای کەربــەلاوە بۆ رزگار نەبــوو، بەڵکوو بە تــەواوی مایەپووچ دەرچوون و بیجگە لە سەرشــۆڕی و تیکشــکانیکی گــەورە هیچیان بۆ نەمایــەوە، بــەلام دوو هەڵەی گەورە لەو ســەردەمە وردەیەکی هینایەوە بەریان و ئارادەیەک زیندووی کردنەوە:

یەکــەم ـ هەڵەی ریکخــراوی موجاهیدینی خەڵکی ئیران بوو کە دوای ئەقەوەســتان، هیزیکــی گــەورەی خۆیان کــۆ کردەوە و بە پشــتیوانیی تانکەکانی ریژیمی عیراق دەســتیان دایە هیرشــیک بە ناوی "رووناکیی هەتاهەتایــی" (فــروغ جاویــدان) ئەو هیرشــە لــە ســنووری پاریزگای

کرماشـانەوە دەسـتی پـێ کـرد. موجاهیدیـن لەسـەر ئـەو بەرنامەیە هێرشـەکەیان دەسـت پـێ کرد کە بـە خێرایی ئەو ڕێگایـە دەبڕن و لە ڕێگای کرماشـانەوە هێرشـەکەیان درێـژە دەدەن و تـاران دەگرن، لە ئاکامـدا کۆمـاری ئیسـلامی تێـک دەڕووخێنن و بۆ خۆیان دەسـەڵاتی ئێران بە دەسـتەوە دەگرن، بەڵام دوای بڕینی مەودایەکی کورت لەگەڵ بەربەرەکانێی هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسـلامی ڕووبەڕوو بوونەوە و تێک شکێنران و هێزەکەیان بە شێوەیەک بڵاو بوو کە قەت حیسابیان بۆ نەکردبوو.

دووهەم ـ کەمتەرخەمیی د. قاسملوو بوو کە زۆر گرینگ بوو، بە هۆی ئـەوەی کە دوای بڕیارنامـەی ٥٩٨ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هێزەکانـی پێشـمەرگەی کوردسـتان و بـە تایبەتی هێزەکانـی حیزبی دیموکرات لە ناوخۆی کوردستان خەریکی خەبات و چالاکیی گەرموگوڕی چەکداری بە دژی هێزەکانی ڕێژیم بوون و لەو کاتەدا کوردسـتان تاقە ناوچەی ئێران بوو کە خاوەنی هێزێکی بەرچاوی چەکداریی بە ئەزموون بـوو کە لە توانایدا بوو لە بەرانبـەر هێزەکانی ڕێژیمدا خۆڕاگری بکات. بەڵام بە داخەوە شـەهید بوونی د. قاسـملوو زەبرێکی ڕۆحیی ئەوەندە گەورە بوو کە خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی تاساند.

گومانـی تێـدا نیە کە شـەهید بوونی د. قاسـملوو ژانێکـی گەورە لە جەسـتەی کورد بە گشـتی و حیزبی دیموکرات بـە تایبەتی بوو. دوای لە سـێدارەدرانی شەهید پێشەوا قازی محەممەد، ئەوە یەکەم سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات بوو کە بە پیلانی دەسەڵاتدارانی تاران شەهید دەکرا، ڕووداوێک کە بە هیچ جۆر چاوەڕوان نەدەکرا:

● یەکـەم: لەبەر ئەوەی کە د. قاسـملوو بە پێی بڕیـاری ڕێبەرایەتیی حیـزب قەرار نەبـوو لەو کۆبوونەوەیەدا بەشـدار بێت، بۆیـە ئێمە لەو پێوەندییـەدا نیگەرانیمـان نەبـوو، چوونکـە لەو بـاوەڕەدا بووین کە د. قاسملوو بڕیاری ڕێبەرایەتی ناشـکێنێ و پێویستیش ناکا، مادام لەگەڵ پێشـنیارەکەی بۆ درێژەدان بە وتووێژ موافقـەت کراوە و ئامادەبوونی

ئـەو لەگەڵ لایەنی حکوومەت بۆ کۆتایـی کارەکە، واتە بۆ دوای ئەوەی کە هەیئەتەکان وردەکارییەکانی وتووێژەکان بە ئاکام دەگەیەنن دانراوە . هەرچەند دەرکەوت کە مەبەستی ڕێژیم، وتووێژ و چارەسەری پرسی کورد و کوردسـتان نەبوو و ئەگەر د. قاسـملوو بەشـداری کۆبوونەوە نەبوایـە ڕێژیم هیچ هەیئەتێکی حیزبی پەسـەند نەدەکـرد، بۆیە وتووێژ کۆتایـی پێ دەهـات و دوکتۆریش لە دەسـت نەدەچوو. شـەهیدبوونی د. قاسـملوو لە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ دوژمنێکـی بێبەزەیی و فێڵباز بە بـێ لەبەرچاوگرتنـی کەمترین ئامادەکاریی ئەمنییەتـی و بە پێچەوانەی بڕیاری حیزب، دەردی سـەرباری ئەو کارەسـاتە بوو. لەو پێوەندییەدا کەوتبووینە ژێر بارانی پرسـیاری گەورە و بچووک و هەموو ئەوانەی بەو ڕووداوە دڵتەنگ بوون، دڵسۆزانە پرسیاریان دەکرد، بۆچی؟ ئێمەش لـەو کاتەدا و تا نووسـینی ئـەم دێڕانەش، ئـەو وردەکارییانەمان باس نەدەکرد و هەڵەکەمان دەخستە ئەستۆی حیزب.

● دووهەم: دوکتور قاسملوو کەسایەتییەکی بە ئەزموون و خوێندەوار بوو، سەربردەی سمکۆ و هەمزەئاغای مەنگوڕ و شێخ سەعیدی پیران و باقی سەرکردە مێژووییەکانی کوردی دەزانی و ئاگادار بوو کە چۆن حکوومەتـە داگیرکەرە دژە کوردەکان بە فێڵ و فیتنە لە داویان خسـتن و کۆتاییان بە ژیانیان هێنا. دوکتۆر قاسـملوو بە دەیان جار لە دانیشتن و میواندارییەکانـدا قسـەیەکی مەرحوومی بابی لـە پێوەندی لەگەڵ فێڵ و فریـوکاری (عەجەمـەکان)[٦] دەگێڕایەوە کە گوتوویەتی ئەگەر لە ڕێگا تووشـی عەجەم بووی یان بیکوژە یـان لەبەری هەڵێ، دەنا هەر زمانی بتانگاتێ فریوتان دەدا. کەسایەتییەک بەو هەموو زانیاری و ئەزموونەوە کە ئاوا بە هاسـانی بەرەو مەرگ دەچێ داخ و کەسـەرەکەی قورسترە، دەنا خۆ ئەگەر ئەوەش نەبوایە لەوانە بوو د. قاسملوو تا ئێستا بە مردنی سروشـتی وەک نەخۆشـی، پیری و ... کۆچی دوایـی کردبایە، یان لەو هەموو بۆمباران و تۆپبارانانەی کە لەو ماوەیەدا دەکرایە سـەر بنکە و بارەگاکانـی حیزب کە د. قاسـملووش هەر لەو شـوێنانەدا دەژیا، وەک

ژمارەیەک لە کادر و پێشمەرگەکانمان بەرکەوتبایە و شەهید بوایە. بەڵام تا ئەو کاتەی لە نێو پێشمەرگە و لە شاخ و دۆڵەکانی کوردستان بوو، گیانی پارێزراو بوو و پیلانەکانی ڕێژیم لە دژی ئەو هەموو پووچەڵ کرانەوە.

دوای شەهید بوونی د. قاسملوو چەند جارێکی دیکە لە ڕێگای دۆستەکانمانەوە لە کوردستانی عێراق، کۆماری ئیسلامی پێشنیاری وتووێژی بۆ ناردووین، بەڵام وەڵامی ئێمە ڕەدکردنەوەی ئەو پێشنیارانە بووە. دوایین پێشنیاری ڕێژیم لەو پێوەندییەدا ساڵی ١٣٨٠(٢٠٠١) بوو. لەو ساڵەدا «کارل شرامیک»[٧] کەسایەتیی سیاسیی ناسراوی ئوتریش کە لەو کاتەدا باڵوێزی ئوتریش لە دامەزراوەی کولتوور و پەرەسەندنی ئورووپا (مؤسسە فرهنگ و توسعە اروپا) بوو لە پێشنیاری کۆماری ئیسلامی ئاگاداری کردینەوە. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە وتووێژەکە جیددییە و کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیهەوێ پرسی کورد لە کوردستانی ئێران بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە چارەسەر بکا. بە لەبەرچاوگرتنی هەستیاربوونی پرسەکە و ئەزموونی تاڵ و بێ ئاکامی پێشوو، ئەو پێشنیارە لە دەفتەری سیاسی قسە و باسی زۆری لەسەر کرا و لێکدانەوەی زۆری بۆ کرا، تا لە کۆتاییدا بڕیار درا کە ئەو پێشنیارە لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا بخرێتە بەر باس و هەر قەرارێک لەوێ لەسەری ساغ بووینەوە، بەو پێیە وەڵامی پێشنیارەکە بدرێتەوە. گرینگیی وەڵامدانەوەکە لەوەدا بوو کە لە لایەک هیچ متمانەیەک لە لایەن حیزبەوە نەبوو کە کۆماری ئیسلامی بە ڕاستی هاتبێتە سەر ئەو باوەڕەی کە وتووێژ لەگەڵ حیزب بکا، لە لایەکی دیکەوە بە دروست نەدەزانرا وەڵامی ڕەد بە شرامیک بدرێتەوە؛ کەسایەتییەکی ئورووپایی و دۆستی حیزب، چوونکە لەوانە بوو ڕەدکردنەوەی پێشنیاری وتووێژ لە باری سیاسییەوە بۆ حیزب گران تەواو بێ، هەروەها لە حاڵەتێکی وادا کۆماری ئیسلامی خۆی لە لای ئورووپاییەکان بە حەقدار نیشان بدا کە ئەوەتا ئامادەیە لەگەڵ حیزبی دیموکرات کێشەی کوردستان

چارەسەر بکا، بەڵام حیزبی دێموکرات چوونکە شەڕخوازە، وتوویژ ڕەد دەکاتەوە.

لە ئاکامدا ئەو پرسە لە پلینۆمی سێهەمی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دوازدە کە لە ڕۆژانی ٦ – ٨ ی خەرمانانی ۱۳۸۰ی هەتاوی (۲۰۰۱ی ز) پێکهات. خرایە بەر باس و لێکدانەوەی ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزب. لە سەرەتادا دژایەتی لەگەڵ قبووڵکردنی ئەو پێشنیارە زۆر بوو تا لە کۆتاییدا چەند کەسێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی و یەک لەوان نووسەری ئەم دێڕانە لەسەر ئاکامی نێگەتیڤی سیاسیی ڕەدکردنەوەی ئەو پێشنیارە بۆ حیزب، قسەمان کرد و لە کۆتاییدا بەو ئاکامە گەیشتین کە بەو مەرجەی وتوویژەکە بە ئامادەبوونی دۆستێک یان دامەزراوەیەکی سیاسیی ئورووپایی دۆستی هەر دوو لا بێت، پێشنیارەکە پەسند بکەین.

من لەو باوەڕەدا بووم کە هیچ نیشانە و هۆیەک هەستی پێ ناکرێ کە ڕێژیم هاتبێتە سەر ئەو قەناعەتەی کە لەگەڵ ئێمە وتوویژ بکا. بەڵام وا بیر دەکاتەوە کە ڕێبەرایەتیی حیزب بە هۆی ئەزموونی وتوویژ لەگەڵ د.قاسملوو ئەو پێشنیارە ڕەد دەکاتەوە و ئەوەش لە لای هێندێک لە ناوەندە ئورووپاییەکانی دۆستی ئێمە دەنگ دەداتەوە و ئاکامەکەی بە قازانجی کۆماری ئیسلامی و زەرەری حیزب تەواو دەبێ، لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا بە درێژی لەسەر ئەم بۆچوونەی خۆم قسەم کرد و بە خۆشییەوە قسەکان شوێندانەر بوون.

کۆماری ئیسلامی پێشنیاریشی کردبوو لە حاڵەتی پەسندکردنی پێشنیارەکەدا پێویستە سەرۆکی هەیئەتی حیزب دیاری بکرێ و ئاستی هەیئەتی حیزب، هەیئەتی خۆیان بە ئیعتبارنامەی نووسراوەوە بە نووسراوە بە دەستەوە بێ، ئەو کات ئەوانیش بە گوێرەی ئیعتبارنامەی دەناسێنن.

لەو سەروبەندەدا من سەفەری ئورووپام لەبەر بوو، دەفتەری سیاسی ئەزەریان وابوو کە مادام من سەفەری دەرەوە دەکەم، ئیعتبارنامەکە بە

ناوی من بنووسرێ کە ئەو کات ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب بووم، بەو شێوەیە ئیعتبارنامەکە بە ئیمزای عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری گشتیی ئەو کاتی حیزب ئیمزا کرا و دیاری کرام بۆ ئەو وتووێژە.

رۆژی ٢١ی سەرماوەزی ١٣٨٠ی ک (١٢ی نوامبری ٢٠٠١) کاتژمێر ٦ی دوانیوەڕۆ لەگەڵ هاوڕێ کاک خوسرەو بەهرامی کە ئەو کات وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لە دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزب لە پاریس کاری دەکرد و دۆستایەتییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ شرامیک هەبوو، بە پێی قەراری پێشوو چووین بۆ لای ناوبراو. شرامیک زۆر بە گەرمی پێشوازیی لێ کردین و زۆر خۆشحاڵ بوو کە زانیی پێشنیاری وتووێژمان پەسند کردووە و نەزەرمان وایە بە ئامادەبوونی خۆی وتووێژەکە دەست پێ بکەین، ئەو بۆی باس کردین کە لایەنی دیکە جێگری وەزیری ناوخۆیان دیاری کردووە وەک سەرۆکی هەیئەتەکەیان، گومانیشی لە راستگویی و جیددی بوونی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەبوو، لە درێژەی قسەکانیدا باسی ئەوەی کرد کە ئەو تێدەکۆشێ لە رەوتی وتووێژەکاندا لایەنی حیزب بگری چوونکە ئەوان (ئوتریش) خۆیان بە قەرزداری حیزبی دیموکرات دەزانن (مەبەست تیرۆری د. قاسملوو لە وییەن بوو) ئەوەش شانسێکە دەبێ تاقی بکەینەوە و لە دەستی نەدەین. دوای قسە و باسێکی زۆر لە هێندێک بواردا، ئیعتبارنامەکەم پێ دا، قەرار بوو دوای ئەوە لەگەڵ لایەنی دیکە دابنیشێ بۆ ئەوەی هەم سەرۆکی وەفدی حکوومەت ئیعتبارنامەی بۆ بنووسرێ و هەم رێکەوتی وتووێژ دیاری بکەین. لە کۆتاییدا خواحافیزیمان کرد و پێمان گوت کە ئێمە چاوەروانی وەڵامی بەرێزی دەبین. بەڵام تاکوو ئێستاش هیچ وەڵامێک لە لایەن رێژیمەوە نەبوو و پێشبینییەکەی ئێمە لە پێوەندی لەگەڵ جیددی نەبوونی رێژیم لەو پێشنیارەی کە کردبووی و مەبەستی شتێکی دیکە بوو، راست دەرچوو.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

(١) د.فازڵ ڕەسووڵ (فازڵ مەلا مەحموود) ٤٩ ساڵ تەمەنی بوو، خەڵکی سولەیمانی بوو و لە زانکۆی بەغداد زمانی کوردیی خوێندبوو. سەرەتا کۆمۆنیست بوو و ماوەیەکیش پێشمەرگایەتی کردبوو. دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەمر مەلا مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٧٥ی زایینی، سەرەتا چووە لوبنان و پاش ٢-٣ ساڵ چووە ڤییەن، لەوێ دوکتورای لە بواری «زانستە کۆمەڵایەتییەکان» وەرگرت. نیشتەجێی وڵاتی نۆتریش بوو و لە «ئەنستیتۆی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان» کاری دەکرد و هەروەها وەک «مامۆستای میوان» لە ئەنستیتوی زانستە سیاسییەکان دەرسی دەگوتەوە. سەرنووسەری گۆڤاری «الحیوار» واتە دیالۆگ بوو و چەند کتێبی بە عەرەبی و ئاڵمانی نووسیوە.

ناوبراو لە لوبنان و ئورووپا پشتی لە کۆمۆنیزم کرد و ڕووی کردە ئیسلام. پێوەندیی بەربڵاوی لەگەڵ کەسایەتی و لایەنە جیاوازەکان بۆ نموونە لەگەڵ ئەبولحەسەن بەنیسەدر و ئەحمەد بن بێللا هەبوو. باسی ئەوە دەکرا کە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیش پێوەندیی هەبووە، بەڵام ئەو پێوەندییە دۆستانە و نزیک نەبوو، چوونکە د. فازڵ لە یەکێک لە کتێبەکانیدا دەنووسێ کە بڕوای بە «ولایت فقیە» نیە.

(٢) کتێبی ئورووپاییەک لە وڵاتی کورداندا، لە نووسینی نەسرین خانم خێزانی شەهید د.قاسملوو

(٣)پەرویز دەستماڵچی تێکۆشەری سیاسیی ئێرانی و مامۆستای زانکۆ لە ئاڵمان، کە بۆ خۆی یەکێک لە بەشدارانی کۆبوونەوەی میکۆنۆس بوو، لە کاتی تیرۆرەکەدا زیانی پێ نەگەیشت. بەدوای ئەودا یەکێک لەو چالاکانە بووە کە لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر ئەو تیرۆرە کردووە، کورتەیەکی لە دەقی لێکۆڵینەوەکانی بەرپرسیکی ئاسایش کە هەڵاتووە لە ئێران بە ناوی ئەبولقاسم (فەرهاد) میسباحی، ناسراو بە شاهیدی C لە دادگای میکۆنۆس کە لە لایەن دادستانی بەرپرسی پەروەندە لە ڕێکەوتی ٢٥-١٩٩٦/١٢/٢٦ی زایینی لە شاری مەکینهایم Meckenheim، بە ژمارە پەروەندەی (8-٩٥/٢bJs٢٩٥) کە بە شێوەی پرسیار و وەڵام بەڕێوە چووە، خستووەتە سەرێەک و لە ماڵپەڕی «اخبارروز» لە یەکشەممە٩ی پووشپەڕی ١٣٩٣ی هەتاوی بەرانبەر بە (٣١ی ئووتی ٢٠١٤)ی زایینی بە بۆنەی ساڵوەگەڕی تیرۆری میکۆنۆس بە زمانی فارسی بڵاوی کردووەتەوە. لەبەر گرینگیی زانیارییەکان ئەم وتارە و بەتایبەتی نیگەرانییەکانی کۆماری ئیسلامی لە حیزبی دیموکرات و ڕێبەرانی، بە تایبەتی شەهید دوکتور قاسملوو و چۆنیەتیی بەرنامەداڕشتنی بۆ تیرۆری ئەم دوو ڕێبەرە (د.قاسملوو و د.سادق شەرەفکەندی) نووسەر کورتەیەکی لەو وتارە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و دەقی تەواوی وتارەکەش وەک خۆی بە زمانی فارسی دەخرێتە بەر چاوی

خوێنەرانی بەڕێز بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر لەو پێوەندییەدا .

"... بەر لە دانانی (وزارت اطلاعات و امنیت کشور ـ واواک) لە مانگی سپتامبر ـ ئۆکتۆبری ١٩٨٥ چەند تاقمێکی «بێ ناو» تیرۆرەکانی دەرەوەی وڵاتیان بەڕێوە دەبرد و بڕیارەکانی خۆیان تەنیا لەگەڵ خومەینی دەخستە بەرباس و ئەو (خومەینی) دەبوایە ئەو بڕیارانەی پەسند کردبا، بە بێ پەسندکردنی ناوبراو هیچ عەمەلیاتێکی تیرۆر لە دەرەوەی وڵات بەڕێوە نەدەچوو... دوای دامەزراندنی واواک ئەو تاقمانە لە ژێر ناوی ئەنجومەنی عەمەلیاتی تایبەت (شورای عملیات ویژه) کە لە سەرووی حکوومەت و دەوڵەتە، پێک دێت. ئەرکی ئەم ئەنجومەنە بڕیاردان لەسەر تەواوی پرسە گرینگەکان، واتە ئەو پرسانەیە کە لە ڕیزی دەسەڵات و ئەرکەکانی ئیدارە دەوڵەتییەکاندا نین، چوونکە لەوێدا لایەنەکانی دادوەری ـ ئایینی دەبێ لەبەرچاو بگیرێن. بەم چەشنە بڕیارەکانی ئەنجومەن بە جۆرێک دیاریکردنی ئەرک بۆ دەوڵەتە کە هەم مەجلیس و هەم دەوڵەت پێویستە لە بەرچاوی بگرن. ئەنجومەن ئەندامی نەگۆڕ و لە گۆڕانیدا هەیە، ئەوانەی لە گۆڕاندان کەسانێکن کە بە لە بەرچاوگرتنی پرسێک کە لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە بانگ دەکرێن. کاتێک لە ئەنجومەندا باسی قەتل دێتە گۆڕێ، بڕیارەکەی دەبێ بە بێ ئەملاوئەولا لە لایەن ڕێبەرەوە پەسند بکرێ و بە بێ ئیزنی ئەو بۆ کەس نیە لەو بارەوە ئیقدامێک بکا.

ئەندامانی نەگۆڕی ئەنجومەن بریتین لە:

- ڕێبەری ئایینیی نیزام یان نوێنەرەکەی، حیجازی
- سەرۆک کۆمار یان کوڕەکەی (موحسین «هاشمی ڕەفسەنجانی») وەک نوێنەری ئەو
- بەرپرسی کاروباری سیاسەتی دەرەوە، کە مەرج نیە هەمیشە وەزیری کاروباری دەرەوە بێ، بەڵام دوای دەستبەکاربوونی (خامنەیی) «علی اکبر ولایتی» کە وەزیری کاروباری دەرەوە بوو، لەو شوێنەدا دیاری کرا.
- وەزیری ئیتلاعات و ئاسایشی وڵات، عەلی فەلاحیان
- یەکەمین وەزیری واواک، ڕەیشەهری، کە لە ئێستادا بەرپرسی دەزگای زانیاریی ڕێبەر و، لە کەسایەتییە مەحرەمەکانیەتی.
- موحسین ڕەزایی، فەرماندەی سپای پاسداران
- سپەهبوود ڕەزا سەیفوڵلاهی، سەرۆکی هێزە ئینتزامییەکان
- ئایەتوڵلا خەزعەلی، ئەندامی شورای نیگابان و بەرپرسی ئایینیی شورا

(پێویستە ئاماژە بکەین کە ئەو کەسانە لەو کاتەدا دیاری کراون و لە ئێستادا زۆربەیان پۆستەکانیان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە ـ نووسەر)

پرسیار:

ئایا بڕیاردان لەسەر قەتڵ، بڕیارێکی گشتیی «ئەنجومەنی کاروباری تایبەت»ە، یان تەنیا ڕێبەر بڕیارەکە دەدا؟

وەڵام: ئەندامانـی ئەنجومەن لە پێش هەموو شـتێکدا ڕاوێـژکاری ڕێبەرن، بڕیاری کۆتایی بە تەنیا لە لایەن ڕێبەرەوە دەدرێ کە لێرەدا دەوری قازی دەگێڕێ.

لـە پێوەنـدی لەگەڵ حیزبـی دیموکراتی کوردسـتانی ئێراندا بە ڕوونـی دەزانم کە خومەینی بۆ خۆی فەرمانی کوشتنی د. قاسملووی دەرکردبوو. خامنەیی، بە پاڵپشتیی ئەو فەرمانە، فەرمانی قەتڵی دکتور شـەرەفکەندیی دا. فەرمانی قەتڵ بە ڕوونی لەسەر شەرەفکەندی بوو و من نازانم باقی قوربانیەکانی ئەو تیرۆرە(١٩٩٢/٩/١٧ میکونووس) تـا چ ڕادەیـەک بە ناو دەستنیشـان کرابوون.... بڕیاری کوشـتنی لە لایـەن ڕێبەر لە بـاری دادوەری ڕووت، بە واتای بنچینەی یاسـایی و پاسـاودانی ئـەو قەتڵەیە، بەڵام لە باری سیاسـییەوە تەواوی ئەندامانی ئەنجومەن لەو بڕیارە پشـتیوانی دەکەن... لە پێوەنـدی لەگەڵ ڕەفسـەنجانی (سـەرۆک کۆمـار)دا دەبێ بڕیاری کوشـتنی لە لایەن ئەویشـەوە پەسـند بکرێ . ... کوردسـتان و حیزبی دیموکراتی کوردسـتانی ئێران لە سـەرەتای تێکهەڵچوونەکانـی دوای شۆڕشـەوە ئامانجی سیاسـیی ڕێژیـم بوون کە دەیهەویسـت پێکهاتەی سیاسـی و ڕێکخراوەیی کوردەکان و لە پێش هەمواندا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران تێک بڕووخێنێ، حکوومەت بەو سیاسەتەی دەیهەویست لـە یەکگرتوویـی کوردەکان لە دەرەوەی سـنوورەکانی (مەبەسـت چوار بەشـەکەی کوردسـتان) پێشـگیری بکا، پرسـێک کە بە لە بەرچاوگرتنی کەسـایەتیی قاسـملوو ڕێی تێدەچوو. ... فەرماندەی پاسـدارانی خۆرئاوای ئێران (کوردسـتان) بە بەرپرسـی ئیتلاعات و عەمەلیاتی (کوردستان) تیمسار غەفوور دەرجەزی ڕایگەیاندبوو کە قسە لە وتووێژی د. قاسملوو و ڕێژیم هەیە تا فەزای سیاسی هێمن بکاتەوە. دەوڵەت نیگەران بوو لەوەی کە بەو شێوەیە قاسملوو ببێتە فاکتەرێکی سیاسیی جیددی، کە دوای ئەوە لە ناوبردنی زەحمەت دەبێ، بۆیە بڕیار درا کە هەر لە سـەرەتای تێکۆشـانیدا بۆ ئەو مەبەستە، لە ناوی ببات.

واواک ئـەو ڕاپۆرتـەی کە لە لایەن یەکێک لەو ٣ کەسـەوە (دوو کەس لە ئەندامانی ئیتلاعـات و عەمەلیاتـی سـپای پاسـداران بـە ناوەکانـی جـوودی و جەعفـەری و، محەممەدهادی هادەوی مقەدەم کە ئەوکات لە واواک بەرپرسی کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە کوردستان بوو) ئامادە کرابوو خستە بەر دەستی ئەنجوومەنی کاروباری تایبەت و ئەنجومەن لە ساڵی ١٩٨٨ بڕیاری کوشتنی قاسملووی پەسند کرد کە ساڵی ١٩٨٩ بەڕێوە چوو.

حیزبی دیموکراتی کوردسـتانی ئێران تەنانەت بەو کارەش تێک نەڕووخا، فەلاحیان بۆ خۆی لە سـاڵی ١٩٩١ هادەویی مەئموور کرد تا لەسـەر حیزبی دیموکرات زانیاری

کۆ بکاتەوە و لەسەر ڕێگاچارەکان کار بکات.

هادەوی بۆ جێبەجێکردنی مەئموورییەتەکەی، هاوینی ساڵی ١٩٩١ هاتە ئاڵمان، دوو یان سێ مانگ لەوێ مایەوە و دوایە گەڕایەوە ئێران و ڕاپۆرتی کاری خۆی لەو ماوەیەدا داوە بە فەلاحیان... بە دوای ئەو ڕاپۆرتە بوو کە هەر ئەو ساڵە (١٩٩١) ئەنجومەنی کاروباری تایبەت» بڕیاری دا عەمەلیاتێک کە بەنیاز بوو دژی حیزبی دیموکرات بەڕێوەی ببات، لە ئاڵمان بەڕێوەی برد... .

بۆ ئەو مەبەستە و بۆ شوێن بزرکردن و شاردنەوەی بەرنامەکەیان شیرکەتێکی دیکەی واواک دەست بە کار بوو کە «کەماڵی» سەرۆکی بەڕێوەبەری و ئەسغەر ئێرشاد کە نەفەری دەستی ڕاستی فەلاحیان بوو، بوون بە لیژنەی سەرۆکایەتیی ئەو شیرکەتە. ئەوانە بە ناوی ئەو شیرکەتەوە بۆ بازرگانی لەگەڵ کەسانی دیکە هاتن بۆ ئاڵمان و دوای کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی دارشتنی بەرنامەی عەمەلیات گەڕانەوە تاران و ڕاپۆرتی خۆیان دایەوە بە فەلاحیان و لە کۆتاییدا عەبدولڕحمان بەنی هاشمی کرا بە فەرماندەی تیمی عەمەلیاتیی میکونووس، تیمێک کە ناسیاریی باشیان لەسەر ئورووپا هەبوو. ئەوان دەستیان کرد بە تێکۆشان لەسەر شوێنی عەمەلیاتە کە لە ڕیستورانی میکونووس بۆ ئەوەی وردەکارییەکانی عەمەلیاتەکە و کارە سەرەتاییەکانی بەڕێوەبردنی ئامادە بکەن.

عەبدولڕەحمان بەنی هاشمی بەر لەوەی لە واواک دەست بەکار بکا، لە لوبنان کاری دەکرد و دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران بەرپرسایەتیی تیمێکی عەمەلیاتی دەرەوەی وڵاتی پێ سپێردرا بوو ... ئەو لە سەرکوتکردنی موجاهدین زۆر سەرکەوتوو بوو و لەبەر ئەوەش لە کۆتاییدا ناردرا بۆ بەشی ئیتلاعاتی عەمەلیات. دوای ئەوە لە ژنێف وەک سەرۆکی تیمی زەربەتی تیرۆری موراد تالبی، فۆکەوانی پێشوو دیاری کرا، لە ڕێکەوتی ١٠/٠٨/١٩٨٨ی زایینی ئەو مەئموورییەتەی بە سەرکەوتوویی بەئەنجام گەیاند. بەنی هاشمی دوای تیرۆری میکونۆس بە سواری فڕۆکە لە ڕێگای ئاڵمان - تورکیەوە گەڕایەوە بۆ ئێران ".

دەقی بابەتەکە بە زمانی فارسی:

چە کسانی مسئولان اصلی ترورها بودند؟

(بە مناسبت سالگرد ترور»میکونوس») پرویز دستمالچی

«... پیش از تأسیس واواک در سپتامبر - اکتبر ١٩٨٥ یک سری باصطلاح گروههای بی نامی وجود داشتند کە ترورهای خارج از کشور را اجرا می کردند و تصمیمات خود را تنها با خمینی در میان می گذاشتند و او بایستی آنها را تأیید می کرد. بدون تأیید خمینی عملیات انجام نمی گرفت... پس از تأسیس واواک این گروە ها تحت نام «شورای عملیات ویژە» زیر نظر مستقیم وزیر اطلاعات و امنیت سازماندهی شدند... پس از آنکە در سال

۱۹۸۹ سید علی خامنه ای رهبر نظام شد شورایی تحت نام «شورای امور ویژه» تأسیس شد که بر فراز حکومت و دولت قرار دارد. وظیفه این «شورا...» تصمیم گیری در تمام امور مهم، یعنی درباره اموری است که خارج از حوزه اختیارات و وظائف ادارات دولتی است، زیرا در آنجا همواره رعایت جنبه های قضائی- دینی تصمیمات لازم است... اتخاذ تصمیم (در «شورا... ») تنها مربوط به قتل دگراندیشان نمی شود، بل برای مثال شامل بستن دفتر نهضت آزادی (بازرگان) هم شد که درحوزه اختیارات ویژه وزارت کشور بود... تصمیمات «شورا...» نوعی تعیین وظیفه برای دولت است که هم مجلس وهم دولت باید به آنها توجه کنند. «شورا...» دارای اعضاء ثابت و متغیر است. غیر ثابت ها با توجه به موضوع مورد بررسی فرا خوانده می شوند. زمانیکه در کمیته موضوع یک قتل مطرح می شود، تصمیم باید بدون استثناء به تأیید مقام رهبری برسد و بدون دستور او هیچکس اجازه اقدام ندارد. اعضاء ثابت «شورای امور ویژه» عبارتند از:

- رهبر مذهبی نظام یا نماینده اش حجازی
- رئیس جمهور یا پسرش محسن (هاشمی رفسنجانی)، به عنوان نماینده او.
- در جلسات عادی «شورا...» معمولاً رهبر یا رئیس جمهور شخصاً حضور ندارند.
- مسئول امورسیاست خارجی، که ضرورتاً خود وزیر امور خارجه نیست، اما پس ازشروع کار رهبر (خامنه ای) همان وزیر امور خارجه، ولایتی، است.
- وزیر اطلاعات و امنیت کشور، علی فلاحیان
- اولین وزیر واواک، ریشهری، که اکنون مسئول دستگاه اطلاعاتی رهبر و از افراد محرم او است که برای دفتر رهبر فعالیتهای اطلاعاتی و ضداطلاعاتی انجام می دهد.
- محسن رضائی، فرمانده سپاه پاسداران
- سپهبد رضا سیف اللهی، رئیس نیروهای انتظامی
- آیت الله خزعلی، عضو شورای نگهبان و مسئول امور مذهبی شورا

پرسش: آیا تصمیم گیری برای قتل، یک تصمیم جمعی «شورای امور ویژه» است یا تصمیم تنها توسط رهبر (مذهبی نظام) گرفته می شود؟

پاسخ: اعضای «شورای امور ویژه» در درجه اول مشاوران رهبر هستند. تصمیم نهایی را رهبر به تنهایی اتخاذ می کند که دراینجا به اصطلاح نقش قاضی را دارد. رئیس جمهور، رئیس قوه قضائی، رئیس قوه قانونگذاری، و همچنین شورای انقلاب می توانند نقش «ناجی» را بازی کنند، یعنی درخواست کنند از اجرای حکم قتل چشم پوشی شود. در رابطه با حزب دمکرات کردستان ایران مشخصاً می دانم که (آیت الله) خمینی خودش شخصاً فرمان قتل قاسملو را صادرکرده بود. (آیت الله) خامنه ای، با تکیه به این فرمان (خمینی) دستور قتل دکتر شرفکندی را داد. دستور قتل در این مورد مشخصاً علیه شرفکندی بود و من نمی دانم بقیه قربانیان ترور ۱۹۹۲/۹/۱۷ (میکونوس) تا چه اندازه

به نام مشخص شده بودند... حکم قتل صادر شده از سوی رهبر از نظر قضائی صِرف، بـه معنـای پایه حقوقی و توجیه مذهبی قتل موردنظر اسـت، اما از نظر سیاسـی تمام اعضاء «شورا...» از چنین تصمیمی پشتیبانی می کنند. اگر به غیر از این باشد، حکم قتلی هم صادر نمی شـود، یعنی موضوع اصولاً با رهبر در میان گذارده نمی شود. در مورد رفسنجانی (رئیس جمهور) چنین است که حکم قتل می بایستی به تأیید او نیز برسد... من قبلاً گفتم که رهبر و رئیس جمهور معمولاً نمایندگان خود را به جلسـات («شورا...») می فرستند، تکمیلاً باید بگویم که این امر تنها مربوط به جلسات تدارکاتی است و درنشست های تصمیم گیری خودشان شخصاً حضور دارند... نهاد و نیز ترکیب اعضای «شورای امور ویژه» توسـط قانون مشـخص نشـده و فعالیتهای آن صرفاً نتیجه «ولایت فقیه» اسـت... کردستان و حزب دمکرات کردسـتان ایران از ابتدای درگیریهای پس از انقلاب هدف سیاستی بود که می خواسـت ساختار سیاسی و سازمانی کردها، و بیش از همه حزب دمکرات کردسـتان ایران را متلاشـی کند. حکومت با این سیاست می خواست از اتحاد فرامرزی کُردها جلوگیری کند، امری که با توجه به شخصیت قاسملو قابل تصور بود... فرمانده پاسـداران در غرب ایران، کردستان، به مسئول اطلاعات و عملیات (آنجا) تیمسـار غفور درجزی گزارش داد که قاسملو قصد مذاکره دارد تا جوّ سیاسی را آرام کند. دولت نگران بود که قاسـملو بتواند به این وسـیله به یک عامل سیاسی جدی تبدیل شـود و بعد از میان بُردن او مشکل شـود. از اینرو تصمیم گرفت او را در همان ابتداء تلاشش از میان ببرد.

به دسـتور «شـورای امور ویژه»، در سـال ۱۹۸۷ یا ۱۹۸۸، دو نفر از اعضای بخش اطلاعات و عملیات سـپاه پاسـداران در کردسـتان به نامهای جودی و جعفری، که من شخصاً آنها را نمی شناسم، با محمد هادی هادوی مقدم، که وی را شخصاً می شناسم، برای بررسـی این مسئله ملاقات و گفتگو کردند. هادوی در آن زمان در واواک مسئول کسـب و جمع آوری اطلاعات درباره کردسـتان بود و امـروز مدیر کل اجرایی یکی از شرکتهای واواک به نام صمصام کالا است. واواک گزارشی را که توسط یکی از این سه نفر تهیه شـده بود دراختیار «شـورای امور ویژه» قرار داد، و شورا در سال ۱۹۸۸ قتل قاسملو را تصویب کرد که در ۱۹۸۹به اجراء گذاشته شد.

از آنجائیکه حتا با این اقدام هم حزب دمکرات کردستان متلاشی نشد، فلاحیان شخصاً در سـال ۱۹۹۱ به هادوی (اندکی پس از تأسـیس شرکت صمصام کالا و انتقال ظاهری او به آن شـرکت) مأموریت داد تا درباره حزب دمکرات کردسـتان ایران اطلاعات جمع آوری کند و بر روی راه حل ها کار کند. دلیل انتخاب هادوی، تجربیات پیشین او بود. هادوی برای انجام مأموریت، در تابسـتان ۱۹۹۱ به آلمان آمد، زیرا او می دانسـت و یا فکر می کرد بخشـی از رهبری حزب دمکرات در اینجا سـاکن است. او حدود دو یا سه

ماه در آلمان ماند... و پس از انجام مأموریت به ایران باز می گردد و گزارش خود را در اختیار فلاحیان می گذارد... پس از این گزارش بود که در همان سال ۱۹۹۱ «شورای امور ویژه» تصمیم گرفت عملیاتی را که علیه حزب دمکرات در نظر داشت، در آلمان به اجراء در آورد.

برای اینکار یک شرکت پوششی دیگر واواک که نام آن را به یاد نمی آورم، وارد کار شد. کمالی مدیر اجرائی، و اصغر ارشاد، که من او را خوب می شناسم و دست راست فلاحیان است، عضو هیئت رئیسه این شرکت شدند. این دو نفر از اعضای عالی رتبه واواک هستند که حدود دو یا سه ماه پیش از ترور برلین همراه چند عضو دیگر واواک تحت پوشش یک هیئت تجاری به آلمان فرستاده می شوند. هدف آنها برنامه ریزی مشخص عملیات و ارائه گزارش به فلاحیان بود. هادوی در میان کُردها، حتا در آلمان، منابع شخصی داشت که مورد اعتماد کُردها بودند و به همین خاطر هادوی برای جمع آوری اطلاعات اولیه انتخاب شد. درباره کمالی می دانم که او سه سال پیش ۳۰۰ ماشین سواری، مرسدس بنز، مدل E۲۳۰، وارد ایران کرد... کمالی و ارشد پس از بازگشت به ایران شخصاً به فلاحیان گزارش دادند... فلاحیان، عبدالرحمان بنی هاشمی را مأمور انجام ترور برلین کرد... خانواده بنی هاشمی در نجف (عراق) با خمینی در تبعید بود. آنها حداقل سه برادراند: عبدالحمید فرمانده سابق یک واحد سپاه پاسداران که درجنگ ایران و عراق کشته شد، عبدالمجید که او نیز عضو سپاه پاسداران است و در لبنان فعال و دارای رابطه با حزب الله است و سرانجام عبدالرحمان که فرمانده تیم عملیات میکونوس بود.

اعضای تیم او اروپا را خوب می شناسند، اما اکثراً در ایران زندگی می کنند... در زمانیکه تاریخ دقیق آن برای من ناروشن است، عبدالرحمان بنی هاشمی به همراه تیم اش وارد آلمان می شود تا با شرایط و جزئیات، از جمله محل عملیات در رستوران میکونوس، آشنا شود و مقدمات اجرای عملیات را تدارک ببیند... اعضای تیم ضربت از ظاهر شدن در انظار عموم برای تهیه وسایل و محل سکونت پرهیز می کردند، آنها نه در هتل، بل در اماکنی که در اختیار آنها گزارده می شد، زندگی می کردند. مسئول این امور درهر جا، ایستگاه اطلاعاتی آن کشور است. ایستگاههای اطلاعاتی در آلمان، سرکنسولگری ایران در هامبورگ یا در فرانکفورت بودند. مسئول ایستگاه در سال ۱۹۹۲ سرکنسولگری شهر فرانکفورت بود. مسئول پُست ایستگاه اطلاعاتی، سرکنسول کنسولگری مربوطه است. سرکنسولها کارمندان واواک هستند... عبدالرحمان نام درست بنی هاشمی است و من نام دیگری در ارتباط با ترور میکونوس نمی شناسم... ترور میکونوس با نام رمز «فریاد بزرگ علوی» اجرا شد... به معنای فریاد (خواست) رهبر انقلاب (بزرگ علوی، خامنه ای)... عبدالرحمان بنی هاشمی و دو برادرش... در اوایل

سالهای ۱۹۸۰ از بهترین کادرهای چمران وزیر دفاع سابق بودند.

عبدالرحمان بنی هاشمی پیش از خدمت در واواک در لبنان کار می کرد و پس از بازگشت به ایران مسئول یک تیم عملیاتی برای امور خارج از کشور شد... او در سرکوب مجاهدین بسیار موفق بود و از اینرو سرانجام به بخش عملیات با زمینه اطلاعاتی منتقل شد. بعد در ترور ژنو به عنوان رئیس تیم ضربت شرکت داشت (... مرادی طالبی، خلبان سابق که در ۱۹۸۸/۸/۱۰ در ژنو ترور شد) و مشهور شد و مقام و رتبه اش نزد رفسنجانی و خامنه ای بالا رفت. از انجائیکه او فردی متعصب و در کارهایش موفق بود و کیفیت رهبری داشت، به عنوان یکی از فرماندهان دائمی تیم منصوب شد. مشخصات او:

- اکنون، حدود ۳۸ تا ٤٠ ساله
- قوی هیکل با عضلاتی ورزیده
- گردن کوتاه و انگشتانی چاق
- صورت گرد
- گونه های تقریباً برجسته
- ریش پُر و کامل، سیاه، تک و توک موهای سفید، مانند موهای سرش
- لب های کلفت، ابروهای پرپشت، چشمان و مژگان تیره، بینی متناسب با صورت، بدون علامت ویژه
- و...

... عبدالرحمان بنی هاشمی پس از ترور میکونوس از راه هوایی آلمان را از راه ترکیه به مقصد ایران ترک می کند. من این موضوع را در یک گفتگو شخصا از خود او شنیدم... من حدود سیزده ماه پیش با دو نفر از دوستانم به یکی از هتل های تهران رفتیم. هنگام ورود به هتل بنی هاشمی و پسر کوچکش در حال ترک هتل بودند. من تا این زمان شخصا او را ندیده بودم، اما دو نفر همراه من او را خوب می شناختند. آنها به او سلام و شروع به گفتگو کردند. بنی هاشمی با ما به هتل برگشت. حدود نیم ساعت با هم نشستیم و قهوه خوردیم. دراین میان گفتگو به مسئله کُردها در آلمان کشید. روشن بود که منظور دومین ضربه به رهبران حزب دمکرات کردستان ایران است. دو همراه من به او گفتند که می دانند او به خاطر شرکتش در این عملیات یک بنز ۲۳۰ پاداش گرفته است، اما بنی هاشمی تمایلی به صحبت درباره پاداش نداشت. گفتگو تمام مدت حتا تا خروجی هتل ادامه داشت، و بنی هاشمی واقعاً با یک مرسدس آنجا را ترک کرد... بنی هاشمی در معامله هایی که در سال ۱۹۹۱ شروع و در ۱۹۹۳ به انجام رسید و برای صدور تلفن های سیار شرکت نوکیا (Nokia) به ایران بود، شرکت داشت. مذاکرات در این باره در آلمان و فنلاند انجام شدند و تحویل کالا نیز از سوی این دو کشور بود.

به نظر من بنی هاشمی باید در سالهای ۹۱ و ۹۳ برای انجام امور این معامله به آلمان سفر کرده باشد. این معامله با مشارکت وزارت پُست ایران انجام گرفت که غرضی رئیس آن معمولاً برای واواک کارهای خدماتی انجام و به فعالیتهای آن پوشش می داد. من اطلاعاتم در این زمینه را به هنگام آن ملاقات ذکر شده در بالا با بنی هاشمی در یکی از هتل های تهران، زمانی که همراهانم از او پرسش کردند، شنیدم ... اطلاعات من درباره ترور «میکونوس» درمجموع از پنج منبع است که با توجه به خطرات زیاد برای آنها، در این جا با شماره های یک تا پنج از آنها نام می برم، اما حاضرم تمام مشخصات این منابع و همچنین امکان تماس با آنها را در اختیار دادستان کل قرار دهم.

منبع شماره یک در شورای امنیت ملی کار می کند... منبع شماره دو به آقای ریشهری بسیار بسیار نزدیک است... من توسط او اطلاع یافتم که فلاحیان از سوی «شورای امور ویژه» به عنوان مسئول اجرایی عملیات علیه رهبران حزب دمکرات کردستان ایران تعیین شده است... منبع سوم، یک مقام عالی رتبه واواک، مدیرکل و عضو سابق ایستگاه اطلاعاتی واواک درلبنان است... او با همین عنوان در سفارت ایران در بیروت کار می کرد... او در زمان ترور میکونوس به ایران باز گشته بود و در پُست فعلی اش کار می کرد. او از دوستان نزدیکی عبدالرحمان بنی هاشمی و یکی از دو نفری بود که در دیدارم در هتل با بنی هاشمی که دیروز شرح دادم، همراه من بود... منبع چهارم من رابطه خانوادگی نزدیک با فلاحیان دارد، اما خویشاوند او نیست... در محافل مطلع تهران این یک سرّ آشکار است که این فرد آدم فلاحیان است... و همه می دانند حرفی که او می زند همان حرف یا نظر فلاحیان است. این منبع در رابطه با ترور میکونوس، با ارشد و کمالی ارتباط داشته است. هرچه من در این مورد گفته ام از این منبع بوده است... منبع پنجم در ترور میکونوس دارای مسئولیتهایی، هر چند نه اجرایی بود... تمام این منابع از خروج من خبر دارند و پس از آن سعی کردند توسط مدیر دفترم در تهران با من تماس برقرار کنند.

آنها در مورد فرار من دو نوع موضع خواهند گرفت: موضع حقیقی و واقعی آنها مثبت است، زیرا آنها با من هم عقیده هستند که باید به این دیوانگی ها خاتمه داد. موضع علنی آنها، عدم اظهار نظر و با احتیاط است ... من در ابتدا در این فکر نبودم که اطلاعاتی درباره ترور میکونوس دریافت کنم چون اهمیت خاصی برایم نداشت. از اطلاعاتی که به هر حال طی گفتگوهایم با منابع به دست می آوردم از این موضوع نیز مطلع می شد. تاکنون، اصولاً ما عادت کرده بودیم که عملیات تروریستی ما درخارج با سکوت کشورهای مربوطه همراه باشد. در مورد میکونوس برای اولین بار بود که چنین واکنشی به وجود آمد... این اطلاعاتی که من در اینجا در اختیار شما گذاردم، در یک مدت طولانی و تکه تکه به من رسید و نه به صورت یک خبر منسجم... من هیچ نوشته ای

درباره ترور میکونوس ندیده ام. امکان دارد هیچ نوشته ای هم وجود نداشته باشد. چون تمام مسایل شفاهی حل و فصل می شوند. تنها نوشته، فرمان قتل از سوی رهبر است و آن را تنها رئیس تیم می بیند. چون این فرمان برای او توجیه قضایی و مذهبی است.

خود من شخصا، در مورد دیگری، چنین فرمان قتلی را که با امضای خمینی بود، دیده ام، گرچه من فرمانده تیم نبودم... این مورد مربوط می شود به ترور خسرو هرندی (هادی خرسندی) که در لندن زندگی می کرد. در آن زمان محمد موسوی زاده معاون ریشهری وزیر وقت واواک با یک فتوکپی از فرمان قتل به شهر دوسلدُرف آمد. در آنجا، من در حضور او با فرمانده مسئول این سوء قصد و معاونش ملاقات کردم. چون آنها هر دو عرب بودند و فارسی نمی دانستند، اما فرانسه صحبت می کردند، من در مذاکرات میان آنها با موسوی زاده مترجم بودم و فرمان قتل را ترجمه کردم. ما به زبان فرانسوی حرف می زدیم که من بر آن تسلط دارم... موسوی زاده در این گفتگو بیان داشت که فرمان قتل باید به اجرا در آید و هر تأخیری گناه است. من در تدارکات این سوء قصد شرکت داشتم. در اتریش، عکس فردی که باید ترور می شد (هادی خرسندی) و نیز پول لازم را سفارت ایران در وین در اختیار ما گذاشت که من آنها را به تیم سوء قصد کننده دادم. بعلاوه، من درگرفتن دستور اجرای سوء قصد (نام رمز انجام عملیات) از واواک در تهران و انتقال آن به تیم همکاری کردم. به این صورت که در آن زمان- بازهم به دلیل زبانی- بنا بر درخواست فرمانده تیم کلمه به کلمه به تهران اطلاع دادم که «ما می خواهیم جشن را فردا به راه بیاندازیم»من خود شخصاً پاسخ را از موسوی زاده دریافت نمودم و به تیم دادم ،»جشن بگیرید. امیدوارم خوش بگذرد».

درشب اجرای قتل، من به طور ناشناس، به پلیس انگلستان تلفن کردم و به صورت زیر سوء قصد جاری را اطلاع دادم: «فردا حدود ساعت شش صبح دو نفر عرب چاق، یکی از آنها بسیار چاق، پیاده خیابانی را که در آن خانه هرندی (هادی خرسندی) قرار دارد طی خواهند کرد (آدرس را دادم). آنها می خواهند حدود ساعت هشت هرندی را به قتل برسانند». زمان سوء قصد حدود ساعت هشت تعیین شده بود چون هرندی همیشه تقریباً در این زمان از خانه خارج می شد. در این عملیات یک زن هم شرکت داشت. پلیس با مراقبت در ساعت شش به درست بودن اطلاعات پی برد و سپس سوء قصد کنندگان را در ساعت هشت دستگیر نمود و اسلحه ها را نیز پیدا کرد. در مجموع هفت نفر دستگیر شدند. پنج نفر به طور مستقیم در رابطه با عملیات و دو نفر بعداً از جمله آن خانمی که گفتم. یک ماه بعد، من به رئیس تیم که آزاد شده و در سوئد بود برخورد کردم. در این ملاقات او به من گفت که موضوع از سوی ایرانی ها لو رفته است... رئیس تیم (ترور) و معاونش تبعه فرانسه بودند. یکی الجزایری به نام گواسمی و دیگری مراکشی بود که نامش در خاطرم نیست... ».

*- برگرفته از متن بازجوئیهای مقام امنیتی فراری ج.ا.ا.، ابولقاسم (فرهاد) مصباحی، معروف به شاهد «C» در دادگاه میکونوس، توسط دادستانی مسئول پرونده، مورخ ۱۹۹٦/۹/۲۵، ۱۹۹٦/۹/۲٦ و ۱۹۹٦/۱۲/۱۲، که در شهر مکنهایم (Meckenheim)، به شماره پرونده ۲bJs۲۹۵-۹۵/۸ انجام گرفته اند. بازجویی به شکل پرسش و پاسخ است که یکم، تمامی آنها برای سهولت در خواندن حذف شده و دوم، مطالب مربوط به یک موضوع از بخشهای مختلف در کنار یکدیگر قرار داده شده اند تا انسجام لازم بدست آید و خواننده بتواند آنها را براحتی پیگیری نماید، بدون آنکه به اصل پاسخها خللی وارد شده باشد. نگاه شود به کتاب اینجانب «ترور به نام خدا»، انتشارات شرکت کتاب، ۱۳۹۲، لس آنجلس.

(٤) عەبدوللا حەسەن زادە بە مەبەستی خەتابارکردنی بە ناحەقی دەفتەری سیاسی (چوونکە ئەو کات بۆخۆی لە ریزی رێبەرایەتیی حیزبدا نەبوو) لە کتێبی ئەزموونی خەبات لاپەڕەی ٤٩٧ لە وەڵامی پرسیارێک لەو پێوەندییەدا دەڵێ:

"کومیتەی ناوەندی ئاگای لە کولییاتەکەی هەبوو، بەلام ئاگای لە جوزئییاتەکەی نەبوو. دەفتەری سیاسی ئاگای لە هەموو شتێکی هەبوو. هێندێک کەس وایان گوتووە کە گویا دەفتەری سیاسی ئاگای لێ نەبووە. بەلام تا دەفتەری سیاسی لە کەم هەتا زۆر ئاگای لە هەموو شتێکی بووە ".

لە حالێکدا وەک ئاماژە کرا، دەفتەری سیاسی نەک هەر ئاگادار نەبوو، بەڵکوو قەرار درابوو کە د.قاسملوو لەو کۆبوونەوەدا بەشدار نەبێ و بە هیچ شێوەیەک چاوەڕوان نەبوو کە کۆبوونەوەیەکی وا بە ئامادەبوونی دوکتور قاسملوو پێک بێ.

(٥) لە دروشمەکانی هێزەکانی ئێران لە هێرشەکانیاندا بۆ سەر هێزەکانی عێراق

(٦) لە ناوچەی موکریانی کوردستانی ئێران وشەی «عەجەم» بۆ هەموو کاربەدەستە غەیرە کوردەکانی حکوومەتی پاشایەتی بە کار دەبرا کە لەو ناوچەیەدا ئەرکی دەوڵەتییان بەڕێوە دەبرد، جا فارس بوایەتن یان تورک و … .

(٧) د. کارل شرامێک ئەندامی سوسیال دێموکراتی ئوتریش بوو کە لە کاتی شەهیدبوونی د. قاسملوو لەگەل کونسرواتیڤەکان لە ئیئتلافدا بوو، ئەو حیزبە لەسەر تێرۆری د. قاسملوو هەڵوێستێکی روونی نەگرت، بەلام کەسایەتیی وایان تێدا بوو کە هەڵوێستیان گرت.

د. شرامێک دیپلۆماتە و تا ئێستا لە چەند ولاتێک بالوێزی ئوتریش بووە و ماوەیەک سکرتێری ئەنترناسیۆنال سوسیالیست بووە.

# بەشی دووهەم

## تیرۆری دوکتۆر سادق شەرەفکەندی
## (کاک سەعید)

ناسیاریی نزیکی من لەگەڵ دوکتۆر سەعید دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٥٩ی هـ (١٩٨٠ی ز) کاتێک کە لە هاوینی ئەو ساڵەدا بۆ درێژەدان بە کاری تەواووەختی حیزبی لە تارانەوە بانگ کرایەوە کوردستان و پێکەوە بووین بە هاوکار و تا کۆتایی ژیانی، ئەو هاوکارییە درێژەی هەبوو.

پێکەوە کارکردن بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە ڕۆژانی سەختی خەبات و بەربەرەکانێدا، پێوەندییەکی دۆستانە و متمانە بە یەکتری لە نێوانماندا پێک هێنابوو. ئەوەش بۆ خۆی یەکێک لەو هۆیانە بوو کە لە نزیکەوە و بە تێکەڵاوییەک کە لە نێوانماندا هەبوو باشتر بیناسم. بێگومان کاک سادق وەکوو هەموو مرۆڤێک بێکەموکوڕی نەبوو، بەڵام لە بەرانبەردا خاوەنی هێندێک تایبەتمەندیی بەرزی شۆڕشگێڕانە بوو کە لە هێندێک کەسایەتیی دیکە جیای دەکردەوە، یەکێک لەو تایبەتمەندییانە بێپێچوپەنا بوون و قسەلەڕوو بوونی ناوبراو بوو کە لە نێو هاوڕێیانی حیزبیدا زۆر کەسی تووڕە کردبوو. بێجگە لەوە هەر کات کەسێک لە لای ئەو بە خراپی باسی هاوڕێیەکی بەرپرسی حیزبی دەکرد، ئەو بە پێی ناسیاریی خۆی لەو لایەنەی کە خراپەکەی باس دەکرا وەڵامی دەدایەوە، بەڵام ئامادە نەبوو ئەو قسەیە بگوازێتەوە بۆ لایەنی دیکە، بۆ ئەوەی نیشان

بدا کە کەسێک لە لای ئەو بە دژی قسەی کردووە. یان بە مەبەستی خۆشیرین کردن قسەکەی بگێڕێتەوە.

بەڵام ناسیاریی دووراودووری من لە شەهید دوکتۆر سادق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ٤٢ ـ ١٣٤٠ هـ(٦٣ ـ ١٩٦١ی.ز) کە کاک سادق دوای تەواو کردنی خوێندنی لە "دانشسرای عالی" تاران وەک مامۆستای دەرسی شیمی گەڕابووەوە بۆ شاری ورمێ و لە دەبیرستانەکانی ئەو شارە خەریکی وانەگوتنەوە بوو. لەو کاتەدا من لە دانشسەرای کشتوکاڵی ورمێ دەمخوێند. ناوبانگی کاک سادقم وەک مامۆستایەکی شارەزا، دڵسۆز و جیددی دەبیستەوە، چوونکە ئەو کاتە ژمارەی مامۆستایانی کورد کە ئەو پلەی خوێندەوارییەیان هەبێ و لە دەبیرستانەکانی ورمێ دەرس بڵێنەوە نەدەگەیشتنە ژمارەی پەنجەکانی دەستێکیش.

دوای ماوەیەک بۆ درێژەی کاری مامۆستایەتی گەڕایەوە مەهاباد. لەو ساڵانەدا چەند کەسێک لە مامۆستایانی کوردی دەبیرستانەکانی شاری مەهاباد بزووتنەوەیەکی فەرهەنگییان پێک هێنابوو کە تا ئەو کاتە کارێکی نوێ و دەگمەن بوو. ئەو کۆمەڵە مامۆستا بەهەست و دڵسۆزە بە کار و تێکۆشانێکی بێوچان و دانانی بەرنامەی کاری زیاتر لە ئەرکی دیاریکراوی خۆیان توانیان کارێک بکەن کە ژمارەی قوتابیانی سەرکەوتوو لە تاقیکارییەکانی مەهاباد و بە دوای ئەودا لە تاقیکارییەکانی "کونکووری"[1] زانکۆی تاران و باقی شارەکانی ئێران بە رادەیەکی بەرچاو و بێوێنە زیاد بکا. ڕێژیمی حەمەرەزاشا و ئیدارەی ساواکی[2] شا لە شاری مەهاباد کار و تێکۆشانی ئەو مامۆستایانەی وەک جووڵانەوەیەکی سیاسی دەبینی، ئەوە بوو کە ئەو کۆمەڵە مامۆستایە بۆ شارەکانی ناوەندی ئێران دوور خرانەوە و بۆ پڕکردنەوەی جێگای بەتاڵی ئەوان مامۆستای دیکەی غەیری کوردیان لە شارەکانی ورمێ و باقی شارەکانی پارێزگای ورمێ ناردە مەهاباد. دوکتۆر سادق بەو حاڵەش لە کار و تێکۆشان نەوەستا و وێڕای درێژەدان بە کاری مامۆستایەتی و خوێندنی ماستەر (فوق

لیسانس) دانیشسەرای عالیی تەواو کرد و بە هۆی بەرزبوونی ئاستی دەرەجەکانی، بۆ درێژەدان بە خوێندن لە ئاستی دوکتۆرا ناردرایە پاریس و هەر لەوێیە کە لەگەڵ شەهیدی مەزن دوکتۆر قاسملوو ئاشنا دەبێ و دەبێتە ئەندامێکی کارامەی حیزبی دێموکرات. دوای تەواوکردنی دەورەی دوکتۆراکەی جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە دانشسەرای عالی تاران. لەوێ کاری مامۆستایەتییەکەی درێژە پێ دەدا و لە هەمان‌کاتدا بە نهێنی وەک راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، ئەرکی حیزبی بەڕێوە دەبا. لە کونگرەی چوارەمی حیزب کە ساڵی ١٣٥٨ هـ وەک یەکەمین کونگرەی ئاشکرای حیزب دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتی لە شاری مەهاباد پێک دێ، وەکوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ. دوای کونگرە دەبێتە ئەندامی دەفتەری سیاسی و بە دوای ئەوەدا دەبێتە جێگری سکرتێری گشتیی حیزب. بە دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو لە لایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە وەک سکرتێری گشتی دیاری دەکرێ و تا کاتی شەهیدبوونی، ئەو بەرپرسایەتییەی لە سەرشان بوو.

دوکتور سادق لە کۆتاییەکانی بەهاری ساڵی ١٣٧١ هـ (١٩٩٢ز) سەفەرێکی ئورووپای کرد، بەرنامەی کاری سەفەرەکەی بینجگە لە دیدار پێک‌هێنان لەگەل کەسایەتییە سیاسییەکان و دام‌ودەزگاکانی چەند ولاتێکی ئورووپایی، سەردانی هێندێک لە کومیتە حیزبییەکان و چاوپێکەوتن لەگەل ئەندامانی حیزبی لەو ولاتانەدا بوو. دوای ماوەیەک مانەوەیان لە پاریس و پێڕاگەیشتنی کارەکانی ئەوێ سەفەری سوئێدی کرد و لە کۆتاییەکانی ئەو سەفەرەیدا پیوەندیی بە منەوە گرت ـ کە ئەو کاتە جێگری دوکتور سادق بووم ـ لەو پیوەندییەدا باسی کورتەیەک لە کار و سەفەرەکانی بۆ کردم، لە نێو ئەو کارانەدا بە تایبەتی لە سەفەری سوئێد زۆر رازی بوو، وادیار بوو هەم چاوپێکەوتنی باشی لەگەل بەرپرسانی پایەبەرزی ئەو ولاتە و چەند حیزبێکیان بووە و هەم لە چاوپێکەوتنی ئەندام و لایەنگرانی حیزب و کوڕ و کومەلە کوردییەکان

بە کەیف و رازی بووە. لەو پێوەندییەدا بۆی باس کردم کە پۆلیسی ئەو وڵاتە لەو چەند رۆژەی سەفەریدا زۆر بە باشی پارێزگاریی لێ کردووە. بابەتێکی دیکەش کە لەگەڵی باس کردم، باسی بەرنامەی کاری دوای ئەو سەفەرەی بوو، کاک سادق فەرمووی کە دەگەڕێمەوە پاریس و دوای چەند رۆژێک مانەوە دەچمە ئاڵمان بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ئەنترناسیۆناڵ سۆسیالیست و بە دوای ئەو سەفەرەدا خۆم ئامادە دەکەم بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان.

بابەتێک کە زیاتر لە هەموو بابەتەکانی دیکە جێگای سەرنج بوو، ئەوە بوو کە لەو پێوەندییە تەلەفونییەدا بە منی گوت لەگەڵ نوێنەرانی هێندێک لە رێکخراوەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە ئاڵمان، قەراری کۆبوونەوەیەکم دانابوو، بەڵام لەم سەفەرەی ئاڵماندا لەگەڵیان کۆ نابمەوە و دەیخەمە کاتێکی دیکە، لەبەر ئەوەی دەزانم کە بەکرێگیراوانی رێژیم بە دوامدا دەگەڕێن، منیش لەو پێوەندییەدا زۆرم هان‌دا کە هەر ئەو کارە بکا و جاری قەراری کۆبوونەوەکە هەڵوەشێنێتەوە، چوونکە دوکتور سادق کەسێک بوو زۆر گوێی نەدەدا بە پارێزگاری لە خۆی، بێجگە لەوە مام جەلالیش کە لە کۆنگرەی ئەنترناسیۆناڵ سۆسیالیستدا بەشدار بوو، بە دوکتور سادقی گوتبوو کە ئێرانییەکان بە دواتدا دەگەڕێن و ئاگات لە خۆت بێ.

بەڵام کاک سادق بە بێ لەبەرچاوگرتنی کەمترین ئامادەکاریی ئەمنیەتی لە لایەن پۆلیسی ئاڵمانەوە، یان لانیکەم بە هۆی هاوڕێیانی حیزبیی خۆمان کە ژمارەیەکی بەرچاویان نیشتەجێی ئاڵمان بوون، سەرەڕای هەڵوەشاندنەوەی کۆبوونەوەکەی لەگەڵ ئۆپۆزیسیونی ئێرانی، دوای تەواوبوونی کۆنگرەی ئەنترناسیۆناڵ سۆسیالیست، تا ئێستاش بە روونی نەزانرا بە چ هۆیەک جارێکی دیکە هەوڵ دەدا کۆبوونەوەکە پێک بهێنێ. بۆ ئەو مەبەستە لە چەند کەس لەوانەی کە قەرار بوو لە کۆبوونەوەکە بەشدار بن داوا دەکری هەموو ئەو لایەنانەی کە بریار بوو لە کۆبوونەوە بەشدار بن ئاگادار بکەنەوە و ئەوانیش بە پەلەپەل و

بە تەلەفۆن ئەو کارە دەکەن. کۆبوونەوەکەش لە ڕێستورانێکدا بە ناوی میکۆنووس کە خاوەنەکەی ئێرانی بوو، ڕێک دەخرێ.

وا دەردەکەوێ کە سەفەری کاک سادق بۆ ئاڵمان و قەراری کۆبوونەوەکە و شوێنەکەی کە پێشتر هەمووی دیاری کرابوو، لە لایەن کەسێک یان کەسانێک کە لە کۆبوونەوەکە ئاگادار بوون، بە کۆماری ئیسلامی ڕاگەیەندراوە و هاوئاهەنگی کراوە و تیمی تیرۆریش کە وا ویدەچێ پێشتر هاتووەتە ڕێستورانەکە، شوێنی کۆبوونەوەکەیان بە وردی خستووەتە ژێر چاوەدێری. دوای نزیک بە دوو کاتژمێر لە هاتنی د. سادق و هاوڕێکانی، بەشدارانی دیکەش کە پێشتر ئاگادار کرابوون کە کۆبوونەوەکە تێک چووە، یەک یەک و دوو دوو و بە درەنگەوە خۆیان دەگەیەننە شوێنی قەرار و کاتێک هەموو ئامادە دەبن، کاتژمێر دەوروبەری یازدەی شەوی پێنج شەممە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧٢ هـ (١٧ی سپتامبری ١٩٩٢ز) تیمی تیرۆر دەگاتە جێ و بە پێی ئەوەی کە پێشتر ئامانجەکان لەنێو باقی بەشدارانی کۆبوونەوەکەدا بە تەواوی بۆ تیمی تیرۆر ناسرابوون، هەڵدەکوتنە سەریان و دوکتور سادق شەرەفکەندی، کاک فتاح عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات و کاک هومایون ئەردەڵان بەرپرسی پێوندییەکانی حیزب لە ئاڵمان دەدەنە بەر دەستڕێژی گوللە و تیری خەلاسیشیان لێ دەدەن بۆ ئەوەی بە تەواوی دڵنیا بن کە ئەو سێ کەسە کوژراون. لەو هێرشەدا کەسێکی غەیرە کوردیش لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە بە نێوی حوسێن ئەحمەدی، ناسراو بە نووری دێهکوردی کە دۆستێکی حیزب بوو، دەکوژرێ و خاوەنی ڕێستورانەکەش کە ناوی عەزیز غەفاری بوو برینداردەبێ.

شەهیدبوونی دوکتور سادق و هاوڕێیانی بەم شێوەیە، لە باری دەروونییەوە بۆ ڕێبەرایەتیی حیزب و بەدەنەکەی لە ڕووداوی ڤییەن گرانتر بوو. چوونکە ماوەی ٣ ساڵ لە شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو تێدەپەڕی کە سکرتێریکی دیکەی حیزبیش شەهید بوو. ئەویش بەشێکی

دەگەڕایەوە سەر کەمتەرخەمی، بۆیە لە بەرانبەر سێلاوی پرسیاری خەڵکدا مابووینەوە و لە راستیدا وەڵامێکمان نەبوو کە تەنانەت بۆ خۆشمان قەناعەتمان پێی هەبێ. بەڵام جێی دڵخۆشی لەو رووداوەدا ئەوە بوو کە پۆلیسی ئاڵمان بکوژەکانی قۆڵبەست کرد و دوای سێ ساڵ و نیو لێکۆڵینەوە و بەدواچوون رادەستی دادگای کردن[٣] و دادگاش سەرەڕای زەختێکی زۆر کە لەسەری بوو، بێ لایەنانە قەزاوەتی خۆی بە ئاکام گەیاند و رۆژی ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧ی زایینی لە راگەیەندراوێکدا ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی بەرەسمی راگەیاند.

پێداچوونەوە بەو رووداوە تاڵانەدا زۆرتر لەو بارەوە گرینگە کە ئێمەی کورد لە مێژوو دەرسمان وەرنەگرتووە، بۆیە بە کەوتنەداوی دوژمنان، لەبەر ئەوەی بە کەمیان دەگرین، بڕوا بە بەڵێنەکانیان دەکەین، یان بە باشی نایانناسین زنجیرەی خەسارەکانمان لەو رەوتەدا هەر جارەو بە شێوەیەک دووپات دەبێتەوە.

لە رووداوی شەهیدبوونی دوکتۆر سادقدا وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، بۆخۆی دەیزانی کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە دواوەیەتی و لە دەرفەتێک دەگەڕێ کە زەبری خۆی لێی بوەشێنێ، بە تایبەتی کۆنگرەی ئەنترناسیونال سۆسیالیست لە بێرلینی ئاڵمان پێک هات و رێژیم باش دەیزانی حیزبی ئێمە بانگهێشت دەکرێ و لەوێدا ئامادە دەبێ. بەرنامەی کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی ئەو رێکخراوەش وەک رەواڵی هەمیشە لانیکەم دوو مانگ پێشتر ئامادە دەکرێ و ناوی بەشداران و کات و شوێنی کۆبوونەوەکە بە وردی رادەگەیەندرێ، کاک سادق بە زانیاریی تەواو لەسەر ئەم راستییانە کۆبوونەوەکەی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی کە بڕیار بوو دوابەدوای کۆتایی کۆنگرەی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست لە بێرلین پێک بێت، بۆ کاتێکی دیارینەکراو هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵام بەو حاڵەشەوە بە هۆیەکی نادیار، بە بێ ئاگادارکردنەوەی پۆلیسی بێرلین و لەبەر چاوگرتنی کەمترین پارێزگارییەک لە خۆی و تیمی هاوڕێی، تەنانەت لە رێستورانێکدا کە ئێرانییەکی فارس خاوەنی بوو، دیسان

داوای پێکهێنانی کۆبوونەوەکە دەکاتەوە.

گومان لەوەدا نیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هۆکاری شەهیدبوونی ڕێبەرانمان و تیمەکانی هاوڕێی ئەو ڕێبەرانەیە. ڕێژیم ئەو کردەوانەش بە ئەرکی سیاسی و ئایینیی خۆی دەزانی و بە پێی پیلانی داڕێژراو بەڕێوەیان دەبا، هەر بە پێی ئەو ئەرکەش تا کاتی ڕووداوی میکۆنووس دەیان کەس لە نەیارانی ڕێژیم لە ئۆرووپا و شوێنەکانی دیکەی دنیا کەوتبوونە بەر هێرشی تیرۆریستیی ڕێژیم و شەهید کرابوون کە ئاستی شوێندانەریی ئەو تیرۆرانە لەسەر ئۆپۆزیسیون لەگەڵ ئەو شوێندانانەی لەسەر حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەک ڕێبەری جووڵانەوەی چەکداری دژی ڕێژیم هەیبوو و تا ئەو کات زەبری قورسی لە پەیکەری کۆماری ئیسلامی وەشاندبوو بە هیچ جۆرێک هەڵناسەنگێنرێ، تەنانەت لە کوردستانی باشوور دەیان کەسمان بە پیلانی ڕێژیم شەهید کران کە ماوەیەک پێشمەرگە بوون و لە کاتی شەهید بوونیاندا وەک پێشمەرگەش نەمابوون و هەر کامیان لە گۆشەیەکی ئەو بەشەی کوردستاندا بۆ دابینکردنی ژیانی سەختی خۆیان کاری وەک قاوەچییەتی، کرێکاری و تەنانەت پێشنوێژیی مزگەوتانیان دەکرد و کاک سادقیش ئاگای لە گشت ئەو ڕووداوانە بوو، بەڵام بەو حاڵەشەوە کۆماری ئیسلامی و دوژمنایەتییەکەی دەرحەق بە خۆی و حیزبەکەی بە جیددی نەگرت.

ئەو ڕووداوانە مرۆڤ دەگەیەننە ئەو قەناعەتە کە بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی دوای ئەو کۆمەڵە تیرۆرانە بە سەر فەزای گشتیی ئۆپۆزیسیوندا زاڵ بوو کە ڕێژیم زۆر زیرەک و وریایە و بۆ هەر کەسێکی بیهەوێ پیلان بگێڕێ زوو دەیخاتە داوەوە، لە ڕاستیدا هۆی سەرکەوتنی ئەو پیلانانە بەشێکی زۆری دەگەڕایەوە سەر کەمتەرخەمی و بە جیددی نەگرتنی دوژمنایەتیی ڕێژیم و هەنگاوونانی قوربانی بەرەو داوێک کە زۆر ئاسەواری ئاشکرای دیار بوو و دەکرا قوربانییەکان دوور بکەونەوە و خۆیان لە قەرەی داوەکە نەدابا، وەکوو ئاسەوارە ئاشکراکانی ئەو داوانەی بۆ ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکرات دانرابوونەوە

و پێشتر ئاماژەمان پێ کردن.

جێگای گومان نیە کە ئەو هەڵە و کەمتەرخەمییانەی ڕێبەرانی شەهیدی حیزبی دێموکرات، وەکوو زۆربەی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەکانی کورد لە سەرەتاوە تا ئێستا، شتێک لە گەورەیی، فیداکاری و زەحمەت و تێکۆشانیان کەم ناکاتەوە. ئەوان بەشێک لە مێژووی پڕ سەروەریی نەتەوەکەمان پێک دێنن و قەت لە بیر ناچنەوە و لە ڕاستیدا کورد بەگشتی قەرزداری ئەوانە، بەڵام لە هەمانکاتدا، لە دەستچوونیان بە تایبەتی بەم شێوەیە، بە قەدەر گەورەییەکانیان برینی سەخت و خەساری قەرەبوونەکراو لە جووڵانەوە دەدەن، بۆیە ناکرێ هەروا بە ئاسانی بە سەریاندا تێپەڕین و ئاوڕ لە چۆنیەتیی شەهید بوونیان نەدەینەوە، بەڵکوو هەر وەک ژیان و خەباتیان بۆ بەرەی ئێستا و داهاتوو جێگای لێ فێربوونە، هۆیەکانی شەهیدبوونیشیان بۆ لێ فێربوون دەبێ، بەتایبەتی ئەو بەشەی کە دەگەڕێتەوە سەر هۆیەکانی کەمتەر خەمی، دوژمن بەکەم گرتن، پەند وەرنەگرتن لە مێژوو... ئێمەش لە پێشکەشکردنی ئەم بابەتە بێجگە لەوە مەبەستێکی دیکەمان نیە.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

(١)لە ئێراندا ئەو قوتابییانەی دەبیرستان (دواناوەندی) یان تەواو دەکرد، ئەگەر بیانویستبایە خوێندنەکەیان لە دانیشگا (جامعە) درێژە پێ بدەن پێویست بوو لە تاقیکاریی گشتیدا بەشداری بکەن و بە پێی ئەو دەرەجانەی لە تاقیکاریدا دەیانهێنایەوە شوێن و لقی خوێندنیان بۆ دیاری دەکرا و لەوێ درێژەیان بە خوێندن دەدا. بەو تاقیکارییە دەگوترا «کونکوور».

(٢) ساواک دەزگای هەواڵگریی ڕێژیمی حەمەرەزاشا بوو کە لە ژێر چاوەدێریی شادا بوو و لە شوێنهەڵگرتن، قۆڵبەست کردن و لێپرسینەوەی ئازادیخوازانی ئێراندا دەوری بەرچاوی دەگێڕا و بەگشتی دامەزراوەیەکی تۆقێنەر بوو و دەسەڵاتێکی بێ سنووری هەبوو.

(٣) دادگای بێرلین بە ناوی Berliner Kammergericht بە بۆنەی پەروەندەی ڕووداوی ڕیستورانی (میکونووس) لە نێو کوردەکاندا بە دادگای میکۆنووس ناسرا. دادستان، قازییەکان و وەکیلەکانی ئەو پەروەندەیە، بە پێچەوانەی دادگای ئوتریش سەرەڕای ئەوەی کەوتنە بەر هەڕەشەی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی و زەحمەتی هێندێک لە داموودەزگاکانی ئەو کاتی ئاڵمان بۆ ئەوەی ڕەوتی دادگایی‌کردنەکەی تاوانباران بە لایەکدا بەرن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک تاوانبار نەناسرێ، بەڵام ئەوان بە جورئەتەوە بێ ئەوەی ئەو هەڕەشە و زەحمەت و زۆرانە شوێنیان لەسەر دابنێ، بێلایەنانە ئەرکی یاسایی و پیشەیی خۆیانیان بەڕێوەبرد و دوای سێ ساڵ و نیو لێکۆڵینەوە، کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان لە ئاستی هەرە سەرەوە بە تاوانبار زانی و ڕایانگەیاند کە پیلانی ئەو تیرۆرە لە لایەن خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم، فەلاحیان وەزیری ئیتلاعات و هاشمی ڕەفسەنجانی سەرۆک کۆماری ئێرانەوە داڕێژراوە. ئەو بڕیارەی دادگا لە باری سیاسییەوە شوێندانەریی زۆری لەسەر بیر و ڕای گشتیی نێونەتەوەیی و کۆڕ و کۆمەڵە نێو دەوڵەتییەکان هەبوو و ڕواڵەتی ڕاستەقینەی ئەو ڕێژیمەی وەک دەوڵەتێکی تیرۆریستی بە دنیا ناساند.

دادستان و قازییەکانی ئەو دادگایە لە مانگی ٢ی ساڵی ٢٠١٤ی زایینی لە لایەن ئەنجومەنی پارێزەرانی ئەمریکا، بە پاداشتی بەڕێوەبردنی بوێرانەو دروستی ئەرکی خۆیان سەبارەت بە فایلی تیرۆری دوکتور سادق و هاوڕێیانی، خەڵات کران.

# بەشی سێیەم

## جیابوونەوەی تاقمی حەوت کەسی

بۆ تێگەیشتن لە راستیی چۆنیەتی و هۆی ڕووداوەکان پێویستە هەلومەرج، فەزای فیکریی زاڵ بەسەر کۆمەڵگا و شێوەی تێڕوانینی ئەو کۆمەڵگایە کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوو دەدا، شی بکرێتەوە بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێ ڕووداوەکان بە گشتی، کتوپڕ و لە ناکاو نین، بەڵکوو زەمینەی ئەو ڕووداوانە بە درێژایی ساڵان و بە شێوەی جیاواز لە نێو کۆمەڵگادا چەکەرەیان کردووە و هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پەرەگرتن و پێشکەوتن دەچن تا ئەو کاتەی کە لە دەرفەتێکدا ڕووداوەکان دەتەقنەوە.

لەو بەستێنەدا تا گەیشتن بە ئاکام، پاڵنەر یان پاڵنەرەکان دەوری سەرەکی دەگێڕن. چوونکە لە مێژوودا زۆر جار شاهیدی ئەو راستییە بووین کە سەرەڕای چەکەرە کردن و سەرهەڵدانی بیروبۆچوونێکی شۆڕشگێرانە ئەگەر پاڵنەرێکی کاریگەر لە ئارادا نەبووبێ شۆڕشێک یان ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی ڕووی نەداوە، یان لە ئامانجی ڕاستەقینەی خۆی لای داوە و بە لاڕێدا چووە، هەر بۆیەشە دەبینین کاتێک پاڵنەری شۆڕشێک ماندێلایە ئاکامەکەی دەبێتە ڕزگاریی وڵاتێکی وەک ئەفریقای باشوور لە ئاپارتاید، لە ئێرانی دوای ڕێژیمی پاشایەتیشدا دەکرا شۆڕش بە ئاکامێکی لەو شێوەیە بگات چوونکە بنەما و زەمینەکە لە جەوهەری خۆیاندا بریتی بوون لە ویستی ڕزگاری لە ستەم و جیاوازیدانان، بەڵام

کاتێک خومەینی دەبێتە پاڵنەر، ئەوەی لێ بەرهەم دێت کە لە ئێستادا ٣٦ ساڵە نەک هەر خەڵکی ئێران، بەڵکوو ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بگرە دنیا پێیەوە دەناڵێنن.

زەمینــەی جیابوونەوەی کۆمەڵێـک لە ئەندامانی حیزبــی دێموکراتی کوردســتانی ئێــران لە ســاڵی ١٣٥٩ هـ وەک ڕووداوێـک زۆر بەر لەو ڕێکەوتە بەستێنسازیی، بۆ کرابوو. بیری چەپ بە واتای سۆسیالیزم بە خوێندنەوەی ئەو کات لە ئێراندا، ئەگەر زۆر نەگەڕێینەوە بۆ ڕابردووی دوور، هەر بە دوای هاتنە ســەر دەسەڵاتی حەمەڕەزا شا و وردەوردە پەرەگرتنــی زۆرتــر لە نێو توێژی وشــیاری کۆمەڵگادا کە هەســتی بە ستەم و مافخوراوی دەکرد، لە ئاکامی ملهوڕی و سەپاندنی دەسەڵاتی تاک لە جیاتی دەســەڵاتی گەل، ڕیشــەکێش کردنی ئازادیی ڕادەربڕین، لــە ژێرپێنانی مافی سیاســیی نەتــەوەکان و زیندانی و ئیعــدام کردنی جیابیراندا چەکەرەی کرد، چوونکە بیری چەپ بەگشــتی بۆ ئەو توێژە وەک ڕێگایەک و پاڵنەرێک بۆ ڕزگاربوون لە دیکتاتۆریی حەمەڕەزا شا و گۆڕینی ئەو سیستەمە بە سیستەمێکی باشتر چاوی لێ دەکرا.

حیزبــی تــوودە کە لــە ڕاســتیدا گرووپێکــی هەڵگری بیــری چەپی ســۆڤیەتی بوو و لە پێناوی قازانج و بەرژەوەندیی سیســتەمی یەکێتیی ســۆڤیەتیدا بیری ئەو شــێوە چەپەی بڵاو دەکردەوە، بە هۆی ڕاهاتنی کادرەکانــی ئەو حیزبە بە تیئۆریی چەپ کە لە دووتوێی دەیان کتێب و نامیلکە لە ســەردەمی شــادا ـ هەر چەند بە نهێنی ـ لە نێو ڕووناکبیران و خوێندەوارانــدا بــڵاو دەکرانەوە و بێجگە لــەوە بارهێنانی ژمارەیەک لە کادرەکانی حیزبی توودە کە بە نهێنی ســەفەری سۆڤیەتیان کردبوو و لــەوێ بە باشــی بۆ ئــەو مەبەســتە ڕاهێنرابوون، لە نێــو کۆمەڵگای ئێران، لــە کارگەکان، زانکۆکان، قوتابخانــەکان و هتد کاری تەبلیغییان دەکرد و وایان نیشــان دەدا کە لە سیســتەمی دەسەڵاتداریی سۆڤیەتدا جیاوازیی دانانەکان، پرسی نەتەوەکان، کار، مەسەلەی ژنان و ... هەمووی چارەســەر کراوەو لە ئاکامدا کۆمەڵگای ســۆڤیەت بەهەشتێکە لەسەر

زەوی بەڵێنــی دراوە. بێجگە لەو زەمینە گشــتییە کە لە ئێران بەرەبەرە ئامادە کرابوو، لە کوردستان زیاتر لەوەش زەمینە ئامادە بوو:
یارمەتیــی ســۆڤیەت بــۆ پێکهاتنــی کۆمــاری کوردســتان لە ســاڵی ١٣٢٤هـ(١٩٤٥ز)، سەفەری جەنابی پێشەوا بۆ ئەو وڵاتە، ناردنی چەندین قوتابیی کورد بۆ پەروەردە بوون لە ســۆڤیەت، سەفەری چەند هەیئەت لە کەســایەتییە پایەبەرزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان بۆ سۆڤیەت و گەڕانەوەیان، ئەو پرسەی زیاتر وروژاند و، ئەو بیرکردنەوەیە کە ســۆڤیەت پشــت و پەنای نەتەوە بێبەشکراوەکان و یەک لەوان نەتەوەی کوردە، ریشــەی قووڵتری لە کوردستان داکوتا و بوو بە فەزای زاڵ لەو بەشەدا، شیعری بەناوبانگی ئەو سەردەمە لە پێداهەڵگووتنی سۆڤیەت و رێبەرەکانی وەک:
«ستالین پێشەوایە، بۆ کوردان وەک باب وایە» و دەیان پێداهەڵگووتنی دیکە گومانیان نەهێشتبووەوە کە سیستەمی سۆڤیەت بۆ ژیانێکی ئازاد و پڕ لە بەختەوەری باشترین نموونەیە. لە فەزایەکی ئەوتۆدا سروشتییە کە حیزبی توودە و بیروباوەڕەکەی بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو پەرە بگرێ و ببێتە بۆچوونی زاڵی کورد لەو سەردەمەدا.
بێجگــە لــەوە هۆیەکی دیکەش کە کــوردەکان لە کوردســتانی ئێران ئــەو هەمــووە هیوایان بــە کۆمۆنیــزم قایم بــوو، بوونــی ئێرانی ژێر دەســەڵاتی رێژیمی پاشــایەتی لە ژێر نفــوزی ئەمپریالیزمی ئەمریکادا بوو، ئەمریکایەک کە چەک و تەقەمەنیی ئەرتەشــی شــای دابین دەکرد، ئەفسەرانی ئەرتەش و کادرەکانی ساواکی پەروەردە دەکرد کە ئەوانەش دوو هێزی ســەرەکی بوون لە سەرکوتکردنی شۆڕشگێرانی کورددا کە بــۆ مافە سیاســی و نەتەوەییەکانی نەتەوەی خۆیان تێدەکۆشــان. لەو سەردەمەشــدا کــورد و باقی نەتەوە نافارســەکان وەک هاووڵاتیی پلە دوو چاویــان لێ دەکــرا، مێژوو و کولتوری کوردی لە لایەن رێژیمەوە هەوڵــی بەلاڕێدا بــردن و تواندنەوەیــان دەدرا، بەم شــێوەیە کورد لە ســەردەمی شەڕی ساردا خۆی لە بەرەی کۆمونیزم و سۆسیالیزمدا

دەدیتــەوە کە لەگەڵ بەرەی ئەمپریالیزم ـ کە ڕێژیمی شــا لەو بەرەیەدا بوو ـ لە بەربەرەکانێدا بوون، هەرچەند ئەو بەرەیە دوای کۆتایی شەڕی دووهەمــی جیهانــی و کشــانەوەی هێزەکانی ســۆڤیەت لــە ئێران قەت ئاوڕێکیــان لە کورد نەدایەوە، بەڵام کورد بە گشــتی هەروا یەک لایەنە شەیدای سۆڤیەت ببوو.

حیزبــی دێموکراتیــش لەو ماوەیەدا لەو فەزایە بــە دوور نەبوو و بە پێی شــوێنندانەرێی بیری حیزبی توودە، یەک لایەنە وای بیر دەکردەوە کە یەکێتیی ســۆڤیەت پشتیوانی کورد بە گشتی و حیزبی دێموکرات بە تایبەتییــە، ئــەوە لە حاڵێکدا بوو کە لە مــاوەی دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشــایەتیدا، چەندین نامە لە بۆنە جیاکاندا لە لایەن دەفتەری سیاســی حیزبەوە و بە ئیمزای شەهید دوکتۆر قاسملوو نووسرا و بۆ سۆڤیەت بەڕێ کرا. بەڵام قەت جارێک نەمبیســت بە رستەیەک وەڵامی نامەیەک بدرێتەوە.

لە ســەردەمی ڕووخانی ڕێژیمی شا و دوای ڕووخانی ئەو ڕێژیمە و هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی خومەینیدا، حیزبی توودە و هەڵگرانی بیر و بۆچوونی ئەو حیزبە لە هەموو ئێران و بە تایبەتی لە کوردســتاندا بەو مەبەستەی کە کورد بە لای خۆیاندا ڕاکێشن و بەرەنگاری بزووتنەوەی ئــەوان، بە تایبەتــی بزووتنــەوەی حیزبی دێموکرات بــە دژی ڕێژیمی تــازە بە دەســەڵات گەیشــتوو ببنــەوە، تێکۆشــانیان چــڕ کردبووەوە. ڕێبەرانی حیزبی توودە بۆچوونەکانیان لەسەر ئەو بنەما فکرییە هەڵەیە دامەزراندبــوو کە مادام ڕێژیمی خومەینی دژی ئەمریکا دروشــم دەدا، کەوابــوو ڕێژیمێکی شۆڕشــگێڕە و لە کۆتاییدا هەر بە لای ســۆڤیەتدا دەشکێتەوە.

ئەوان لەو پێناوەدا بە بیر و باوەڕ و هەموو توانای خۆیان لە خزمەتی ڕێژیمــی کۆماری ئیســلامیدا بوون و بۆ ئەوەی ئــەو ڕێژیمە باوەڕ بە ڕاستگۆیی و دڵپاکییان بکا لە هیچ خەیانەتێک سڵیان نەدەکردەوە. یەکێک لــە خەیانەتەکانــی ئەوان کرمۆڵکردن و لەت لــەت کردنی ئەو حیزبانە

بوو کە لەو کاتەدا دژی ڕێژیمی خومەینی خەبات و بەربەرەکانییان دەکرد. ڕێکخراوی چریکەکانی فیدایی گەلی ئێران (سازمان چریکهای فدایی خلق ایران) کە بەهۆی بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕێژیمی شا و زیندانی و ئیعدام کرانی ژمارەیەک لە کادرە ناسراوەکانیان، لە نێو خەڵکی ناڕازی لە ڕێژیمی شادا خۆشەویست بوون و لە سەردەمی ڕووخانی ئەو ڕێژیمەدا توانیان ژمارەیەکی زۆر لە لاوەکان لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە و لە خەبات دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ببن بە هێزێکی شوێندانەر، بەڵام حیزبی توودە توانی زۆربەی ئەندامان و ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبە جیا بکاتەوە و بە دوای سیاسەتی خۆبەدەستەوەدەرانەی خۆیدا ڕاکێشیان بکا، کە دواتر ئەم بەشە ناوی خۆیان نا «ڕێکخراوی فیداییەکانی گەلی ئێران - زۆرایەتی»، هەر بەم شێوەیە حیزبی توودە توانی لەو هەلومەرجە ناسکەدا جیابوونەوەیەکی بەرچاویش لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێک بێنێ و بەم چەشنە لە هەلومەرجێکی زۆر هەستیاردا زەبرێکی کاریگەر لە پەیکەری جووڵانەوەی کورد و ئەو حیزبە بوەشێنێ کە بەهێزترین و جەماوەریترین حیزبی کوردستان بوو کە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خەباتی دەکرد.

**● هۆیەکانی سەرکەوتنی حیزبی توودە لە پێکهێنانی ئینشعاب لە حیزبی دیموکراتدا**

حیزبی دیموکرات دوای ڕووخانی کۆمار بەکردەوە بوو بە لقی کوردستانی حیزبی توودە و دوکتور قاسملووش بۆ خۆی لە کادرەکانی ئەو حیزبە بوو. لە ساڵی ١٣٣٤ هـ (١٩٥٥ی ز)حیزبی دیموکرات لەو حیزبە کشایەوە و هەوڵی دا جارێکی دیکە سەربەخۆیی حیزب بگێڕێتەوە جێی خۆی، لەو پێوەندییەدا دوکتور قاسملوو لە کورتە مێژووی ڕێبەرایەتیی حیزبدا دەڵێ:

*"کومیتەی «کاک» (١) کاری ئەوە بوو کە دەستووراتی هەیئەتی ئیجرایی حیزبی توودەی بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکرات ڕادەگەیاند بۆ جێبەجێکردن ... بە*

کورتـی ئـەو ڕێبەرایەتییە هەتـا سـاڵی ١٣٣٤ بە ناوی (کومیتـەی کوردسـتان) فەعالیەتـی هەبـوو. بەرەبـەرە وەزعـی داخیلیی حیزبی توودە تێک چوو، ئەفسـەرەکان [مەبەسـت ئەفسـەرەکانی سـەر بە حیزبی توودە لە نێو ئەرتەشـدا (نووسـەر)] گیـران و زۆریان ئیعـدام کران. دەرکـەوت حیزبی تـوودە «پۆلیس‌زەدە» بووە، بۆیە ئەو دەم ئێمە کۆبوونەوەیەکمان پێکهێنا ... پاشـان ناومان نا (کۆنفرانسی یەکەمی حیزب) ئەو کۆبوونەوەیە لە گوندی کەوتـەری مەنگووڕایەتیـی مەهاباد بە نهێنـی پێک‌هات. لەوێـدا ئێمـە بڕیارمان دا لەگـەڵ حیزبی تـوودە قەتعی رابیتەی تەشـکیلاتی بکەین و حیزبی دێموکرات بۆ خۆی سـەربەخۆ فەعالییەتی خۆی بکا. چونکە هەم نەزەرمان ئەوە بوو حیزبی توودە لەسـەر مەسەلەی موسەددیق و هەم لەسـەر کودیتای ٢٨ی مورداد چەوت ڕۆیشـتووە، هـەم نەزەرمان ئـەوە بوو کە پۆلیـس‌زەدە بووە و هەر تەماسێک لەگەڵ حیزبی توودە لە تاران بگیرێ، نەتیجەی ئـەوە دەبێ گیـری پۆلیس بکەوین، ئەوە بـوو کە قەتعی رابیتەمـان کرد. لەو وەختـەوە ئیعلانمان کرد کە حیزبی دێموکرات خۆی سـەربەخۆ فەعالییەت دەکا. بەشدارانی کۆنفرانسـی یەکـەم ئـەوەی لە بیرم بـێ غەیری خۆم و کاک عبدالله عیزەتپوور، بریتی بوون لە عەزیز یوسـفی، عبدالله ئیسحاقی، ئەسعەد خودایاری، هاشم ئەقەلوتولاب (قادر شەریف) پێم وایە هەموومان حەوت، هەشت کەس زیاتر نەبووین".

ئەو کارەی حیزبی دێموکرات، بۆ حیزبی توودە زۆر بە گران تەواو بوو چونکە بەم چەشنە حیزبی دێموکرات وەک لقی کوردستانی ئەو حیزبە لە دەستی حیزبی توودە چوو، هەر بۆیە دوای ڕووخانی ڕێژیمی شا و

ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دیموکرات و توودە، ئەو حیزبە جارێکی دیکە هەوڵی دا حیزبی دیموکرات بەرەو سیاسەتی خۆی سەبارەت بە ئێران ڕاکێش بکا، بەڵام کاتێک لەو ڕێگایەدا شکستی خوارد و حیزبی دیموکرات لەسەر سیاسەت و بەرنامەکانی خۆی سەبارەت بە ئێران سوور بوو، ئەو جار چڕ بووەوە لەسەر دابەشکردنی حیزب لە لایەک و هێرشی بەربڵاو وبۆختان هەڵبەستن بۆ دوکتۆر قاسملوو بە مەبەستی سووککردنی ـ بە بۆچوونی خۆیان ـ لە نێو خەڵکی کوردستان و حیزبی دیموکراتدا، لەبەر ئەوەی ئەوان د.قاسملوویان بە ڕێبەری ئەو سیاسەتە لە نێو حیزبدا دەزانی و لەڕاستیشدا ئەگەر بە هۆی د.قاسملوو و لێزانی و شارەزایی ئەو لەسەر حیزبی توودە نەبووایە، ڕەنگە چارەنووسی حیزبی دیموکراتیش وەک چارەنووسی تاقمی حەوت کەسیی لێ هاتبایە. بۆ ئەو مەبەستە بێجگە لە ڕۆژنامەی «مردم» ڕۆژنامەی ڕەسمیی ئەو حیزبە، زۆرترین کەڵکیان لە هێندێک لە مۆرەکانی لایەنگری بۆچوونی خۆیان لە نێو حیزبدا وەردەگرت، گرنگترینی ئەو مۆرانە خوالێخۆشبوو غەنی بلووریان بوو. لەو سەروبەندەدا، غەنی بلووریان قارەمانی نێو زیندانەکانی ڕێژیمی شا، ماوەی ٢٥ ساڵ لە تەمەنی خۆی بە تاوانی تێکۆشان لە ڕیزی حیزبی دیموکراتدا لە زینداندا تێپەر کردبوو و سەری بۆ داخوازەکانی ڕێژیم دانەنەواندبوو و تەنانەت ئامادە نەبوو بۆ ئەوەی ئازاد بکرێ سەبارەت بە مەحکوومیەتەکەی داوای لێبووردن بکا، ئەو لە سەرەتادا حوکمی ئیعدامی بۆ دەرچووبوو، بەڵام ئەو حوکمە لەسەر داوای کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە زیندانی هەتاهەتایی گۆڕا و لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێراندا کە زیندانەکان کرانەوە و ئەویش وەک سەدان زیندانیی سیاسی دیکە ئازاد بوو، ئەو خۆڕاگرییە حورمەت و کەسایەتییەکی کەم وێنەی بۆ کاک غەنی بەرهەم هێنا، لە کاتی گەڕانەوەی لە تاران بۆ مەهاباد بە هەزاران کەس لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستانی ئێران و تەنانەت تورکەکانی ئازەربایجان لە پێشوازییەکی کەم وێنەدا بەشدار بوون. بۆ چەند مانگ دوای گەڕانەوەی بۆ مەهاباد

خەڵک ڕۆژانە لە هەموو شـوێنەکانی ئێرانەوە دەهاتن بۆ چاوپێکەوتنی، بەم شێوەیە کاک غەنی بوو بە خۆشەویستترین کەسایەتیی کوردستان لەو سـەردەمەدا و هەر کەسـە لەبەر خۆیەوە بۆچوونێکـی لە زانایی، ڕێبـەری و ئەزموونی زۆر و کەڵەکەکـراوی ناوبراو لە ماوەی خەبات لـە حیزبـی دێموکراتدا پێش چوونە زیندان و لە مـاوەی زیندانییەکەیدا لە مێشـکی خۆیدا هەبوو، بەڵام زۆر زوو بۆ زۆربەی خەڵک دەرکەوت کە ئەو بیرکردنەوەیە سـەبارەت بـە کاک غەنی لە جێی خۆیدا نەبووە، بەڵکوو ناوبراو پیاوێکی سـادە و عاتفی بوو و لە ماوەی زیندانیشدا بە پێچەوانەی زۆرێک لە زیندانییە سیاسـییەکان دیار بوو شـتێکی ئەوتۆ فێـر نەبووبوو، بەڵکـوو کەوتبووە ژێر شـوێندانەریی حیزبی توودە و کاتێـک لە زیندان هاتەدەر زۆرتر هەڵگری بیروبۆچوونی حیزبی توودە بـوو تا بیروبۆچوونی دێموکرات، هەر بۆیەش زۆر زوو حیزبی توودە بەئاسـانی توانـی بـە دوای بیروبۆچوونی خۆیدا رایبکێشـێ و وەکوو کارتی گوشار دژی حیزبی دێموکرات بەکاری بێنێ.

دیارە لەو پێوەندییەدا کەسـانێکی دیکەش لە ڕیزی حیزبی دێموکرات و تەنانـەت لە ڕێبەرایەتیـی حیزبدا هەبوون کە هەڵگـری بیروباوەڕی توودە بوون و کەڵکی خراپیان لە کەسـایەتیی کاک غەنی وەردەگرت و بۆ بەرەوپێشـچوونی مەرامی خۆیان کاک غەنییان وەکوو ڕێبەری ئەو بۆچوونە بەکار دەهێنا و بۆ خۆیان لە پشـتەوە سـەیریان دەکرد. بەم شـێوەیە حیزبی توودە کەسـایەتییەکی خۆشەویست، بە رابردوویەکی خەباتکارانـە و قارەمانی زیندانەکانی شـای دەسـت کەوتبوو کە دژی بیروبۆچوونی حیزبی دێموکرات بەکاری دەهێنا.

بۆچوونی نووسـەری ئەم دێڕانە لەسەر کاک غەنی پێش ئازادبوونی لـە زینـدان، وەک زۆربەی گەنجەکانی ئەو کات دوراودوور و لەسـەر رابـردووی خەباتـی لە حیزبی دێموکـرات و خۆڕاگرییەکەی لە زیندان کـە تایبەتمەندیـی زۆر بەهادار بوون، هەڵچنرابوو، هـەر بۆیە لە کاتی ئازادبوونیـدا و گەڕانەوەی بۆ مەهابـاد ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان و

هاوڕێیانی خۆم ئامادە کرد و بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمی پێشوازیکردنیدا چووینــە مەهابــاد. دوای ئــەوەش یەک دوو جاری دیکە بــە تایبەتی لەماڵەکەی خۆیدا چاوپێکەوتنم لەگەڵیدا هەبوو، بەڵام ناسیاویی ڕاستەقینەم لە کاک غەنی کاتێک بوو کە دوای کۆنگرەی چوارەم ئەو وەک ئەندامی دەفتەری سیاســیی حیزب دیــاری کرابوو و منیــش ئەندامی کومیتەی ناوەندی بووم و بەم شــێوەیە لە ڕێبەرایەتیی حیزبدا بووینە هاوکار و دوای چەند مانگێک منیش بووم بە ئەندامی دەفتەری سیاسی.

لە زۆربەی کۆبوونەوەکانی دەفتەری سیاسیدا کاک غەنی لە پێوەندی لەگــەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیســلامی و سیاســەتی ناوچەیــی و جیهانیدا لایەنگریــی لە بیروبۆچوونێک دەکرد کــە بیروبۆچوونی حیزبی توودە بــوو، ئێمەش زۆر بە حورمەتەوە وەڵاممان دەدایەوە و ڕازیمان دەکرد کــە بۆچوونەکانــی حیزبی دێموکــرات لە پێوەندی لەگەڵ ئەو پرسانە ڕاســتترە، بەڵام دوای ئەوەی کە کۆبوونەوە تەواو دەبوو و کاک غەنی دەگەڕایەوە شوێنی حەسانەوەی خۆی، توودەییەکان و لایەنگرانیان لە نێو حیزبدا لێی کۆ دەبوونەوە و ڕیسەکەیان لێ دەکردینەوە بە خوری، بە تایبەتی لەو ســەروبەندەدا چەند کەســێک لە ڕێبەرانی حیزبی توودە وەک عەلی گەلاوێژ و حەســەن قزڵجی بۆ بردنەپێشی بەرنامەکەیان لە مەهاباد نیشتەجێ بووبوون و باقی دیکەشیان لە نێوان تاران و مەهاباد لــە هاتووچوودا بــوون و لەگــەڵ کاک غەنی لە پێوەندیــی بەردەوامدا بوون.

ئــەم وەزعــە گرفتێکی گــەورەی بــۆ دەفتەری سیاســیی حیزب پێک هێنابــوو چونکــە بێجگە لــەوەی کە بەشــێک لە کاتــی کۆبوونەوەکانی دەفتەری سیاســی لەو ســەردەمە هەســتیارەدا بە ناچــاری بە باس دقەناعــەت پێهێنانــی کاک غەنــی تێپەڕ دەبوو، لە ڕاســتیدا نهێنییەکیش لە دەفتەری سیاســی نەمابوو، ئەوەی باس دەکرا دەگەیشــتەوە حیزبی تــوودە و بۆ بەیانی بــە گەورەکردنەوە و مۆنتاژکردنــی لە ڕۆژنامەی «مردم»دا چاپ و بڵاو دەبووەوە.

جارێـک ئاخوندێک ـ ئەگـەر هەڵەم نەکردبێ ـ بە ناوی ئیشـراقی، بە ڕواڵەت بە نوێنەرایەتی لە لایەن ڕێژیمەوە بۆ وتووێژ لەسەر داخوازی حیزبی دێموکرات و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی ئاشـتیخوازانە بۆ پرسـی کـورد، لـە تارانـەوە هاتبوو ، بەڵام دوایـی بە تـەواوی دەرکەوت، کە مەبەسـتی سـەرەکیی سـەفەرەکەی ئازادکردنی چەند پاسدارێک بووە کە پێشـمەرگەکان بە دیلیان گرتبوون و کوڕی بەرپرسانی پایەبەرزی ڕێژیـم بـوون. کۆبوونەوەکـە لە ماڵی خوالیخۆشـبوو حاجـی ڕەحیم خەڕازی بوو، دوکتۆر قاسـملوو، کاک غەنی و نووسـەری ئەم دێڕانە لەگەڵ جەنابی ئاخوند دانیشـتبووین. وتووێژەکە تا دوانیوەڕۆ درێژەی کێشـا و زۆربەی باسـەکانی ئێمە لای ئاخوند پەسـند بوون، تەنانەت دوای ئەوەی بۆی شـیکرایەوە کە خودموختـاری چییە و نابێتە هۆی دابەشـبوونی وڵات، لای زۆر پەسـند بوو ـ یان لانیکەم وای دەنواند ـ بەڵینی دا کە لە گەڕانەوەدا بۆ تاران هەموو هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ کە ئەو داخوازە لە لایەن بەرپرسانەوە پەسند بکرێ و کێشەی کوردستان کۆتایی پێ بێت. بۆ نیشاندانی نیازپاکیی خۆیشی دوای کۆتایی باسەکان ئامـادە بوو لەگەڵ دوکتۆر قاسـملوو بچن بـۆ تەلەڤیزیۆنی مەهاباد و لەوێ ئەو قسانەی دووپات کردەوە.

ئـەو ڕۆژە دوای خواردنـی نانـی نیـوەڕۆ لـە ماڵی حاجـی ڕەحیم، ئاخوندەکـە ئیزنی وەرگرت بچێ دەسـتنوێژ هەڵگـرێ و نوێژ بکا، لەو مەجالەدا کە ئێمە هەر بۆ خۆمان مابووینەوە، دوکتۆر قاسملوو چاوێکی لـە من داگرت و بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: مامە غەنی! کوڕی شـای پێشنیاری کردووە نۆ میلیون دۆلارمان بداتێ دەڵێی چی لێی وەرگرین یـان نـا؟ مامە غەنیش بێ ڕاوەسـتان وەڵامـی دایەوە : "لێـی وەرگرە و..." (جنێوێکیشـی بە کوڕی شـا دا کە ئەو جنێـوەی زۆر بەکار دێنا). دوای ئەو قسـانە و هێندێک گاڵتەکردن ئاخوند گەڕایەوە، کۆبوونەوەکە دەستی پێ کردەوە، بەڵام بۆ سبەینێ ئەو گاڵتەکردنەی دوکتور قاسملوو بەو شـێوەیە لە ڕۆژنامەی «مردم» سـەری دەرهێنا کە ناتۆ ٩ میلیون

دۆلاری یارمەتی داوە بە دوکتۆر قاسملوو.

تێکۆشــانی کاک غەنی وەکوو کادرێکی ئەرکناســی حیزبی توودە لە نێو ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات و لە ژێر ڕێنوێنییەکانی ڕێبەرایەتیی تــوودەدا و ژمارەیەکــی دیکە لە ئەندامانــی ڕێبەریی کۆنگرەی چوار تا ئەو کاتەی ئینشــعابی تاقمی حەوت کەســی ڕووی دا، هەروا بەردەوام بوو، ئەو کۆمەڵە لە کادرەکان ئەو ئەرکەیان بەڕێوە دەبرد کە سیاسەتی حیزبی توودە بوو ئەویش دەکرێ لە دوو خاڵدا کورت بکەینەوە:

یەکەم ـ کارکردن بۆ ئەوەی سیاسەتی حیزبی دێموکرات کە سیاسەتی خەبــات لە پێناو بەدەســتهێنانی مافە سیاســی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە شــکڵی خودموختاریدا بوو، هاوتەریب بکەن لەگەڵ سیاســەتی حیزبــی توودە کە ئــەو دەم لەو باوەڕەدا بوو کە جــارێ کاتی خەبات بۆ بەدەســتهێنانی مافی نەتەوایەتی نیــە، بەڵکوو کاتی خەبات لە دژی ئەمپریالیزمە و ئێستا کە کۆماری ئیسلامی دروشمی (مردن بۆ ئەمریکای هەڵگرتووە) هێزێکی شۆڕشــگێرە و پێویســتە هەموو لایەنەکان لە ژێر ئەو دروشمەدا یارمەتیدەری ڕێژیم بن و هەر لایەنێک لەو سیاسەتە لا بدا دەچێتە خانەی دژایەتیی شــۆڕش و لایەنگری لە ئەمپریالیزم. بەڵام حیزبــی دێموکرات لەو بــاوەڕەدا بوو کە خەبات دژی ئەمپریالیزم نەک لەگــەڵ خەبات بۆ بەدەســتهێنانی مافی نەتەوایەتــی ناتەبا نیە، بەڵکوو ئــەو دووانــە تەواوکەری یەکترن، بۆیە شانبەشــانی خەبــات کردن لە دژی ئەمپریالیــزم، حیزبی دێموکرات خەبات بۆ بەدەســتهێنانی مافی نەتەوایەتیــش درێــژە دەدا، هەر بۆیــەش دوکتۆر قاســملوو زۆرتر لە هەمــووان کەوتبــووە بەر ئیهانەت و شــکاندن لە لایــەن حیزبی توودە و هەوڵــدان بــۆ بێ ئیعتبارکردنــی لە نێو کۆمەڵگای کــوردەواری و بە تایبەتــی لە نێــو ریزەکانی حیزبــی دێموکراتدا، کە ئــەو کات دەتوانین بڵێین لەو گەنج و تازە ئەندام و لایەنگرانە پێکهاتبوو کە لەگەڵ ئەوەی نیشــتمانپەروەر و ئازادیخــواز بــوون، بەڵام لە کاروباری سیاسی بە تایبەتــی کێشــە و ناکۆکییەکانی، لە نێو ئەندامانــی ڕێبەرایەتیی، حیزب

پێش ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزب، بە تایبەتی ناکۆکیی ئەو ئەندامانەی ڕێبەرایەتیی حیزب کە لایەنگری بۆچوونی حیزبی توودە بوون لەگەڵ بەشەکەی دیکە، بە تەواوی ناشارەزا بوون و لە نێو ئەم بیروبۆچوونە دژ بە یەکانەدا سەریان لێ شێوابوو. چڵەپۆپەی بەریەککەوتنی فیکری ئەو دوو لایەنە لە کۆنگرەی چوار بۆ کەسانی وەک ئێمە دەرکەوت. لەو کۆنگرەیەدا کاک غەنی و لایەنگرانی زۆرترین کاتی کۆنگرەیان بە باسکردن لەسەر لایەنگریی فیکری حیزبی توودە و ڕەخنەگرتن و بوختان هەڵبەستن بۆ د.قاسملوو گرت و لەو پێوەندییەدا وتاری درێژ و ئاوخواردنەوەی زۆری خوالێخۆشبوو حەمەدەمین سیراجی تا ماوەیەک دوای کۆنگرەش وەک گاڵتە باسی لەسەر دەکرا. لە کۆنگرەشدا فەزای فیکریی، توودە زاڵ بوو، بۆیە قسەکانی ئەو لایەنە زۆرتر پێشوازیی لێ دەکرا و چەپڵەی بۆ لێ دەدرا. لە بیرمە کاتێک کە د. شەتەوی لە نۆرەی قسەکانیدا هێرشی کردە سەر یەکێتی سۆڤیەت و ڕەخنەی لەوە گرت کە سۆڤیەت بە هێزی سەربازیی خۆی ئەفغانستانی داگیر کردووە و حکوومەتی کومۆنیستیی دامەزراندوە، کەوتە بەر هێرشێکی زۆر توندی لایەنگرانی فیکری توودە و بە ئیهانە و بێحورمەتی پێ کردن قسەکانیان پێ بڕی و ناچاریان کرد لە پشت تریبوون بێتە خوارێ. بە بۆچوونی ئەو تاقمە بەرەی کومۆنیستی و لە سەروویانەوە سۆڤیەت بێ کەموکووڕی بوون و ئەوانەی سیاسەتی ئەو بەرەیان دەخستە بەر ڕەخنە، بەکرێگیراوی ئەمپریالیزم و دژی شۆڕش بوون.

نموونەی دیکەی گوێ لەمستیی ئەو بەرەیە بۆ سۆڤیەت و لە ڕاستیدا بۆ حیزبی توودە هەر لە کۆنگرەی چواردا زۆر بوون، یەک لەوان ئەوە بوو کە دوای تەواوبوونی کاری کۆنگرە بڕیار درا یەکەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزب ـ کە نووسەری ئەم دێڕانەش یەک لەوان بوو ـ لە ماڵی خوالێخۆشبوو ڕەحیم سەیفی قازی بۆ هەڵبژاردنی سکرتێری گشتی پێک بێت. لەو کاتەدا فارووق کەیخوسرەوی کە ئەویش وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی

دەنگی پێ درابوو، هەر لە هۆڵی کۆنگرەدا هات بۆ لام و داوای لێ کردم کە بۆ سکرتێریی حیزب دەنگ نەدەم بە د. قاسملوو، بەڵکوو دەنگ بدەم بە غەنی بلووریان، پرسیارم لێ کرد بۆچی دەنگ نەدەم بە د. قاسملوو، لە وەڵامدا وتی: سۆڤیەت د. قاسملووی خۆش ناوێ، بۆیە ئەگەر ئەو ببێتە سکرتێر، سۆڤیەت پشتیوانی لە حیزب ناکا، بەڵام ئەگەر کاک غەنی هەڵبژێرین بە تەواوی پشتیوانی لە حیزب دەکا و حیزب سەردەکەوێ. من پێم گوت کە ئێمە دەبێ سکرتێر بۆ حیزبی دیموکرات هەڵبژێرین نەک بۆ یەکێتیی سۆڤیەت. من دەنگ بە د. قاسملوو دەدەم چوونکە ئەو بە لێهاتووتر دەبینم. دوای ئەوەی د. قاسملوو وەک سکرتێر هەڵبژێردرا دوژمنایەتیی حیزبی توودە و کارشکێنیی هەڵگرانی بیرو بۆچوونی ئەو حیزبە لە نێو حیزبی دیموکراتدا دژی حیزب و د. قاسملوو توندوتیژتر بوو و رۆڵی غەنی بلووریان لەو بڕگەیەدا زۆر شوێندانەر و بەرچاو بوو. لایەنگرانی بۆچوونی حیزبی توودە کە زۆریش بوون، ئەو برادەرەیان دوچاری تەوەهوم کردبوو و وایان لێ کردبوو کە پێی وا بێ د.قاسملوو هەمیشە دژی ئەو خەریکی پیلانگێڕانە و لەوانەیە بە پیلانی ئەو بکوژرێ یان بخرێتە زیندان و...

دوای کۆنگرەی چوار و لەو کاتانەدا کە وەزعی شاری مەهاباد وردە وردە نائەمن دەبوو پلینیۆمێکمان لە بەردەستدا بوو، هەر لە بەر ئەو وەزعەی شاری مەهاباد، دەفتەری سیاسی - ئەو کات من ئەندامی دەفتەری سیاسی نەبووم - وایان بە مەسلەحەت زانیبوو کە ئەو پلینۆمە لە دەرەوەی شاری مەهاباد بگیرێت. بۆ ئەو مەبەستە گوندی (برایمە)یان دیاری کردبوو کە گوندێکی حەوت هەشت ماڵی بوو و بە ئاسانی بە هێزی پێشمەرگە کونترۆل دەکرا. کاک غەنی هاتبووە سەر ئەو باوەڕە کە پێکهێنانی ئەو پلینیۆمە لە دەرەوەی شار لەوانەیە داوێک بێ کە د. قاسملوو بۆ ناوبراوی داناوەتەوە و دەیهەوێ شتێکی بە سەر بێنێ.

ئەوە بوو کە چەند رۆژێک پێش پێکهێنانی پلینۆم، کاک غەنی

کۆمەڵێک لە ئەندامانی لاوی کۆمیتەی ناوەندیی کە لە کۆنگرەی چوار هەڵبژێردرابوون و زۆر ئاگایان لە وردەکاریی کێشەکانی نێوان هاوڕێیانی کۆنی حیزب نەبوو، بۆ کۆبوونەوەیەک بانگهێشت کرد. کۆبوونەوەکە لە ماڵی شەهید کەماڵ دەباغی ڕێک خرا. لە بەشدارانی کۆبوونەوە، بێجگە لە نووسەری ئەو دێڕانە ئەوەی لە بیرم مابێ، شەهید کەماڵ دەباغی، کاک قادر عەبدی، کاک نەوید موعینی، کاک ڕەحمان کەریمی و چەند کەسێکی دیکە بوون. کاک غەنی لە کۆبوونەوەکەدا کە لە بانەمەڕی ١٣٥٩ پێکهات، لەسەر دوو خاڵ قسەی کرد و هەوڵی‌دا سرنجی بەشداران بۆ ئەوە رابکێشێ کە لە باسەکانی پلینۆمدا پشتیوانی لە بیر و بۆچوونی ناوبراو بکەن. ئەو دوو خاڵە بریتی بوون لە:

١ـ بەهۆی نالەباربوونی وەزعی ئەمنییەتیی شاری مەهاباد د. قاسملوو پێشنیار دەکا کە دامودەزگا و ئیمکاناتی حیزب بۆ دەرەوەی مەهاباد رابگوێزرێ و ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزبیش بەرەبەرە و بە پێی بەرنامە لە شار بچنە دەرەوە بۆ ئەوەی ئەگەر شار گیرایەوە تووشی زەرەر نەبن، ـ دیار بوو کاک غەنی کە بۆ خۆی ئەندامی دەفتەری سیاسی بوو و لەوێدا ئەو باسە هاتبووە ئاراوە، لێی ئاگادار بوو. لەو بارەوە زۆری قسە کرد لەسەر بۆچوونی هەڵەی بە وتەی خۆی د. قاسملوو و لەسەر زیانی ئەوەی کە ئەگەر حیزب شار بە جێ بێڵێ و باسی ئەوەی کرد کە بە پێچەوانە، بەرژەوەندیی حیزب لە مانەوەی لە نێو شاردایە و وێرای هاندانی بەشداران بۆ ڕاوەستان لە بەرانبەر بۆچوونەکانی د. قاسملوودا و باسکردن لە رابردووی گوماناویی ناوبراو...! لە کۆتایی ئەو بەشەدا باسی کرد ئەو لە پێوەندی لەگەڵ ئەو پرسانەدا بە درێژی لە پلینۆم قسە دەکا. لە نێو بەشدارانیشدا بیروبۆچوونی جیاواز هەبوو و لایەنگرانی فیکری توودەمان تێدا زۆر بوو، بەڵام هیچکام لە بەشداران ئاگادارییان لەسەر ڕاستی و ناڕاستیی ئەو قسانەی کە کاک غەنی دژ بە ڕابردووی د. قاسملوو کردی، نەبوو. من زۆر بە کورتی وەڵامم دایەوە کە، د. قاسملوو خوازیاری خۆئامادەکردنی حیزب بۆ

بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕێژیمە و ڕێگەی شاخ دەگرێ و زۆربەی خەڵکیش لەگەڵ ئەو بۆچوونەن و نایانەوێ مل رابکێشن بۆ ڕێژیم. ئەوەشم گوت کە سەبارەت بە قسەکانی دیکە لە پێوەندی لەگەڵ رەخنەکان لەسەر رابردووی د. قاسملوو رادەوەستین لە کۆبوونەوەدا ناوبراو وەلامتان بداتەوە، ئەوکات دەکرێ قەزاوەت بکەین کام لاتان لەسەر هەقن.

٢. سەبارەت بە پیلانی د. قاسملوو لە خۆی نیگەران بوو! لەو پێوەندییەدا باسی کرد کە بڕیاری داوە کە لەگەڵ مەلا رەسووڵ پێشنماز - کە ئەو کات یەکێک لە بەرپرسانی ستادی ئینتزامات لە شاری مەهاباد بوو - ژمارەیەک پێشمەرگە لەگەڵ خۆی بێنێ و بێتە گوندی برایمە بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەگەری پیلانی د. قاسملوو دژ بە خۆی.

رۆژی کۆبوونەوە گوندی برایمە و کەش‌وهەوای کۆبوونەوە زۆر ئاسایی بوو، بەڵام هێشتا لە سەرەتاکانی کاری کۆبوونەوەدا بووین کە لە پەنجەرەی دیوی کۆبوونەوەکەدا دیتمان کۆمەڵێک چەکدار بەرەو شوێنی کۆبوونەوەکە دێن. کە نزیک بوونەوە، مەلا رەسووڵ پێشنماز بوو لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگە کە دیار بوو وەک پێشتر باس کرا، لەسەر داوای کاک غەنی هاتبوون[٢].

د. قاسملوو قەڵس بوو و کۆبوونەوەکەی راگرت و ناردی بە مەلا رەسووڵ بڵێن شوێنەکە چۆڵ بکەن، کێ پێی گوتووە بێنە ئێرە؟ دیارە مەلا رەسووڵ جوابی دابووە کە کۆبوونەوەکە بە جێ نایەڵێ، دوای قسەو باسێکی زۆر لە کۆتاییدا کاک غەنی رازی بوو مەلا رەسووڵ و جەماعەتەکەی بەڕێ بکاتەوە.

سەبارەت بە باسەکانیشی لە سەر د. قاسملوو و پرسی چۆڵکردنی شار وتارێکی ٧-٨ لاپەڕەی ئامادە کردبوو هەمووی خوێندەوە و بەشدارانی کۆبوونەوەکە گوێیان لێ گرت، بەڵام سەیر ئەوە بوو کە بێجگە لە چەند کەسێک ئەوانی دیکە پشتی قسەکانیان نەگرت. کاک غەنی زۆر تووڕە بوو و بە تووڕەییەوە گوتی ئەدی بۆچی بەمنتان گوت پشتی قسەکانت دەگرین و پشتیوانیی بۆچوونەکانت دەکەین؟!

دیارە کەسانێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەوڵیکی وایان پێ دابوو کە پشتی قسەکانی بگرن، بەڵام لەوێدا بێدەنگ بوون.

دوای کۆتایی ئەو بەشە و باقی کارەکانی پلینۆم، جارێکی دیکە بۆ هەڵبژاردنی سکرتێر لە نێوان د. قاسملوو و کاک غەنی بلووریان دەنگ وەرگیرا ، بەڵام کاک غەنی دەنگی زۆر کەمی هێنایەوە و بە نائومیدی گەڕایەوە . هەوڵدانی کاک غەنی لەو پلینۆمەدا و شکستخواردنی لە گەیشتن بە ئامانجەکانی کۆتایی بەشی یەکەمی تێکۆشانی حیزبی توودە بوو بۆ ئەوەی د. قاسملوو لە سکرتێری وەلا بنرێ و غەنی بلووریان لە جێگای ئەو ببێتە سکرتێر و لەو ڕێگایەوە پیلانی خۆیان جێبەجێ بکەن.

دووهەم ـ کاتێک دوای هەموو هەوڵدانی خۆیان بێهیوا بوون ئەوجار پیلانیان داڕشت بۆ ئینشعاب لە حیزبدا و لێرەشدا کاک غەنی وەک دینامیزمی ئەو حەرەکەتە پێشڕەو بوو تا سەرئەنجام ڕۆژی ١٣٥٩/٣/٢٥ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٩٨٠/٦/١٥ی زایینی ئەو تاقمە لە بەیاننامەیەکدا بە ناوی "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم" جیابوونەوەی خۆیان بە فەرمی ڕاگەیاند و پاڵیان وە حکوومەت دا و بۆ ئەوەی ڕێژیم باوەڕیان پێ بکا ئەوەی پێویست بوو لە خیانەت کردیان، تەنانەت ئامادە بوون لەسەر شوێنی پێشمەرگەکانی حیزب کە بە نهێنی لە شاردا مابوونەوە، یان مەفرەزەکانیان کە بۆ زەبر وەشاندن لە بنکە و بارەگاکانی پاسداران دەگەڕانەوە، جاسووسی بکەن و شوێنەکانیان بە پاسدارەکان ڕابگەیەنن، دوای جیابوونەوەیشیان حیزبی توودە پشتیوانیی تەواوی لێ کردن و هەموو ڕاگەیەندراو و بەیانیەکانیان لە ڕۆژنامەی «مردم»دا بۆ بڵاو دەکردنەوە.

زۆری نەکێشا کە کۆماری ئیسلامی کەوتە ڕاوکردنیان و ناچار بوون شار بە جێ بێڵن و بڵاوەی لێ بکەن، کاک غەنیش بە یارمەتیی لایەنێکی کوردی کوردستانی باشوور گەیشتە ئورووپا و لەوێ بە پاداشی ئەو خزمەتانەی کە بە حیزبی توودەی کردبوو، کردیان بە ئەندامی دەفتەری

سیاسیی حیزبەکەیان.

کریس کۆچێرا ڕۆژنامەنووسی فەرانسەویی دۆستی کورد سەبارەت بە غەنی بلووریان دەنووسێ[٣]:

*"غەنی بلووریان قارەمانی خەبات دژی شا، بیست ساڵ لـە تەمەنی خۆی لە زینداندا بردە سـەر، قەت پێوەندیی خـۆی لەگـەڵ حیزبی توودە کە بەر لـە گیرانی زۆر لێی نزیک بوو نەپچڕیبوو. ئەو کە لە ماوەی درێژی مانەوەی لە زینداندا لە ڕووداوەکانی دەرەوە بێخەبەر بوو، هەمیشە حیزبی کۆمونیستی[٤] بە ئیدەئال دادەنا. لە مانگی ژوئەنی ١٩٨٠دا حیزبـی تـوودە کە لـە ژێر تەوژمی سـۆڤیەتدا یاریی بە کارتی هـاوکاری لەگەڵ خومەینی دەکرد، ببوو بە بەشێک لە(دامودەزگای) کۆماری ئیسلامی... کاتێکیش وەختـی لێکدابـڕان دێت، بلووریـان و هاوڕێکانی لایەنی حیزبـی توودە دەگـرن. وادیارە «کیانوری» سـکرتێری گشـتیی حیزبی توودە بلووریانـی ڕازی کردبوو کە ئەو پیلانـە دژی قاسـملوو بگێڕێ و پێـی گوتبوو ئەگەر بێت و ڕێبەرایەتیی حیزبـی دیموکرات بگۆڕدرێ، ئەوا لەگەڵ تۆ ڕێک دەکەون(مەبەسـت ڕێککەوتنی ڕێژیم لەگەڵ ئەو .نووسـەر) و ئێوە دام ودەزگاکانی خودمختاری بەڕێوە دەبەن".*

نموونەیەکـی دیکە لە خەیانەتەکانـی لایەنگرانی حیزبی توودە لە نێو حیزبـی دیموکراتدا خەیانەتی گـەورەی «ڕەحمان کەریمی»یە، ناوبراو پێش لە شۆڕشـی گەلانی ئێران لە پیرانشـار مامۆسـتای قوتابخانە بـوو، لە بەرەبـەری ڕێپێوانەکان و دژایەتی لەگەڵ ڕێژیمی پاشـایەتیدا و بە هـۆی هاتوچۆمان بـۆ پیرانشـار و کار و تێکۆشـان لە بواری ڕێکخسـتنی ڕێپێوانەکاندا یەکترمان ناسـی و بەرەبەرە دۆستایەتییەک لـە نێوانمانـدا پێک هات تا لە دواییدا لـە کۆنگرەی چوار هەر دووکمان

وەک ئەندامـی کۆمیتەی ناوەنـدی هەڵبژێردرایـن و تەنانەت بێجگە لە ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆمیتەی «نەخش»[٥] هەر دووکمان لە بەڕێوەبەرانی ئەو کۆمیتەیە بووین و ناسیاویی زیاترمان لە سەر یەکتر وەدەسـت هێنـا. ڕەحمان کوڕێکی ئازا و چـالاک بوو و بەو هۆیەوە بە فەرماندەی هێزی پیرانشـار (ئـاوارە) دیاری کرابوو. ئەو لەگەڵ چریکە فیداییەکانیش پێوەندیی باشـی هەبوو، دوای ئـەوەی ئەو ڕێکخراوەش بە پیلانی حیزبی توودە زۆرایەتییەکەی کە لە ژێر شـوێندانانی حیزبی تـوودە بوو، جودا بۆوە و پاڵـی وە ڕێژیم دا، بوون بە هاوکار و یاری وەفاداری ڕێژیم. ڕەحمان لە باری بیروباوەڕەوە لەگەڵ ئەو لایەنە بوو، ژمارەیەک لە کادر و پێشـمەرگەکانی ئەو کاتی پیرانشار ئاگاداری ئەم پێوەندییانەی ڕەحمان و هاتوچۆی بۆ لای چریکەکان لە پیرانشار بوون و لێی نیگەران بوون و لەو پێوەندییەدا زۆر نامەیان بۆ دەفتەری سیاسی دەنووسـی یان لـە کۆبوونەوەکانی خۆیان لەگـەڵ ئەندامانی دەفتەری سیاسی ئەو نیگەرانییەیان لە ڕەحمان دەهێنایە بەر باس، بەڵام ڕەحمان زیـرەک و فێڵبـاز بوو و هیچ مەدرەکێکی لەو پێوەندییەدا بە دەسـتەوە نـەدەدا، هـەر کات لەو بارەوە پرسـیاری لێ دەکرا وەڵامـی دەدایەوە کە ئەو دۆسـتایەتیی شەخسـیی لەگەڵ هێندێک لـەو چریکانە هەیە کە خەڵکی پیرانشارن و ئەو دۆستایەتییە هیچ پێوەندییەکی بە بیروباوەڕی سیاسـیی ناوبـراوەوە نیە. بەڵام بە پێچەوانەی ئـەوەی کە ڕەحمان بە ڕواڵەت نیشانی دەدا، بە کردەوە کەوتبووە لایەنی ڕێژیم و خزمەتی بە بیروباوەڕی توودە دەکرد. تەنانەت دواتر دەرکەوت کە شوێنی لەسەر بیروبـاوەڕی هێندێک لـە کادرو پێشـمەرگەکانی لاوی ئەو ناوچەیەش دانابوو و توانیبووی بۆ لای ئەو بۆچوونە خەیانەتکارانەیە ڕایانکێشـێ، یەکێک لەو کەسـانە ڕەحمان پیرۆتی بوو کە لە هێزی ئاوارە و لە ژێر چاوەدێریی ڕەحمان کەریمیدا بەرپرسـایەتیی نیزامیی پێ سپێردرابوو و لەسـەر پێشنیار و پێداگریی ئەو بۆ ماوەیەک وەک فەرماندەی هێزی شنۆ دیاری کرا.

ساڵی ۱۳٥۹ی هەتاوی بە هۆی پێوەندییەک کە لەگەڵ چەند ئەفسەری سەربازگە (پادگان)ی پیرانشــار دامەزرابوو، ئامادەییان دەربڕیبوو کە بە پێی پلانێکی ڕێکوپێک، پێشمەرگە هێرش بکەنە سەر ئەو سەربازگەیە و ئەوان یارمەتی بدەن بۆ ئەوەی ســەربازگەکە تەسـلیم بێت و حیزب دەست بەسەر هەموو ئەو ئیمکاناتەدا بگرێ کە لەو سەربازگەیەدا هەیە. بڕیار بوو لەو هێرشەدا پێشمەرگەی هێزەکانی شنۆ و نەغەدەش بەشدار بن، بەرپرســایەتیی ئــەم عەمەلیاتە بە ڕەحمان کەریمی ســپێردرابوو، هەموو ئامادەکاری و هەماهەنگییەک کرا بۆ ئەو هێرشە، بەڵام ڕەحمان هەر ڕۆژە و بە بەهانەیەک عەمەلیاتەکەی وەدوا دەخست، لەو ماوەیەدا لــە کاناڵەکانی خۆیــەوە ڕێژیمی لەو بەرنامەیە ئــاگادار کردبۆوە، بۆیە کاتێک هێرشی پێشمەرگە لە یەکێک لە شەوەکانی مانگی ۷ی ۱۳٥۹ی هـ لە چەند لاوە دەســت پێ دەکا. لە پادگانەوە تەقە لە پێشمەرگە دەکرێ، دەرکــەوت کە لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا کــە ڕەحمان عەمەلیاتەکەی وەدوا خستووە، هێزی تازەی ڕێژیم و «مەلا حەسەنی» بە دارودەستەی خۆیەوە خۆیان گەیاندووەتە پادگان و فەرماندەیی عەمەلیاتی پادگانیان بــە دەســتەوە گرتووە و لە بەرانبەر هێرشــی پێشــمەرگەدا خۆڕاگری دەکــەن، لــە ئاکامدا پادگان نەگیرا و پلانەکــە پووچەڵ بۆوە. دواتر ئەو ئەفســەرانەی پادگانیش کــە لەگەڵ حیزب پێوەندییــان هەبوو و قەولی هاوکارییان دابوو و ڕەحمانیش دەیناســین، لەلایەن ڕێژیمەوە گیران و ئیعدام کران. هەر لەو سەروبەندەدا کە پیرانشار بە دەست پێشمەرگەوە بوو، ڕێژیم خەریکی خۆئامادەکردن بۆ داگیرکردنەوەی ئەو شــارە بوو و بۆ ئەو مەبەســتە هێزی بۆ ســەربازخانەکانی پیرانشــار، پەســوێ و جەڵدیان دەهێنا. ڕۆژێک بۆ چاوەدێری و ئاگاداری لە وەزعی بەرەکانی پیرانشار و چۆنیەتیی ئامادەیی پێشمەرگە سەردانی ئەو ناوچەیەم کرد و لەگەڵ ڕەحمان کەریمی سەردانی بەرزاییەکانی «سەرگردە»مان کرد و تا نزیک سنوور شوێنی دامەزرانی پێشمەرگەکانمان بەسەر کردەوە. بە ڕواڵەت وەزعەکە بــاش دەهاتە بەر چاو و پێشــمەرگە لە بەرانبەر

هێرشـی ڕێژیم بە تایبەتی بۆ ئەو بەرزاییانەدا ئامادەی بەرگری بوون. ڕەحمـان پێـی گوتم کە لە هەموو شـوێنە گرینگەکانی ئـەو بەرزاییانە تـا سـنوور مینی چانـدووە و ئەگەر هێزەکانی ڕێژیم بۆ ئەو شـوێنانە پێشڕەوی بکەن ئەو مینانە کە لە دوورەوە کونترۆڵ دەکرێن هەموویان دەتەقێنینەوە و بەم شێوەیە دەتوانین زەبری بەهێز لە دوژمن بوەشێنین، بەڵام دواتر دەرکەوت کە ئەو قسـانەی ڕەحمان هەمووی درۆ بوون و هێزەکانی ڕێژیم بە بێ بەرگرییەکی ئەوتۆی پێشـمەرگە و بە بێئەوەی تەنانەت یەک مینیش بتەقێتەوە لەو زنجیرە بەرزاییانە دامەزران.

دوای ئەم خەیانەتە ئاشـکرایانەی ڕەحمـان، ناوبراو لە کۆبوونەوەی کۆمیتـەی ناوەندیـدا کەوتە بـەر هێرش و ڕەخنەی توند و پێشـنیاری سزای بۆ کرا، بەڵام ڕەحمان پەشیمانیی لەو کارانەی دەربڕی و دەستی کـرد بـە گریان و زۆر بـە جیـددی داوای کرد کە پێش هەر چەشـنە سـزایەک، "مەجالێکی دیکەی پێبدەن تا ئابڕووی خۆی بکڕێتەوە". ئەو گریـان و داوایـە ئەوەنـدە بە زیرەکییـەوە بوو کە کۆمیتـەی ناوەندی بـاوەڕی پێ کرد و بڕیـار درا لە ناوچەی پیرانشـار دووری بخەنەوە و وەک فەرمانـدەی هێـز بینێرن بۆ هێزی نحـۆ لە ناوچەی مەرگەوەر. لەوێش دوای ماوەیەک بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێژیم سـیناریۆیەک ساز دەکەن و سـەننار مامەدی و جەهانگیر ئیسـماعیلزادەش تێوە دەگلێنێ. سـیناریۆکە بەو پیلانە سـاز دەکرێ کە ڕێژیم بەنیـازە وتوویژ لەگەڵ حیزبی دێموکرات بکا و بۆ ئەو مەبەسـتە نوێنەری خۆیان لە ئاسـتێکی بەرزدا دیاری کردووە، بۆیە پێویسـتە حیزبی دێموکراتیش لە ئاستێکی بـەرزدا هەیئەتی نوێنەرایەتیی خۆی دیاری بـکا بۆ ئەوەی لە ناوچەی شـنۆ وتوویژەکان دەسـت پێ بکا، پلانڕێژیی بەرنامەکە زۆر ڕێکوپێک کرابـوو بەشـێوەیەک کە کارەکە جیددی بە نەزەر دەگەیشـت، بۆیە لە دەفتەری سیاسـی د. سـادق شەرەفکەندی و کاک مسـتەفا شەلماشی ئەندامانـی دەفتـەری سیاسـی دیاری کران کە بچنە شـنۆ کـە لە ژێر دەسـەڵاتی پێشـمەرگەدا بوو. لـە حاڵێکدا کە زسـتان و بەفرێکی زۆر

باریبوو، هەیئەتی حیزب بە پێیان و دوای چەند ڕۆژ بەو بەفر و سەرمایە گەیشتنە ناوچەی شنۆ، بەڵام پێشمەرگەکان بە وریایی خۆیان لە هاتوچۆکانی ڕەحمان کەریمی تێ دەگەن کە پیلانێکی بە دەستەوەیە و کاک سادق شەرەفکەندی و کاک مستەفا شەلماشی تێ دەگەیەنن. ڕەحمان کەریمی بە هاودەستی لەگەڵ تاقمی حەوت کەسی پیلانەکەیان ئەوە دەبێ کە بە ناوی وتوویژ کاک سادق و کاک مستەفا بەرن و تەحویلی ڕێژیمیان بدەنەوە، لە بەرانبەردا گۆیا ڕێژیم ئیدارەی ئەو ناوچەیە (لە شنۆوە بەرەو باکوور تا دەگاتە سنووری تورکیە) بە تاقمی حەوت کەسی بسپێرێ.

کاتێک پیلانەکە ئاشکرا دەبێ، کاک سەعید (د. سادق شەرەفکەندی) دەستوور بە پێشمەرگە و هێزی بەرگریی شنۆ دەدا کە ڕەحمان کەریمی دەستبەسەر بکەن، ڕەحمان کە حاڵی دەبێ پیلانەکەی ئاشکرا بووە، بەرەو باکوور هەڵدێ و خۆی دەگەیەنێتە سەنار و جەهانگیر[٦]. دوای ئەو ڕووداوە، سەنناریش بۆی دەردەکەوێ کە ڕەحمان کەریمی ئەوانیشی فریو داوە و لەوانە بووە کە بە ناوی وتوویژ سەنناریش تەحویلی هێزەکانی ڕێژیم بدرێتەوە، بۆیە سەننار ڕەحمان دەستبەسەر دەکا و لە لێپرسینەوەیەکدا کە بە ناوی دادگا بۆی پێک دێنێ، محاکمە و ئیعدامی دەکا و بەم چەشنە زەنجیرە خەیانەتکارییەکانی ڕەحمان کەریمی لەگەڵ ژیانە پڕ لە شووڕەیی و سەرشۆڕییەکەی کۆتایی پێ دێ.

هەموو دوژمنایەتی و بەربەرەکانیی حیزبی توودە و بەڕێوەبردنی ئەو بەرنامە قیزەونانەی لە دژی حیزبی دیموکرات لە حاڵێکدا بوو کە حیزبی دیموکرات وەک ئەوان لایەنگری قورسی سۆڤیەت و بیری چەپ بوو، دەیان بابەتی لە ڕاگەیەندراوەکانی خۆیدا لە دژی ئەمپریالیزم نووسی[٧] و لەو پێوەندییەدا زۆر زیاتر لە پێویست (بۆ ئەوەی سۆڤیەت یان وڵاتێکی هاوپەیمانی سۆڤیەت لایەکی لێ بکاتەوە)، هەنگاوی هەڵێناوە، بەڵام وەکوو دەڵێن حیزبی دیموکرات ئاشقێکی یەک لایەنە

بوو کەچی هەموو ئەوانە بۆ حیزبی توودە بەس نەبوو، بەڵکوو ئەوان چاوەڕوان بوون حیزبی دێموکرات لە بەرانبەر حیزبی توودەدا بەچۆکدا بێ و وەک رابردوو ببێتەوە لقی کوردستانی ئەو حیزبە و بە پێی هەڵسەنگاندنی ئەو حیزبە کۆماری ئیسلامی بە حکوومەتێکی دێموکرات و دژی ئەمپریالیستی بزانێ و هێزی خۆی و ئیعتبار و متمانەی خەڵکی کورد لە پێناو خزمەتکردن بە ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامیدا وەگەڕ بخا و تا سەرکەوتن بە سەر ئەمپریالیزمدا! خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکانی نەتەوەی کورد رابگرێ.

ئەو شێوە بۆچوونە سیاسییەش لەگەڵ هەڵسەنگاندن و بیروباوەری حیزبی دێموکرات سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی و خەبات لە پێناو بەدەستهێنانی مافی کورد و... بەتەواوی ناتەبا بوو. تاقمی حەوت کەسیش کە هەڵگری هەمان بۆچوونەکانی حیزبی توودە بوون و هیچکام لەم دوو لایەنە فیکرییە لە حیزبی دێموکراتدا ئامادە نەبوون بۆچوونی لایەنەکەی دیکە پەسند بکەن و رێگای پێکەوەسازان و هاوکاری لە نێوانیاندا نەمابوو، بۆیە بێجگە لە جیابوونەوەی ئەو دوو لایەنە لە یەکتری رێگایەکی دیکە بەدی نەدەکرا، ئەوە بوو لە رێکەوتی ١٣٥٩/٣/٢٥ ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٩٨٠/٦/١٥ی زایینی حەوت کەس لە رێبەرایەتیی حیزب بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک جیابوونەوەی خۆیان لە حیزبی دێموکرات راگەیاند و ناوی "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم"یان لەسەر خۆیان داناو دەستبەجێ رۆژنامەی (مردم) ئۆرگانی حیزبی توودە ئەو بەیاننامەی بڵاو کردەوە.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

(١) لە شاران کومیتەیەک پێکهاتبوو بە ناوی «کاک» یانی کومیتەی ئازەربایجان و کوردستان، لەو کومیتەیەدا نوێنەری ئازەربایجانی تێدا بوو کە دیارە کومیتەی ناوەندیی حیزبی توودە دیاریی کردبوو و نوێنەری کوردستانیشی تێدا بوو کە ئەویش حیزبی توودە دیاری کردبوو کە ئەو وەختە «کاک سارم سادق وەزیری» بوو.ـ کورتە مێژووی ڕێبەرایەتی، نووسینی شەهید د.قاسملوو.

(٢)حەسەن ڕەستگار لە بەشێک لە نامەکەیدا کە بۆ کەریم حیسامی نووسیویە و ڕێکەوتی بانەمەڕی ١٣٧٦ی هەتاوی لە سەرە، سەبارەت بە پلینیۆمی برایمە و هاتنی مەلا ڕەسووڵ پێشنماز بۆ شوێنی پلینۆم دەنووسێ:

"... چەند ڕۆژ پێش پلینۆم مەلا ڕەسووڵ پێشنمازی ئامۆزام کە موشاویری کومیتەی ناوەندی بوو، هاتە لام و زۆر تووڕە بوو، گوتی ئەوە پلینۆم دەگیرێ و منیشیان بانگ نەکردووە. وا دەکەم هەتا وا بچێ، منیش گوتم تو دەمێ ساڵە خەبات دەکەی و ئەندامی دەفتەری سیاسی بووی، حەوسەڵەت هەبێ، ئەگەر موشاویرەکانی دیکەی کومیتەی ناوەندی بانگهێشت کرابن، توش هەقت هەیە، ئەگەر ئەوانیش بانگ نەکرابن مافی گلەییت نیە و نابێ ڕەخنە بگری، بەلام دیار بوو پێشتر لەگەڵ مامە غەنی قسەی کردبوو، مامە غەنی هێندێک گلەیی و گازندەی لە لای کاک مەلا ڕسوول درکاندبوو. لە کوبوونەوەی کومیتەی ناوەندیدا کە لە برایمە گیرا، دەرکەوت تەنیا ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بانگ کراون، جێگرو موشاویرەکان بانگ نەکرابوون.

... هێشتا کوبوونەوەی کومیتەی ناوەندی تەواو نەبووبوو کە چرپان چرپان و ئالوزی لە پێشخانەی هودەی کوبوونەوەکە پەیدا بوو، لە پڕ مەلا ڕەسووڵ بە ئالوزی و مرچ‌ومۆن و سوور هەلگەڕاو وەژوور کەوت. چاوێکی بە دانیشتووانی کوبوونەوەکەدا گێڕا بزانێ هیچ کەس لە ئەندامانی جێگر و موشاویرەکانی کومیتەی ناوەندی لەوێ نین، بە بێ ئەوەی قسەیەک بکا گەڕایەوە دەرێ".

(٣)کریس کوچێرا، خەباتخوازی کورد، وەرگێرانی ئاسۆ حەسەنزادە لاپەڕەی ٨١

(٤) مەبەستی حیزبی توودەیە. نووسەر

(٥)دوای کونگرەی چوار، لە کوبوونەوەیەکی بەرین لە ئاوایی «نەلۆس» سەر بە شاری شنۆ، کومیتەیەک دیاری کرا بۆ چاوەدێری و هەماهەنگیی کومیتەکانی نەغەدە، خانێ(پیرانشار) و شنۆ و ناوی (نەخش) ی لەسەر دانرا، کە نووسەری ئەو دێڕانە لەو کومیتەیە وەک بەرپرس دیاری کرا و چەند کەسێکی دیکەش لەبەرپرسانی شارەکانی شنۆ و پیرانشار لەو کومیتەیەدا بوون.

(٦)لەڕۆژەکانی ١٦ـ ٢٩ خاکەلێوەی ١٣٦٠ پلینۆمی کومیتەی ناوەندی پێکهات و لەسەر ڕەحمان کەریمی ئەو خاڵەی پەسەند کرد:

*"ڕەحمـــان کەریمی بە تاوانی پیلانگێـــڕی دژی حیزب، خەیانەت بە ئامانجەکانی گەلی کورد، جاسووسی بۆ هێزی حاکم و بڵاوکردنەوەی نهێنییەکانی حیزب، پێوەندیگرتن لەگەڵ سـوپای پاسداران و ئەرتەش بـە بـێ ئیزنی حیـزب، ئەنجـام و تەواوکردنی عەمەلیاتی پیرانشـار بـە سـوودی دوژمـن (لەسـەر داننپێداهێنانی خـۆی بـەم تاوانە بە نووسـراوە)، پیلانگێـڕی لە نێو حیزبدا بۆ تێکدانـی ڕیزەکانی حیزب، بڵاوکردنـەوەی دەنگـۆ و بوختان هەڵبەسـتن بـۆ ڕێبەریی حیزب و هـاوکاری لەگەڵ سـەتنار مامـەدی، بە خیانەتکار بـە حیزب و گەلی کورد ناسرا. لەبەر ئەوە لە حیزب دەردەکرێ و بۆ سزادان بە دادگای شۆڕش دەسپێردرێ".*

٥٠ ساڵ خەبات، بەرگی یەکەم، «جەلیل گادانی»، لاپەڕەی ٢٥٩

(٧)ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٧١، سەرماوەزی ١٣٥٩

وەک نموونەیەک لەو نووسراوانە:

بە بۆنەی هێرشـی عێراق بۆ سـەر ئێران، کۆمیتەی ناوەندیـی حیزب بەیانییەکی بڵاوکـردەوە کـە لـەودا داوا لـە خەڵـک دەکا کـە بەمەبەسـتی پارێزگاریکـردن لـە دەسکەوتەکانی شۆڕش لە دەوری ئەو ئامانجانە کۆ ببنەوە:

*"ڕیشـەکێشکردنی ڕەخنـەی ئیمپریالیزم بە تایبـەت ئیمپریالیزمی ئەمریکا، بەسـیجی کۆمەڵانـی خەڵک دژی دەسـتدرێژیی بێگانەکان، دامەزراندنی دێموکراسی و ئازادییە دێموکراتیەکان، دابینکردنی مافی میللـی و خودمختاری بۆ گەلانی سـتەملێکراو و بۆ دابینکردنی مافی کۆمەڵایەتیی زەحمەتکێشان لە بەرەیەکی بەرینی دژی ئیمپریالیستیدا کۆ ببنەوە.*

*هاونیشـتمانانی بەڕێزا دەبێ هەتا کات تێپەڕ نەبووە، بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی دژی ئیمپریالیستی هەنگاوی بە کردەوە هەڵگرین..."*.

# بەشی چوارەم

## کۆنگرەی ٨ و جیابوونەوەیەکی دیکە

کۆنگرەی ٨ی حیزب لە مانگی بەفرانباری ١٣٦٦ی هەتاوی لە شاری سلێمانی پێک هات و نزیک بە دوو مانگ دوای تەواوبوونی کۆنگرە کۆمەڵێک لە کادرەکانی حیزب کە ژمارەیان پازدە کەس بون بە ئیمزاکردنی بەیاننامەیەک، ڕۆژی یەکەمی نەورۆزی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٩٨٨ی زایینی جیابوونەوەی خۆیان لە حیزبی دیموکرات ڕاگەیاند و لە حیزبێکی نوێدا کە ناویان نابوو "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ"[١] خۆیان ڕێک خست. بەڵام لە نێو حیزبی دیموکرات و زۆرێک لە خەڵکدا بە "لادەر" ناویان دەرکرد، لەبەر ئەوەی ئەوان لە بڕیارەکانی کۆنگرە کە بە دەنگی زۆرینە پەسند کرابوو لایاندا. لەوە بەدواوە لەبەشی کتێبەکەدا بە مەبەستی کورتکردنەوەی ناوەکەیان بە "ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ" یان "ڕێبەرایەتی" ناو دەبرێن.

ئەو پازدە کەسە هەتا کۆنگرەی ٨ لە ڕیزی ڕێبەرایەتیی حیزبدا بوون، بەڵام لە کۆنگرەدا سەرەڕای ئەوەی ناوی چەند کەسێکیان لە لیستی کاندیدەکانی ڕێبەرایەتیی حیزبدا هاتبوو، بەڵام بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایەتیی خۆیان لە شێوەی هەڵبژاردن لە کۆنگرەدا، لە کاندیداتۆری کشانەوە، لە ئاکامدا لە کاتی ڕاگەیاندنی بەیاننامەی جیابوونەوەکەیان

هیچکامیان لە ریزی کادرەکانی ڕێبەرایەتیی حیزبدا نەمابوون.

ئەو کۆمەڵە لە کادرەکان لە بەیاننامە و پروپاگەندەکانی خۆیاندا چەند خاڵیان وەک هۆی جیابوونەوەکەیان ڕاگەیاند، بەڵام ئەم هۆیانە هیچکامیان هۆی بنچینەیی نەبوون. بە بۆچوونی نووسەری ئەم دێڕانە ڕاستیی هۆیەکانی ئەو جیابوونەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەبوونی زەمینەیەک کە زۆر پێشتر لە کۆنگرەی هەشت و زیاتر بەدوای کۆنگرەی حەوتدا وردە وردە پێک هات.

لە دوای کۆنگرەی حەوت شەڕ و بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە لایەک و لەگەڵ "کۆمەڵە" لە لایەکی دیکەوە هەروا درێژەی هەبوو. لە باری سیاسیشەوە هێندێک گیروگرفتی تازە بۆ حیزب خولقابوو، لەو هەلومەرجەدا پێویست بوو ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزب بە شێوەیەکی یەکگرتوو، لە چوارچێوەی بڕیار و ڕاسپاردەکانی تەشکیلاتیدا بجووڵێنەوە و لەسەر بڕیار و سیاسەتەکانی حیزب پێداگر بن، سەرەڕای ئەوەی لە کۆبوونەوەکانی خۆیاندا کە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندییە، بیروبۆچوونەکانی خۆیان دەربڕن، بەڵام ڕاستیی پرسەکە بەشێوەیەکی دیکە و زۆر جار بە پێچەوانەوە لە لایەن هێندێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزبەوە پێڕەو دەکرا.

ئەو ئەندامانە ژمارەیان لە ٣ـ ٤ کەس تێ نەدەپەڕی کە زۆرتر لە ژێر شوێندانانی کاک حەسەنی ڕەستگار و ڕێبەرایەتیی ناوبراودا شکڵی گرتبوو و پێکەوە پێوەندییەکی خزمایەتیشیان هەبوو. کاک حەسەن بەگشتی کەسێک بووە کە لە ئاستی ئەرک و بڕیارەکانی حیزبیدا کەمتەرخەم و بێ تەفاوت بووە و زۆرتر حەزی لە کۆڕی دۆستانەو گاڵتە کردن و ڕابواردن بە کەسانی زەحمەتکێش و ئەرکناس بووە.

لەو هەلومەرجە ئەستەم و دژوارەدا کە حیزب پێیدا تێدەپەڕی، بوونی کەسانی لەم چەشنە ئەویش لە ئاستی ڕێبەرایەتیی حیزبدا زۆرتر شوێنی خراپی دادەنا تا لە بەدەنەی حیزبدا، لەبەر ئەوەی لە جیاتی فیداکاری و تێکۆشان و بەرەوپێشبردنی بڕیارەکانی حیزب،

کەمتەرخەمـی و نابەرپرسـایەتی تەشـەنە دەکا و بـە خێرایـی حیزب لـە جووڵـە و زیندوویەتی دەخـات. پاش کۆنگرەی حەوت، ئەو شـێوە هەڵسـوکەوتەی کاک حەسـەن رەسـتگار زیاتـر لە رابـردوو بەرچاو بـوو. لەو ماوەیـەدا بە تایبەتی تێدەکۆشـان ئەو کادرانـەی حیزب کە بەهـۆی کەمتەرخەمـی یـان کارێکی بـە دوور لە پرەنسـیپ لە لایەن ئۆرگانەکانی حیزبییەوە سەرکۆنە دەکران یا لێپرسینەوەیان لێ دەکرا یا بەرپرسایەتییان ئاڵوگۆڕی بە سەردا دەهات و...، بانگ بکەن و لە دژی ئەو سزادانانە بۆیان بدوێن و دڵساردیان بکەنەوە یان لە دەوری خۆیان کۆیان بکەنەوە. لەو ماوەیەدا کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی کە بەرپرسەکەی کاک حەسـەن رەسـتگار بوو و تەنانەتماڵەکەشی ببووە مەکۆی ئەو نارەزاییانە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە لە حیزبدا، دەبوایە چارەیەک بدۆزرێتەوە. بۆیە لە پلێنیۆمی پێش کۆنگرەی هەشتدا، لیستی فیکس بۆ هەڵبژاردنی رێبەرایەتی لە کۆنگرەدا لەلایەن زۆربەی ئەندامانی بەشدار لە پلێنیۆم پەسەند کرا. مەبەستی سەرەکیش تەنیا ئەوە بوو کە کەسانێک بێنـە ریزی رێبەرایەتیـی حیزب کە لەو هەلومەرجـەدا خاوەن بڕوا بە بەڕێوەبردنـی بڕیارات و دڵسـۆز و فیداکار بـن، نەک بێ تەفاوت و بێ خەم لە وەزعی حیزب. بەم چەشنە لیستێک ئامادە کرا کە کاک حەسەن رەسـتگاری تێدا نەبوو، هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی دۆسـتەکانی کە ناویشـیان لە لیسـتەکەدا هاتبوو، بە مەبەستی دەربڕینی نارەزایەتی بەرانبەر بە ئەم شـێوە هەڵبژاردنە و لە راسـتیدا بە هۆی نەبوونی کاک حەسـەن رەستگار لە لیسـتی کاندیداکاندا، لە کاندیداتۆری کشانەوە و وەک دژ قسـەیان کرد. لە ئاکامدا بەداخەوە چەند کەسـێکی دیکەش لە ژێر شـوێندانانی ئەواندا لە لیسـتەکە کشـانەوە. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کـە کۆنگـرە ئەو بڕیارەی پەسـند کردبوو کە دەکرێ لـە بەرانبەر ئەو لیستەدا، لیسـتی دیکەش ئامادە بکرێ و پێشکەش بە کۆنگرە بکرێ و کۆنگرە لە نێوان دوو یان چەند لیسـتدا لیسـتێک بۆ رێبەرایەتی حیزب هەڵبژێرێ، بەڵام هاورێیانی نارازی ئامادە نەبوون لیستێکیش بۆ خۆیان

ئامادە بکەن و لەگەڵ لیستەکەی دیکە بکەونە کێبەرکێ، لە ئاکامدا لیستی دیاریکراو دوای کشانەوەی ئەو چەند هاوڕێیە و پڕکردنەوەی جێگای ئەوان بە کەسانێکی دیکە دەنگی زۆربەی ئەندامانی کۆنگرەی بە دەست هێنا.

دوای تەواوبوونی کۆنگرە، بە هاندانی ئەو هاوڕێیانە کێشە و دووبەرەکی لە ناو حیزبدا پەرەی گرت و هەر کەسەو بەرگریی لە لایەنێک دەکرد، تا سەرئەنجام وەک پێشتر باسمان کرد کار گەیشتە جیابوونەوەی دژبەرانی ڕێبەرایەتیی تازە هەڵبژێردراوی کۆنگرە لە حیزب و تەنانەت بەوەش کۆتایی پێنەهات و بەداخەوە ڕووداوی تاڵی شەڕی براکوژیی لێ کەوتەوە و لەو بەینەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە هەر دوو لا شەهید و بریندار بوون.

ئەوانەی لە حیزب جیابوونەوە هەرچەند بۆ پاساودانی جیابوونەوەکە و ڕازیکردنی کۆمەڵێک لە ئەندامان و کادر و پێشمەرگە، کە لەگەڵ ئەوان کەوتبوون، بەڵام بە وردی ئاگایان لە بنج و بناوانی ڕووداوەکە نەبوو، هێندێک پاساوی سیاسی و تەشکیلاتییان ساز کرد کە هیچ بنەمایەکی ڕاست و سیاسییان نەبوو و بە پێی ئەو شارەزاییەی لەسەر بیروبۆچوونی سیاسیی تاک بە تاکی ئەندامانی ڕێبەرایەتیی ئەو تاقمە هەمبوو و هەمە، دەزانم کە بەشی زۆرتریان گاڵتەیان بەو تەوجیهات و پاساوهێنانەوانە دەهات و نەک هەر باوەڕیان پێیان نەبوو، بەڵکوو هەڵگری بیری دژ بەم پاساوانە بوون، بەڵام لەسەر پاراستنی یەکیەتی و یەکریزیی خۆیان بەیانییەی جیابوونەوەکەیان ئیمزا کردبوو.

پاساوەکانی ڕێبەرایەتی لە بەیاننامەی جیابوونەوەکەیان بە کورتی بەم شێوەیە ڕاگەیەندرا:

*"...لە سەرانسەری ئەو ماوەیەدا پێ بە پێی ڕەوتی خەباتی قارەمانانەی گەلی کورد، دوکتور قاسملوو بێ سرنجدان بە ئامانجە بەرزەکانی حیزب و کار تێکردن و ڕێنوێنییەکانی لادەرانە و ڕاستئاژۆیانەی ئاغای سادقی*

شــەرەفکەندی (ســەعید بەدەل) هێندێک سیاسەتی لە نێو حیــزب و دەرەوەی حیزبدا بەڕێوە بــردووە کە ئامانجی دوارۆژیان لەو سیاســەتانە، سازان لەگەڵ کۆر و کۆمەڵە ئیمپریالیســتییەکان و دوورکەوتنەوە لە بەرەی شۆڕش، چ لە رادەی ئێران و کوردســتان و چ لە رادەی جیهانیدا بووە.

.... رەنگدانــەوەی ئــەم سیاســەتە راســتئاژۆیانەی فراکســیونی شــەرەفکەندی ـ قاســملوو بۆتــە هــۆی تەریککەوتنــەوەی نیســبیی حیزب لە نێو ئۆپۆزیســیۆنی شۆڕشگێڕی ئێرانی و لە دەرەوەی ئێرانیش بۆتە کۆسپی سەر ڕێگای دامەزرانی پێوەندیی ئوسوولی لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی.

...ڕواڵەتێکی دیکەی ڕێبازی لادەرانەی ئەم فراکســیۆنە لە مەیلی سازشــکارانە و وتووێژخوازانــە لەگەڵ ڕێژیمی کۆنەپەرەســت و دژی گەلیــی کۆماری ئیســلامیدا خۆی دەنوێنێ".

لە بەشی کۆتایی بەیاننامەکەدا هاتووە:

"... لەگــەڵ وەلانانــی فراکســیۆنی شــەرەفکەندی ـ قاسملوو ئەو ئەسڵانەی خوارەوە وەک ڕێبازی بنەڕەتیی سیاسەتەکانی حیزب رادەگەیەنین...:

١ـ دارشتنەوەی بناخەکانی ئوسوولی دژی ئیمپریالیستی لە حیزبدا....

٢ـ تێکۆشــان بۆ دامەزراندنی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی و پێشکەوتنخواز.

٣ـ پێداگرتــن لەســەر درێــژەدان و پەرەپێدانی خەباتی چەکدارانــە و رەتکردنەوەی سیاســەتی سازشــکارانە و وتووێژخوازانــە لە بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیســلامی

*ئێراندا....*

*٤. پشتیوانی لە تێکۆشانی نێونەتەوەیی بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران - عێراق..*

*٥. هەوڵدان بۆ وەرگرتنەوەی دووبارەی ئەو ئەندام و کادر و پێشمەرگانە کە بە هۆی سیاسەتی چەوتی ئەم فراکسیۆنە لە حیزب دەرکران یان «پاسیڤ» بوون...*[٢].

ئێمە تێدەکۆشین بە شیکردنەوەی ئەم پاساوانە بێبنەما بوونیان بسەلمێنین و بە خوێنەرانی بەڕێزی ئەم نووسراوەیە بڵێین کە ئەم تاقمە کە جیابوونەوەیان بە زەرەی حیزب و جووڵانەوە تەواو بوو و ماوەی نزیک بە ٩ ساڵ هەوڵ و تێکۆشانیان بە کردەوە سەلماندی کە هیچ شتێکی تازەتریان لە حیزبی دیموکرات پێ نەبوو.

● ئا. پاساوی سەرەتا:

"سازان لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە ئیمپریالیستییەکان و دوورکەوتنەوە لە بەرەی شۆڕش چ لە رادەی ئێران و کوردستان و چ لە رادەی جیهانیدا بووە" و لە پێوەندی لەگەڵ ئەو خاڵەدا و "دارشتنەوەی بناخەکانی ئوسوولی دژی ئیمپریالیستی لە حیزبدا.." بێجگە لە دروشمێکی بەتاڵ هیچی دیکە نییە، ئایا ئەگەر "کۆڕ و کۆمەڵە ئیمپریالیستییەکان" لەگەڵ ئەوان سازابان و رووی خۆشیان پێ نیشان دابان، ئەوان پەسەندیان نەبوو؟ کاک جەلیل گادانی سکرتێری رێبەرایەتیی شۆڕشگێر لە راپۆرتی یەکێک لە سەفەرەکانیدا بۆ دەرەوەی وڵات کە بۆ کۆمیتەی ناوەندییەکەیان ئامادە کراوە دەنووسێ :

*"...لەم ماوەیەدا سەرم لە نۆ وڵاتی فەرانسە، ئاڵمان، دانمارک، هولەند، نورویژ، سوئید، بریتانیا، ئوتریش و سوویس داوە... لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا زیاتر لە ١١٠ کونفرانس و سمینار و دیداری سیاسی و وتوویژی رادیۆیی و رۆژنامەنووسیم هەبووە..."*[٣].

لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئەگەر بناخەی ئوسوولی دژی ئیمپریالیستیان لە حیزبدا داڕشتۆتەوە و دژی ئیمپریالیزمن ئەدی بەڕێز سکرتێر چۆنە ماوەی سێ مانگ لە نۆ وڵاتی ئیمپریالیستیدا دەخولێتەوە و چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتە ئیمپریالیستیانە وەک شانازییەک لە کار و تێکۆشانی لە ڕاپۆرتێکدا دەداتەوە بە کومیتەی ناوەندی؟ لەو وڵاتانە و لەگەڵ بەرپرسانیان "لەسەر بناخەکانی ئوسوولی دژی ئیمپریالیستی "قسەی کردووە؟ ئەدی چۆنە سەفەرێکیشی بۆ وڵاتانی دژی ئیمپریالیستی نەکردووە؟

نموونەیەکی دیکە لە بەڕێوەبردنی "ئوسوولی دژی ئیمپریالیستی"یان کە جێی خۆیەتی ئاماژەی کورتی پێ بکەین، سەفەری کاک جەلیل گادانی بۆ ئەمریکا و کار و تێکۆشانەکانی لەو وڵاتەدایە. کاک جەلیل لەو سەفەرەدا لە نامەیەکدا وێڕای ناساندنی خۆی داوای دیدار لەگەڵ ئەندامانی سەنا بە مەبەستی تێگەیاندنیان لە وەزعی خراپی کوردەکان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەکا. یەکێک لەو نامانەی نامەیەکی ٥ لاپەڕەییە کە بۆ سەرۆکی کۆمیتەی فەرعیی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ئاسیای باشووری سەنای نووسیوە. لە کۆتایی ئەو نامەیەدا دەنووسێ:

"زۆر هەست بە خۆشحاڵی دەکەم کە ئەگەر بکرێ چاوم بە جەنابتان و باقی ئەندامانی کۆنگرە بکەوێ بۆ ئەوەی بتوانم مەسەلەکان باشتر ڕوون بکەمەوە و پرسیارەکانتان وەڵام بدەمەوە"[٤].

دیارە هەر بەو مەبەستەش وێنەیەکی خۆشی لەگەڵ سەفیری پێشووی ئامریکا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە وادیارە لەو سەفەرەدا چاوی پێی کەوتووە، چاپ کردووە.

لەو پێوەندییەدا بە پێویستی دەزانین ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییەش بکەین کە لە کۆنگرەی ٨ و کۆنگرەو پلێنۆمەکانی پێشتریشدا هیچکات و هیچکام لەو هاوڕێیانە باسێکی ئەوتۆیان نەهێناوەتە گۆڕێ و ڕەخنەیان لەوە نەبووە کە گوایە حیزب خەریکی "سازان لەگەڵ کوڕ و کۆمەڵە ئیمپریالیستییەکان..."ە، بەڵام کاتێک حیزب بەجێ دێڵن، بە شەو و

ڕۆژێـک حیـزب دەبێتە لایەنگـری ئیمپریالیزم و ئـەوان دەبن بە دژی ئیمپریالیزم!

بە هێنانەوەی ئەو پاسـاوە نەک هەر بوختانیان بە حیزبی دیموکرات کـرد، بەڵکوو بوختانێکی گەورەشیان بە خۆیان کـرد، بەو واتایەی کە خۆیان کردە ئالاهەڵگری دروشمێک کە زۆربەیان لە بنەڕەتدا باوەڕیان پێی نەبوو، هەر بۆیەش دوای نزیک بە ٩ سـاڵ کار و تێکۆشـان، نەک هەر "بناخەکانی ئوسـوولی دژی ئیمپریالیستییان" دانەڕشتەوە، بەڵکوو هیـچ پێوەندییەکیـان لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیسـتی دانەمەزراند، بێجگە لـە چەند نامەیەکی بێ وەڵام کە لە بۆنـە جیاوازەکاندا بۆ باڵوێزخانەی سۆڤیەتیان ناردووە.

ب ـ پاساوی دووهەم :

لە خاڵی ٥ی بەیاننامەی جیابوونەوەدا لەسەر بنەمای ئەو لێکدانەوەیە باسـیان کردووە کە حیزبـی دیموکرات لەگەڵ ڕێکخـراوە خەباتگێڕ و دیموکرات و شۆڕشـگێڕەکان لە ڕادەی ئێران و کوردسـتاندا ئاڵۆزیی ساز کردووە و دەنووسێ :

*" هەوڵدان بۆ لە نێو بردنی ئاڵوزیی (تشنج زدایی) نێوان حیزب و ڕێکخراوەکانی خەباتگێڕ و دیموکرات و شۆڕشگێڕ لە ڕادەی ئێران و کوردسـتاندا و تێکۆشان بۆ پێکهێنانی پێوەندیـی دۆسـتانە و هـاوکاری لەگەڵ ئۆپۆزیسـیۆنی شۆڕشـگێڕ لەسـەر بناخـەی ڕێزگرتنـی بەرامبـەر بە مەبەسـتی هەرچـی بەهێزتر بوونی جوولانـەوەی میللی ـ دیموکراتیکـی گەلی کورد و پتەوبوونـی پێوەندیی ئەو جوولانەوەیە لەگەڵ خەباتی سەرانسەری بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆنەپەرەست و دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی ڕێژیمێکی دیموکراتیک لە ئێراندا"*[٩٦].

نامـەوێ بچمە سـەر ئەو باسـەی کە ناوەڕۆکی ئـەم خاڵانە چەندی جێبەجـێ بـوو، بەڵکوو مەبەستمە لێرەدا ئامـاژە بـە دوو ڕێکخراو

بکـەم کە ئـەوان دوای جیابوونەوەیـان بۆ لێکنزیکبوونـەوە لەگەڵیان دەستپێشخەرییان کرد:

● یەکـەم: «کۆمەڵە» بوو کە لەو کاتـەدا لەگەڵ حیزبی دیموکرات لە شـەڕدا بوو. کاتێکیـش جیابوونەوەکە رووی دا ئـەوان لەگەڵ کۆمەڵە تەقەوەسـتانیان راگەیانـد، لە حاڵێکـدا کە لە تەواوی ئـەو ماوەیەدا کە پێکەوە کارمان کردووە و شەڕی حیزب و کۆمەڵە دەستی پێ کردووە تـا کاتـی جیابوونەوەیان بۆ یـەک جاریش یەکێک لەو کەسـانەیان کە بەیاننامەکەیان ئیمزا کردووە لە کۆنگرەیەک، کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندی و... دژی درێژەدانی ئەو شەڕە باسێکیان نەهێناوەتە گۆڕێ.

● دووهەم: لە ئاستی ئێراندا «رێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران» بوو کە بەدوای هاتنە دەرەوەی حیزب لە شوورا و بە قەولی موجاهیدین دەرکردنی حیزب لە شـوورا، نێوانمان سـارد بـوو و هەر دووک لاش دژی یەکتر تەبلیغاتێکی بەرچاومان کردبوو کە لەو پێوەندییەشدا لایەنی جیابۆوە، پێش جیابوونەوەیان ئەو سیاسەتەی حیزبیان پەسند کردبوو کە حیزب دەرحەق بە شوورا و موجاهیدین پێڕەوی دەکرد.

بەڵام بە هـۆی گرینگیی پێوەندی نوێکردنـەوەی رێبەرایەتی لەگەڵ موجاهیدین دوای جیابوونەوەیان لە حیزب، پێویستە زۆرتر لەسەر ئەم پرسـە راوەسـتین و چۆنیەتیی ئەو پێوەندییە، درێژەدانی و ئاکامەکەی روون بکەینـەوە. چوونکـە موجاهیدیـن یەکێک لـە دینامیزمەکانی ئەو جیابوونەوە بوو.

● پێوەندیی رێبەرایەتی لەگەڵ موجاهیدین

بە دوای جیابوونەوەی رێبەرایەتی و ئەو رەخنە و هێرشانەی کە لە دژی حیزبی دیموکرات بە تایبەتی کەسایەتیی دوکتور قاسملوو دەستیان پێ کرد، هێندێک لایەنی نەیاری حیزب کە یەکگرتوویی و توانای حیزبی دیموکراتیان لـە لا پەسـند نەبوو و هەمیشـە خەونـی گولیان پێوە دەبینی شاگەشـکە بـوون و باوەشـیان بۆ لایەنی جیابـووە کردەوە، بـەو هیوایەی زۆرترین کەڵـک لەو تاقمە بە دژی حیزبی دیموکرات وەربگرن. دەتوانین بڵێین دوای

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ڕێکخراوی موجاهیدینی گەلی ئێران لە هەموو ئەو لایەنانە زیاتر بە جیابوونەوەکە دڵخۆش بوو و لە هەمووشیان زیاتر توانی لە پێناوی دژایەتی لەگەڵ حیزب کەڵکیان لێ وەربگرێ.

بە دوای نەمانی حیزبی دێموکرات لە شووورای بەرگریی نەتەوەیی (شوورای ملی مقاومت)، بێجگە لەو بەناو ڕێکخراوانەی کە موجاهیدین بۆ خۆیان دروستیان کردبوون و هێنابوویاننە نێو شوورا، حیزب و کەسایەتییەکانی دیکەش بە هۆی سەرەڕۆیی و خۆبەزلزانی موجاهیدین، شوورایان بە جێ هێشت و دوای ماوەی نزیک بە ساڵێک شوورا بریتی بوو لە ڕێکخراوی موجاهیدین و ئەو چەند ڕێکخراوەی کە بۆ خۆی پێکی هێنابوون و لە شووورادا ببوونە ئەندام و ٣ ـ ٤ کەسایەتی کە لە ڕاستیدا بە مووچەی موجاهیدین دەژیان و بە ناچاری هەر لە نێو ئەو بەناو شوورایەدا مانەوە. بەم شێوەیە بەجێهێشتنی شوورا لە لایەن حیزبەوە نەک هەر شوورا و موجاهیدینی لە هاوکاریی ئەندامێکی بەتوانای ئەو شوورایە بێبەش کرد، بەڵکوو شوورا تاقە حیزبی هاوپەیمانی کوردی لە کوردستاندا لە دەست دا کە پێگەیەکی بەرینی جەماوەریی هەبوو. ئەو مەسەلەیە بوو بە هۆی بەتاڵ بوون و بێ ناوەڕۆک بوونی شوورا و ئەوەش زەبرێکی قورس بوو لە ئیعتباری ڕێکخراوی موجاهیدین لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەش، ڕێکخراوێک کە خۆی بە «تەنیا ئاڵترناتیڤی دێموکراتیک»ی کۆماری ئیسلامی دەزانی و دەزانێ.

بەو پێیە دەکرێ بڵێین شاگەشکەبوونی موجاهیدین بە خەبەری جیابوونەوەی تاقمێک لە حیزبی دێموکرات و دانانی بەرنامە بۆ تۆڵەکردنەوەی خۆیان لەو حیزبە بە هۆی ئەو تاقمەوە، بە تەواوی چاوەڕوانکراو بوو. تەنانەت ئەو بۆچوونەی ئەو کات باس دەکرا کە ڕێبەرایەتی پێش لە ڕاگەیاندنی جیابوونەوەکەیان لەگەڵ موجاهیدین پێوەندییان دامەزراندبێ و بە هاندان و قەول و بەڵێنی پشتیوانی لێکردنی ئەوان بڕیاری کۆتایی جیابوونەوەشیان دابێ، بۆچوونێکی ڕاست بوو. بۆیە ئەم ڕووداوە بۆ موجاهیدین هەلکەوتێکی لەبار بوو. ئەوان

پێویستییان بەوە هەبوو کە دوای حیزبی دیموکرات، بە هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنێکی دیکەی کوردە خۆیان بە کوردستان گرێ بدەنەوە، جا ئەگەر ئەو لایەنە دژی حیزبی دیموکرات و دوکتور قاسملووش بێ ئەوە وەک دەڵێن «نووری عەلا نوورە»، تاقمی جیابووەش لەو هەلومەرجەدا پێویستی بە هاوپەیمانێکی بەهێزی وەک موجاهیدین بوو کە هەم یارمەتیی دارایی بدا و هەم یارمەتیی دیکە، بۆیە هەردوو لا بەم شێوەیە یەکانگیر بوون و پێکەوە دژی حیزب قۆڵیان لێ هەڵمالی، لە سەرەتاکانیشدا موجاهیدین بەو حیسابەوە تێوە چووبوون کە ئەو تاقمە دەتوانن بە یارمەتییەکانی ئەوان حیزبی دیموکرات لە مەیدانی خەبات وەدەر بنێن و ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بکەن بە حیزبی دیموکرات، بۆیە پێوەندی و یارمەتییەکانیان بۆ لایەنی جیابووە زۆر باش بوو، بەڵام وردە وردە و بە تێپەڕینی کات کە بۆیان دەرکەوت هاوپەیمانەکەیان ئەوە نیە کە حیسابیان بۆ کردبوو، لێیان سارد بوونەوە و کەوتنە بەهانەپێگرتن کە لە درێژەی ئەم باسەدا چۆنیەتییەکەی ڕوون دەکەینەوە.

● بەهای یارمەتییەکانی موجاهیدین بە ڕێبەرایەتی

موجاهیدین بە پێی ناسیارییەک کە لێمان هەن، ڕێکخراوێکی زۆر ورد و حیسابگەرن لە کارەکانی خۆیاندا، یارمەتییەک کە ئەوان بە هەر لایەن و کەسایەتییەکی بکەن لەبەر هاوپەیمانی، دۆستایەتی و... نییە، بەڵکوو لە بەرانبەر هەر یارمەتییەکدا کە دەیکەن دەبێ چەندقات نرخەکەی وەربگرنەوە، دەنا لێی ڕازی نابن و یارمەتیی نادەن. ئەوەی وەریشی دەگرن بەستراوەتەوە بە توانا و جێگەوپێگەی ئەو لایەن یان کەسایەتییە، بەڵام بەگشتی ئەوانەی یارمەتییان لێ وەردەگرن دەبێ لە چوارچێوەی سیاسەت و بەرنامەکانی ئەواندا بجووڵێنەوە، بە کورتی ئەوان دۆستیان ناوێ، بەڵکوو گوێ لەمستیان دەوێ.

لە سەرەتادا ئەوان بەوەندە لە ڕێبەرایەتی ڕازی بوون کە دژی سیاسەت و بۆچوونەکانی حیزبی دیموکرات و د. قاسملوو بە پێی ڕاسپاردە و ڕێنوێنییەکانی ئەوان تەبلیغ بکەن. لەو پێوەندییەدا هەر

دوو لا کـوک بوون و ڕێبەرایەتی بە دڵەوە ئەو ئەرکەی بەڕێوە دەبرد، تەنانەت کاک جەلیل گادانی سـکرتێری ڕێبەرایەتی، بۆ خۆشـخزمەتیی موجاهیدیـن زۆر جـار ئـەوەی ڕاگەیانـدووە کـە وەدەرنانـی حیزبی دیموکـرات لـە شـوورا کارێکی بە جێ بـوو، لەبەر ئـەوەی کە حیزب ئەو ئەرکانەی وەک ئەندامێکی شـوورا کەوتبووە سەر شانی جێبەجێی نەکردبـوو، لـە حالێکدا کە کاک جەلیـل پێش جیابوونـەوە هیچکات لە پلینۆمێکـدا یـان لە کۆبوونەوەیەکـی فەرمیی حیزبیدا ئـەو بۆچوونەی دەرنەبڕیوە و باوەڕی پێی نەبووە.

بەڵام خۆ موجاهیدین هەر بەوەندە ڕازی نابن و ماوە بە ماوە ئاستی داخوازییەکانیـان لـە ڕێبەرایەتی بەرەوژوور دەبەن. لە یادداشـتەکانی کۆبوونەوەیەکی ڕێبەرایەتی کە کاک جەلیل گادانی بەرپرسـی هەیئەتی ئەوانـە و لە لایـەن موجاهیدینەوە «مەهدی ئەبریشـەمچی» هاتووە و دوای تێکهەڵچوونەکانی پێشمەرگەکانی حیزب و ڕێبەرایەتی لە ناوچەی مەهاباد ئەو کۆبوونەوە پێک دێ، ئەبریشـەمچی بە شێوەیەکی سیاسی نارەزایەتی خۆیان لە شێوەی خەبات و لاوازیی دژایەتیی ڕێبەرایەتی لە هەمبەر حیزب دەردەبڕێ و پێیان دەڵێ:

*" هێندێـک جار لە بەرنامەی ڕادیۆکەتاندا قاسـملوو بە (متوفـی) ناو دەبەن، پێم وایە ئەوە کارێکی دروسـت نیە لەبەر ئەوەی شوێنەواری نەرێنی دادەنێ".*

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ڕێنوێنییان دەکا و پێیان دەڵێ:

*"ئێمە ڕاگەیەندراوی شـوورا لەسەر قاسملوو لە ئاستی نێونەتەوەییـدا بـڵاو دەکەینـەوە، ئـەو کارەی ئێمە کاتێک شـوێندانەر دەبـێ کە ئێـوەش (ڕێبەرایەتی) هـەر وەکوو ئـەوەی لە ڕادیۆکەتاندا بڵاوتـان کردووە، لە ڕێگای کاناڵە جۆراوجۆرەکانەوە بۆ هەموو کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆست و نێونەتەوەییەکانی بنێرن، بەربەرەکانێیەکی ئەوتۆ شوێندانەر دەبێ و ڕێگای ئێوە بۆ دنیای دەرەوە دەکاتەوە".*

لـە کۆبوونەوەیەکـی دیکـەدا کە لـە ڕێکەوتـی ١٣٦٧/١٠/٢٩ دیاری کراوە، دیســان ســەرۆکی هەیئەتی موجاهیدین مەهدی ئەبریشەمچییە، بـەڵام ئیشــارەیەک بە ســەرۆکی هەیئەتـی ڕێبەرایەتی نەکـراوە. لەو کۆبوونەوەیەدا ئەبریشەمچی لە پێشدا یارمەتییەکانی خۆیان بە چاویاندا دەداتەوە و پێیان دەڵێ:

*" ئێمــە حیمایەتی موتڵەقمان لە بەرنامــەدا هەبووە. لە باری تەبلیغ، مادی، نیزامی و سیاسی ئەوەی لە دەستمان هاتبێ کردوومانە چ لە ناوخۆ چ لە دەرەوە".*

دوای ئەوە دەکەوێتە ڕەخنەگرتن و ناڕەزایەتی دەربڕین لە ڕێبەرایەتی. لەو پێوەندییەدا و سەبارەت بە هەڵوێست گرتنی ڕێبەرایەتی بە نیسبەت ڕێکخراوە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران، ئەبریشەمچی پێیان دەڵێ:

*" ئەقەلیــەت (باڵــی کەمینــەی چریکــە فیداییــەکان)، ڕاهــی کارگەر و ... قســەمان پێ دەڵێن. بــە ئێوە دەڵێین بەرخوردتــان کردووە؟. ئێــوە بەرخوردیان لەگەڵ بکەن، ئێوە بۆ جارێک ناوی ئەرتەشــی ئازادیبەخشــی ئێرانتان نەبرد. داهاتووی ئێران ناکرێ لە گرەوی ڕاهی کارگەر و ئەقەلییەتدا بێ، دەبێ بزانن داهاتووی ئێران لەگەڵ کێیە و هەڵبژاردەی ئێوە کێیە؟ ئەوە دیاریکەرە.*

*لەســەر تەیفــی توودەیــی، ئەکســەریەت، بابەکــی ئەمیرخســرەوی و ... بۆ ئەوەی سیاسەتی ڕەسمیی ئێمە بزانن ئاگادارتان دەکەین کە دەگەڵ هیچ تاقم و ڕێکخراوێک کە لەگەڵ ئەوانە هــاوکاری بکا و ڕاگەیەندراو دەر بکات، هاوکاری ناکەین و پێوەندییەکانمان دەپسێنین. توودە هەزار جار دەتوانێ هەڵوێســت بگرێ، ئەوانە عامیلی ئەشکەنجە و ئیعدامی شۆڕشــگێڕانی ئێرانن. پێشــداوەری ناکەین کە ئێوە لەگەڵ ئەوانە باشــن. دەمانهەوێت قسەکانمان بکەین. حیسابی ئەوانە لە کاری سیاسی جیاوازە ... ".*

لە سەرجەم ئەو بەڵگانەی کە لەبەر دەستدان، دەردەکەوێ کە هەر هەڵوێستێکی سیاسی کە ڕێبەرایەتی دەیگرن ئەگەر لەگەڵ چوارچێوەی سیاسەتی موجاهیدیندا نەگونجێ لێیان قەبووڵ ناکەن و پێیان دەڵێن کە ئەو سیاسەت و هەڵوێستەیان هەڵەیە و پێویستە بەو شێوەیە کە پێیان دەڵێن ڕاستی بکەنەوە. بە تێپەڕینی کات ئەو زەختانە لە لایەن موجاهیدینەوە زۆرتر دەبێ و نێوانیان لەگەڵ ڕێبەرایەتی ساردتر دەبێ، تا کاتێک کە ڕێبەرایەتی کۆنگرەی بەناو دەهەمی خۆیان لە بانەمەڕی ١٣٧٤دا پێک دێنن و لەو کۆنگرەیەدا چاوخشاندنەوە بە بەرنامە و پێڕەودا دەکرێ و «لەو بەشەدا بوو کە دروشمی لەمێژینەی حیزب (دیمۆکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان) گۆڕدرا و بوو بە (دیمۆکراسی بۆ ئێران و مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ کوردستان»[٦].

ئەو ئاڵوگۆڕە لە دروشمی ڕێبەرایەتیدا دەبێتە هۆی تێکچوونی تەواوی نێوان ئەو دوو لایەنە و کاتێک ڕێبەرایەتی داوا دەکا کە پێوەندییەکانیان جارێکی دیکە دامەزرێننەوە، مەسعوود ڕەجەوی لە پەیامێکی زارەکیدا کە بۆ کاک جەلیلی ناردووە، پێوەندیی دووبارەی نێوان موجاهیدین و ڕێبەرایەتی دەبەستێتەوە بەوەی کە:

*"- ڕێبەرایەتی پێداگری بکاتەوە لەسەر ئیلتیزامی خۆی بە گەلالەی خودموختاریی شوورا.*

*- دەوری بێ ڕکەبەر (بلامنازع)ی جێگرەوەی دێموکراتیک( آلترناتیو دیموکراتیک) - مەبەست شوورای نیشتمانیی بەرگری - و پشتیوانی ئەو شوورایە لە مافی ڕەوای خودموختاریی خەڵکی کوردستانی ئێران بە ڕوونی باس بکا.*

*- قامک دابنێنە سەر دەوری مێژوویی ڕێبەریی شۆڕشگێر - مەبەست مەسعوود ڕەجەوی - لە دوورکەوتنەوە لە سازان و وتووێژخوازی لەگەڵ ڕێژیمی دژەمرۆیی کۆماری ئیسلامی".*

ئـەوەی کـە ڕێبەرایەتی ئەو مەرجانەی قبووڵ کـردووە یان نا؟ و چ وەڵامێکی داوەتەوە بەو مەرجانەی موجاهیدین بۆ نووسەری ئەم دێڕانە ڕوون نییــە، بەڵام لەوەدا کــە دوای کۆنگرەی دەهەم و ئەو ئاڵوگۆڕەی کە لە دروشــمی ســتراتیژیکیاندا پێکیان هێنا، بەرەبــەرە یارمەتییەکانی موجاهیدیــن بــە ڕێبەرایەتــی دەبــڕدرێ و ڕێبەرایەتــی دەکەوێتــە هەلومەرجێکــی یەکجــار دژواری دارایی تــا ئەو جێگایــەی کە توانای دابینکردنــی خەرجی ڕۆژانەی کادر و پێشــمەرگەکانیان نامێنێ. دیارە بێجگە لەوە، بەهــۆی ئەو هەلومەرجە نالەبارە داراییەوە، بیروبۆچوونە سیاســیە جیــاواز و تەنانــەت دژ بەیەکەکانیــان کە هەر لە ســەرەتاوە هەیانبوو بەڵام ئاشکرایان نەدەکرد، سەر هەڵدەداتەوە.

پێشــتر زۆرتــر دژایەتیکردنــی حیزبــی دیموکرات خاڵی هاوبەشــی ئەندامانی ڕێبەرایەتی بوو و لە دەوری یەک کۆی دەکردنەوە. بەڵام وردە وردە کێشــە و بەربەرەکانێ لە نێوان ئەندامانی سەرەوەی ڕێبەرایەتیدا ســەرهەڵدەدا و کــەس بــاوەڕی بەوی دیکــە نامێنێ و بۆ شــکاندن و دژایەتیکردنــی یەکتر ســنوورێک ناپارێزن. لە ئاکامدا ڕێبەرایەتی ناچار دەبێ لەو دوو ڕێگایە یەکێکیان هەڵبژێرێ:

- یان لە بەر یەک بڵاو بن و هەرکەس وە دوای کار و ژیانی ئاسایی خۆی بکەوێ.

— یان بــۆ ڕزگاری لەم هەلومەرجــە دژوارە - بە هەمــوو قیمەتێک - لەگەڵ حیزبی دیموکرات یەک بگرێتەوە تا بتوانن خۆیان ڕێکبخەنەوە و چاوەڕوانی مەجالێکی دیکە بن. ڕێبەرایەتی ڕێگای دووهەمی هەڵبژارد.

● ج - پاساوی سێهەم:

*"... ڕواڵەتێکی دیکەی ڕێبازی لادەرانەی ئەم فراکسیۆنە لە مەیلی سازشــکارانە و وتوویژخوازانە لەگەڵ ڕێژیمی کۆنەپەرەســت و دژی گەلیــی کۆماری ئیســلامیدا خۆی دەنوێنێ".*

با لەپێشــدا "مەیلی سازشــکارانە و وتوویژخوازانــە لەگەڵ ڕێژیمی

کۆنەپەرەست ..." بۆ خوێنەرە خۆشەویستەکان ڕوون بکەینەوە. یەکێک لە بەهانەکانی موجاهیدین بۆ دەرکردنی حیزبی دێموکرات لە شووڕای نیشتمانیی بەرگری ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات مافی وتووێژکردنی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نیە. ئەو کاتەی کە ئەم پرسە لە لایەن شووڕا ـ تۆ بڵێ موجاهیدین ـ هاتە ئاراوە هیچ باسێک لە وتووێژی حیزب لەگەڵ ڕێژیم لە ئارادا نەبوو، بەڵام حیزبی دێموکرات کە هەمیشــە باوەڕی بە ســەربەخۆیی بڕیاردان بووە، وتووێژیشی لەو چوارچێوەیەدا دەدیت و بۆچوونی وابوو وەکوو حیزبێکی سەربەخۆ مادام لەسەر بڕیاری خۆی لە شەڕ لەگەڵ ڕێژیمدایە و لەو شەڕەدا بە هەزاران پێشمەرگە و کادری حیزبی شەهید بوونە، کە وابوو وتووێژ بە مافی خۆی دەزانێ هەرکات بە پێویستی بزانێ، بەڵام موجاهیدین داوایان دەکرد حیزب بەڵێن بدا کە هیچکات لەگەڵ ڕێژیم وتووێژ نەکا.

ســەرەڕای ئەوەی ئەندامانــی ڕێبەرایەتی لەو کاتــەوە کە «هەیئەتی نوێنەرایەتیــی گەلی کــورد» بریتی لە نوێنەرانــی حیزبەکانی چالاک لە کوردســتان و بە بەشــداریی خوالێخۆشــبوو شــێخ عیزەدین حوسێنی بوو، ســاڵی ١٣٥٩ی هـ بە مەبەســتی وتووێژ لەگــەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیســلامی پێکهات و لەو هەیئەتەدا شــەهید دوکتور قاسملوو لە لایەن حیزبەوە بەشــدار بوو و وەک وتەبێــژی هەیئەت دیاریکرابوو، تا کاتی جیابوونەوەیان بۆ جارێکیش دژی وتووێژ لەگەڵ ڕێژیم نەبوونە، بەڵام چوونکە دوای جیابوونەوەیان پێویســت بــوو موجاهیدین ڕازی بکەن، ئەم دروشــمەیان وەک پاســاوێک هێنایەوە. لە ڕاســتیدا ئەم دروشمە، دروشــمی موجاهیدین بوو کە ئەوانیش دەیانگوتەوە، دەنا بۆ خۆشیان باشــیان دەزانــی دوای هاتنەدەری حیزب لە شــووڕاش، شــەڕی توند و خوێناویی پێشــمەرگەکانی حیزب لەگــەڵ ڕێژیم بەردەوام بوو، بەبێ ئەوەی باسی وتووێژ بکرێ.

کــە بــاس لــە "ڕێبــازی لادەرانــەی" حیــزب یان بــە وتــەی خۆیان "فراکسیۆنیش" دەکەن لە ڕاستیدا ڕێبازی لادەرانە ڕێبازێک بوو کە بۆ

خۆیان بە جیابوونەوە لە حیزب لە پێشیان گرت، چونکە هەموویان لەو کۆنگرەیەدا بەشدارییان کرد کە دەنگیان بە شەرعیەتی دا و "لە کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا وێڕای پەسند کردنی یەکدەنگی راپۆرتی کومیتەی ناوەندی کە ئەرکەکانی حیزب تا کۆنگرەی داهاتوو دیاری دەکا(٧)". لە دەستپێکەوە تا کۆتایی کاری کۆنگرە کە هەڵبژاردن بوو، بەشدارییان کرد. بۆیە رێبازی لادەرانە، رێبازی ئەو تاقم و کەسانەیە کە ئامادە نین مل بۆ دەنگی زۆرایەتی راکێشن و بە دوای ئەوەدان کە ئەگەر لە کەمایەتیشدا بن دەبێ زۆرایەتی بە دڵی ئەوان بکا کە ئەوەش بێجگە لە لادان لە ئەسڵێکی گرینگی دێموکراسی شتێکی دیکە نیە.

بەم چەشنە دەبینین کە جیابوونەوەکە بۆ خۆی کردەوەیەکی لادەرانە بوو و دروشمەکان و پاساوەکانیشیان شتێک نەبوون کە بۆ خۆیان باوەڕیان پێی هەبێ و لەسەر لێکدانەوە و پێویستی کۆمەڵگا دامەزرابێ. بەڵکوو کەفوکوڵێک بوو و چوونکە بێ بنەما بوون، نە بۆ کۆمەڵگای کوردەواری جێگای پەسەند بوو و نە بۆ خۆشیان توانیان لە ژێر رووناکیی ئەم دروشمانەدا دەوام و قەوامێک بە خەباتەکەیان بدەن و جێگای حیزبی دێموکرات لە کوردستاندا بگرنەوە. بەو شێوەی کە موجاهیدین کیسەیان بۆ هەڵدروو بوو. بەڵکوو راست بارتەقای ئەو یارمەتییە جۆراوجۆرانە بوون کە موجاهیدین بە مەبەستی بردنە پێشی ئامانجەکانی خۆیان لە دژی حیزب پێیان دەکردن.

یەکێکی دیکە لە هۆیەکانی بێ بنەما بوون و بێ باوەڕیی رێبەرایەتی بەو دروشمانە ئەوە بوو کە بە تێکەڵبوونەوەیان لەگەڵ حیزبی دێموکرات بە کردەوە پشتیان لە هەموو ئەو دروشمانە کرد کە گوایە بە هۆی نەبوونی ئەو سیاسەت و دروشمانە سەردەمانێک لە حیزبی دێموکرات جیا بوونەتەوە. بەم شێوەیە ئەو کۆمەڵە لە کادرەکانی حیزب لە کاتێکی هەستیاردا ئەو زەبرەیان لە حیزب وەشاند و بوون بە هۆی دڵخۆشیی دوژمنان و نەیارانی حیزبی دێموکرات کە لایەنی هەرە بەهێزی

جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بوو؛ کاتی یەکگرتنەوە، حیزبی دێموکرات هەر لەسەر ئەو ڕێبازە بەردەوام بوو کە ئەوان دژایەتییان کردبوو و بە جێیان هێشت:

وازیان لە "مافی چارەنووس" هێنا کە تەنانەت دوای پەسەندکردنی لە کۆنگرەی بەناو دەهەمیاندا، یارمەتییەکەیان لەلایەن موجاهیدینەوە بڕا و برایەتییان کۆتایی پێهات و گەڕانەوە سەر "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" کە دروشمی لە مێژینەی حیزبی دێموکرات بوو.

لە باری "وتووێژخوازی" حیزبی دێموکراتەوە نەک هەر هیچ ڕەخنە و پێشنیارێکیان نەهێنایە گۆڕێ، بەڵکوو دوای یەکگرتنیان لەگەڵ حیزبی دێموکرات، لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەنزادە و لایەنگرانی و لە جیابوونەوەیەکی دیکەیاندا، ئامادەییان دەربڕی کە نەک لەسەر چارەسەرکردنی کێشە و داخوازییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بەڵکوو لە سەر مادەی ١٥ی یاسای بنچینەیی کۆماری ئیسلامی کە بە شێوەیەکی ناڕوون باس لە فێربوونی زمانی نەتەوەکان دەکا، بکەونە وتووێژ لەگەڵ ڕێژیم[٨].

دروشمی دژی ئەمپریالیست بوونەکەشیان دیارە هەر زووتر کاڵ ببۆوە، لەبەر ئەوەش بوو وەک پێشتر باسمان کرد و سکرتێرەکەیان بۆ دامەزراندنی پێوەندی، لە جیاتی وڵاتانی سۆسیالیستی رووی لە ئەمریکا و ئورووپا کرد. هەر بۆیەش لەگەڵ حیزبی دێموکرات یەکیان گرتەوە. لە کاتی جیابوونەوە وایان دەنواند کە هۆی سەرەکیی جیابوونەوەکەیان "سازان لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە ئیمپریالیستییەکان و دوور کەوتنەوە لە بەرەی شۆڕش و ...". لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە بووە، بەم ڕوونکردنەوەیە بە ئاشکرا دەردەکەوێ - وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد - ڕێبەرایەتی لە بنەڕەتدا باوەڕی بەم پاساو و دروشمانە نەبووە کە بە دوای جیابوونەوەیان کردیان بە پاساوی جیابوونەوە، هەر بۆیەش لە کۆتاییدا وازیان لە هەموویان هێنا.

● کە وابوو هۆی ڕاستەقینەی جیابوونەوەکە چی بوو؟

وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد ئەو چەند کەسە لە خزمان و دۆستانی زۆر نزیکـی کاک حەسـەن ڕەسـتگار، تەحەمولیان نەدەکـرد کە کاک حەسەن لە لیستی ڕێبەرایەتیی حیزبدا نەبێ، لەوانەیە ئەو ٣ـ٤ کەسەی کە لەگەڵ کاک حەسەن یەکیان گرتبوو، بەم شێوە هەڵبژاردنە لە داهاتووی خۆشـیان نیگەران بووبن کە نـەکا کۆنگرەکانی داهاتوو ناوی ئەوانیش لە لیسـتی کاندیدای ڕێبەرایەتی بسـڕێتەوە؛ کە وابـوو دەتوانین بڵێین جیابوونەوەکە لەسەر بەرژەوەندی و خۆپەرەستیی گرووپێکی بچووک و لە سـەرووی هەموویانەوە کاک حەسەنی ڕەستگار شکڵی گرت و لە هەموو جیابوونەوەکان، یەکگرتنەوەکان و دووبارە جیابوونەوەکانیشدا هەر پێکەوە بوون و قەتیش یەکتریان بەجێ نەهێشت کە ئەوە بۆ خۆی جێگای تێفکرینە.

کاک حەسـەن لـەو خۆپەرەسـتی و بەرژەوەندیخوازییـەدا دەوری سەرەکیی گێڕا، بەو واتایە کە ئەو ئەگەر مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندیی حیزب بوایە، دەیتوانی وێڕای دەربڕینی نارەزایەتیی خۆی لە وەلانرانی لە لیسـتی ڕێبەرایەتیی کۆنگرەی هەشـتدا، ڕایگەیاندبا کە بە مەبەستی لەبەرچاوگرتنـی بەرژەوەنـدی و یەکڕیزیـی حیـزب بڕیـاری کۆنگرە قبـووڵ دەکا با ماوەیەکیـش ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیـزب نەبێ، ئەگەر هەڵویسـتێکی وای نواندبا و بە دڵەوە لەگەڵ ئەو چەند ڕەفیقەی قسەی کردبایە، زۆر بـاش دەیتوانی قەناعەتیان پێبێنێ کە ئەوان ناوی خۆیان لە لیسـتی کاندیداکان نەسڕنەوە و وەک ئەندامی ڕێبەرایەتی بمێننەوە، لەو حاڵەدا بێگومان ئەو کەسانە لە قسەی کاک حەسـەن دەرنەدەچوون و لە ئاکامدا ئەو جیابوونەوەیە ڕووی نەدەدا. هەڵویستێکی لەم چەشنە لـەو کاتـەدا بە نیشـانەی ئەوە دەبینرا کـە ئەو ئامادەیە بۆ پاراسـتنی بەرژەوەندیی حیزب، پشـت لـە بەرژەوەندیی خۆی بکا، ئەوەش دەبوو بـە هـۆی خۆشەویسـتی و حورمەتێکی زۆر بۆ ناوبـراو لە ناو حیزب و لـە نـاو کۆمەڵگاشـدا، بەڵام بەداخەوە کاک حەسـەن ئـەو زەرفیەت

و سینگفراوانییەی نەبوو. لە ئاكامدا بوو بەسەرقافلەی كاروانێك كە بێجگە لە رەنجبەخەساری و توورەیی خەڵكی كوردستان و دڵسۆزانی كورد شتێكی دیكەی پێ نەبڕا.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە راستییەكی دیكەش بكەین، ئەویش بریتییە لە بەركەوتنی تاوان و بەرپرسیارەتیی هەركەس بە قەدەر خۆی، واتە لەم پلانەدا هیچكام لەوانەی لەگەڵ رێبەرایەتی كەوتن و زەبریان لە ئیعتبار و بوونی حیزب وەشاند، بێ تاوان نەبوون، بەڵام كەسایەتیی یەكەم لە هەموویان زیاتر و چەند كەس لە نزیكانی كەسایەتیی یەكەم، بە پلەی خوارتر بەشیان بەر دەكەوێ، بەڵام بەرپرسایەتیی كەسایەتیی یەكەم زۆر گەورەیە و دەبێ بەر لە دەربڕینی هەڵوێستی چارەنووسسازی خۆی كە قازانج و زەرەری جووڵانەوەكەی پێوە بەستراوەتەوە، نەك هەر ئەورۆ و دوارۆژ، نەگ هەر خۆی و نزیكەكانی، بەڵكوو جووڵانەوە و كۆمەڵگاش لە بەرچاو بگرێ. چونكە زۆرجاران هەڵوێستی ئەو بە چاك و خراپ یەكلاكەرەوەیە. گەورەیی سەركردەش ئەو كاتە دەسەلمێنرێ كە كاتێك بەرەورووی دوو بژاردە دەبێتەوە و بە ناچار دەبێ یەكیان هەڵبژێرێ، واتە بژاردەكانی بەرژەوەندیی خۆی یان جووڵانەوە و كۆمەڵ، بژاردەی دووهەم ئیختیار دەكا، بەڵام بە داخەوە لە كۆمەڵگا دواكەوتووەكاندا ئەو گەورەییە كەمتر دەبینرێ.

رەنگە لێرەدا كەسانێك ئەو پرسیارە بكەن:

گەلۆ وەلانانی تەنیا كەسێك لە رێبەرایەتیی حیزبدا، ئەوەندەی دینا كە ئەو حیزبە تووشی ئەو هەموو كێشە و كەند و كۆسپە بكرێ؟

ئەم پرسیارە زۆر بەجێیە و وەڵامەكەشی بە بۆچوونی من دەگەڕێتەوە سەر ئەو لێكدانەوەیە كە گومان نەدەكرا ئەو چەند كەسە ـ بە تایبەتی كەسی یەكەمیان ـ سەرەڕای ناڕەزایەتیی خۆی لەو وەزعە هەڵوێستێكی ئاوا پرمەترسی بگرن. چونكە ئەوان لە باری تەمەنی خۆیان و تەمەنی حیزبایەتییان و ئەزموونێكی زۆر كە بە درێژایی دەیان ساڵ دەبوایە وەسەر یەكیان نابایە، چاوەڕوانییەكی وایان لێ نەدەكرا كە تووشی

هەڵەیەکی مێژوویی ئاوا گەورە بن. بەڕاستی کێشەکە زۆر لەوە بچووکتر بوو کە پێویست بە خولقاندنی ئەو کارەساتە بکا، بۆیە ئەگەر پێشبینی کرابا کە ئاکامی ئەم کارە دەبێتە جیابوونەوەی کۆمەڵێک لە کادر و پێشمەرگەکان، پێم وایە هەم دوکتور قاسملوو و هەم زۆری دیکە لەو هاوڕێیانەی کە لایەنگری لیستی فیکس بوون کاک حەسەنیان لە لیستەکەدا قبووڵ دەکرد بۆ ئەوەی حیزب تووشی ئەو زەرەرە گەورەیە نەبێ. تەنانەت لە دەربڕینی نارەزایەتییەکانی ئەو هاوڕێیانە لە کۆنگرەکەشدا بۆچوونێکی وا بۆ کەس نەهاتە پێش، چونکە زۆربەی قسەکانیان دژایەتی لەگەڵ لیستی فیکس، بەڵام وەفاداری بە حیزب بوو، تەنانەت هێندێکیان بە شێوەیەک پەسندوێژیی دوکتور قاسملوویان دەکرد کە لە لایەنگرانی لیستی فیکس کەس بەم شێوەیە نە بیری کردبۆوە و نە دەدوا. دوای کۆنگرەش نزیک بە دوو مانگی کێشا تا ئەو کۆمەڵە نارازییە بەیانیەی جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند، دیار بوو لەو ماوەیەدا لە سەر جیابوونەوەیان مانەوەیان لەگەڵ حیزبدا لە موناقشەدا بوون و لە کۆتاییدا دەردەکەوێ لایەنە هاندەرەکان کە دژی مانەوە لە نێو حیزب بوون یارمەتییان دان و بۆ گرتنی ئەم هەڵوێستە نەشیاوە پاڵیان پێوەنان.

● هۆی یەکگرتنەوەی ڕێبەرایەتی لەگەڵ حیزبی دێموکرات

کاک جەلیل گادانی لە لاپەڕەی ١٧٦ی کتێبی ٥٠ ساڵ خەبات بەرگی دووهەم ، سەبارەت بە هۆی یەکگرتنەوەیان لەگەڵ حیزب دەنووسێ:

*"قبووڵی ئەم هەمووە یەکگرتنە و پێڕێخستن لەو هەموو خەبات و فیداکارییەی لەو ٨ ساڵەدا کرابوو، کارێکی ئاسان نەبوو. تەنیا مەسلەحەتی گەلی کورد بوو حوکمی دەکرد ئەو یەکگرتنەوەیە بەو مەرجە سەیر و سەمەرانە بکرێ .."*

ئێمە پێشتر هۆی ئامادەبوونی ڕێبەرایەتی بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ حیزبمان باس کرد کە هۆیە سەرەکییەکانی دەگەڕایەوە بۆ ناچاری

و بێدەرەتانیی ئەوان لەو بارودۆخەدا کە بۆیان هاتبووە پێش، بۆیە پێویست نەبوو کاک جەلیل گادانی بۆ یەکگرتنەوە منەت لەسەر خەڵکی کورد دابنێ، چونکە بۆ هەموو خەڵکی روون بووەتەوە کە ئەوان ئەگەر "مەسلەحەتی گەلی کورد"یان لە بەرچاو بووایە نەدەبوونە هۆکاری ئەو جیابوونەوەیە، مێژووی ساڵانی رابردووش نیشانی دا کە هەر وەک چۆن جیابوونەوەکەیان تەنیا لەسەر مەسلەحەتی خۆیان بوو - وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا و دووپاتی ناکەینەوە - یەکگرتنەوەکەشیان هەر تەنیا لەبەر پاراستنی قازانج و مەوجوودیەتی خۆیان بوو، هەر بۆیەش دوای یەکگرتنەوە و خۆگرتنەوەیان لە حیزبی دێموکراتدا جارێکی دیکە بە هاوپشتی لەگەڵ کاک عەبدوڵڵا حەسەنزادە کاتێک کە لە کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب بۆ خۆیان لە زۆرایەتیدا بوون و کۆنگرەیەکی شەرعی و دێموکراتیکیان بە پێی پێڕەوی ناوخۆ پێکهێنا و بۆ خۆیشیان شەرعیەتەکەیان پەسند کرد، بەڵام کاتێک لە ئاخر برگەی کاری ئەو کۆنگرە شەرعییە کە هەڵبژاردنی ئەندامانی رێبەرایەتیی حیزب بوو - نەک بە لیستی فیکس، بەڵکوو بە شێوەی هەڵبژاردنی تاک - ئاکامی هەڵبژاردن دەریخست کە ئەوان نەیانتوانیوە متمانەی زۆربەی ئەندامانی کۆنگرە بۆ لای خۆیان راکێشن و جارێکی دیکە لە رێبەرایەتیی حیزبدا ببنەوە بە زۆرایەتی، سەر لە نوێ بە بێ گوێدان بە مەسلەحەتی گەلی کورد جیابوونەوەیەکی دیکەیان لە حیزبدا پێکهێنا، جارێکی دیکە تەنیا بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان زەبرێکی دیکەی پڕ ئێش و ئازاریان لە حیزبی دێموکرات و خەڵکی کورد وەشاندەوە، تەنانەت یەک کەسیشیان لە ئەندامانی رێبەرایەتی و بەدەنەی حیزبەکەیان لە حیزبی دێموکراتدا نەمانەوە و بە یەکگرتوویییەکی کەم وێنە حیزبیان بە جێ هێشت. هەر ئەو کردەوەیە بەسە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە یەکگرتنەوەکەیان لەبەر مەسلەحەتی گەلی کورد نەبووە. لە راستیشدا هەر چەند بە کردەوە هاتنەوە نێو حیزب، بەڵام لەگەڵ حیزب یەکیان نەگرتەوە، وەک کوتلەیەکی یەکگرتوو

لە نێو حیزبدا مانەوە و کاتێک مەجالیان بۆ ڕەخسا و پشتیوانیان بۆ پەیدا بوو، هەر بەو شێوەی هاتبوونە نێو حیزب، هەر بەو جۆرەش لە حیزب جیا بوونەوە و جارێکی دیکە پشتیان لە حیزب کردەوە، ئەو جارەش دووبارە هێندێک پاساویان وەک جاری پێشوو بۆ جیابوونەوەکەیان داتاشی و دڵی خۆیان پێ خۆش کرد.

ئێمە هیوادارین کە لانیکەم ئەم جارەیان لەو ئەزموونە نەرێنییانە کەڵک وەرگرن و ئەگەر هاتو و یەکگرتنەوەیەکی دیکە هاتە ئاراوە، جارێکی دیکە بە دەردی یەکگرتنەوەکەی پێشوو نەچێ کە نە مەسڵەحەتی خۆیانی تێدایە و نە مەسڵەحەتی جووڵانەوەی کورد.

ئەوەی لێرەدا جێگای ئاماژەیە ئەوەیە کە :

ئایا نەدەکرا ئەو جیابوونەوەیە ڕوو نەدا و هاوڕێیانی ناڕازی بە پاراستنی بیر و بۆچوونی جیاوازی خۆیان لەگەڵ لیستی فیکسدا لە حیزبدا مابانەوە و بە شێوەیەک کە لە حیزبدا دیاری کرابوو، لە کات و جێگای خۆیدا بۆچوونی خۆیان خستبایە بەر باس بۆ ئەوەی قەناعەتیان بە زۆربەی ئەندامان و کادر و پێشمەرگەکان هێنابا کە بۆچوونەکەی ئەوان لە جێی خۆیدایە و لە کۆنگرەیەکی دیکە ئەو شێوە هەڵبژاردنەیان گۆڕیبایە؟ بێگومان ئەوە ڕێگایەکی دێموکراتیکی گونجاو بوو، چوونکە تەنانەت بە بێ مانەوەی ئەوانیش لە حیزبدا، لە کۆنگرەی ٩ ئەو شێوە هەڵبژاردنە بۆ ئەندامانی ڕێبەرایەتی ئاڵوگۆڕی بە سەردا هات.

بە لە بەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە تاقمی جیابۆوە لە حیزب دوای کۆنگرەی چوار، لە بەر ئەوەی بە ناڕەوا ناوی حیزبی دێموکراتیان لە سەر خۆیان دانا، ئاگری کێشە و دوژمنایەتییەکی قوولیان لە نێوان خۆیان و حیزبی دێموکراتدا ساز کرد، ئایا باشتر نەبوو ئەم تاقمەش مادام مەسڵەحەتی خۆیان لە جیابوونەوەدا دەدیت، ناوێکی دیکەیان بۆ خۆیان دیاری کردبایە بۆ ئەوەی نەبنە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە شەڕی براکوژی لە نێوان ڕیزەکانی جووڵانەوەی کورددا ساز بێ؟ چوونکە لە حاڵەتێکی وادا جێگای شەڕ و کێشە نەدەما و لەوانە بوو پێوەندییەکی

دۆستانەش لە نێوان هەر دوو لا ساز بێ و هێندێک هاوکاریش پێکەوە بکەن. هەر وەک د. قاسملووش لە بەشێک لە نامەکەیدا کە پێش لە ڕاگەیاندنی فەرمیی جیابوونەوە، بۆ کاک فەتاح کاویانی نووسیوە ئاماژە بەو ڕاستییە دەکا و دەنووسێ:

*"... ئەگەر کەسانێک هەن کە دەیانهەوێ ڕێکخراوێکی دیکە بە ناوێکی دیکە تەشکیل بدەن دیارە ئازادن، بەلام حەتمەن ئەوەیان لە بیرە کە ئەمیری قازیش ڕێکخراوی دروست کرد، باشە چی بەسەر هات؟ پێم وایە ئەو کەسانە دەبێ ئەوندە عەقڵیان هەبێ کە حیزبێکی دێموکراتی دیکە ساز نەکەن چوونکە حەتمەن چارەنووسی تاقمی حەوت کەسییان لە بیرە. لە هەر حاڵدا هیوادارم ئەو کەسانە کە ڕێکخراو ساز دەکەن ئەوەیان لە بەرچاو بێ کە هەر ڕێکخراوێکی دژی حیزبی دێموکرات بێ، دوژمن شاد و دۆست خەمبار دەکا، سەرەڕای ئەوە سەریش ناکەوێ، مێژووی سالانی ڕابردوو چەند جار ئەو ڕاستییە نیشان دەدا ..."*(٩).

بێجگە لەوانە بە پێی پرەنسیپ و هەروەها پێڕەوی ناوخۆی حیزب لەو کاتەوە تا نووسینی ئەو دێڕانەش زۆرایەتیی ڕێبەرایەتیی حیزبێک کە لە کۆنگرەیەکی شەرعیدا بە دەنگی زۆرایەتی هەڵدەبژێردرێ مافی هەلگرتنی ناوی ئەو حیزبەی هەیە، نەک کەمایەتی، جا ئەو کەمایەتییە هەر چەندێک بن. لە حاڵەتێکدا کە کەمایەتی ناوی حیزبەکە بۆ خۆی هەڵدەگرێ کارێکی نایاسایی و پێچەوانەی پێڕەوی ناوخۆی حیزب دەکا، لەو کاتەدا حیزب مافی ئەوەی هەیە کە لە ناوەکەی خۆی بەرگری بکات. لەو ولاتانەدا کە یاسا بالادەستە دادگا بە پێی شەرعی بوون و یاسایی بوونی لایەنێک و بەپێی زۆرایەتی و کەمایەتی بوونی هەر لایەنێک، بڕیار دەدا کام لایەن مافی ئەوەی هەیە ناوی حیزبەکە بۆ خۆی هەلگرێ. بۆیە بەگشتی ئەو کارە ناڕەوایە و لە کوردستان

کارەساتی ناوەتەوە.

بـا لێرەدا ئاماژە بە راسـتییەکی دیکەش بکەین کە رادەی پشتیوانی و بـە دەنگەوە هاتنی جەمـاوەری خەڵک بۆ حیزبێک نـەک تەنیا لەبەر ناوەکـەی، بەڵکوو بە هۆی بڕیار و هەڵوێسـتی بەجێی و بەڕێوەبردنی ئەوبڕیارانە، سیاسـەتی دروسـت و هاوئاهەنگ لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکان و بەو شـێوەیە راکێشانی متمانەی خەڵکە. لە زۆر شوێنی دنیا و تەنانەت لە کوردستانیشدا دیومانە کە کەمایەتییەک لە حیزبێک جیا بووەتەوە و بە کار و تێکۆشـانی بەردەوام و گرتنەبەری سیاسـەتی دروست دوای ماوەیـەک، لە هەمـوو بارێکەوە لە حیزبە ئەسـڵیەکە بەهێزتر بووە، بە بـێ ئەوەی ناوی ئەو حیزبەش هەڵبگرێ کـە لێی جیابووەتەوە. مێژوو نیشانی دا کە ئەم تاقمە بە هەڵگرتنی ناوی حیزبی دیموکراتیش نەبوون بە حیزبی دیموکرات.

بـە بۆچووونـی من، ئەو کەمایەتییانەی کە لـە حیزبێک جیا دەبنەوە، بـەڵام ناوێکـی دیکـە بۆ خۆیـان دیاری ناکـەن بۆ کار و تێکۆشـان و بووژانەوەیان، خۆیان بە لاواز دەزانن و باوەڕیان بە سەرکەوتنیان نیە، بۆیە لە جیاتی دیاریکردنی ناوێکی تازە و راوەستان لە سەر پێی خۆیان، دەیانەوێ هەر لە مێژووی حیزبێک خەرج بکەن کە بە جێیان هێشتووە و چـی دیکـە باوەڕیان پێی نەمـاوە، بۆیە ئەو حیزبانە بە شـێوەیەکی گشـتی سـەرکەوتوو نابن و نەک هەر نابنەوە بە حیزبی دایک، بەڵکوو بەرەبـەرە تێـدا دەچن یـان ئەونـدە لاواز دەبن کە شـوێندانانێکیان لە کۆمەڵگادا نامێنێ. لە حیزبی دیموکراتدا لانی کەم تا کاتی نووسینی ئەم دێرانە چارەنووسی پێڕەوانی کۆنگرەی چوار و رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ ئەو راستییە دەسەلمێنن.

سەرچاوە و پەراوێزەکان

(١)پەنجا ساڵ خەبات، بەرگی دووهەم لاپەڕەی ٣٨ ـ جەلیل گادانی

(٢) سەرچاوەی پێشوو، بەیانیەی جیابوونەوە ١٣٦٧/١/١ی هەتاوی ـ لاپەڕەی ٣٦

(٣)سەرچاوەی پێشوو لاپەڕەی ١٢٢

(٤)سەرچاوەی پێشوو لاپەڕەی ٢٦٣

(٥)سەرچاوەی پێشوو لاپەڕەی ٣٧

(٦)سەرچاوەی پێشوو لاپەڕەی ١٣١

(٧)سەرچاوەی پێشوو لاپەڕەی ٢٦ - ٢٨

(٨)وتووێژی خالید عەزیزی لە لەگەڵ بڵاوکراوەی «رووداو»

(٩)پەنجا ساڵ خەبات لاپەڕەی ٢٤

# بەشی پێنجەم

## جیابوونەوەی دوای کونگرەی ١٣

هەر وەک لە بەشی پێشوودا ئاماژەم پێ کرد، رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ دوای نزیک بە ٩ ساڵ دابڕان لە حیزبی دیموکرات و لە کۆتاییدا گەیشتن بە بن‌بەست، بۆ پێشگیری کردن لە لێکهەڵوەشان و بڵاوبوونەوەیان ئامادە بوون بە هەموو نرخێک لەگەڵ حیزب یەک بگرنەوە. ئەو یەکگرتنەوەیە لە رووی بیروباوەڕ و بە مەبەستی بەهێزتر کردنی حیزبی دیموکرات نەبوو، بەڵکوو یەکگرتنەوەکەیان هەوێنی جیابوونەوەیەکی دیکەی تێدا بوو، هەر بۆیەش ئەگەرچی گەڕانەوە نێو حیزب، بەڵام لە راستیدا قەت بە کردەوە لەگەڵ حیزب نەبوونەوە بە یەک. لەو ماوەیەدا کە لە حیزبدا مانەوە و پێکەوە کارمان دەکرد، ئەوان وەک گرووپێکی جیاواز هەر پێکەوە بوون، هێندێک لەوان تا جیابوونەوەیەکی دیکە هەر قسەیان لە "برادەرانی خۆمان" دەکرد کە مەبەستیان ئەو برادەرانە بوو کە رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕیان پێکهێنابوو، یان لەگەڵ ئەوان بوون، هەر بۆیەش دیتمان کاتێک مەجالی گونجاویان بۆ پێک هات (دوای کونگرەی١٣) هەموویان چۆن بە کۆمەڵ گەڕابوونەوە نێو حیزب، هەروا بە کۆمەڵ جارێکی دیکە حیزبیان بە جێ هێشت.

بە لە بەرچاوگرتنی ئەو راستییەی کە ئەو تاقمە لە رێکەوتی ١٣٨٥/٩/١٥ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٠٠٦/١٢/٦ی زایینی لە حیزب جیا

بوونەوە و ناوی "حیزبی دێموکراتی کوردستان"یان بە ناحەق لە سەر خۆیان دانا. بێجگە لەوە هێندێک بەهانەیان بۆ جیابوونەوەکەیان داتاشی و چەواشەکارییەکی زۆریان کرد تا خۆیان بە زوڵملێکراو نیشان بدەن و وا بنوێنـن کـە لە ژێر زەبر و جیاوازیدانانـی لایەنی دیکە، حیزبیان بە جێ هێشـتووە و بە وتەی عەبدوڵلا حەسـەنزادە جیابوونەوەیان بە سەردا سەپێنرا !، لە حاڵێکدا کە هیچ هۆیەکی تەشکیلاتی، سیاسی و...ی ئەوتۆ لە ئارادا نەبوو کە ناچار بە جیابوونەوە بن.

ئێسـتا کە نزیک بە ٨ سـاڵ بە سـەر ئەو جیابوونەوەیەدا تێپەڕیوە و کەفوکوڵی سەرەتا و تووڕەیی و رقئەستووری دژ بە یەک لە هەر دوو لا کەمڕەنگ بۆتەوە و راستییەکان بۆ زۆر کەس و لایەن، تەنانەت کادر و پێشمەرگەکانی لایەنی هاوڕێیانی پێشووشمان روونتر بوونەتەوە، بە پێویسـتی دەزانم بۆ مێژوو و بۆ داهاتوو باسـی تێکرای رووداوەکانی ئـەو جیابوونەوەیـە بە گوێرەی ئەو زانیارییانـە بکەم کە خۆم بە هۆی بەرپرسـایەتییەک کە لە حیزبدا پێم سـپێردرابوو بە دەسـتم هێناوە و هەر وەها هێندێک بۆچوون لە سەر ئەکتەرەکانی ئەو جیابوونەوەیە کە سـاڵانێکی زۆر وەک هاوکار و هاوڕێیەکی حیزبی لە خزمەتیاندا بووم و دەتوانم بڵێم ناسـیاریی باشم لەسـەر هەڵسوکەوت و سایکۆلۆژییان هەیە، بنووسـمەوە، بۆ ئـەوەی ئەوانیش "تەنیـا نەچووبێتنە لای قازی کە بە رەزایەتەوە بگەڕێنەوە". لە نووسـینی ئەو بەشەشـدا تێدەکۆشم راسـتییەکان بخەمە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز، بە پێچەوانەی هێندێک نووسـین و رەوایەت لە سـەر ئەو باسە کە لە لایەن هاوڕێیانی جیابوو لـە حیزبەوە تا ئێسـتا نووسـراون و بـە داخەوە لە زۆر نووسـین و بیرەوەرییەکانی خەڵکی دیکەش لە رووداوەکان، مەبەسـتی سەرەکییان دەرخسـتنی خۆیـان وەک قارەمانێکی حیکایـەت و رووداوەکان بووە، نەک دەرخسـتنی راسـتی رووداوەکان بۆ مێژوو. لەو جیابوونەوەیەدا من قارەمانەتییەک نابینم هەتا کەس و لایەنێک بخەمە قالبییەوە، بەڵکوو ئەوەی دیتوومە و دەیبینم ئەوەیە کە ئەوانەی جیا بوونەوە، ئەزموونێکی

دۆڕاویان دووپات کردەوە و خەسـاری گەورەیان لە حیزبی دێموکرات و جوولانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا.

بۆ ئەم مەبەستە و بۆ ئەوەی باسەکان تێکەڵ نەبن و هەموو بەشەکانم بە قەدەر پێویسـت روون کردبێتەوە، ئەم فەسـڵە لەو نووسراوەیە بەم بەشانەی خوارەوە دابەش دەکەم:

ئـا. هۆیەکانـی فۆرمگرتنی دوو فراکسـیۆن لە حیزبـی دێموکرات لە بەرەبەری یەکگرتنەوە لەگەڵ «ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر»دا.

ب ـ کونگرەی سێزدە لە چ حاڵ و هەوایەکدا پێک هات؟

ج ـ ڕووداوەکانـی دوای کۆتایـی کۆنگرەی سـێزدە تا جیابوونەوە و هەوڵەکانی یەکگرتنەوە دوای جیابوونەوە

د ـ ئەو ئەکتەرە سەرەکییانەی جیابوونەوەیان بە ئاکام گەیاند

**● ئا. هۆیەکانی فۆرم گرتنی دوو فراکسـیۆن لە حیزبی دێموکرات لە بەرەبەری یەکگرتنەوە لەگەڵ ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێردا**

دوای کۆنگرەی ٩و لەو کاتەوە کە باسـی یەکگرتنەوەی ڕێبەرایەتیی شۆڕشـگێر و حیزبی دێموکرات بوو بە بابەتی باسی نێوخۆیی حیزب، دوو فراکسـیۆن بەرەبەرە شـکڵێکی جیددییان بـە خۆیانەوە گرت. ئەم باسـە بە شێوەی سروشـتی موافق و موخالفی هەبوو، موخالفەکان بە لێکدانەوەی وەزعی ڕێبەرایەتیی شۆڕشـگێر، شێوەی ژیان و خەباتیان لە ماوەی جیابوونەوەیاندا لەو باوەڕەدا بوون کە یەکگرتنەوەیەکی لەم چەشـنە لە درێژماوەدا نەک هەر بە قازانجی حیزب تەواو نابێ، بەڵکوو کێشـە و گرفتی زۆر لە بەرەوپێشـچوونی کارەکانی حیزبدا پێک دێنێ. ئەوان لە ماوەی دوای جیابوونەوەدا هەر کەسیان لە فکری باشترکردنی ژیانی خۆیدا بوو، ئەندامانی ڕێبەرایەتییان ڕوویان لە ئورووپا کردبوو و لەوێ پاسپۆرتی پەنابەرییان وەرگرتبوو. خێزان و منداڵەکانیان ناردبوو بـۆ دەرەوە، تەنانـەت وەکوو حیزب، کادرەکانی ئاسـتی سـەرەوەیان هـانددا بچنـە دەرەوە و ببنە پەنابەر، لەو پێوەندییـەدا تا ئەو ڕادەیە چوونە پێش کە چەند کەسێکیان منداڵانی خوار تەمەن ١٨ساڵیشیان بە

بێ دایک و بابەکانیان ناردە دەرەوە، تا لەوێ وەک پەنابەر وەرگیرێن و ببنە هۆی یاسایی بۆ هێنانی دایک و بابەکانیان بۆ دەرەوە. بەم چەشنە ژمارەیەکی زۆر لە ڕێبەرایەتی و کادرە باڵاکانیان لە ڕاستیدا نیشتەجێی دەرەوەی وڵات بوون. باقی کادرەکانیشیان لە UNHCRی هەولێر وەک خوازیارانـی پەنابـەری لـە دەرەوە فایلیان پێکهێنابـوو و هەموو خەم و بیریـان لای ئـەو فایلانـە بوو کە کەنگـێ فایلەکانیـان دەکەوێتە بەر لێکۆڵینەوە و بانگ دەکرێن و دەنێردرێنە ئورووپا، لە هەلومەرجێکی وادا کار و تێکۆشـانە حیزبییەکەیـان و خەبات کردن کەم و زۆر فەراموش کرابـوو. ئاکامی ئەم وەزعە بێ سـەرەوبەرییەکی وای لە نێویاندا پێک هێنابوو کە مەعلووم نەبوو کێ چکارەیە! نموونەیەکی ئەم وەزعە ئەوە بوو کە کاک جەلیل گادانی کە گوایە سـکرتێری گشـتی بوو، بۆ خۆمی باس کرد کە دوو کەس لە ئەندامانی دەفتەری سیاسییان (کە ناوەکانیان لای منە) لە شوێنێک لە باشووری کوردستان لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسـلامی کەوتوونەتە وتوویژ و کاک جەلیل (سـکرتێری گشتی) دوای نزیک بە شەش مانگ بە هەڵکەوت لەو مەسەلەیە ئاگادار بۆتەوە. ئەمانە و زۆر هـۆی دیکە کە لە بەشـی "ڕێبەرایەتیی شۆڕشـگێر"دا باسـیان لەسـەر کراوە، ناڕازییەکانـی یەکگرتنەوەی گەیاندبـووە ئەو قەناعەتە کـە یەکگرتنەوە لەگەڵ ئەم گرووپـە بەرژەوەندیی حیزبی تێدا نییە. من یەکێک بووم لە لایەنگرانی ئەم بۆچوونە.

لە بەرانبەردا کۆمەڵێکی دیکە لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و هێندێک لـە ئەندامانی ڕێبەرایەتیش بە هۆی جیاواز پشـتیوانیان لە یەکگرتنەوە دەکرد. زۆربەی ئەو کەسـانە بە تایبەت ئەو کادر و پێشمەرگانە بوون کە ناسیارێکی ئەوتۆیان لەو تاقمە نەبوو و تەنیا لە ژێر هەست و سۆزی یەکگرتوویـی و یەکریزیـی خەباتکارانی کورد و بەهێـز بوونی حیزب لەو یەکگرتووییەدا و بە مەبەسـتی دڵسۆزی بۆ حیزب کەوتبوونە ئەو لایەنە. هەڵبەت هاندەری دیکەش لەگۆڕێدا بوون. عەبدوڵلا حەسـەنزادە یەکێک لەو کۆمەڵە کەسـانە و سەرۆکیان بوو. ناوبراو لەو پێوەندییەدا

زۆر چالاک بوو و زۆرتر بنچینەی بەڵگەهێنانەوەی خۆی سەبارەت بە گەڕانەوەی ئەو کەسانە بۆ نێو حیزب لەسەر ئەو باوەڕەدا نابوو کە دەیگوت "دەمەوێ بیانتوێنمەوە". لەبەر ئەوەی کە ئەو زیاتر لە هەمووان هێندێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی ئەو تاقمەی دەناسی و پێشتر بە تایبەتی دوای جیابوونەوەیان لە حیزب، زۆر باسی لە بێ توانایی ئەوان دەکرد.

هەڵگرانی ئەم دوو بیر و بۆچوونە جیاوازە بەرەبەرە کە لە کۆنگرەی ١٠ نزیک دەبووینەوە، کەوتنە دژایەتی و شکاندنی یەکتر و لە ئاکامدا باسەکان لە شێوەی باس و دیالۆگی دیموکراتیک و قانعکردنی یەکتری لای دا. کۆنگرەی ١٠ی حیزب لە فەزایەکی پڕکێشەی ئەوتۆدا پێکهات و لە کۆتاییدا لایەنگرانی بیری یەکگرتنەوە سەرکەوتن. لە ئاکامدا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بوو بە سکرتێری گشتیی حیزب کە ئەرکی سەرەکیی بریتی بوو لە جێبەجێکردنی یەکگرتنەوە.

من کە پێش کۆنگرە سکرتێری گشتیی حیزب بووم، لە کۆنگرەدا پیرۆزباییم لە سکرتێری تازە کرد و هەموو ئەو کارانەی بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ئەو بەرپرسایەتییە لە سەر شانی من بوون، جێبەجێم کردن و دوای ئەوەش هەموو هەوڵی خۆم دا کە ئەو ڕووداوە دوای کۆنگرە وەک بابەتیکی کۆتاییهاتوو سەیر بکرێ و هەموو لایەک پێکەوە بە پێی ئەرکی دیاریکراو لە پێناوی بەرەوپێشبردنی حیزبدا تێ بکۆشین و ئاسەواری دوو فراکسیونی بسڕینەوە، لەو پێوەندییەدا کەسانێک لە بەرپرسانی حیزبی کە بەو یەکگرتنەوەیە ڕازی نەبوون، زۆریان هانی منیان دەدا کە لە حیزب جیا ببینەوە، بەڵام من باوەڕم بەو کارە نەبوو و بۆ من و زۆربەی ئەو هاوڕێیانەی کە بەو یەکگرتنەوەیە ڕازی نەبوون، وەک کەسانێکی دیموکرات بڕیاری کۆنگرە وەک بڕیاری زۆرایەتیی حیزب کۆتایی کێشەکان بوو و دەبوو هەموومان لە بەرچاوی بگرین و لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەینەوە.

بەڵام بەداخەوە ئەو کۆمەڵەی کە گەڕابوونەوە نێو حیزب (و لە

راستیدا لەگەڵ حیزب یەکیان نەگرتبۆوە) تا کۆتایی وەکوو دژبەری خۆیان لە حیزبدا سەیری ئەو لایەنەیان دەکرد کە ئەو کات رازی بە یەکگرتنەوە نەبوون و زۆر جار ئەو دژایەتییەیان باس دەکرد یان بە کردەوە نیشانیان دەدا کە بۆ ئەوان جێگای متمانە نین. دیارە لە نێو ئەو تاقمەشدا کە موافقی یەکگرتنەوەکە بوون، کەم نەبوون کەسانێکی بەرژەوەندیخواز کە ئەو هەستەیان لای ئەوان بەهێز دەکرد بۆ ئەوەی بە لای خۆیاندا رایانکێشن و خۆیانی پێ بەهێز بکەن، کە بەداخەوە ئەم بەرنامەیە کاریگەریی خۆی هەبوو و دیتمان بە دوای کۆنگرەی سێزدەهەمدا هەموویان بە لای جیابووەکاندا شکانەوە و جارێکی دیکە حیزبیان بە جێ هێشت.

بەم چەشنە لە دوای کۆنگرەی دەیەمەوە، لە کۆنگرەکانی یازدە و دوازدەدا موخالفانی ئەو یەکگرتنەوەیە هەمیشە لە رێبەرایەتیدا لایەنی کەمینە بوون. بەڵام سەرەڕای ئەوەی رەخنە و پێشنیارەکانی خۆیان لە کۆبوونەوە و پلینۆمەکانی حیزبدا دەهێنایە بەرباس، لە بەڕێوەبردنی بڕیارەکانی حیزبدا بە هەموو توانای خۆیان تێ دەکۆشان و لە هەموو ئەو ماوەیەدا یەکڕیزیی حیزبیان پاراست. بە پێچەوانەی لایەنی زۆرایەتیی رێبەرایەتیی کۆنگرەی دوازدە کە دوای هەڵبژاردنی ئەندامانی رێبەرایەتی لە کۆنگرەی سێزدەدا، کاتێک کە دەرکەوت جارێکی دیکە دەنگی متمانەی نوێنەرانی کۆنگرەیان بەدەست نەهێناوە کە ببنەوە بە زۆرایەتی، تەنانەت تەحەمولی یەک دەوریشیان نەکرد کە وەک کەمایەتی بە هەڵسوکەوتی دیموکراتیک و کارو تێکۆشانی سادقانە سرنجی بەدەنەی حیزب بۆ لای خۆیان راکێشن بۆ ئەوەی لە کۆنگرەی دواییدا جارێکی دیکەش بتوانن لە رێبەرایەتیدا ببنەوە بە زۆرایەتی، بەڵکوو هەر لە یەکەم ساتەکانی دوای راگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردن لە کۆنگرەی سێزدەدا، دەستیان دایە بەربەرەکانییەکی نادیموکراتیک دژی رێبەرایەتیی تازە هەڵبژێردراو و کارشکێنی کردن تا ئەو کاتەی کە بە رەسمی جیابوونەوەی خۆیان لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران راگەیاند.

**● ب: کۆنگرەی سێزدە لە چ فەزایەکدا پێک هات؟**

ڕێکەوتـی ١٣٨٢/٨/١٩ی هەتـاوی کۆمیتـەی ئامادەکردنی کۆنگرەی سـێزدەهەم کە لە پلینۆمی ڕێکەوتـی ١٣٨٢/٨/١٢ دیاری کرابوو یەکەم کۆبوونەوەی خۆی پێکهێنا، لەو کوبوونەوەیەدا عەبدوڵلا حەسـەنزادە بەرپرسـی کۆمیتە، لە سـەر ئەرکەکانی کۆمیتە لـە پێناوی ئامادەکاری کۆنگرە ڕیزە پێشنیارێکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد. ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە بریتی بوون لە:

- عەبدوڵلا حەسەنزادە، سکرتێری گشتیی حیزب
- محەممەد نەزیف قادری، بەرپرسی ناوەندی ١ی کوردستان
- ڕۆستەم جەهانگیری، بەرپرسی ناوەندی ٣ی کوردستان
- حەسەن قادرزادە، بەرپرسی ناوەندی ٢ی کوردستان
- حەسەن خۆشکەلام، بەرپرسی تەداروکاتی کۆمیسیونی ماڵی
- عومەر غولامعەلی، بەرپرسی بەشی فیلم
- مستەفا هیجری، بەرپرسی کۆمیسیونی سیاسی نیزامی

دوای ئەو کۆبوونەوەیە سکرتێری گشتیی حیزب سەفەری ئورووپای کرد و لە ئامادەنەبوونی خۆیدا کاک حەسـەن شەرەفیی وەک نوێنەری خـۆی لـە کۆبوونەوەکانـی کۆمیتـەی ئامـادەکاردا ناسـاند. بۆیـە لە کۆبوونەوەی دووهەمدا کاک حەسـەن شـەرەفی لە جیاتی حەسەنزادە بەشـدار بـوو. بـەڵام حەسـەنزادە پاش گەڕانـەوەی لە سـەفەر، کاک حەسـەن شـەرەفی کە ئامادە نەبوو هەموو راسـپاردەکانی ئەو وەک خـۆی دەیهەوێ جێبەجێ بکا، وە لا نـا و کاک باباعەلی میهرپەروەری لـە جێگای خـۆی بەو کۆمیتەیە ناسـاند کە تا کاتی کۆنگرەی سـێزدە کاک باباعەلـی ئـەو نوێنەرایەتییەی بەڕێوە برد. حەسـەنزادە بۆ خۆی ڕاسـتەوخۆ بەشـداری کوبوونـەوە نەدەبـوو، بۆیـە کاک باباعەلی کە نوێنـەری ناوبراو بوو هەموو کار و باسـەکانی کوبوونەوەی بە ڕاوێژ لەگەڵ سـکرتێری گشتی ڕێک دەخست و ئاکامی کاری کوبوونەوەکانی پێ دەدایەوە.

کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرە لە درێژەی کارەکانی خۆیدا هەیئەتێکی بە ناوی "کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی ئەندامانی ڕێبەرایەتی" پێکهێنا کە بریتی بوون لە:

- کاک باباعەلی مێهرپەروەر و کاک مستەفا مەولوودی، ئەندامانی دەفتەری سیاسی
- کاک عوسمان ڕەحیمی و کاک تەیموور مستەفایی، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی

لە نێو کادرەکانیشدا کاک حەمەڕەسوول حەسەنپوور و مام ئەسعەد ئەحمەدی[1] دیاری کران و تا کۆتایی کاک مستەفا مەولوودی وەک بەرپرسی ئەو هەیئەتە مایەوە.

لە یەکەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ئامادەکردندا کە سکرتێری گشتیی حیزب بەشداریی تێدا کرد، کۆمەڵە پێشنیارێکی بە مەبەستی دابەشکردنی کاری ئامادەکاری بۆ کۆنگرە خستنە بەر نەزەری بەشدارانی کۆبوونەوە کە پەسند کران. پێشنیارەکان بەم چەشنە بوون:

١- ئامادەکردن و نووسینی ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی: عەبدوڵڵا حەسەنزادە

٢- ئامادەکردن و گەڵاڵەکردنی ئەو ئالوگۆڕانە کە پێویستە لە پێڕەو و پرۆگرامی حیزبدا بگونجێن: کاک حوسێن مەدەنی

٣- ئامادەکردنی بڕیارنامە لەبارەی مەسائیلی نێونەتەوەیی، ناوچەیی و...: کاک حەسەن ڕەستگار

٤- ئامادەکردنی پۆستەرێک بۆ کۆنگرە: کاک بابا عەلی مێهرپەروەر

٥- ئامادەکردنی لیستی کاندیداتورەکان بۆ کۆمیتەی ناوەندی: کاک بابا عەلی مێهرپەروەر

٦- ئامادەکردنی پەیامەکان: کاک قادر وریا

دیارە بێجگە لەو کەسانە کە هەموویان لە باڵی زۆرایەتی بوون، هێندێک ئەرک بە چەند کەس لە کەمایەتیش وەک دەڵێن(ابو خالی

نەبوونـی عەریزە) سـپێردرا وەک ئەوەی کاک حەسـەن شـەرەفی بۆ سەرپەرەسـتیی بۆڵتەنـی کۆنگرە دیاری کرا کە لـە حیزبی دیمۆکراتدا گرینگییەکـی ئەوتـۆی پـێ نـەدراوە. کاری ئامادەکردنی لیسـتی کادر و پێشـمەرگەکانیش بە مسـتەفا هیجری سـپێردرا، بۆیـەش عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە لاپەڕەی ٥١٢ی ئەزموونی خەباتدا بە حەق دەڵێ:

*"هەموو ئەسـنادی کۆنگرەی سـێزدە هـەر ئەو لایەنە ئامادە و تەنزیمی کردن کە کەوتنە لای ئێمە".*

بەڵام باس لەوە ناکا کە سـەرەڕای ئەوە هیچ کامیان ڕێزیان بۆ ئەو بەڵگەنامانە دانەنا کە خۆیان ئامادەیان کردبوو.

دوای دیاریکردنی ئەندامانی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرە، بەرەبەرە کە لە کۆنگرە نزیک دەبووینەوە ڕیزبەندییەکان زیاتر شـکڵیان دەگرت، عەبدوڵڵا حەسەنزادە لەو نێوانەدا دەیەویست وا نیشان بدا کە بێلایەنە، بەڵام چوونکە کردەوەکانی بە ئاشکرا لایەنگرانە بوون کەس باوەڕی پێ نەدەکرد، ناوبراو ڕێبەرایەتیی باڵی زۆرینەی دەکرد و ڕێکخسـتنەکانی ئـەو باڵە لە ژێر چاوەدێری و ڕێنوێنیـی ناوبراودا بەڕێوە دەچوون. لە کتێبـی ئەزموونـی خەباتیشـدا زۆر هەوڵ دەدا و بەڵگە دادەتاشـی کە بە خوێنەرانی کتێبەکەی بسـەلمێنێ کە ئـەو لەگەڵ هیچکام لە باڵەکاندا نەبـووە، بەڵام سـەرئەنجام لە وەڵامی پرسـیارێکی هەیـاس کاردۆ لە لاپەڕەی ٦٢٩ی ئەزموونی خەباتدا وەڵام دەداتەوە و دەڵێ:

*"... ئـەوەی کە دەڵێـن ئەگەر ئەو نەبایە ئـەو لەتبوونە نەدەبوو، ئەمن ئەوەی قبووڵ دەکەم. ئەوە راسـتە. ئەمن خوازیاری لەتبوون نەبووم، بەڵام لەو وەختەدا بمەوێ و نەمەوێ ببوومە ڕەمزی ئەو بزووتنەوە ......".*

کاتێک پیلانگێڕی بۆ تێکدانی ڕیزەکانی حیزب و سەرۆکایەتی کردنی تاقمێـک بۆ بە وتەی خۆیان "لەتکردنی حیزب" بە بزووتنەوە دابنرێ و شانازی بە سەرۆکایەتییەکەیەوە بکرێ، ئیدی بەڵگەیەکی لەوە بەهێزتر نیە بۆ ئەوەی نیشـان بدا کـە هەر ئەو ڕەمـزە! "بزووتنەوەی"! بەرەو

جیابوونەوە بزواندوە.

خالێکی دیکە کە لەو ماوەیەدا - پێکهاتنی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی سێزدە تا کۆنگرە - بەرچاو بوو و پێویستە ئاماژەی پێ بکەین دەوری ئەندامانی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێری پێشوو لە نێو حیزبدایە. ئەم گرووپە لە سەرەتادا دەیانویست وا بنوێنن کە نە لەگەڵ کەمایەتی و نە لەگەڵ گرووپی حەسەنزادەن و گوایە بۆ خۆیان گرووپێکن و ڕەخنەیان لە هەر دوو لا هەیە، بەڵام لە کۆتاییدا هەر دوو لا لە دژی کەمایەتی یەکیان گرت. کاک حوسێن مەدەنی لە نامەیەکی نهێنیی ١١ لاپەڕەیی A4دا کە لە ژێر سەردێڕی "بۆ هاوڕێ خۆشەویستەکانم" - مەبەست هاوڕێیانی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕە - لە دوای کۆنگرەی سێزدە بە نهێنی لە نێو هاوڕێیانی خۆیدا بڵاوی کردۆتەوە ئاماژە بەو ڕاستییە دەکا. لە لاپەڕەی یەکەمی ئەو بڵاوکراوەیە لە ژێر سەردێڕی "جیناح بازی"دا کاک حوسێن هێرش دەکاتە سەر هەر دوو باڵەکە و دەنووسێ:

> "*بەشی زۆری ئەو هەوڵە نێوخۆییانەی تا ئێستا بە ناوی جیناح‌بازی کراوە، چوونکە هیچ مەفهوومێکی سیاسی و بۆچوونێکی گشتیی تەشکیلاتی بە دووی خۆیدا ڕاناکێشێ، شەقلی سیاسیی تەشکیلاتییان پێوە دیار نیە...*".

لە درێژە و هەر لەو لاپەڕەیەدا دەنووسێ:

> "*ویڕای ئەو تێبینییانەی سەرەوە ئەو دوودەستەگەرییەی نێو حیزب لە هەر دوو بەشدا بە ناوی «جیناحی مامۆستا» و «جیناحی هیجری» دەیانهێننە بەر باس...*".

بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کاتێک کاک حوسێن دوای کۆنگرە ئەو نامەیە بڵاو دەکاتەوە، زۆر پێش ئەو ڕێکەوتە و لە پێش پێکهاتنی کۆنگرە لەگەڵ لایەنی زۆرایەتی یەکیان گرتبوو و یەکگرتووانە بەرنامەکانیان دەبردە پێش.

یەکگرتنەوەی ئەو دوو لایەنە لە حاڵێکدا بوو کە هیچکامیان باوەڕیان بە

یەکتری نەبوو، تەنانەت لەپێش کۆنگرەی دەیەمیش کە باسی یەکگرتنەوە لەگەڵ ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ گەرم بوو، بەهێزترین هۆی حەسەنزادە بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ ئەوان وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد ئەوە بوو کە "بیانتوێنێتەوە"، گرووپی ڕێبەرایەتیش لە کۆڕوکۆبوونەوەکانی نێوخۆیاندا گاڵتەیان بەو لایەنە بەتایبەتی بە عەبدوڵڵا حەسەنزادە دەکرد و قەت بە جیددییان وەرنەگرتن، بەڵام لە کۆتاییدا "ڕەمزی بزووتنەوە" توانی ئەوانیش بۆ لای خۆیان ڕابکێشێ، یان لەوانەشە کاک حەسەنی ڕەستگار توانیبێتی بچێتە ژێر باڵی حەسەنزادە و بۆ جیابوونەوەیەکی دیکە هانی دابێ! بۆ ئەوەی ئەو بێ متمانەییەی ئەو دوو لایەنە بە یەکتر ڕوونتر بێتەوە ئاماژە بە ڕووداوێک دەکەم:

دوای کۆنگرەی ١٠ من وەک جێگری سکرتێر دیاری کرام (بە نابە دڵی خۆم)[٢] و دوای کۆنگرەی یازدەش ئەو بەرپرسایەتییەی من بەردەوام بوو، لە کۆنگرەی دوازدە، حەسەنزادە گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی کە چی دیکە ئەو بەرپرسایەتییەی من بە مەسلەحەتی ئەو نیە. دیارە ئامادەش نەبوو لەگەڵ کەسێکی دیکە لە لایەنی کەمایەتی وەک جێگری سکرتێر هاوکاری بکا، لە لایەنی خۆی ئەوەی زیاتر لە هەموان خوازیاری ئەو بەرپرسایەتییە بوو، کاک حەسەن ڕەستگار بوو، بۆیە سکرتێری گشتی دەبوایە لەگەڵ ناوبراو وەک جێگری خۆی هاوکاری بکا، بەڵام حەسەنزادە هەرچەند لە ڕواڵەتدا ڕەفیقایەتی و هاتوچۆی لەگەڵ کاک حەسەن ڕەستگار گەرم بوو، بەڵام لەباری کاروباری حیزبییەوە هیچ باوەڕێکی پێی نەبوو و زۆرجار لە دانیشتنە تایبەتییەکاندا لە سەر تایبەتمەندییە نەرێنییەکانی کاک حەسەن ڕەستگار کە بە دڵی نەبوون قسەی دەدرکاند. لێرەدا حەسەنزادە تێدا مابوو کە دەبێ چ بکا؟ چوونکە لە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتدا ساڵانێکی زۆر بوونی جێگری سکرتێر وەک کلتورێکی لێ هاتبوو و لە پێڕەوی نێوخۆی حیزبدا ئەو بەپرسایەتییە دیاری کرابوو. لە ڕاستیشدا نەبوونی جێگرێک بۆ سکرتێری حیزبێکی دێموکرات شتێکی هەڵە و نەگونجاوە.

حەسەنزادە کە هەمیشە لە دیتنەوەی حیلەی شەرعیدا بە ناوبانگ بوو[٣]، لەگەڵ من قسەی کرد و هێندێک شێر و ڕێویی بۆ هێنامەوە و حاڵی بووم بە بۆچوونی ئەو ئیدی ئەو بەرپرسایەتییە بۆ من بە مەسڵەحەتی نیە و باسی کرد کە دوای منیش کەسێک کە زیاتر لە هەمووان خۆازیاری ئەو بەرپرسایەتییەیە کاک حەسەنی ڕەستگارە و کەسانیکیش لە کۆمیتەی ناوەندیدا دەنگی پێ دەدەن، بەڵام لەگەڵ ناوبراو کارم بۆ ناکرێ و هێندێک لە هۆیەکانی کار لەگەڵ نەکردنی بۆ باس کردم کە هێندێکیانم پێشتریش لێ بیستبوو. بۆ عیلاجی ئەم گرێ پووچکەیە داوای لێ کردم کە یارمەتیی بدەم و موخالفەت نەکەم لەسەر ئەوەی کە ئەو خاڵە (جێگری سکرتێر) لە پێڕەوی ناوخۆدا لابچێ و تەنیا سکرتێر لە کاتی سەفەرکردندا بۆ خۆی کەسێک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی دەستنیشان بکا هەتا لە نەبوونی ئەودا کارەکانی سکرتێر ڕاپەڕێنێ. منیش کە هەر لە سەرەتاوە ئەو کارەم بەدڵ نەبوو، لەبەر ئەوەی جیاوازیی بۆچوونم لەگەڵ سکرتێر زۆر بوو، لە پێوەندی لەگەڵ خۆمدا پێشوازیم لێ کرد و لە کاتی باس کردن لەسەر ئەو خاڵە لە پێڕەوی ناوخۆدا ڕامگەیاند کە ئامادەم جێگری سکرتێر نەبم و مادام سکرتێر بۆ خۆی پێی باشە جێگری نەبێ دەکرێ ئەو خاڵە لە پێڕەودا لابچێ. لە کۆتاییدا هەر وای لێ هات هەرچەند هێندێک لە ئەندامانی کۆنگرە ڕەخنەیان لە لابردنی ئەو خاڵە هەبوو و بە حەق دەلیلی زۆر باشی تەشکیلاتییان بۆ مانەوەی دەهێنایەوە، بەڵام لە کۆتاییدا قبووڵ کرا کە ئەو خاڵە نەمێنێ. بێ باوەڕیی ئەو دوو لایەنە ماوەیەکی کورتی دوای جیابوونەوەیان لە حیزب دوای کۆنگرەی سێزدە جاریکی دیکە سەری هەڵدایەوە و تا نووسینی ئەم دێڕانەش کەم و زۆر درێژەی هەیە.

لەو ماوەیەدا هەستی متمانە بە یەکتر لە نێوان دوو باڵی زۆرایەتی و نارازییەکاندا تا ئاستێکی ڕووخێنەر دابەزیبوو، بە شێوەیەک کە دەکرێ بڵێین تەقریبەن هێڵی سوورێک بە ناوی پاراستنی قازانج و

بەرژەوەندیی حیزب نەمابوو. تا لە پێکهێنانی کۆنگرە نزیک دەبووینەوە ئەو بێ متمانەیییە بەهێزتر دەبوو و کاروباری حیزبی بەرەو ڕاوەستان دەچوو. لەو فەزا ژەهراوییەدا کەسانی هەلپەرەست، بەرژەوەندیخواز و تەنانەت کەسانێک کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە ڕێنوێنی دەکران، بە فیتنەگەری، گەورەکردنەوەی شتی بچووک، درۆ و بوختان سازکردن و ... . فەزاکەیان ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەکرد. تۆ ڕەخنەیەکت لە کادرێک یان پێشمەرگەیەک گرتبا پاڵی وە لایەنی دیکە دەدا و جوابی کەسی نەدەدایەوە، بەتایبەتی لایەنی زۆرایەتی کە هەستیان بەوە کردبوو لە نێو زۆربەی بەدەنەی حیزبدا (کادر، پێشمەرگە، ئەندامان) ناخۆشەویستن و لایەنگریان کەمە بە هەموو نرخێک کەسانی گوماناوی، بێ نەزم و تێکدەریان لە ڕیزەکانی خۆیاندا جێ دەکردەوە. لەو پێوەندییەدا ڕووداوێک باس دەکەم کە ڕاستیی ئەم وەزعە دەردەخا:

لاوێک ماوەیەکی کورت بوو هاتبووە ڕیزی پێشمەرگە. دوای هێندێک زانیاری کە بە دەستمان گەیشتبوو دەرکەوت کە لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە ناردرابوو، ئەو بە ناو پێشمەرگەیە لە لێپرسینەوەیەک کە کۆمیتەی ئەمنییەتی حیزب لەگەڵیدا کردبووی، دانی بە تاوانی خۆیدا نابوو و بە ڕوونی باسی ئەوەی کردبوو کە ئەرکی لە ناوبردنی ئەندامێکی ڕێبەرایەتیی حیزبی پێ سپێردراوە کە لەگەڵ باڵی کەمایەتی بوو (ناوی لە لای ئێمە پارێزراوە). ئەو کەسە بەو شێوەی کە لە لایەن ڕێژیمەوە ڕێنوێنیی پێ درابوو توانیبووی لە هاوڕێی ڕێبەرایەتیی مەبەست بە تەواوی نزیک ببێتەوە و متمانەی ئەو بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. دوای لێکۆڵینەوە و دانپێدانانەکانی کە تۆمار کرابوو و تا ئێستاش لە ئارشیودا ماوە، ئەو کەسە لە ڕیزی پێشمەرگە دەرکرا و وابزانم گەڕایەوە بۆ ئێران، بەڵام دوای جیابوونەوە گەڕایەوە ڕیزی ئەوان و وەک پێشمەرگە وەرگیرا. دوای هەموو ئەوانە لایەنی بەرانبەر لە جیاتی سوپاسکردن لە کۆمیتەی ئەمنییەت کە گیانی ئەندامێکی ڕێبەریی

رزگار کردووە، کەوتنە رەخنەگرتن و رایانگەیاند ئەو پێشمەرگەیە یەکێک لە ئەندامانی هەڵسووڕی لایەنی زۆرایەتی بووە بۆیە دەرکراوە. لەسەر ئەو رەخنەگرتنە داوا لە کاک حەسەن رەستگار کرا کە بۆخۆی زەحمەت بکێشێ و تۆماری دەنگ و رەنگی ئەو بەناو پێشمەرگەیە ببینێ. کاک حەسەن رەستگار دوای دیتنی تۆمارەکە قەناعەتی هێنابوو کە ئەو کەسە نێردراوی رێژیم بووە، بەڵام لە لای هاوڕێکانیەوە پێداگریی لەسەر ئەو راستییە نەدەکرد.

لە کۆنفرانسەکانی پێش کۆنگرە کە بە پێی بڕیاری کۆمیتەی ئامادەکار و پەسندی کۆمیتەی ناوەندی، نوێنەرانی کۆنگرەیان تێدا دیاری دەکرا، نوێنەرانی هەر کۆنفرانسێک دیار بوون کە چەند کەسیان لایەنگری لە کام لایەن دەکا و رۆژ بە رۆژ کە کۆنفرانسەکان پێک دەهاتن و ئاکامەکەی دەردەکەوت کە لایەنگرانی لایەنی زۆرایەتی کەمترن، نیگەرانیەکانیان زیاتر دەبوو و دیسان رکەبەریی لایەنی زۆرایەتی دژ بە کەمایەتی زیاتر پەرەی دەگرت.

ئەم وەزعە نەخوازراوە هەموو ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و دۆستەکانمانی نیگەران کردبوو و رۆژانە لە نێوخۆی وڵات، لە باشووری کوردستان ئەندامان و لایەنگران، هەیئەتەکانی حیزبەکانی دۆست، کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکان دەهاتنە لامان و داوایان دەکرد کە ئەو کێشانە چارەسەر بکەین بۆ ئەوەی جیابوونەوەیەک لە حیزبدا روو نەدا، عەبدوڵڵا حەسەنزادەش لە وەڵامی ئەو خەڵکە دڵسۆزەدا قەولی دەدا کە شتێکی وا نایەتە پێش و تێ دەکۆشا نیگەرانیی خەڵک برەوێنێتەوە.

یەک دوو رووداو لەو پێوەندییەدا زۆر زەق بوون و لە دڵی ئێمەشدا هیوای پێک هێنا کە وادیارە "رەمزی بزووتنەوە" لە سەر جیابوونەوە سوور نیە:

- جاریکیان لە شانۆیەکدا کە منداڵانی کادر و پێشمەرگەکان پێکیان هێنابوو، دەقێکیان دەگوتەوە و داوایان دەکرد کە لێکمان جیا مەکەنەوە،

من و حەسەنزادە لە لای یەک دانیشتبووین و چاومان لەو شانۆ پڕ لە سۆزەی ئەو منداڵانە دەکرد. حەسەنزادە فرمێسکەکانی دەهاتنە خوارێ. دوای تەواوبوونــی شـــانۆکە زۆر بـــە قەتعیەتەوە رایگەیانـد و روو بە منداڵەکان پێی گوتن کە جیابوونەوەیەک لە حیزبدا روو نادا.

ســەرئەنجام کۆنگرەی ســێزدەهەم لە فەزایەکی ناخۆشدا پێک هات. کارە رووتینەکانــی کۆنگــرە یــەک بەدوای یــەک چوونە پێــش. دوای راپۆرتــی کۆمیتــەی ئامادەکــردن، مەشــرووعیەتی کۆنگــرە لــە لایەن بەشدارانەوە تەئید کرا. راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی کە لە لایەن عەبدوڵلا حەســـەنزادەوە ئامادە کرابوو و پێشــتر لە دوایــن پلینیۆمی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دوازدەدا پەسند کرابوو، پێشکەش بە کۆنگرە کرا و دوای باسکردن لە سەر ئەو راپۆرتە و لە بەرچاو گرتنی رەخنە و پێشــنیاری کۆمەڵێک لە ئەندامانــی کۆنگرە، لە لایەن زۆربەی زۆری ئەندامانی کۆنگرەوە پەســند کرا و ئاڵوگۆڕە پێشــنیارکراوەکانی بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆش هەر بەو شێوەیە پەسند کران. ئاڵوگۆڕێکی بەرچــاو کە لە راپۆرت و بە دوای ئــەودا لە بەرنامە و پێڕەوی حیزبدا لــەو کۆنگرەیە هاتنە پێش، ئاڵوگۆڕ لە دروشــمێکی پێڕەوی ناوخۆ بوو کــە لە جیاتی خودموختاری بۆ کوردســتان "دامەزراندنی سیســتمێکی دێموکراتیکــی فیدراڵی لە ئێران و دابینکردنی مافی نەتەوایەتی بۆ گەلی کورد لە کوردســتانی ئێران" (بەرنامە و پێڕەوەی ناوخۆ پەسندکراوی کۆنگــرەی١٣ فەســڵی یەکەم بەندی ٣) وەک دروشــمی حیزب پەســند کرا.

تــا ئەم کاتەی کاری کۆنگــرە گرفتێکی بەرچاو نەهاتە پێش و هەموو کارەکان بە پێی بەرنامەی دیاریکراو دەچوونە پێش؛ بێجگە لە تووڕەبوون، زیزبوون و بە جێ هێشتنی کۆنگرە لە لایەن حەسەنزادەوە کە دوایی لە ســەر داوای هاورێیان و داوای خۆشــم گەڕایەوە ساڵونی کۆنگرە. ئەو کارەی حەسەنزادە هێندە نابەجێ بوو کە لە تەواوی ئەندامانی کۆنگرە، تەنیا دەوری حەوت کەس بە دوایدا کونگرەیان بە جێ هێشــت کە سێ

کەسیان بریتی بوون لە دوو زاوا و کچێکی.

بەڵام کێشەی بنەڕەتی کاتێک پێکهات کە دوای هەڵبژاردنی ئەندامانی ڕێبەرایەتیی نوێ و ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردن دەرکەوت کە ئەو برادەرانە (ئەندامانی ڕێبەریی پێشوو) دوای سێ کۆنگرە و بۆ ماوەی نزیک بە دە ساڵ، لە زۆرایەتیی ڕێبەرایەتیدا نەماون، بەتایبەتی ئەو کاتەی کە هێندێک لەو هاوڕێیانە لە دەوری یەکەمی هەڵبژاردن دەنگیان نەهێنایەوە و پێویست بوو دەورێکی دیکەش لە کاندیداتۆریدا بمێننەوە تا دەنگیان بدرێتێ، لەو کاتەدا دنەدانێکی توند لە لایەن ئەوانەوە دەستی پێ کرد و هاوڕێیانی خۆیانیان هان‌دەدا کە لە کاندیداتۆری بکشێنەوە. بەداخەوە حەسەنزادە تەنانەت بۆ خۆشی لەو هاندانەدا بەشدار بوو، تا سەرئەنجام یەک دوو کەس لە هاوڕێیانی خۆی بە گژیدا هاتنەوە و سەرەڕای نارەزایەتیی ناوبراو خۆیان کاندید کرد و هێندێکیان دەنگی زۆریشیان هێنایەوە و بوون بە ئەندامی ڕێبەرایەتی.

بۆ ئەو گرووپە بە تایبەتی بۆ "ڕەمزی بزووتنەوەکە" تەحەمول نەدەکرا کە گرووپەکەی ئەو لە زۆرایەتیی ڕێبەریدا نەمێنن؛ وەک ئەوەی ئەو زۆرایەتییە وەک مافێک بێ کە لە حیزبدا تایبەت بەوان بێ و ئێستا ئەو مافەیان لێ داگیر کرابێ. بەم شێوەیە ئەو لایەنە بە توورەیی و نارازیبوونەوە هۆڵی کۆنگرەیان بە جێ هێشت و تەنانەت لە جێژنی کۆتایی کۆنگرەشدا کە وەک نەریتێک دوای هەموو کۆنگرەیەک بەڕێوە دەچێ، بەشدارییان نەکرد.

شایانی ئاماژەیە هۆی ئەوەی کە کۆنگرەی سێزدە جارێکی دیکە ئیزنی نەدا ئەوان لە ڕێبەرایەتیی حیزبدا ببنەوە بە زۆرایەتی، شێوەی کارو تێکۆشان و هەڵسوکەوتی ئەو هاوڕێیانە بوو. بەدەنەی حیزب لەو باوەڕەدا بوو کە ئەو زۆرایەتییە لە ماوەی نێوان سێ کۆنگرە بە دوای یەکدا کە سەرجەم دە ساڵی بە سەردا تێپەڕیوە، مودیرییەت و بەڕێوەبەرییەکی سەقەتیان بووە و لە ئاکامدا حیزب لە ئەرک و ئامانجەکانیدا کە لە کۆنگرەکاندا دیاری کراون سەرکەوتوو نەبووە.

لە هەمووان گرینگتر نارەزایەتی لە شێوەی هەڵسوکەوتی سکرتێری گشتی (عەبدوڵڵا حەسەنزادە) و بێ توانایییەکەی لە وەک یەک دیتنی ئەندامانی ڕێبەرایەتی و لە بەرچاو نەگرتنی تێکۆشان و فیداکاریی کەسانی دڵسۆز و لە بەرانبەردا هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵێک کەس لە دەوری خۆی بوو کە بۆ پێخۆشبوونی ناوبراو زۆرتریان پێدا هەڵدەگوت و لە لای ئەو باسی خراپەی خەڵکی دیکەیان دەکرد و بەڕاست یان ناڕاست بۆیان دەگێڕایەوە کێ ڕەخنەی لە ناوبراو گرتووە یان قسەی پێ گوتووە. تەنانەت قسەی نێو ژن و منداڵیان بۆ دەگێڕایەوە. ئەو وردەشتانە سکرتێری گشتیی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبوو و لە سەر ئەو قسە و قسەلۆکانە قەزاوەتی خۆی لە سەر کادر و پێشمەرگە و تەنانەت ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و بنەماڵەکان دەکرد.

لەو پێوەندییەدا و سەبارەت بەوەی کە بۆ حەسەنزادە قسەو قسەلۆکی ناو ژن و منداڵانیش دەبوو بە سەرچاوەی قەزاوەت کردنی، لە لاپەڕەی ٥٨٤ی ئەزموونی خەباتدا دەڵێ :

*"دوای کۆنگرەی دە، جارێک بیستمەوە کە ژن و کچەکانی کە لەملاو لەولا بوون پێکەوە دانیشتوون. یەکێک لەوانەی لەو لا بوو گوتبووی ئەرێ خوشکێ بەچی دەنازن، هەروا بە شۆخی. گوتبووی هەتانە و نیتانە سکرتێرێکی ڕەق و ڕووق. جێگری سکرتێری لە مەیە. بەرپرسی پێوەندییەکانی سلێمانی ئی مەیە. بەرپرسی پێوەندییەکانی هەولێر ئی مەیە. بەرپرسی پێوەندییەکانی بەغدایە ئی مەیە. بەرپرسی پێوەندییەکانی پاریس ئی مەیە. هەمووشی ڕاست دەکرد".*

بەڵام سکرتێری گشتی کە ئێستا ببوو بە "ڕەمزی بزووتنەوە"کە و باقی هاوڕێکانی، کەموکووڕیی لە کارەکانی خۆیاندا نەدەدیت و بەو باوەڕە گەیشتبوو کە دەنگ نەهێنانەوەی هێندێک لەوان لە کۆنگرەدا ئاکامی ئەو پیلانانەیە کە کەمایەتی دایڕشتوون و نابێ قبوول بکرێن.

بەم شێوەیە کاتێک کەمایەتیی ڕێبەرایەتی دوای کۆنگرەی سێزدە بە تایبەتی حەسەنزادە لە ماوەی کۆنگرەی دە تا کۆنگرەی سێزدە و دوای کۆنگرەی سێزدەش هیچ کەموکووڕییەک لە هەڵسوکەوتی خۆی لە بەڕێوەبردنی حیزبدا نابینێ، دەنگ نەهێنانەوەی خۆی بە پیلان دەزانێ و ناشیهەوێ بە هیچ نرخێک دەسەڵاتی زۆرینەبوون لە دەست بدا، دەکەوێتە پیلانگێری و هەموو ئەو کردەوانەی ئەوان دوای کۆنگرە دژی ڕێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرە و حیزب کردیان، لەم پێناوەدا بوون.

بە بۆچوونی حەسەنزادە یەکێک لە پیلانانەکانی ئەو کۆنگرەیە ئەوە بووە کە ئەو بەشە لە کادر و پێشمەرگان کە لەگەڵ یەکگرتنەوە لەگەڵ "ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕدا نەبوون لەگەڵ ئەوەی لە کۆنگرەی ١٠دا دەنگی موسبەتیان دابوو، دواتر هەموو توانایان بە کار هێنا بۆ کارشکێنیی ئەو یەکگرتنەوەیە"[٤].

هەیاس کاردۆ هەر لەو پێوەندییەدا لێی دەپرسێ:

*"جەنابت پێشتر گوتت لە کۆنگرەی دە تەنیا سێ نەفەر دەنگیان بەو داوایە نەدا بۆ تێکەڵبوونەوە، باشە ئەوانە چ مەجبوور بوون بە پێچەوانەی مەیلی خۆیان دەنگی موسبەت بدەن؟"[٥]*

حەسەنزادە لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دادەمێنێ و وەڵامێکی پێ نیە، بۆیە وەڵام دەداتەوە:

*"ئەمنیش نازانم ئەوەی دەبێ لە خۆیان بپرسی کە داخۆ دروستە ئینسان بە خیلافی باوەڕی خۆی کارێک بکا یان دەنگ بدا...؟"[٦]*

بەڵام لێرەدا پێویستە لە وەڵامی حەسەنزادەدا بڵێم هەموو ئەو کەسانەی دەنگیان بە تێکەڵبوونەوە دا بە بیروباوەڕەوە دەنگیان دا و پشتیشیان لە دەنگەکانیان نەکرد. دوای کۆنگرە و پەسندکردنی یەکگرتنەوە، موخالفەکان وەک دیموکراتێکی ڕاستەقینە بڕیاری کۆنگرەیان قبووڵ کرد

و سەبارەت بەو هاوڕێیانە لاپەڕەیەکی نوێی هاوکارییان هەڵدایەوە، بەو هیوایەی کە بە تێپەڕینی کات ئینشـاڵڵا! بە کردەوە دەرکەوێ کەمایەتی لـە سـەر هۆ یان هۆیەکانـی گەڕانەوەی ڕێبەرایەتی بـۆ ناو حیزب کە پێش کۆنگرە باسـیان لێوە دەکـرد، بە هەڵەدا چووبـن و ڕێبەرایەتیی شۆڕشـگێڕ بـە دڵـەوە گەڕابێتنەوە ناو حیـزب و حەسـەنزادەش لەو دەستپێشـخەرییەدا نیەتی خێری بووە و مەبەستی بەهێزکردنی حیزب بـووە، بـەلام جیابوونەوەی دوای کۆنگرەی سـێزدە کە پێکهاتەکەی لە تـەواوی هاوڕێیانی ڕێبەرایەتی و حەسـەنزادە و لایەنگرانی بوو، ئیدی هیچ جێگایەکی بۆ ئەو گومان و ئینشـاڵڵایانە نەهێشـتەوە و بەداخەوە بە کـردەوە دەرکەوت کە ئەگـەر هاوڕێیانی موخالیفـی یەکگرتنەوەکە لـە کاتی خۆیدا لە نیەتی حەسـەنزادە و ڕێبەرایەتـی بۆ یەکگرتنەوە بە گومان بوون، بە هەڵە نەچووبوون.

پیلان دارشـتن و دەربڕینی نارەزایەتی لە لایەن ئەو کەسـانەوە کە لـە هەڵبژاردنـدا دەدۆڕێن، هـەر وەک کولتورێک بە عـام لە کۆمەڵگای خۆرهەلاتی ناوەڕاسـت و جاروبار لە نێو ئێمەی کوردیشـدا دەبینرێ. ئەمانە هەر لە بنەڕەتدا بۆیە لە هەڵبژاردندا بەشداری دەکەن کە دەنگی زۆرینەیان پێ بدرێ و بە دەسەلات بگەن، بەلام کاتێک ئاکامی دەنگدان بە پێچەوانە دەردەچێ باس لە فێڵ و پیلان دەکەن و ئاکامی هەڵبژاردن ڕەد دەکەنـەوە. واتە دێموکرات بوونەکەیـان تا ئەو جێگایە بڕ دەکا کە بـە قازانجی خۆیان تەواو بێ. کاک خالید عەزیزیش بە شـێوەیەک ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ و لەو پێوەندییەدا لەو بڕوایەدایە کە:

*" لەتبوونی حیزبی دێموکرات بەرهەمی کێشەی سیاسی نەبوو. ئێمە لە بەحسە سیاسییەکاندا لە کۆنگرەی ١٣ زۆر بە ئارامی و ڕێکوپێکی بەحسـەکانمان بردۆتە پێش. لە بەشـی پێڕەو و پرۆگرامیشـدا زۆر بە ئارامی بەخۆشی لایەنەکان بێ کێشە لێکمان داوەتەوە، بەلام کە دێینە سەر هەڵبژاردنەکان کێ بەشـدار دەبێ و کێ بەشـدار نابێ و*

*دواتر دەسەلات چۆن لەگەل ئەوان تەعامول دەکا لەویدا لێکهەڵبەزینەوە دروست دەبێ. لەوێ کێشەکان دروست دەبن تەنانەت برێکی دیکەش دەگەڕێمەوە دواوە لە کۆنگرەی ١٨ کە ئینشعاب یا لەتبوونەکەی پێشووی لێ کەوتەوە، دەقیقەن وابوو لە بەشە سیاسییەکان دیسان کێشە نەبوو لە پێڕەو پڕوگرامدا دیسان کێشە نەبوو، بەلام کە دێتە سەر میکانیزمی هەڵبژاردنی کومیتەی ناوەندی کە دەبێ کێ بێ و کێ بەشدار بێ، کێ بەشدار نەبێ، دیسانەوە لەوێ ئینشعاب دروست دەبێت ...".*
*(مانگی ٦ ساڵی ١٣٩٠ هـ لە کوردکانال)*

بە پێچەوانەی ئەو قسەیەی کاک خالید "میکانیزمی هەڵبژاردنی کۆمیتەی مەرکەزی" هیچکات کێشە نەبووە، چوونکە پێشتر لە سەر میکانیزمەکە لە لایەن کۆنگرەوە تەوافوقی گشتی پێکهاتووە، بەڵام وەک کاک خالید ئاماژەی پێ دەکا کە "دەبێ کێ بێ و کێ بەشدار بێ و کێ بەشدار نەبێ، دیسانەوە لەوێ ئینشعابەکە دروست دەبێتەوە" یانی ئەو کەسانەی کە وایان داناوە دەبێ ئەوان دەنگیان پێ بدرێ، کاتێک بۆیان دەرکەوت کە دەنگیان پێ نەدراوە و بە شێوەی دڵخوازی خۆیان دەسەڵاتیان نامێنێ، ئینشعاب دروست دەکەن؛ هەروەک ئەوان کردیان.

**● ج: ڕووداوەکانی دوای کۆنگرەی سێزدە تا جیابوونەوە و هەواڵەکانی یەکگرتنەوە دوای جیابوونەوە**

هەر دوای تەواوبوونی کۆنگرە لایەنی ناڕازی دەستیان کرد بە بەڕێوەبردنی هێندێک بەرنامەی دژی حیزبی و بڕیار شکاندن بە مەبەستی ڕاگرتنی کەسە ناڕازییەکان لە دەوری خۆیان و زەخت خستنە سەر ڕێبەرایەتیی تازە تا سەر دانەوێنی بۆ هێندێک لە داوا ناتەشکیلاتییەکانیان. لە سەرەتادا خەڵکی خۆیان بەوە دڵخۆشی دەدایەوە کە ئەم ڕێبەرایەتییە تازەیە حیزبیان بۆ بەڕێوە ناچێ، چونکە هەموو خوێندەوارەکان و کادرە بەتەمەن و بە ئەزموونەکان (بە قەولی خۆیان)

لەگـەڵ ئەوانن، بۆیە تا ٦ مانگـی دیکە بۆ خۆیان دێن لێمان دەپاڕێنەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتمان پێ بسپێرنەوە.

لـەو ماوەیەدا کارەکانی حیـزب بە چاک وخراپەوە لە لایەن ئەوانەوە دەکەوتنـە بـەر رەخنـە و گەورە دەکرانـەوە، بۆ ئـەوان گرینگ نەبوو رێبەرایەتیی نوێ کار و بەرنامەکانی باشـن یان خراپ. ئەوان لە سـەر هەموو شـتێک "مەنفیبافی"یان دەکرد بۆ ئەوەی راستیی بۆچوونەکەی خۆیان بسەلمێنن کە رێبەرایەتیی نوێ، حیزبی بۆ بەرێوە ناچێ.

● مەسەلەی تەلەڤیزیۆن

ئیمە سـاڵانێک بـوو داوامان دەکرد رادیۆ دەنگی کوردسـتانی ئێران بخرێتـە سـەر ماهـوارە، بـەڵام حەسـەنزادە هەرجـارە بەهانەیەکـی دەهێنایەوە و بە تایبەت باسی دەکرد کە ئەوە پارەیەکی زۆری تێدەچێ و حیـزب ئـەو پارەیەی نیـە. تا جارێک لە یەکێک لە سـەفەرەکانمدا بۆ دەرەوەی وڵات لـە پاریـس لە رێگای چەند دۆسـتی شـارەزا هێندێک زانیاریـم لەو پێوەندییەدا وەرگرت و بەو ئاکامە گەیشـتم کە ئەو کارە خەرجێکی وای نیە. بۆیە پێم سەیر بوو کە بۆچی حەسەنزادە نایهەوێ دەنگـی ئـەو رادیۆیە بکەوێتە سـەر ماهوارە؟ ئەوە لـە حاڵێکدا بوو کە دەنگـی رادیۆ کوردسـتان بە هۆی پارازیتـی زۆر بەهێز کە لە چەندین شوێنی خۆرهەڵاتی کودسـتان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەخرایە سـەری، کەس نەیدەبیسـت، بەڵام ئەگەر لە سـەر ماهوارە بوایە خەڵک زۆر بە ئاسـوودەیی دەیانتوانی گوێی لێ بگرن. لە پاریسەوە پێوەندیم بـە حەسـەنزادەوە کرد و زانیارییەکانم پـێ دا و تێمگەیاند کە خەرجی ساڵانەی ئەو کارە زۆر کەمە و بۆ حیزب جێگای نیگەرانی نابێ، وەڵامی دامەوە کە زۆر باشـە ئێمە لە کوردسـتان قسـەی لە سـەر دەکەین و جێبەجێی دەکەین، بەڵام لە کۆتاییدا هەر جێبەجێی نەکرد.

دوای کونگرەی سـێزدە بە ماوەی ١.٢ مانـگ رێبەرایەتیی نوێ ئەو کارەی کرد و بوو بە مایەی دڵخۆشیی پێرسونێلی رادیۆ کە زەحمەتێکی زۆریان دەکێشا، بەڵام لە خۆرهەڵاتی کوردستان کەس نەیدەتوانی گەلک

لە بەرنامەکانیان وەرگری. لە لایەکی دیکەشەوە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە هەموو جێگایەک بە تایبەتی لە نێوخۆی کوردستانی ئێران کە دەیانتوانی دەنگی ئەو رادیۆیە لە سەر تەلەڤیزیۆنەکانیانەوە ببیستن، زۆر دڵخۆش بوون.

بێجگە لەوە، رێبەرایەتیی نوێ بڕیاری دابوو کە حیزب تەلەڤیزیۆنێکی ماهوارەییش وەڕێ بخا. بێ گومان لە سەرەتاوە چوونکە لە حیزبدا کەسی پسپۆڕمان لەو پێوەندییەدا نەبوو، کارەکە زۆر بە زەحمەت دەهاتە بەرچاو، بەڵام لە کۆتاییدا توانیمان بە راوێژ کردن لەگەڵ هێندێک لایەن و چەند شارەزایەک، کارە سەرەتاییەکانی تەلەڤیزیۆن لە باری کاروباری یاسایی و بە سەبت گەیاندنی لە پاریس تەواو بکەین و ئەو جار کارەکانی دیکەی وەک دۆزینەوە و بە کرێ گرتنی شوێنی ستودیو و ئامادەکردنی کەلوپەلی تکنیکی لە لایەک و کارکردن بۆ ئامادەکردنی ئارشیڤ دەستی پێ کرد و کۆمەڵێک لە هاوڕێیان زەحمەتی زۆریان پێوە کێشا، بەڵام ئەو ئامادەکارییانە ماوەیەکی زۆری پێ چوو.

لایەنی حەسەنزادە دڵیان بەوە خۆش بوو کە وادیارە کاری تەلەڤیزیۆنەکەمان بۆ جێبەجێ نابێ. بە گەرمی لە نێو کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبدا تەبلیغیان دەکرد کە ئەوانە ناتوانن تەلەڤیزیۆن وەکار بخەن، تەلەڤیزیۆنێک کە خەلکەکەمان ساڵانێک بوو خەونی پێوە دەبینی و زۆرێک لەو خەلکە لەو ماوەیەدا کە تەلەڤیزیۆن بۆ بەرنامەی ئاقیکاریی سروود و گۆرانیی بڵاو دەکردەوە، بە ئامەزرۆییەوە لە بەرانبەری دادەنیشتن و چاویان لێ دەکرد. بەڵام ئەو هاوڕێیانەمان زۆریان گرەویان لە سەر ئەوە دەبەست کە ئەم تەلەڤیزیۆنە ناگاتە ئاکام.

با لێرەدا ئەو راستییەش بڵێم کە بیرۆکەی دانانی تەلەڤیزیۆنێکی ماهوارەیی، لە کۆتاییەکانی دەورەی سکرتێریی حەسەنزادەدا هاتە ئاراوە و لە رێبەرایەتیی حیزبدا پەسند کرا کە تەلەڤیزیۆنەکە دامەزرێنین و ماوەیەکیش لە قەڵا (شوێنی کارکردنی کادرو پێشمەرگەکانی حیزب

لە کۆیە) بۆ دروستکردنی ستودیۆیەک کار کرا، بەڵام لە کۆتاییدا بە هێندێک هۆی سیاسی نەکرا لە کوردستان دایبمەزرێنین. ئەوجار کەوتینە بیری دامەزراندنی لە پاریس، بەڵام لە کۆتاییدا وا هەڵکەوت کە ئەو کارە لە سەردەمی سکرتێریی حەسەنزادەدا بە ئاکام نەگەیشت و دوای کۆنگرەی سێزدە ڕێبەرایەتیی نوێ کارەکەی تەواو کرد؛ بۆیە ئەو هاوڕێیانەمان بە سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە تووڕە بوون.

ئەو هاوڕێیانەمان، زۆربەی کاتی خۆیان تەرخان کردبوو بۆ ئەوەی لە نێو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی عێراقدا کە دۆستی حیزب بوون، بگەڕێن و بە دژی ڕێبەرایەتیی نوێ قسە بکەن و باس لە مەزلووم بوونی خۆیان لە کۆنگرە بکەن کە گوایە بوونەتە قوربانیی پیلانی ڕێبەرایەتیی نوێ و مافیان پێشێل کراوە. لە لای پارتی پرۆپاگەندەی ئەوەیان دەکرد کە ڕێبەرایەتیی نوێ لایەنگری یەکێتییە و لە لای یەکێتیش بە پێچەوانەوە تاوانباریان دەکردین بە لایەنگری لە پارتی کە بەداخەوە ئەم تەبلیغاتە لە لایەن یەکێتییەوە بە جیددی وەرگیرابوو. تەنانەت حەسەنزادە بۆ شێواندنی ڕاستییەکان و بە عەقڵی خۆی بە مەبەستی هاندانی لایەنێک دژی ڕێبەرایەتیی حیزب، دوای جیابوونەوەشیان کۆڵ نادا ، بە دوور لە ڕاستی و بە بێ لەبەرچاوگرتنی تەنانەت حورمەتی خۆی بە ناڕەوا دەڵێ:

*"لەو بارەیەوە [مەبەستی دەست تێدابوونی لایەنە سەرەکییەکانی باشووری کوردستان لە پێکهێنانی ئەو ئینشعابە] تومەتی زۆریان لێ دراوە بە تایبەتی کە نووسیشیان. یانی جەناحی ئەوبەری ڕێبەرایەتیی حیزب نووسیشیان کە یەکێتیی نیشتمانی دەستی تێدا هەیە..."*.

ئەگەر حەسەنزادە لەگەڵ خۆی ڕاست دەکا، دەبا ئەو نووسراوەیە بە خەڵک نیشان بدا یان بڵێ لە چ بڵاوکراوەیەکدا ئەو نوسراوەی دیوە؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە هەر ڕۆژ تا ڕۆژێک بە ٢. ٣ ماشینی حیزبی و ٧. ٨ کەس لە هاوڕێیانی خۆی دەچوو بۆ سەردانی ئەم حیزب و ئەو

حیزب بۆ بەڕێوەبردنی ئەم ئەرکە پیرۆزە!

ئەو پروپاگەندە ژەهراوییانەیان گەیاندبووە نێو ژن و منداڵەکانیشیان و فەزایەکیان خوڵقاندبوو کە تەنانەت منداڵی کادر و پێشمەرگەکان کە لە قوتابخانەکاندا لە تەنیشت یەکتر دادەنیشتن و بە پاسێک دەچوون بۆ قوتابخانە و دەهاتنەوە و هاوڕێی یەکتری بوون، یەکتریان نەدەدواند.

فەزای کەمپەکانی حیزب زۆر ناخۆش بوو و زۆر کات هەڵدەکەوت کە پێشمەرگە گەنجەکان تانە و تەشەری لای دیکەیان بۆ تەحەمول نەدەکرا و تووشی کێشە و تەنانەت پێکدادان دەبوونەوە. بەڵام بە هەموو ئەوانەشەوە، ڕێبەرایەتیی نوێ هەموو ناحەقی و تەنانەت بڕیارشکێنییەکانی ئەوانی دەدیت، بەڵام بۆ ئەوەی وەزعەکە لەوەی خراپتر نەبێ و دوژمن پێمان خۆش نەبێ، زۆر گرینگیان پێ نەدەدا و ئەرکەکانی خۆیان بەڕێوە دەبرد.

لە تەواوی ئەو ماوەیەدا بەرپرسایەتییە گرینگەکانی حیزب کە پێش کۆنگرە بە دەست هاوڕێیانی زۆرایەتییەوە بوون (بێجگە لە سکرتێری حیزب) هەر لە دەستی ئەواندا مانەوە. بۆ نموونە کاک مستەفا مەولوودی بەرپرسی کۆمیسیۆنی ماڵی بوو. کاک کەماڵ کەریمی بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب بوو لە هەولێر، کاک عومەر باڵەکی بەرپرسی ڕادیۆ و کاک باباعەلی بەرپرسی چاپەمەنیی حیزب بوون؛ واتە هەر ئەو ئەرکانەی کە پێش کۆنگرە پێیان سپێردرابوو. کاک مستەفا مەولوودی کاک باباعەلی و کاک حەسەنی ڕەستگاریش کە پێش کۆنگرە ئەندامی دەفتەری سیاسی بوون کارەکانی خۆیان پێ سپێردرابووە و هەروا ئەندامی دەفتەری سیاسی بوون.

- قەدرگرتن و دەربڕینی پێزانین بۆ سکرتێری پێشوو

دوای کۆنگرە لە کۆبوونەوەیەکی دەفتەری سیاسیدا پێشنیار کرا حەسەنزادە بۆ ماوەی دە ساڵ سکرتێری حیزب بووە، بۆ قەدر گرتن لەو ماوەی تێکۆشانەی، لە کۆبوونەوەیەکی گشتیی کادر و پێشمەرگە و هێندێک دۆستانی ناوبراو و کەسایەتییەکانی باشووری کوردستاندا

لەوحێکی نووسـراوی پێزانین پێشکەشـی بکەین. لە دەفتەری سیاسیدا پێشـوازییەکی باش لەو پێشـنیارە کرا. بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە پێویسـت بوو پێش لە هەموو شتێک ئەو پێشـنیارە لەگەڵ حەسەنزادە خـۆی بێتـە ئـاراوە، جـا ئەگـەر موافقەتی کـرد، ئامـادەکاری بۆ ئەو کۆبوونەوەیە و دروستکردنی خەڵاتەکە دەست پێ بکا.

بـۆ ئـەو مەبەسـتە دوو کەس لـە هاوڕێیانی دەفتەری سیاسـی ئەو ئەرکەیـان پـێ سـپێردرا بچـن بـۆ لای حەسـەنزادە و لـە بەرنامەکە ئـاگاداری بکەنەوە و بزانن وەڵامی ناوبـراو دەبێتە چی؟ جاری یەکەم موافقەتی نەکرد، بەڵام دەفتەری سیاسـی لە سەر پێشنیارەکەی پێداگر بوو و بە پێویسـتی دەزانی، بۆیە لـە کۆبوونەوەیەکی دیکەی دەفتەری سیاسیدا جارێکی دیکە قسە لە سەر ئەو بەرنامەیە کرایەوە و دووبارە داوا کـرا کە ئـەو دوو ئەندامەی دەفتەری سیاسـی کە کاک حەسـەن شەرەفی و کاک مستەفا مەولوودی بوون، بچنەوە خزمەت حەسەنزادە و جارێکی دیکە پێشـنیاری دەفتەری سیاسـی بخەنەوە بەر نەزەری و داوای لێ بکەن رازی بێ، بەڵام ئەم جارەیان کە گەڕانەوە، بە دەفتەری سیاسـییان راگەیاند کە حەسـەنزادە دەڵێ بـە مەرجێک رازی دەبم کە بـۆ خۆم نووسـراوەی لەوحەکە بنووسـم، کە دەفتەری سیاسـی ئەو وەڵامەی بیسـت، کاک حەسەن رەسـتگار وتی پێویست ناکا، وازی لێ بێنن. حەسـەنزادە سەبارەت بەم بابەتە لە کتێبی (ئەزموونی خەبات) لە لاپەڕەی ٦٠٢دا بەم شێوەیە دان بەو راستییەدا دەنێ و دەڵێ:

*"جارێک هاتـن گوتیان قەدرزانیت لێ دەکەین. ئەمنیش گوتـم قەدرزانی چم لێ دەکەن؟ گوتیـان قەدرزانی ئەوە کە چەند سال سـکرتێر بووی. گوتم ئەوە قەدرزانی نیە، ئـەوە تەعاروفە. دەنا سـکرتێری لە پێش چاوی خەڵکی مەنسـەبێکە داویانمەتی، بـۆ قەدرزانی نابێ، بەڵام ئەگەر قەدرزانیـم لـێ دەکەن با ئـەوەی تێدا بێ [مەبەسـتی لە لەوحەکـەدا بنووسـرێ]کە لە ماوەی سـکرتێریی خۆیدا*

یه‌کیه‌تیی ریزه‌کانی حیزبی پاراستووه، سه‌ربه‌خۆیی سیاسیی حیزبی پاراستووه، درێژه‌ی به ڕێبازی ڕێبه‌رانی شه‌هید داوه".

● پێشگرتن به به‌شداریی لایه‌نگرانیان له کۆبوونه‌وه‌کاندا

ڕۆژ به ڕۆژ ته‌حریکاتی هاوڕێیانی ناڕازی زیاتر په‌ره‌ی ده‌گرت، که‌م شه‌و هه‌بوو له ماڵی مه‌لا حه‌سه‌ن ڕه‌ستگار یان ماڵی حه‌سه‌نزاده ڕێبه‌رانی ئه‌و باڵه کۆ نه‌بنه‌وه و به‌رنامه‌یه‌کی نوێ له شایعه و کارشکێنی، کۆسپ سازکردن، به‌هانه‌گرتن و ... ئاماده نه‌که‌ن و بۆ سبه‌ینێ به شێوه‌یه‌کی به‌رنامه‌دارێژراو به‌ڕێوه‌ی نه‌به‌ن. ئه‌و به‌رنامه دارشتن و به‌رنامه کارکردنه‌ی ئه‌و تاقمه و شه‌و و ڕۆژ هه‌ڵسووڕانیان به باری دژ به حیزبدا بۆ لایه‌نی دیکه سه‌رنجڕاکیش بوو، چوونکه له ماوه‌ی کار و تێکۆشانیان له حیزبدا قه‌ت ئاوا به ئینیتکار و هه‌ڵسووڕ نه‌بینرابوون، له‌و باوه‌ڕه‌دام ئه‌گه‌ر پێشتر که ئه‌و گرووپه له ڕێبه‌رایه‌تیدا زۆرینه بوون به‌و شێوه‌یه به به‌رنامه‌و هه‌ڵسووڕ بۆ حیزب تێکۆشابان، بێ گومان ده‌یانتوانی وه‌زعی حیزب زۆر باشتر بکه‌ن.

یه‌کێک له‌و ئینیتکار و به‌رنامانه‌ی که پێی گه‌یشتن پێشگرتن به لایه‌نگرانی خۆیان بۆ به‌شداری له کۆبوونه‌وه گشتییه‌کانی حیزبدا بوو. ئه‌گه‌ر کۆبوونه‌وه‌که له لایه‌ن که‌سانی خۆیانه‌وه به‌ڕێوه نه‌چووبا، ئه‌وان هه‌موو هه‌وڵی خۆیان ده‌دا که لایه‌نگره‌کانیان ته‌نیا گوێ له قسه‌ی ئه‌وان بگرن و بۆچوونی جیاواز له‌وان نه‌بیستن، نه‌کا بۆچوونی لایه‌نی دیکه له سه‌ریان شوێندانه‌ر بێ و قسه‌کانی ئه‌وان که زۆرتر پڕوپاگه‌نده و بزواندنی هه‌ستی لایه‌نگرانیان به دژی لایه‌نی دیکه به درۆ و ته‌نانه‌ت وه‌عده پێدان بۆ فریودانیان بوو، ئاشکرا بێ و پشتیان تێ بکه‌ن.

له بیرمه له یه‌کێک له سه‌ردانه‌کانمدا بۆ ناوه‌ندی ۲ی کوردستان (زمویه سپی) داوام کردبوو که هه‌موو کادر و پێشمه‌رگه و بنه‌ماڵه‌کانیان کۆ بینه‌وه بۆ ئه‌وه‌ی له سه‌ر بابه‌ته سیاسییه‌کان و پرسه ناوخۆییه‌کان قسه‌یان بۆ بکه‌م و ئه‌گه‌ر پرسیار یان ڕه‌خنه‌یه‌کیان

هەبوو وەلامیان بدەمەوە، وەک هەموو ئەو کۆبوونەوانەی کە ئەو کات و دوای ئەوەیش بەڕێوە دەچوون و دەچن، بەرپرسانی ئەو ناوەندە زۆربەیان لە لایەنگرانی تاقمی نارازی بوون، کە چووم بۆ شوێنی کۆبوونەوەکە لە ناوەند، تەنیا چەند کەسێک ئامادە بوون، منیش کە دەمزانی ژمارەی خەڵکی ئەو ناوەندە زۆر لەوە زیاترن، پرسیارم کرد ئەوانی دیکە بۆچی لە کۆبوونەوە ئامادە نەبوون؟ بۆیان باس کردم کە بەرپرسەکانیان پێیان ڕاگەیاندوون کە کەس نابێ لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بێ و پێش گەیشتنی من بۆ شوێنەکە، لە کۆڵانەکان ڕاوەستاون و پێشیان بەو خەڵکانە گرتووە کە ویستوویانە بێن بۆ کۆبوونەوە و بە زۆر و هەڕەشە گێڕاویانەتەوە. ناردم پێیان بڵێین کە هەموویان بێن بۆ کۆبوونەوە ئەگەر ڕەخنە، پرسیار و داوایەکیشیان هەیە با لە کۆبوونەوە باسی بکەن، بەڵام وەڵامیان دابووەوە کە خەڵک بۆ خۆی نایەوێ بەشداری کۆبوونەوە بێ.

ئەوەی باسم کرد تەنیا نموونەیەک بوو. بەڵام ڕووداوی لەو چەشنە لەو ماوەیەدا زۆر بوو. ئەوە شێوە ڕەفتارەی ئەم هاوڕێیانەمان بوو کە خۆیان لە دیموکراتبووندا بە کەس نەدەگۆڕییەوە و سەری زمان و بنی زمانیان دیموکراسی و دیموکراتبوون بوو، بەڵام پێشیان بە ئامادە بوونی لایەنگرانیان بۆ گوێگرتن لە باسەکانی سکرتێری حیزب دەگرت کە لە ژێر چاوەدێریی ئەوان و بە شێوەیەکی دیموکراتیک دەنگی پێ دراوە، بەداخەوە ئێستاش خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پڕە لەو شێوە دیموکراتانەی کە خەڵک ناچار دەکەن تەنیا گوێ لەوان بگرن و ئەوانەی گوێ لە لایەنی دیکە بگرن بۆ ئەو نەوعە دیموکراتانە تەحەمول ناکرێن و دەکەونە ژێر گومان و چارەنووسی نادیاریان دەبێ. بۆیە لێرەدا دەڵێم، ئەگەر حەسەنزادە لە لاپەڕەی ٦٢٨ی کتێبی ئەزموونی خەباتدا دەڵێ:

*"مەسەلەن وەختێکی ئێمە کۆبوونەوەمان دەکرد، هەر ئەفرادی خۆمان دەهاتن. ئەوانیش کە دەیانکرد هەروا بوو".*

ئەو قسەیە بە تەواوی ناڕاستە وەک زۆربەی قسەکانی کە لەو کتێبەدا سەبارەت بە بابەتی ئەو ئینشعابە هاتووە. ڕێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێزدەهەم چ پێش کۆنگرە و چ پاش کۆنگرە قەت کۆبوونەوەی حیزبییان لە بەر ئەوان بە جێ نەهێشتووە و قەتیش داوایان لە لایەنگرانی خۆیان نەکردووە بەشداری کۆبوونەوەی ئەوان نەبن، بەڵکوو هەمیشە ئامادە بوونە و ئەگەر بۆچوونێکی جیاواز لەوانیشیان بووە، لە کۆبوونەوەکاندا بە ڕاشکاوی باسیان کردووە.

تەنانەت پێش کۆنگرەی سێزدە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی لایەنی کەمایەتی بۆ یەکجاریش بیریان لەوە نەکردەوە بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی داخوازییەکانیان، پلینۆم بایکۆت بکەن بۆ ئەوەی لە شەرعیەت بکەوێ و لە بەرانبەر بەشداربوونی خۆیاندا داوای ئیمتیاز بکەن. هەرچەند بە پێی پێڕەوی ناوخۆ دەیانتوانی بە بەشداری نەکردنیان لە پلینۆمدا، پلینۆم لە شەرعیەت بخەن[٧]، کارێک کە ئەو لایەنە دوای کۆنگرەی سێزدە بە ناحەق و وەک باج وەرگرتنێک هەموو جارێ کە کاتی پێکهاتنی پلینۆم دەهات، دەیانکرد و بەهانەیان دەگرت و کۆمەڵێک خاڵیان وەک داخوان، لە بەرامبەر ئەوەی کە لە پلینۆمدا بەشدار بن و پلینۆم شەرعیەتی لە باری پێڕەوی نێوخۆی حیزبەوە هەبێ ڕیز دەکرد. داوایان دەکرد فلانەکەسیان بۆ بکرێ بە ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی، ئەوەی دیکە وەک بەرپرسی... دیاری بکرێت و... .

● ئامادەکاری بۆ جیابوونەوە

دواتر دەرکەوت "ڕەمزی بزووتنەوە"، حەسەنزادە بڕیاری خۆی لە پێوەندی لەگەڵ جیابوونەوەدا دابوو، بەڵام مانەوەکەی لە بڕگەی دوای کۆنگرەی سێزدە ١٧ - ١٣٨٣/٤/١٣(ژووئیەی ٢٠٠٤) تا جیابوونەوە ١٣٨٥/٩/١٥ی هـ(٢٠٠٦/١٢/٦ز) کە نزیک بە دوو ساڵ و نیوە، بۆ دوو مەبەست بوو:

● یەکەم: وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، ئەوان گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی کە تا ٦ مانگ دوای کۆنگرەی سێزدە، ڕێبەرایەتیی نوێ بۆی دەردەکەوێ کە حیزبیان بۆ بەڕێوە ناچێ و بە ناچاری

ڕێبەرایەتیی حیزب دەسپێرنەوە بەوان، بۆ ئەو مەبەستەش هەرچی لە دەستیان هات لە کارشکێنی، ئاژاوەسازکردن، پڕوپاگەندەی درۆی دژ بە ڕێبەرایەتی و ... کردیان بۆ ئەوەی ئەو تیئۆرییەیان لە کردەوەدا جێبەجێ بکەن و بیسەلمێنن سەرەڕای ئەوەی کە لە حیزبدا کەمایەتین، بەڵام تەنیا ئەوانن کە لە بەر لێهاتوویی، ئەزموون و ... دەتوانن حیزب بەڕێوە بەرن. دەیانویست بە ڕێبەرایەتی و زۆرایەتیی بەدەنەی حیزب بسەلمێنن و ڕێبەرایەتیی حیزب قبووڵ بکا کە هەرچەند لە کۆنگرەدا نوێنەرانی بەدەنەی حیزب، زۆرایەتییەکی دیکەیان بۆ ڕێبەرایەتیی خۆیان هەڵبژاردووە و ئەوان ئێستا کەمایەتین، بەڵام کۆنگرەی سێزدە و ئاکامی هەڵبژاردنەکانی گرینگ نین، با ئەوە پشتگوێ بخەین و هەیئەتێکی هاوبەش لە دوو باڵ بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی حیزب تا کۆنگرەیەکی دیکە پێک بێنین. ئەوان ئەو داخوازە ناتەشکیلاتییەیان لە نامەیەک بە نووسراوە، بە بۆچوونی خۆیان وەکوو چارەسەرێک بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەکان دا بە ڕێبەرایەتیی حیزب[8]. بەڵام زۆر زیاتر لە ٦ مانگی پێ چوو، ڕێبەرایەتیی حیزب سەرەڕای ئەو کەند و کۆسپانەی کە کەمایەتی بۆی ساز دەکرد، حیزبیان بەڕێوە برد و ئەوان بەو ئاواتەیان نەگەیشتن.

● دووهەم: یارگیری لە نێو کادرەکانی حیزبیدا، بە قەول و بەڵێن پێدان، وەکوو بەڵێنی ناردن بۆ دەرەوە، یارمەتی و مووچەی زیاتر، هەڵبژاردنیان لە کۆنگرەی خۆیاندا بە ئەندامی ڕێبەرایەتی و... کەڵک وەرگرتن لەو مەجالە بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر خەڵک لەگەڵ خۆیان ببەن، لەگەڵ لایەنە جیاوازەکانی باشوور و کەسایەتییەکانی خۆرهەڵات هەوڵ بدەن دۆست و لایەنگر بۆ خۆیان پەیدا بکەن بۆ کاتی جیابوونەوەکەیان و هێندێک مەبەستی دیکە. بەڵام لە بەرەبەری کۆتایی ئەو ماوەیەدا (نزیک دوو ساڵ و نیو) هێندێک لە کادرەکانی باوەڕی ئەو لایەنە کۆمانیان لە بەرنامەکانی بەڕێوەبەرانی ئەو تاقمە بۆ پەیدابوو و هەستیان بەوە کردبوو کە چەند کەسێک لەو ڕێبەرایەتییەدا

بە تایبەتی حەســەنزادە بۆ خۆی بــە پێچەوانەی ئەو بەڵێنانەی دابووی بــە هاوڕێکانی خۆی کە بەرنامەکەیــان بۆ جیابوونەوە نیە، بەڵکوو ئەم هەوڵانە بۆ ئیمتیاز وەرگرتنە لە زۆرایەتیی ڕێبەرایەتی، وشیار بوونەوە، کاک «لوقمــان مێهفــەر» و کاک «باباعەلی مێهرپــەروەر» کە ئەندامی کۆمیتــەی ناوەندی بوون، هــەر بەو هۆیەوە ڕیزی خۆیــان لەوان جیا کردەوە و پەیوەســتبوونەوە بە ڕیزی زۆرایەتی و لانیکەم دوو کەســی دیکــەش لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب کە لەگەڵ ئەوان بوون، بە دوور لە چاوی حەسەنزادە و هاوفکرانی لەگەڵ نووسەری ئەم دێڕانە لــە پێوەندیــدا بوون و قەرار بوو ئەوانیش ڕیزی ئۆپوزیســیون بە جێ بهێڵــن، وادیار بوو "ڕەمزی بزووتنەوە"، هەســتی بە وەزعەکە کردبوو کە گەڕانەوەی ئەو دوو کەســە کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لە ڕیزی ڕێبەرایەتیی ئەواندا بوون ڕیســەکەیان لێ دەکاتەوە بە خوری، بۆیە بە بڕیاری ٢ ـ ٣ کەســەکە بۆ ئەوەی پێشــیان بە هەڵوەرینی کەسایەتییە بــە نفوزەکانی خۆیان گرتبێت، بە شــێوەیەکی غافلگیرانــە بەیاننامەی جیابوونەوەیــان ڕاگەیاند و خەڵکەکەی خۆیان لە بەرانبەر ئەمری واقیع دانــا. تەنانەت ئەو دوو کەســەش کــە قەراریان دابــوو بگەڕێنەوە لای زۆرایەتــی، دوای ڕاگەیاندنــی بڕیاری جیابوونەوەیــە هاتن بۆ لای من و وتیــان کە ئەوان بە هیچ شــێوەیەک ئاگایان لــە ڕاگەیاندنەکە نەبووە و تەنانەت کەســێکیان بۆی باس کردم کە شەوی پێش ڕاگەیاندنەکە لە ماڵی حەسەنزادە لە لای بووە و تکای لێ کردووە کە با ئەو کارە نەگاتە جیابوونەوە، حەســەنزادەش قەولی پێ داوە کە جیابوونەوەکە لە لایەن ئەوانــەوە ڕوو نــادا، بۆیە هــەر دووکیان بە منیــان ڕاگەیاند کە لەگەڵ ئەو تاقمە نابن و دەچن لە شــوێنێک لە باشــووری کوردســتان ژیانی شەخســیی خۆیان دەکەن، بۆ ماوەی نزیک بــە مانگێکیش لەوان دوور کەوتنەوە، بەڵام لە کۆتاییدا لە ژێر زەختی حەسەنزادەدا خۆیان نەگرت و بە هێندێک هۆ گەڕانەوە لایان[٩].

• ڕەوتی بەرەوجیابوونەوە خێراتر دەبێ

لـە ڕێکەوتی ١٣٨٥/٥/٧ی هـ ئۆپۆزیسـیۆن، داخوازییەکانی خۆیانیان لـە زۆرایەتی کە لـە نامەیەکی ٢٠ خاڵیدا تەنزیم کردبوو پێشـکەش بە زۆرینە کرد[١٠].

لە نێو ئەو داخوازییانەی کە لەم نامەیەدا هاتبوون، دوو خاڵی گرینگی زۆر زەق خۆیان دەنوێنن:

● یەکەم: ئەگەر کۆنگرەی ١٣ متمانەی نەبەخشیوەتەوە بە ڕێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دوازدە کە جارێکی دیکە بینەوە بە زۆرایەتیی کۆمیتـەی ناوەنـدی، ئـەوان دەیانەوێ بـە زەخت دروسـت کردن بۆ سـەر زۆرایەتی، مۆرەکانی خۆیان بە شـێوەیەک لە دەسـەڵاتدا بچنن کـە ئەو کەمایەتییـەی تێهەڵێننەوە، لە خاڵـی ١٤ ی داخوازییەکانیان دا دەنووسن:

*"بـە پێچەوانەی کۆنگرەکانی پێشـوو کە تـەوازون لە نێوان ئەندامانی سەر بە جەناحەکان لە کۆمیتەی ناوەندیدا هەبوو، ئەم جارە بەشـی شێر بۆ قۆڵی دەسەڵاتبەدەست دانراوە. بۆ قەرەبووکردنەوەی بەشێک لەو نابەرامبەرییە داوا دەکەین:*

*ئا. جێی خاڵیی کاک خالید عەزیزی لە کۆمیتەی ناوەندیدا (کە پێشـتر ئیسـتعفای دابوو) بدرێ بە ئۆپۆزیسـیۆن و دیاریکردنی نەفەرەکەش بە خۆی بسـپێردرێ (مەبەست بە ئۆپۆزیسیۆن بسپێردرێ).*

*ب ـ جێگای چەند موشـاویر کە بەتاڵە بە کەسـانێک لە ئۆپۆزیسیۆن پڕ بکرێتەوە.*

*ج ـ هـەر ئۆرگانێک بەرپرسـەکەی لـە زۆرایەتی بوو، جێگرەکەی لە کەمایەتی دیاری بکرێ بۆ ئەوەی هەر دوو لا لە ڕەوتی کارەکان ئاگادار بن".*

دەیانـەوێ بڵێـن لـە کۆنگرەکانی پێشـوودا "ئەگـەر تەوازونێک لە نێو ئەندامانی سـەر بـە جەناحەکان هەبووە" ئەوان ئـەو تەوازونەیان

پێکهێناوە و دەیکەنە منەت بەسەر زۆرایەتیی حیزبدا. "ئەم جارە بەشی شێر بۆ قۆڵی دەسەڵاتبەدەست دانراوە"! کێ ئەو بەشەی داناوە؟ کۆنگرە، کەوابوو ئەو بەشە بەشێکی مەشرووعە هەر وەک ئەوەی زۆرایەتیی کۆنگرەکانی دیکە مەشرووع بووە و کەمایەتی ڕێزی بۆ ئەو مەشرووعیەتە داناوە؛ ئەو کۆنگرانەی کە هەموومان بە مافی یەکسان و بە پێی یاسای حیزبی تێیدا بەشدار بووین. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەگەر کەمایەتیی ڕێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دوازدەهەم یان کۆنگرەکانی پێشتریش داوایەکی لەم چەشنەیان کردبا ڕەوا بوو؟ وەڵامی ئەرێنییان پێ دەدرایەوە؟ بێگومان نا.

● دووهەم: ناوەرۆکی ئەو داوایانە هێندێکیان لە دروشمێکی بێ ناوەڕۆک دەچن کە تەنیا لایەنی تەبلیغیان هەیە. بەڵام باقییەکەی بە ئاشکرا چاوقووچاندن و سڕینەوەی ئاکامی کۆنگرەیە، بەو واتایەی کە هەموو ئاییننامەکان و یاساکانی حیزبی دەخاتە لاوە کە لەواندا بە ڕوونی دابەشکردنی کار و ئەرکی ئۆرگانەکان دیاری کراون، بەڵام ئەو هاوڕێیانە لە نامەکەیاندا بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو یاسایانەی کە ساڵانێکی دوورودرێژ لە حیزبدا کاریان لەسەر کراوە و حیزبی دێموکراتیان کردوە بە حیزبێکی دامەزراوەیی، داوا دەکەن کە ئەوانە هەموو وەلا بنێین و بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی حیزب، هەیئەتی هاوبەش پێک بێنین، داوایەک کە بە تەواوی دژی تەشکیلاتییە، بێجگە لەوە ئەگەر ئەو داوایە جێبەجێ بکرێ نەک هەر یەکریزی لە حیزبدا پێک ناهێنێ بەڵکوو کەلێنەکە گەورە دەکا و هیچ بایەخێکیش بۆ لێهاتوویی کادر و پێشمەرگە نامێنێتەوە، چونکە لەو حاڵەتەدا لایەنگری لەم لایەن و لەو لایەن دەبێتە پێوانەی پێ ئەسپاردنی بەرپرسایەتی و هەر کەس بە بەشەکەی خۆی ناڕازی بوو، پاڵ وە لایەنەکەی دیکە دەدا بۆ ئەوەی بەرپرسایەتیی پێبسپێرن.

بەڵام بە لە بەرچاو گرتنی هەموو ئەو ڕاستییانە و بە مەبەستی پاراستنی یەکریزیی حیزب، ڕێبەرایەتیی حیزب لە نامەیەکدا کە ڕێکەوتی

١٣٨٥/٩/٦ی لەسەرە [١١] وەڵامی نامەی هاوڕێیانی ئۆپۆزیسیۆنی دایەوە، ئەو نامەیە ١٧ خاڵ لە خۆ دەگرێ و لەگەڵ زۆربەی زۆری داواکانی ئەوان موافقەتی کردووە، بەڵام وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، چوونکە ئەو هاوڕێیانە ئیرادەیان لە سەر جیابوونەوە بوو لە بەهانە دەگەڕان بەڵام ئەم نامە ١٧ خاڵییە هیچ بەهانەیەکی بۆ ئەوان نەهێشتەوە، بۆیە ئەم جار کە نامەکەیان پێشکەش کرا، حەسەنزادە لە وەڵامدا ڕایگەیاند کە چەند پێشمەرجمان هەیە! ئێمەش کە باش دەمانزانی مەبەستی ناوبراو چییە پێمان گوتنەوە کە دوای ئەوەی وەڵامی داخوازەکانیان دراوەتەوە، دانانی پێشمەرج ڕەوا نیە. سەیر ئەوە بوو کە ئەوان بۆ قبوولکردنی وەڵامی داواکانی خۆشیان پێشمەرجیان دادەنا! گوتمان خۆ ئەوان لە شەڕێکی جەبهەییدا بە سەرماندا زاڵ نەبوونە و ئێمەش تەسلیم نەبووینە تا هەرچی بیانهەوێ بە سەرماندا بسەپێنن، بەڵام با دانیشین پێکەوە ئەو گرفتانە چارەسەر بکەین. ئەو خاڵانەی کە داخوازی ئەوان بوون و وەڵاممان داوەتەوە پیادەیان بکەین، لە ڕەوتی ئەو کارانەدا ئەگەر پێشنیاری دیکەشیان هەبێ، ئێمە گوێی لێ دەگرین و بە دڵپاکییەوە هەوڵ دەدەین چارەسەریان بکەین. لایەنی کەمایەتی لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی کە لای ئەوان بوون دوو نوێنەریان دیاری کردبوو کە بریتی بوون لە کاک «حەسەنی ڕەستگار» و کاک «مستەفا مەولوودی» و هەموو نامە، داخواز و ڕاسپاردەکانی ئەوان بۆ ڕێبەرایەتیی حیزب لە لایەن ئەو دوو کەسەوە بە دەستی ڕێبەرایەتی دەگەیشتن و هەر لە ڕێگای ئەوانیشەوە وەڵامەکانیان بۆ دەگەڕایەوە دەفتەری سیاسی، بێجگە لەوە هیچ کەس لەوان بۆی نەبوو کە بە ئاشکرا لەگەڵ باڵی زۆرایەتی پێوەندی بگرێ و ئەگەر بە شتێکی وایان زانیبا، لێیان قبوول نەدەکرد[١٢].

با خوێنەرانی بەڕێز ئاگادار بن وەزعی زۆرینەی ڕێبەرایەتیی حیزب و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی بەو شێوەیە بوو کە من زۆر بە کورتی لێرەدا هێناومە و ئەوەش داوا ناتەشکیلاتی و چاوەڕوانییە نادیموکراتیکەکانی لایەنی کەمایەتی بووە. ئەو هەموو داوا و زەختکردنە لە حاڵێکدایە

کە حەسەنزادە، لە دوای کۆنگرەی دەهەم کە ببوو بە سکرتێری حیزب، کاتێک باسی یەکگرتنەوە لەگەڵ رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ دێنێتە ئاراوە و قسە لە زۆرایەتی و کەمایەتی دەکا، کەسایەتییەکی بەتەواوی جیاوازە. ئەگەر وتار و خوێندنەوەکانی لە دیموکراسی، مافی زۆرایەتی و پیرەوی کردنی کەمایەتی لە بڕیاری زۆرایەتی دەخوێنینەوە، لەو کاتەدا کە بۆ خۆی تازە بۆتە سکرتێری حیزب و سەرمەستی سەرکەوتنە، بە ئاهەنگێک دەدوێ کە لەگەڵ ئاهەنگی دوای کۆنگرەی سێزدە کە تاقمەکەی کەوتوونەتە کەمایەتی و بۆ خۆی وەک سکرتێر نەماوە بە تەواوی دوو ئاهەنگی دژ بە یەکن. ئێمە لەو نووسراوەیەدا بەشێکی بچووک لە داخوازەکان و فەرمان و رێنیشاندانەکانیان و خوێندنەوەیان لە زۆرایەتی لەو کاتەدا و دوای کۆنگرەی مەشرووعی سێزدە و هەڵسوکەوتەکانی دەخەینە بەر چاوی خوێنەرانی بەڕێز، خوێندنەوەیەک کە هیچ نرخێک بۆ رێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێزدە دانانێ و دەیەوێ بە بێ لە بەرچاو گرتنی ئاکامی هەڵبژاردنی کۆنگرە و زۆرایەتی و کەمایەتی، حیزب و ئۆرگانەکانی نەک بە پێی ئاییننامە و یاساکانی، بەڵکوو بە هەیئەتی هاوبەش بەڕێوە بچێ، بۆ ئەوەی خوێنەری بەڕێز بە تەواوی جیاوازیی بۆچوونی ئەو کەسایەتییە و تەفسیر و لێکدانەوەی سەبارەت بە دیموکراسی، مافی زۆرایەتی و کەمایەتی بزانێ لەو کاتەدا کە بۆخۆی لە لووتکەدایە، لەگەڵ ئەو کاتەی کە دادەبەزێ، چەند نموونەیەک لە قسەکانی ناوبراو کە تەنیا لە یەک وتاریدا هاتووە دەخەینە بەر چاوی هەموو لایەک.

دوای کۆنگرەی دەهەم کە بڕیاری یەکگرتنەوەی حیزب لەگەڵ رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕی تێدا پەسند کرابوو و لە کاتی یەکگرتنەوەدا لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی کادر و پێشمەرگەکانی هەر دوو لا کە لە قەلا، پێک دێ ئاوا دەدوێ[١٢]:

*"ئەگەر سیسەد کەسین ١٥١ کەس بڕیارێک بدا ١٤٩ کەس موخالفی بێ مەشرووعە، تابیلی ئیجرایە. لە هەموو*

*دێموکراسی دونیا وایە".*

لە جێیەکی دیکە هەر لەو کۆبوونەوەیەدا سەبارەت بە لایەنی کەمینەی ڕێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دەهەم کە موخالفی ئەو چەشنە یەکگرتنەوەیە لەگەڵ ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕدا بوون دەڵێ:

*" ئێستا ئێمە کۆنگرەی دەمان گرتووە سەری حیزبی دێموکراتی پێ بەرز بووە دۆست و دوژمن دەزانێ، هەرچی تێ بگا دەزانێ موخالفی ئەو بڕیارانە نەبووە تێیدا نەبووە موخالفی ئەو بڕیارانە بوون کە دراون، ڕاست بەوە گەورە بووە ئەو عەزەمەتە لەوێ پەیدا بووە کە موخالیفەکان وەک ئینسانی دێموکرات تەبەعیەتی لە بڕیاری ئەکسەریەتەکەیان کردووە".*

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا دەڵێ:

*" بەلام ئیختلافی نەزەر لەگەڵ ململانێ و ڕاکێشان بەم لاو لادا فەرقی هەیە، ئیختلافی نەزەرمان بووە لە کۆنگرەیدا، بۆیە نەزەراتێک چووەتە پێش کە ڕەنگە ئەمن بە دڵم نەبێ، ڕەنگە ئێستا نەزەرێک چووەتە پێشێ کاک بابا عەلی بەدڵی نەبێ و ... بەلام ئیدی ئەوە تەنیا میعیارێکە کە لە دنیا پەسند کراوە و دەبێ وەکوو حەکەمێک ڕەچاوی بکەین، هیچ چار نیە ناتوانین ڕێک بکەوین لە سەر مەوزووعێک هەمووان، هەر کەسێ بۆ لایەکێ بکێشین چوونکە دەپرسێ چار چییە؟ دەڵێن با ئەکسەریەتەکە نەزەری چی بوو ئەوە جێبەجێ دەبێ".*

تەنانەت لە ڕێککەوتننامەیەکدا کە لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران و ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕدا ئیمزا کرا و ئیمزای کاک حەسەن شەرەفی (لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) و کاک فەتاح کاویان (لە لایەن ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر) ڕێکەوتی ١٣٧٥/١٠/٨ی هەتاوی لە سەرە و لە ٢٠ خاڵ پێکهاتووە، لە خاڵی

پازدەهەمدا هاتووە:

*"ئەسڵی سانترالیزمی دیموکراتیک و پەیڕەویی کەمایەتی لە «رای» زۆرایەتی لە هەموو ئۆرگانەکانی حیزبدا بەڕێوە دەچێ"*(١٤).

بەڵام خاوەنی ئەو قسانە و گرووپەکەی کاتێک کە لە زۆرایەتیدا نامێنن، هەموو شتێک پێچەوانە دەبێتەوە.

پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە دوای ئەوەی باڵی زۆرایەتی وەڵامی داواکانی باڵی کەمایەتیی لە نامەیەکی ١٧ خاڵیدا دایەوە، دوای ئەوەش حەسەنزادە لە جیاتی دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی لە قبوولکردنی زۆربەی زۆری داواکانیان، وەڵامی ناردەوە کە هێندێک پێشمەرجی هەیە، زۆرایەتیش لە بەرانبەردا ئەم وەڵامەی دایەوە کە پێشتر باس کراوە، بۆیە لێرەدا دووپات کردنەوەکەی بە پێویست نازانم . لە دەفتەری سیاسی بە هەیئەتی نوێنەرایەتیی باڵی کەمایەتی گوترا کە ئێستا کە داخوازەکانتان قبوول کراوە، بۆ پێشمەرجەکانی حەسەنزادەش داواکەمان بەرنەوە بۆ ڕێبەرایەتییەکەتان و کارێک بکەن لەگەڵ یەکتر دانیشین و قسە بکەین لە سەر چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ئەو خاڵانەی کە قبوول کراون.

لە کۆبوونەوەی داهاتووی دەفتەری سیاسیدا پرسیارمان کرد کە وەڵامەکەتان چی بوو، کاک حەسەن ڕەستگار نامەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و دای بە من گوتی ئەوە وەڵامەکەتانە. کە چاوم لێ کرد بەیانییەی جیابوونەوەکەیان بوو، بەڕاستی ئێمە ئەندامانی لایەنی زۆرایەتیی دەفتەری سیاسی پەشۆکاین چوونکە بە هیچ جۆرێک چاوەڕوانی شتێکی وامان نەدەکرد، بەڵکوو ئێمە چاوەڕوانی وەڵامی ئەرێنیی ئەو هاوڕێیانە بووین کە قەرار دانێن بۆ دانیشتن و باسکردن لە بەرەوپێشبردنی بەرنامەی کارو تەوافوقاتەکانمان.

من تکام لە کاک حەسەن کرد با ئەو بەیانیە جاری بڵاو نەکرێتەوە، خۆ ئێمە زۆر لێک نزیک بووینەتەوە، ئەوەی ئێوە کردووتانە چارەسەر نیە، بەڵام کاک حەسەن ڕەستگار پێی ڕاگەیاندین کە هەر شەو ئەو

بەیانیەیان بلاو کردۆتەوە، کاک حەمەنەزیف قادری پێی گوتن ئەدی جوابی خەڵک چۆن دەدەنەوە، کاک حەسەن ڕەستگار گوتی:

*"جوابی خەڵکیشم ئامادە کردووە".*

خەبەرێکی زۆر ناخۆش و چاوەڕوانەکراو بوو، بەڵام کارەکە بە داخەوە لە دەستی ئێمەدا نەبوو[١٥] و بەم چەشنە سێهەمین جیابوونەوە لە حیزبی لە ماوەی ٢٨ ساڵ دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی بە شێوەی فەرمی لە ١٥/ ١٣٨٥/٩ی هەتاوی بەرانبەر بە (٢٠٠٦/١٢/٦ی زایینی) ڕووی دا و بەم شێوەیە زەبرێکی قورسیان لە جەستەی جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەشاند، زەبرێک کە ئاواتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و باقی دوژمنان و نەیارانی کورد بوو.

بەم چەشنە عەبدوڵلا حەسەنزادە، ئەگەر ساڵانێک شانازیی بەوە دەکرد کە ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی یەک خستوتەوە، ئەم جارە سەرشۆڕیی جیاکردنەوەی کۆمەڵێک لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دیموکرات و دڵشکاندنی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەری هەڵبژارد، سەرشۆڕییەک کە هیچ پاساوێکی سیاسی، تەشکیلاتی و بەهانە هێنانەوەیەک هەڵناگری و پەڵەیەکی ڕەشە کە دوای تەمەنێکی زۆر لە کار و چالاکیی حیزبی لە نێوچاوانی خۆی دا و لە ساڵانی بەرەوکۆتایی تەمەنیدا وەک دەڵێن (ئاقیبەت بە خێر) دەرنەچوو.

● پرەنسیپی یەکریزی لەبەرانبەر مەنتقی نەخۆشی ئینشعابدا

دوای جیابوونەوە، بە هۆی ئاشکرابوونی ناڕەزایەتیی کەسانێک لە ڕێبەرایەتیی لایەنی ئینشعابی و دەست لەکار کێشانەوە و دابڕانی هێندێکیان، وەکوو پێکهاتنی گرووپی هەڵوێست و گەڕانەوەیان بۆ ناو حیزب، ئەم لایەنە لە چەند قۆناغدا تووشی نسکۆیەکی ماناداربوو[١٦]. شیکاریی ئەم هەرەس و نسکۆیانە چ بۆ حیزب و چ بۆ لایەنی ئینشعابی دەتوانێ ڕووناکییەک بخاتە سەر هێندێک سووچی تاریک و نیوەتاریکی

شێوەی هەڵسوکەوت و فەرهەنگی کاری سیاسیمان.

ئەگەرچی هێندێک تاقم و سایتی نیوەڕەسمیی سەر بەم لایەنە هەوڵیان دا وا بنوێنن کە دابڕانی ئەو جەماعەتە، بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە دژی چۆنیەتیی یەکگرتنەوەیان لەگەڵ لایەنی سەرەکی و یاسایی حیزبی دیموکرات رووی داوە، بەڵام ئەوەی لە لێدوان و بەیاننامەکانی ئەم چەند کەسە هەڵدەهێنجری، ئەوەیە کە ئیعترازی سەرەکیی ئەوان بە دژی شێوەی کاری تەشکیلاتیی ئەو لایەنە و وەدی نەهاتنی ئەو بەڵێنە قەڵبانە بوون کە دوای ئینشعاب لە بەیاننامەی ناسراو بە «هێڵەگشتییەکان» بە شێوەی فەرمی و هێندێک بەڵێنی دیکەی نەنووسراو و نافەرمی درابوو بە ئەندامەکانیان. هەڵبەت یەکێک لە ئیعترازەکانیشیان بریتی بووە لە بابەتی یەکگرتنەوە لەگەڵ حیزب. لێرەدا هەوڵ دەدەین لە دەلاقەی هێندێک خاڵەوە بچینە ناو شیکاریی ئەو ئینشعابەوە.

ئینشعابێکی لەم چەشنە کە لە سەر هیچ بنەمایەکی سیاسی و تەشکیلاتی بنیات نەنرابێ، بەڵکوو تەنیا بۆ تۆڵەسەندنەوە بێ و ئاکسیۆنێک بێ بە نییەتی دابینکردنی بەرژەوەندیی گرووپی و تاکەکەسی ساز کرابێ، خۆی بە دژی خۆی رادەوەستێتەوە و رادەسێتەوە. ئەو شێوە ئینشعابە کردەیەکی ئەوتۆیە ئەوەندەی جەستەی حیزب بریندار دەکا بۆی هەیە بە چەند قات دەست لە خۆیشی بوەشێنێتەوە و رەوتی دژ بە خۆی بەرهەم بێنێتەوە. لە تەم و مژی رۆژەکانی سەرەتای ئینشعابدا لەوانە بوو هەر بە تەنیا تیۆریی رووت ئەو راستییەی پیشان دابایەن، بەڵام ئەمرۆ رەوتی رووداوەکان و عەینییەتی مێژوو قوڵی لە قوڵی باسی تیئۆری کردووە و ناتەبایی کردەی نادیموکراتیک و رووخێنەری ئینشعاب لە «ئەرزی واقیع»دا خەریکە سیمای راستەقینەی خۆی پیشانی لایەنی ئینشعابی دەدا. ئەم ئەرزی واقیعە هەمان ئەرزی واقیعە کە لایەنی ئینشعابی دەیویست بوونی نایاسایی خۆی تێیدا بسەپێنی و کاردروستایی خەیاڵیی خۆی بەو هۆیەوە بچەسپێنی. ناتەباییەکە لەم پرسیارە جێی سرنج و شیاوی تێرامانەوە سەرچاوە دەگرێ کە

ئەگەر خۆلادان و خۆڕاپسکاندن لە ڕەوتێکی یاسایی دەتوانێ یاسایی بێ و دەبێ بە ڕەسمی بناسرێ، بۆچی هەڵگەڕانەوە و وەرسووڕانەوەی لایەنێکی سێیەم لە خودی لایەنی جیابووە، نابێ بە ڕەسمی بناسرێ؟ بە گوتەیەکی تر ئەگەر ئینشعاب یاساییە بۆ چی ئینشعاب کردن لە لایەنی ئینشعابی ناتوانێ یاسایی بێ؟ ئەگەر بڵێین ئینشعاب کردن لە لایەنی ئینشعابی یاسایی نییە، هەر بەو بەڵگە و پاساوە ئەو ڕاستییەمان سەلماندووە کە لە بنەڕەتدا ئینشعابی خودی ئەو لایەنەش یاسایی نەبووە و ئەگەر ئینشعابێکی تریش لەو لایەنە یاسایی بێ، ئەوا ئەم زنجیرە بەتاڵە دەتوانێ هەتاهەتایە هەر درێژەی هەبێ و بەم چەشنە هەر لە جێدا فەلسەفەی کاری تەشکیلاتی و پرەنسیپی کاری حیزبی دەچێتە ژێر پرسیار و جیاوازیی نێوان پێکهێنانی تەشکیلات و لێکهەڵوەشاندنەوەی تەشکیلات دەسڕدرێتەوە، ئا لێرەدایە کە ناتەبایی لە هەناوی ئینشعابەوە لە دایک دەبێ و ئەم «زا» نەحەجماوە «ماکە» نەچەسپاوەکەی خۆی هەڵدەلووشێ و هەڵیدەتاوێنێ و ئەوەی قەرار بوو لە خەریتەی خەیاڵدا ببێ بە خانی خانان لە ئەرزی واقیعدا دەبێ بە شتێکی دیکە.

حافزەی مێژوویی لێرەدا دەتوانێ بە هانای شیکارییەکەمانەوە بێ و باوی هەنگاومان لە بەڵگەهێنانەوەماندا خۆش بکا. ئەگەر چاوێک بە بەیاننامە و لێدوانی ئەم چەند کەسە نارازییەدا بخشێنین کە لە لایەنی ئینشعابی جیا بوونەوە، وێکچوونێکی مانادار لە نێوان ئەم بەیانییانە لەگەڵ ڕاگەیەندراوەکانی لایەنی ئینشعابی ماوەیەک بەر لە جیابوونەوەیان لە حیزبەوە بەرچاو دەکەوێ. یەکێک لەم ئەندامە نارازییانە لە لێدوانێکدا دەڵێ:

*"ئێمە پێشتر داوای پێکهێنانی فراکسیونێکمان[17] کرد، بەڵام هاوڕێیانی دەفتەری سیاسی ئیزنی پێکهێنانیان پێ نەداین" (سایتی ڕۆژهەڵات تایمز)*

ئەو لایەنەی ئێستا ئیزنی پێکهێنانی فراکسیون نادا بە ئەندامەکانی، کاتی خۆی لە سەر بەرەسمی ناسرانی خۆی وەک ئۆپۆزیسیۆن لە

ناو حیزبدا پێداگر بوو. ئەو کەسانەی کە لەگەڵ فەرهەنگی تێکۆشانی سیاسی ناسیارن دەزانن مانای «ئۆپۆزیسیۆن» لە مانای «فراکسیۆن» زۆر خەستتر و قورسترە. با چاوێک بەو بەڵگەنامانەدا بخشێنینەوە کە ئێستا ئیتر بوونە بە بەڵگەنامەی مێژوویی. لەو نامە بیست خاڵییەدا(١٣٨٥/٥/٧ی هەتاوی) کە بە ناوی «ئۆپۆزیسیونی نێوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران» بۆ «زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی» نووسراوە، داوا لە لایەنی زۆرینە کراوە «ئۆپۆزیسیۆن بە رەسمی بناسن و لە هەر مەسەلەیەکدا لەگەڵی بکەونە دیالۆگ و حیسابی بۆ بکەن» (ئەزموونی خەبات). لە زۆربەی بەندەکانی ئەم نامەیەدا، داوا کراوە هەیئەتێک لە ئۆپۆزیسیۆن دیاری بکرێ هەتا وێڕای «زۆرینە» ماف و سەلاحییەتی ئەوەی هەبێ بە «هەموو» بڕیارەکانی پێشووی «زۆرینە» دا بچنەوە و لە «هەموو» بڕیارەکانی داهاتووی زۆرینەشدا بۆچوونیان ئیعمال بکرێ. لێکدانەوەی وردی بیست خاڵەکەی ئەم نامەیە بۆمان دەردەخا کە لایەنی ئینشعابی ئەودەم نەک هەر راستەوخۆ و بە ئاشکرا داوای پێکهێنانی ئۆپۆزیسیۆنی دەکرد، بەڵکوو ناراستەوخۆ داوای بەڕەسمی ناسرانی حەقی ڤیتۆ بۆ ئەم ئۆپۆزیسیۆنەشی دەکرد و ئەم حەقی ڤیتۆیەش نەک هەر بڕیارەکانی دواتری حیزبی دەگرتەوە، بەڵکوو هەموو بڕیارەکانی پێشووی رێبەرایەتیی تازەشی دەگرتەوە! لە روانگەی لایەنی ئینشعابییەوە بەڕەسمی نەناسرانی ئەم حەقانەش، بە مانای دانانی سنووری «خودی» و «غەیری خودی» لە نێوان ئەندامانی حیزب، لە لایەن زۆرینەی حیزبەوە بوو. دیارە ئەگەر حیزب هەموو ئەم داوایانەی بە رەسمی ناسیبا نەک هەر هەڵبژاردن دەبوو بە ناوێکی بێ ناوەرۆک، بەڵکوو تەنانەت لەڕاستیدا ئەو لایەنە تێیدا سەردەکەوت کە دەنگی کەمتری هێنابا‌وە و ببا بە «ئۆپۆزسیۆن». جا لایەنم دەویست بیگوتبا لەل، هەتا درابایە دەست پێداچوونەوەی «ئۆپۆزیسیۆن» و، ئۆپۆزیسیۆن بە شێوەیەکی دیموکراتیکدا مشووری لایەنی زۆرینە و بڕیارەکانی و هەڵبژێردرانی و دەسکهێنانەوەی و بوونی

بــە زۆرینەی خواردبا. لە بەرانبەر داواکاریی ئەوتودا وەلامی حیزبێکی مەسئوول و دەستەیەکی هەڵبژێردراو لە کۆنگرەیەکی یاساییدا دەتوانی چ بێ؟ سەرکردایەتیی حیزب بۆ رازیکردنی کەمینە، بە سینگ فراوانییەوە قبووڵی کرد «ئاییننامەکان چاویان پێدا بخشێندرێتەوە و ئەگەر مەوردی وا هەبــێ کە بەر بە چوونەپێشــی کار و ئەرکەکەی بگرێ، دەســکاری بکرێن» (ئەزموونی خەبات ل ٦٥٢) و ئەگەرچی ئەو دەســتەیەی وەک کەمینە قەبوول کرد و لە ســەرجەم ١٧ خاڵەکەی راگەیەندراوی خۆیدا ئیمتیازی تریشی بۆ بە رەسمی ناسین، بەڵام بە ئاشکرا رایگەیاند:

*"لــە ئەساســنامەی حیزبــدا «بەرەســمی ناســینی» ئۆپۆزســیۆن نەهاتووە، بۆیە ناکرێ بە رەسمی بناسرێ (خاڵی سێزدە) و «هەموو کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیــزب دەبێ پەیرەوی لە ئەساســنامە و ئایین نامەکانی حیزب بکەن (خاڵی١٤)» و «لە هەموو هەلومەرجێکدا دەبێ پرەنسیپە دێموکراتیکەکانی حیزب بپارێزرێ (خاڵی١٥)» و «هەمووومــان بەرعــۆدە بین کە بەرانبــەر بە بێکاری و کەمــکاری و کارشــکێنی هەڵوێســت بگرین(خاڵــی١٦)» و «هەمووومــان بــە رۆحــی برایەتــی و یەکرێــزی بــۆ بەرەوپێشــبردنی بەرنامــە و بەرژەوەندییەکانــی حیزب هەنگاو بنێین (خاڵی١٧)".*

ئەندامانی نارازی لە لایەنی ئێنشــعابی، لە بەشێکی دیکەی قسەکانیاندا دەڵێن:

*"بەم جۆرە بەڕێوەبەرییەوە کە زۆرتر بیر لە کۆکردنەوەی دەســەڵاتی رەها بۆ خــۆی دەکات، ناتوانرێ حدک ئیدارە بکرێ، [...] ئێمە دژی ئەو شــێوە بەڕێوەبەرییەی حیزبین کە پاســیڤبوونی بەشــێکی بەرچاوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی لێ بکەوێتەوە". (رۆژهەڵات تایمز)*

کەلو هەر ئەو رۆژەی لایەنی ئینشعابی لە بەرانبەر بڕیارە یاساییەکانی

سەرکردایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێزدەدا کارشکێنی و کەلەوەکێشیی دەکرد و بە ئاشکرا و بێ پرینگانەوە پابەندی ئاکامی هەڵبژاردن نەدەبوو و هێنانەوەی دەنگی زۆرتری لایەنی هەڵبژێردراوی بە لێکهەڵاواردنی خودی و غەیرە خودی لێک دەدایەوە، ئەو ئاوەی بۆ لایەنگرانی خۆی نەڕشت هەتا رۆژێک لە رۆژان سەرکردایەتیی خۆیان بەوە تاوانبار بکەن کە "بیر لە کۆکردنەوەی دەسەڵاتی رەها بۆ خۆی دەکاتەوە" و "ئەم شێوە بەڕێوەبەرییە، پاسیڤبوونی بەشێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی لێ دەکەوێتەوە؟" ئەگەر سەرکردایەتیی لایەنی ئینشعابی لە وەڵامی ئەو جەماعەتە موعتەریزەدا پێیان بڵێ ئەوەی ئێوە ناوی دەسەڵاتی رەهای کەسانێک و پاسیڤبوونی کەسانێکی دیکەی لێ دەنێن، لە راستیدا بریتییە لە هێنانەوەی دەنگی زۆرینە لە لایەن کەسانێک و دەنگهێنانەوەی کەمتری کەسانێکی دیکە لە کۆنگرەی بە ناو پازدەیاندا، ئایا ئەو جەماعەتە بۆیان نییە لێیان هەڵبگەڕێنەوە و پێیان بڵێن ئێوە بۆ خۆتان لە کۆنگرەی سێزدەدا کوا پابەندی ئاکامی هەڵبژاردن بوون؟ ئایا ئێوە نەبوون لایەنی هەڵبژێردراوتان بە دانانی سنووری خودی و غەیرە خودی تاوانبار دەکرد؟ بۆچی ئەوەی کە لەو کاتەدا بۆ ئێوە رەوا بوو، ئێستا بۆ ئێمە ناڕەوایە؟ ئایا ناتوانن پێیان بڵێن ئێوە کە بە رەسمی ناسرانمان وەک فراکسیۆن پێ رەوا نابینن، چۆنە کە ئەو دەم لە سەر بە رەسمی ناسرانی خۆتان وەک ئۆپۆزیسیۆنی ناو حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆن پیداگریتان دەکرد؛ ئەویش بەو دەسەڵاتە رەهایەوە و تەنانەت دوای دەنگ نەهێنانەوەتان لە کۆنگرەدا؟

بەڵێ لێرەدا دەبینین کە ئەو ئینشعابە خاوەنی مەنتقێکی نەخۆشە و بە دژی خۆی رادەوەستێ و خۆی لە خۆی رادەسێ و دەست لە خۆی دەوەشێنێ: هەروەک چۆن پێشتریش دەستی لە حیزبی خۆی وەشاند. ئەوەندەی ئینشعاب لە مەنتقێکی نەخۆشەوە سەرچاوە دەگری، بەکرێزیش دەرئەنجامی شێوەکاری دروستی تەشکیلاتی و دەروون حیزبییە لە رۆژانی بەر لە ئینشعابەوە هەتا ئەمڕۆ نەسەلماندن و

نەحاوانەوە و پابەند نەبوون بە ئوسـوولی کاری تەشـکیلاتی، مەنتقی لایەنی ئینشعابی بووە و لەبەرانبەردا پاراستنی ئینسجام و یەکانگیریی تەشکیلاتی و پابەند بوون بە پرەنسیپەکان، مەنتیقی کاری حیزب بووە. کەچی پاش دوایین پلێنیۆمی حیزب لە سـالی ١٣٩٢دا، لایەنی ئینشعابی لـە پلینۆمی خۆیاندا ـ ئەگەرچی لە زۆر بارەوە لە بەرانبەر هەلویسـتی پتەو و عەقلانیی حیزبدا پاشەکشەیان کرد ـ هەولیان دا وا نیشان بدەن کە سەرئەنجام ئەوە حیزب بوو هاتە سەر بۆچوونی ئەوان و گەیشتن بە ڕێککەوتن و کاری هاوبەشی سەلماند.

حافـزەی میژوو لـە حافزەی تاکـی مرۆڤەکان بەهێزتـرە، بەلگەنامە میژووییەکان کە ئیسـتا لە بەرچاوی هەموو خەلکدان بە جوانی دەری دەخـەن کە ئەوان بەر لە ئینشـعاب داوای بە رەسـمی ناسـرانی دوو لایەنـی لێکجیا لە ناو قـەوارەی یەک حیزبیاندا دەکـرد ـ بە ئیختیاراتی نائاسـایی لایەنی ئۆپۆزیسـیۆن ـ و دوای ئینشعابیش داوای بە رەسمی ناسرانی دوو حیزبی دیموکراتیان دەکرد. لە بەرانبەردا حیزب چ بەر لە ئینشعابی ئەو دەستەیە و چ دوای ئینشعابیان داکۆکیی لەسەر یەکڕیزی و پێداگری لە سـەر شـوناس و پێناسـەی واحیدی حیزبـی دیموکرات کردووە.

لـە کاتی هەلچوون و ڕەگی مل ئەسـتوور کردن و تەپ و تۆزەکانی ئینشـعابدا، ڕاستییەکان و مەنتیق لە نێو تەپ و تۆزدا دەشاردرێنەوە و تۆ بۆ ئەوەی کە ڕاسـتییەکانت بۆ دەرکەوی، پێویسـتە دان بە جەرگی خۆتدا بگری و ڕاوەستی تەپ و تۆزەکە بنیشێتەوە تا دروشمە قەبەکان، قسە هەسـت بزوێنەکان و ڕووخسارە میکیاژکراوەکان بناسییەوە.

پەڕداخەوە جاری وایە ئەم تەپ و تۆزنیشـتنەوە ماوەیەکی زۆری پێ دەچێ و لەو ماوەیەدا خەسارێکی گەورە لە بزووتنەوە دەکەوێ و زۆرێ لە ناڕاسـتییەکان بە ڕاسـت دەقەبلێندرێن، بەلام بۆ ئێمەمانان ـ کورد ـ کە نەتەوەیەکی پڕ لە سـۆز و عاتیفەین، باشـترین کات بۆ داوەرییکردن لە سـەر لێکترازانەکانی حیزبە سیاسییەکان، ئەودای دوای نیشتنەوەی

تـەپ و تـۆزە، بـەڵام نەک ئەوەنـدە درەنگ کـە ئاڵوگۆڕە سیاسـی و ناوچەییـەکان بـە تەواوی گۆڕانیان بە سـەردا هاتبێ و ڕاسـتییەکانی سـەردەمی جیابوونەوەکان و ئەکتەرەکانی لـە ئارادا نەمابن و بەڵگەی تەواو و شاهیدی پێویست دەست نەکەوێ.

وردبوونەوەیەک لە وەزع و حاڵی جیابووەکانی دوای کۆنگرەی چوار و هەشـت و سێزدە بەڵێن و دروشـمە ڕازاوەکانیان و چارەنووسیان، زۆر لەو ڕاسـتییانە بۆ خەڵک دەر دەخا کە لە سەردەمی ڕووداوەکاندا بۆ هێندێک کەس لە ژێر تەپ و تۆزدا بوون.

ئێمـە لە لاپەڕەکانی پێشـوودا سـەبارەت بـە جیابوونەوەکانی دوای کۆنگرەی چوار و کۆنگرەی هەشت کورتە باسێکمان خستە بەر چاوی خوێنەرانی ئەم نووسـراوەیە و ئاماژەمان بـەو جیابوونەوانە کردووە و لێرەدا ناچینەوە سـەریان، بەڵام سـەبارەت بـە جیابوونەوەی دوای کۆنگرەی سێزدە، ئێستا کاتێکی گونجاوە کە بە گشتی هەڵسەنگاندنێکی لە سـەر بکەیـن، چونکە تـەپ و تۆزەکـە نیشـتۆتەوە و ئەکتەرەکانی ئینشـعاب و ڕەمزی بزووتنەوەکەیش لەگەڵ زۆربەی شایەتحاڵەکان بە خۆشییەوە لە ژیاندا ماون.

ئێمە بۆ ئەو هەڵسەنگاندنە تەنیا بەشێک لە دروشمەکان و بەرنامەکانی ڕێبەرایەتیـی لایەنـی جیابوو و کردەوەکانیان لـە دوای جیابوونەوە تا کاتی نووسینی ئەم دێڕانە کە نزیک بە هەشت ساڵی بە سەردا تێپەڕیوە، لـە زمانـی نارازییەکانـی ئەو لایەنـەوە دەخەینە بەر بـاس، بۆ ئەوەی ڕەنگە داوەری و قسەی ئێمە وەکوو لایەنی بەرانبەر لەو پێوەندییەدا بە لایەنگرانـە بزانرێ و جێی خۆی نەگرێ، بۆیە ئێمەیش وەکوو کەسێک کـە لـە لاوە گوێ لـە وتەکانی ڕێبەرانی ئـەو لایەنـە و نارازییەکانیان دەگرێ، سەیری ڕووداوەکانی ئەو ماوەیە دەکەین:

کاک ئیقبال سـەفەری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هاوڕێیانی پێشوو دوای چەند سـاڵ بەو ئاکامە گەیشـت کە بەڵێنـەکان و بڕیارەکان لەو حیزبـەدا بەڕێـوە ناچن، بۆیـە خواحافیزیی لێ کـردن و ئامادە نەبوو

لەگەڵیان بمێنێتەوە، ناوبراو لە دیمانەیەکدا ڕێکەوتی (١١ مارس ٢٠١٤ی زایینی)[١٨] لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە دەست لەکارکێشانەوە و بەجێهێشتنی حیزبەکەی دەڵێ:

*"ناوی حیزب، حیزبی دێموکراتی کوردستانە. زیادکردنی پاشکۆی ئێران پاش دوو ساڵ لە سەر ویستی دەفتەری سیاسی بووە و ئێستاش لەسەر ماڵپەڕی «کوردستان و کورد» بەشی کوردی، فارسی و ئینگلیسی دانراوە. ئەمە واتای چی دەگەیەنێ، بێجگە لە لادان؟ لە کۆنگرەدا پەسند کراوە کە ئێمە شتێکمان بە ناوی کوردستانی ئێران نییە و نابێ، بەڵام یەکەم کەس کە دەبێ پارێزەری پەسندکراوەکان بێ، بۆ خۆی ژێر پێی دەکا و بە گرینگیشی نازانێ. بەرنامە باس لە شوناسی نەتەوەیی دەکا، کەچی سیاسەتی باڵێک و دوو هەوای ئێمە لە گوتار و کرداردا، خۆی دەخزێنێتەوە ناو سیاسەتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و ئینگلیس لە دەنگی ئەمریکا و بی بی سی. بەرنامەی پەسندکراوی دوایین کۆنگرە باس لە کوردستان وڵاتێکە و کورد نەتەوەیەکە دەکا، لە حاڵێکدا کە ئێمە دەمانهەوێ بە مادەی ١٥ و ١٩ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی پێی بگەین!"*

ئیقباڵ سەفەری لە جێگایەکی دیکەدا و لە"ڕوونکردنەوە سەبارەت بە دەست لە کار کێشانەوەم لە حیزبی دێموکراتی کوردستان" ڕێکەوتی ٢٠١٤/٣/٢ی زایینی سەبارەت بە دروشمی قەبە و شاری وێران دەنووسێ:

*"لە سەرەتای لێکدابڕان لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ٢٠٠٦ من بێلایەن بووم و لەگەڵ چەندین هاوڕێی دێرینیش دوو نووسراوەمان لەو پێوەندییەدا بڵاو کردەوە، بەڵام زۆری پێ نەچوو*

ڕێبەریی ئەو کاتەی حدک بە هێنانەئارای هێڵە گشتییەکان و دەنگوی ڕێبازی نوێی نەتەوەیی و نیشتمانی، سیاسەت و شێوازی کاری نوێی حیزبی، سرنجی ڕاکێشام و وەک هاوڕێیەکی حیزبی بەشداری ڕەوتی حدک بووم. بە هاتنە ئارای کەشی کراوە و باسەکانی بەرەو کۆنگرەی چاردە، بە تایبەتی بەرنامە و پێڕەوی نوێ، من و هاوڕێیان و خەڵکێکی زۆر لە نێو حیزبی دێموکرات و لە دەرەوەی حیزبیش، هیوای زۆرمان بە گۆڕان لە هزر و شێوازی حیزبیدا تێدا دروست بوو. تەرکیبی کۆنگرەی چاردە و پەسندکراوەکانی هێندەیتر هیوای ئێمەی بە ڕیفۆرم و بە تایبەتی بەهێزکردنی بیری نەتەوەیی لە سەر بنەمای فیکری «ژ. ک» و ڕێزگرتن لە ڕای تاکی حیزبی و تەشکیلاتییەکان و دیسانترالیزە کردنی نێوخۆی حدک زیاد کرد، بەڵام سەد مخابن پاش کۆنگرەی چاردە، ساڵ لە دوای ساڵ، ڕێبەریی نوێی حدک هەنگاو بە هەنگاو پەسندکراوەکانی کۆنگرەی پێشێل کرد و هیواکان بەرەبەرە ڕوویان لە کزی کرد... بڕیارمان دا کە سیستمی کاری بەڕێوەبەری دیسانترالیزە بکرێ و بەهاکانی تاکی ئەندام و تەشکیلاتەکان پەرەی پێ بدرێ. ئەگەرچی بە ڕواڵەت هێندێک ژینگەی کراوەیی گیرا، بەڵام تەکرەوی بە تایبەتی د.س (دەفتەری سیاسی) هەتا دەهات ڕووی لە پەرەئەستاندن کرد. دیسان جیابیران ڕووبەڕووی گیروگرفت بوونەوە و وەدەر نران. ئەم هەڵسوکەوتە یەکێک لەو بوارانە بوو کە من و چەندین کەسی دیکەش لە ڕێبەری بەردەوام بە دژی بووین و هەڵوێستمان دەگرت و ئازارمان پێوە دەخوارد".

"ڕێبازی نوێ و هزری نەتەوەیی لە لایەن دەفتەری

*سیاسی بەتایبەت سکرتێری حیزبەوە نە تەنیا بایەخی پێ نەدرا، بەڵکوو هەر لەسەرەتاوە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ، خرانە پەراوێزەوە. یەکێک لە مەبەستەکانی لابردنی وشەی ئێران لە پاشکۆی ناوی حیزب و بەکاربردنی وشەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەباتی کوردستانی ئێران، بەهێزکردنی نەتەوەیی بوونی زیاتری حیزب و گونجاندنی حیزب لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەو بیرە نوێیە بووکە لە بەرنامەی نوێدا هاتبوو[١٩]. کەچی بەداخەوە دەسەڵاتی کۆکراوەی سانترالیستیی نادێموکراتیک، ئەوەشی کردە قوربانی بەناو واقیعبینیی سیاسی!؟ داسەپاوی ناکارامە.*

*سیاسەتی ناڕوون و هەڵوێستی بانێک و دوو هەوای ئەکتەرەکانی ئەم جۆرە سیاسەتکردنە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ میدیا و هێزی سەراسەریی ئێرانی و بێگانەدا، نموونەیەکی بەرچاوە".*

ڕەنگە مەبەستی کاک ئیقباڵ ئەوە بێ کە ئەوان لە نێو ڕێکخراوە کوردییەکاندا لابردنی وشەی «ئێران»یان لە سەر ناوی حیزبەکەیان وەک شانازی و نەتەوەیی بوونی زیاتری خۆیان لە «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران» دادەنا، بەڵام لەگەڵ فارسەکان بە شێوەیەکی دیکە هۆی ئەو لابردنەیان باس دەکرد، کاک خالید عەزیزی لە وتووێژێکدا لە BBC فارسی کاتێک هۆی لابردنی وشەی «ئێران» لە سەر ناوی حیزبەکەیانی لێ دەپرسن، لە وەڵامدا دەڵێ لە بەر ئەوە ئەو وشەیەمان لابردووە تا لەگەڵ بەشەکەی دیکە واتە «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران» جیاوازیی «ناو»مان هەبێ.

ئەو لایەنە لە سەرەتاوە بە بەڵێن و نیشاندانی بەرنامەکاری ڕازاوە دەستی پێکرد بۆ ئەوەی بەهەشتێکی مەوعوود دەستەبەر بکا کە لەوێدا هەموو لایەک بە بێ نیگەرانی بحەسێنەوە، بە بێ لە بەرچاو گرتنی ئەندازەی توانا و بەربەستەکانی سەر ڕێگای خەبات و بە بێ ئەوەی بیر

لەوە بکاتەوە کە رەنگە بنیاتنانی ئەو بەهەشتە خەیاڵییە بتوانی کەسانێکی تامەزرۆی ژیان لەو بەهەشتەدا لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، بەڵام دوای ماوەیەک کە بەهەشتەکەی بۆ ساز نەبوو، وەڵامی تامەزرۆکانی بەهەشتەکە چۆن دەداتەوە؟ و ئەو گلەیی و گازندانەی هێندێک لە ئەندامانی رێبەرایەتییەکەیان لەو راستییانەوە سەرچاوە دەگری.

سەبارەت بە خەباتی ژنان لە نێو حیزبدا لە "هێڵە گشتییەکانی رێبازی ئێمە" دا دەڵێن:

"*راستییەکی زەق و حاشاهەڵنەگر ئەوەیە کە نەخشی ژنان و بەشداریی ژنان لە بەڕێوەبەریی کاروباری حیزبیدا لە کۆنەوە تا ئێستا یەکجار کەم و ناتەواو بووە. بۆیە پێویستە هەر لە ئێستاوە میکانیزمێک دابنرێ و پیادە بکرێ کە بەشداریی ژنان لە رەدە جۆراوجۆرەکانی رێبەریدا مسۆگەر بکا و بەردەوامیش پەرەی پێ بدا*".

لێرەدا دوای تێپەڕبوونی نزیک بە ٨ساڵ بە سەر ئەو دروشمانەدا پرسیار ئەوەیە:

بەڵێ نەخشی ژنان و بەشداری لە بەڕێوەبەریی کاروباری حیزبیدا لە کۆنەوە تا ئێستا (کاتی جیابوونەوەیان لە حیزب) کەم و ناتەواو بووە، کە هۆی جۆراوجۆری هەیە، بەڵام:

- ئەو میکانیزمەی کە باسی دەکەن، لە کاتی رێبەرایەتیی زۆرینەی خۆیان پێش جیابوونەوە لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ چی دایان نەنا تا ئەو ئامانجە کە ئامانجێکی پیرۆزە وە دی بێ؟

ئێستا دوای ٨ ساڵ لە تێپەڕینی راگەیاندنی ئەو بەرنامە جوانە لە رەدە جۆراجۆرەکانی رێبەرایەتییەکەیاندا چەند کەس لە ژنان بەشدارن کە زیاتر لە ژمارەی ژنانی بەشدار لە رێبەرایەتیی حیزبدا پێش جیابوونەوەی ئەوان بێت؟

ئەوانە و دەیان پرسیاری دیکە لە ئێستادا بەرەوڕووی رێبەرایەتیی هاوڕێیانی جیابۆوە دەبێتەوە کە هیچ وەڵامێکیان بۆی نیە و لە هێندێک

بواری گرینگی سیاسیدا تووشی ئاڵۆزیی فیکری و بێ بەرنامەیی کردوون. سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی دەڵێن:

*"ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێژیمێکی دژی ئازادی و دوژمن بە ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد و هەموو خەڵکی ئێرانە و خەباتمان بۆ لە سەرکار لابردنی و هێنانە سەرکاری ڕێژیمێکی گەلی و دێموکرات و دامەزراندنی سیستمێکی فیدراڵی لە ئێراندا درێژە دەدەین". (هێڵە گشتییەکان)*

هەر لەو پێوەندییەدا حەسەنزادە دەڵێ[٢٠]:

*"حدک دروشمی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەدا. ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە لە چوارچێوەی ئەو نیزامەدا، ئەو ئامانجانە دەستەبەر نابن. شێوەی هەڵبژاردن و کاندید کردن لەو نیزامەدا هەر موناقشەیەکی لە سەر نیە".*

لە کاتی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ڕێژیمدا لە ساڵی ١٣٨٨ و هەڵوێست و لێدوانەکانی هاوڕێیانی ئینشعابی، ماڵپەڕی هەڵوێست لە بابەتێکی چەند لاپەڕەییدا، باس لە سەرگەردانی و هەڵبەزدابەزی ئەو حیزبە لە ڕەوتی ئەو هەڵبژاردنەدا دەکا و سەرەتای بابەتەکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکا "هەڵبژاردن، تاکتیکێک کە ستراتیژی حیزبی دیموکراتی کوردستانی گۆڕی" لە بەشێک لەو وتارەدا هاتووە کە:

*"لە ڕەوتی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێراندا حکوومەت توانی بە ڕەچاوکردنی تاکتیکی ڕەقابەتی کردنی ئەم هەڵبژاردنە (لەناو خودییەکاندا)، سرنجێکی زۆرتر بۆ ئەو هەڵبژاردنە ڕاکێشی، بە شێوەیەک کە تەنانەت لە نێو کوردانیشدا کە هیچکات شوبهە و تەوەهومێک بە نیسبەت حکوومەت و هەڵبژارنەکانییەوە نەبووە، یەک دوو لایەن بکەونە ناو گەمەی ئەو هەڵبژاردنەوە. یەکێک*

لەو لایەنانە حیزبی دێموکراتی کوردستان(لێرە بەدواوە حدک) بوو، ئەم حیزبە کاتێک لە ئاست هەڵویستەکەیدا کەوتە بەر رەخنەی ماڵپەڕە سەربەخۆکان، تاکی چالاک و هێندێک ڕێکخراو، دژکردەوەی جۆربەجۆری لە خۆی نیشان‌دا کە ئەمە نیشانەی ناڕوونی و نایەکدەستی بوو لە ناو ڕیبەری و ڕیزەکانیدا بە شێوەیەک کە سەرەتا قورس و قایم لە کەروویی پشتیوانیی کرد و پاشان نەفەری یەکەمی بە گەرمی لەو هەڵویستە دیفاعی کرد بەلام بە دەرکی ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردستان چ هەڵویستێکی هەیە، لە وتوویژەکانیدا بە کوردی جۆرێک قسەی دەکرد و بە فارسی جۆرێکی دیکە. تا ڕادەیەک کە لەو هەڵبەزدابەزەدا سەرەنجام روون نەبووەتەوە کە قسەی ئاخری ئەم حیزبە چییە!! جارێک وتیان کە ئێمە باسی بەشداری‌کردنمان نەکردووە و تەنیا وتوومانە بەیانیەکەی کەرووبی موسبەتە. سەرەڕای ئەوە، تا بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن ئێمە چەند شێوە هەڵسوکەوت لە ئەندامانی سەرەوەی ئەم حیزبە دەبینین کە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو ڕێبازەی کە ئەم حیزبە هەڵیبژاردبوو، نەک هەر لە کۆمەڵگا، بەڵکوو لە نێو ڕیزەکانی خۆشیدا هەروا بە ئاسانی هەزم ناکرێ.

پاش هەڵبژاردن و ئەو کردارەی حکوومەت لەگەڵ دەنگی خەڵک ئەنجامی دا و سەرهەڵدانی ئاخێزی ئیعترازی خەڵک، حدک دیسان بەدەرکردنی ڕاگەیەندراوێک، خۆی دەکاتە خاوەنی هەڵبژاردنەکە و سپاسی بەشداریی خەڵک دەکات!! ئەمەش لە کاتێکدایە کە خۆشی ئیشارە بەوە دەکات کە ئەگەر خەڵک بەشداریش بووبێتن، دەنگیان بە مووسەوی، نەک کاندیدی حدک (کەرووبی) داوە، جیا

*سەرکەوتنێک لەم نێوانەدا نەسیبی حدک بووە، ئێمە تێنەگەیشتین".*

بەڵام کاک خالید عەزیزی وەک سکرتێری گشتی لە سەر یەک ئەوەی دووپات دەکاتەوە کە رووخاندنی کۆماری ئیسلامی نەک هەر کاری ئەوان نیە، بەڵکوو لە راستیدا کاری کورد نیە، گوایە بەو دەلیلەی "کورد ئەو حکوومەتەی پێک نەهێناوە تا بتوانێ بیڕووخێنێ" و حکوومەتی کۆماری ئیسلامی رادەسپێرێ کە "بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خومەینی" بۆ ئەوەی وتووێژیان لەگەڵ بکا[٢١]! و باس و وتووێژەکانی کاک خالید سەبارەت بە مادەکانی ١٥ و ١٩ ی یاسای بنچینەیی کۆماری ئیسلامی و دابەزینەکانی زیاتر لە رادەی پێویست سەبارەت بە رێژیم ئەوندە زەق بوون کە لەو پێوەندییەدا هیچیان بۆ دروشمەکانی هێڵە گشتییەکانیان نەهێشتەوە و پێکهێنانی هیوا بە چارەسەرکردنی پرسەکان لەگەڵ رێژیم، هێڵە گشتییەکانی پێچەوانە کردەوە تا ئەو جێگایەی کە وەفادارترین ئەندامەکانیشیان دەنگی ناڕەزایەتییان بەرز کردەوە، لە درێژەدا وەک نموونە سرنج بدەنە ئەو دوو بۆچوونە:

- سەبارەت بە وتووێژێکی بەڕێز خالید عەزیزی لەگەڵ رووداو، لە پێوەندی بە وتوویژ لەگەڵ رێژیم، هەیاس کاردۆ ئەندامی چالاک و ناسراوی لایەنی ئینشعابی، بۆچوونی خۆی لە بابەتێکدا لە ژێر سەردێڕی (لە کوێوە بۆ کوێ؟) لە رێکەوتی ٢٠٠٩/١٢/١٨ی زایینی بەم شێوەیە دەر دەبڕێ:

*" لانیکەم خالێکی سەرەکی کە لەشی خوێناویی کوردی لە پێناودا لەت و کوت کراوە، لە بۆچوونەکانی تێکۆشەر عەزیزیدا واکەم بایەخ کراوە کە ئینسان تووشی ناهومێدی دەکا. ئەو خاڵە کە لە راستیدا زۆریش گرینگە و پێناسەی خەباتی چەندین ساڵەی حیزبی دێموکرات دەکا، لە چاوی کاک خالیدەوە هەتا رادەی پاڕانەوە بۆ دانیشتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە هەر قیمەتێک هاتووەتە خوار".*

لە وەڵامی پرسیارێکی هەواڵنێری رووداو:

"رووداو: ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئامادە بێت گفتوگۆکردن لەسەر جێبەجێکردنی مادەی١٥ی دەستووری ئێران لەگەڵ ئێوە دەست پێ بکات، کە رێگە بە خوێندن بە زمانە نافارسییەکان دەدات، ئێوە ئامادەن لەو کلیلەوە بچنە ژوورەوە؟"

عەزیزی ئاوا وەڵام دەداتەوە:

" ئەگەر کۆماری ئیسلامی لە هەر بوارێکی یاسایی بۆ نموونە مادەی ١٥و مادەی ١٩ کە هەندێک پێوەندیی لەگەڵ مەسەلەکانی ئێمە هەیە وتووێژ بکات، ئێمە ئامادەین، ئەگەر بڵێ ئێمە ئامادەین وەک کۆماری ئیسلامی لە سەر مادەی ١٥ گفتوگۆ لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان بکەین، ئێمە ئامادەین قسەی لە سەر بکەین".

هەیاس کاردۆ لەو پێوەندییەدا دەنووسێ:

" من دیپلۆمات نیم هەتا پشتی پەردەی ئەو بۆچوونە بخوێنمەوە، بەڵام وەک کەسێ کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە بۆ گەیشتنی کورد بە ئاواتەکانی هەوڵم داوە و ئێستاش لێی ماندوو نەبووم، پێم وایە ئەو دەربڕینە تەنیا دەتوانێ خۆی بە برینی تێکۆشەرانی نەسرەتووی کورددا بکا و خەفەتی هەولی بە بادا چوویان پێ بخوا. جێی پرسیارە، حیزبێک بە رابردووی زیاتر لە ٦٠ ساڵ خەبات و فیداکردنی گیانی هەزاران تێکۆشەر و بە وەسەرنانی سەدان ئەزموونی گرینگ کە هیچیان بەخۆرایی وە دەست نەهاتوون، چۆنە ئاوا ورەی دابەزیوە کە تەنیا بە چاو هەڵتەکاندنی دەسەڵاتدارانی ئێران خۆی بۆ دانیشتن ئامادە دەکا بێ ئەوەی بزانێ خۆی چی دەوێ و وە دووی چی کەوتووە. پێم وایە تێکۆشەر عەزیزی ئەوەی باش دەزانێ کە وە

دوای ئامانج کەوتن پشـووی درێژی دەوێ و بە تایبەتی ڕێبەرانی سیاسـی دەبێ لەو بارەوە سـەبری ئەیووبیان هەبێ. سیاسەت کردن هەر ئەوە نیە بە هێنانی شتی نوێ خۆت بکەیە مەیدانداری مەیدانی سیاسەت کە دیارە ئەوە زۆر گرینگ و لازمە، بەڵام سیاسـەت ئەوەشـە کە چۆن باوەڕ و پرێستیژ و ئامانجەکانی خەباتی خۆت پێ گرینگ بن و لە هیچ حاڵەتێکدا سووکیان نەکەی.

ئێمە دڵمان خۆش بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕەوتێکـی تازەی لە خەبات و کوردایەتی هێناوەتە گۆڕێ کـە دەتوانێ برینەکان سـارێژ بکا و هەسـتی خۆ بەکەم گرتنمان لێ بتارێنێ. ئێستا وادیارە نەک سەربەخۆیی، نەک فیدراڵـی، نەک خودموختاری و نـەک خودگەردانییەکەی پێشـنیار کـراوی دەوڵەتیش لە ئەولەویەتـدا نین و باس باسـی وەگەڕکەوتنی مـادەی ١٥ی قانوونی ئەساسـی کۆماری ئیسـلامییە. مـن یەک پرسـیار دێنمە گۆڕێ کە ڕەنگە بەڕێـز عەزیزی نەخوازێ وەڵامی بداتەوە ئەویش ئەوەیـە، کۆمـاری ئیسـلامیی ئێران چ پێویسـتی بەوەیە لەسـەر دابەزینی مـادەی ١٥ کە خۆی لـە قانوونەکەیدا گونجاندوویەتی لەگەل حیزبێکی کوردی کە ٣٠ سـاڵە لە بەرانبەریدا ڕاوەسـتاوە قسە بکا؟ بۆ مەگەر خۆی کەسی شـارەزای بواری فەرهەنگی و ئامووزشیی کەمن کە بێ داوای یارمەتی لە ئێمە بکا؟ ئەوە ڕاستە کە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لاوازە. بەڵام تکایە با وای لێ نەیە ئێنسان بە فرمێسک و حەسرەتەوە لە ڕابوردووی خەبات بڕوانێ و هێزی چوونەپێشی لێ ببڕێ. من ئەگەر بزانـم هەموو خەباتی ئێمە بۆ باس لەسـەر مادەی ١٥ی قانوونـی ئەساسـیی کۆمـاری ئیسـلامییە، ڕقـم لەخۆم

هەڵدەستێ کە وە دوای کڵاوی خوار کەوتووم".

. برایم جەهانگیری یەکێکی دیکە لە هەڵسووڕاوانیان لە بەشێک لە بابەتێکدا لەژێر سەردێڕی "سرنجێک لە سەر وتووێژەکەی کاک خالید عەزیزی و پرسیارێک لە بڵاوکراوەی رووداو" رێکەوتی ٢٠٠٩/١٢/٢٣ی زایینی دەنووسێ:

"... کاک خالید لە بەشێکی دیکەی سەبارەت بە وتووێژ دەگەڵ بڵاوکراوەی رووداودا و لە وەڵامی پرسیارێک سەبارەت بە مادەی ١٥و ١٩ای یاسای بنەڕەتی دەڵێ: «ئەگەر کۆماری ئیسلامی لە هەر بوارێکی یاسایی بۆ نموونە مادەی ١٥ و مادەی ١٩ کە هێندێک پەیوەندیی لەگەڵ مەسەلەکانی ئێمە هەیە وتووێژ بکات، ئێمە ئامادەین. ئەگەر بڵێ ئێمە ئامادەین وەک کۆماری ئیسلامی لە سەر مادەی ١٥ گفتگۆ لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان بکەین، ئێمە ئامادەین قسەی لەسەر بکەین». بە راستی من لێرەدا سەرم سووڕ ماوە، چ پێویست دەکات رێبەرێکی حیزبێکی سیاسی بەو شێوەیە لاواز و بێدەرەتان خۆ بنوێنێ ئەویش لە حاڵێکدا کە رێژیم لەوپەڕی داماوی و بێزاریدایە، ئاخر بۆچی رێژیم لەسەر ٢ مادەی یاسای بنەڕەتی دەگەڵ حیزبە سیاسییەکان قسە بکا؟ لەسەر مادەی ١٥ و ١٩ای قانوونی ئەساسی کە ٣٠ ساڵە جێبەجێ نەبووە و قەتیش نابێ با دەگەڵ نوێنەرانی کورد قسە بکات لە مەجلیسی شووڕای ئیسلامیدا، با لەگەڵ شووڕای شارەکان قسە بکات! کاک خالید دەیتوانی راست ئەو وەڵامە بداتەوە چ پێویستە حیزبێک کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە دەگەڵ ئەو رێژیمە لە خەباتێکی خوێناویدایە بەو شێوازە هەڵوێست وەرگرێ لە حاڵێکدا کە سوور دەزانێ رێژیمی ئیسلامیی ئێران تەنانەت ئامادە نییە ناوی هیچ

حیزبێکـی کوردی وەک هەیە لە هیـچ کونییەک و لە هیچ ڕاگەیەندراوێکی ڕەسـمیدا بێنی! ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە ئازایەتیی ئەوەمان هەبێ بڵێین سیاسـەت و دین لێک جودان و ڕێژیمێک کە لە سەر ئەساسی شەریعەت و دین دامەزرابـێ ناتوانـێ ڕێژیمێکی دادپـەروەر و دێموکرات بێـت؟ خۆ هەموو لایـەک باش دەزانین ئەساسـەن هیچ پێوەندییەک لە نێوان دین و دێموکراسیدا نییە، ئەدی ئەو هەمـوو بـادان و پێـچ و پەنایە بۆ حیزبێکـی دێموکراتی کوردی لە پێناو چیدا؟ دەسەڵاتداریی سەرەڕۆی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا بە کردەوە ئەوەیان سـەلماند کە جگە لە خۆیان و باوەڕە تەسـک و یەکجـار دواکەوتووەکانی خۆیـان هیچی دیکەیان قبووڵ نییـە، ڕێژیمێک کە ڕوحـم بە ڕەفسـنجانی و خاتەمی و کەڕووبی و موسەوی نەکات و تەحەمولی ئەوانی نەبێت بڵێی دەگەڵ حیزبێکـی دێموکراتدا ڕێک کەوێ و دانووی بکوڵـێ؟ لە جیاتـی ئەو شـێوە گفتگۆیە و باسـکردن لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کە لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا هەرگیـز بە ڕادەی ئەمـڕۆ بێهێز و کرمـۆڵ نەبووە، بە بڕوای من دەبێ باری قورسـی وتار و قسـەکردنمان بۆ گەورەکردنـەوە و بەهێزکردنی ئەو ڕەوتە ڕیفۆرمخوازە و ئەو حەرەکەتـە دژی دیکتاتۆرییە بێ کە خەریکە پەرە دەسـتێنێ و ڕێژیم بە هەموو دڕندەیـی و بێڕەحمییەک کـە نواندوویەتی نەیتوانیوە ئـەو بزووتنەوەیە بە چۆکدا بێنێ".

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەو ڕاستییە بکەم کە ئامانجی ئێمە لە هێنانەوەی ئەم بۆچوونانە ئەوە نیە کە بۆ حیزبێک دیاری بکەین کە سەبارەت بە ڕووداوەکان و پرسە سیاسییەکان چۆن هەڵویست بگری،

یان هەڵوێست نەگری، ئەو کارە پێوەندیی بە هەر حیزبێکەوە هەیە کە بۆ خۆی بڕیار بدا، لە سەر ڕاست و ناڕاستییەکە و ئاکامە ئەرێنی و نەرێنییەکانی خەڵکن کە داوەریی خۆیان دەکەن و مێژوو، بەڵکوو مەبەستی ئێمە ئەوەیە کە ئەو قسە ناسراو و پڕنێوەڕۆکە دووپات بکەینەوە کە: ڕەنگە بە وەعدە و بەڵێنی ناڕاست بۆ ماوەیەک خەڵکێک فریو بدەی، بەڵام ناتوانی بۆ هەمیشە فریویان بدەی.

● پەکخستنی کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی لە لایەن کەمایەتییەوە

پێکهاتەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی خاوەن دەنگ لە کۆنگرەی سێزدە، ١٣ بە ٨ دەرچوو، یانی لایەنی زۆرایەتی ١٣ کەس و لایەنی کەمایەتی ٨ کەس بوون. لە پێڕەوی ناوخۆدا کە هەر لەو کۆنگرەیە پەسند کرا، هاتووە:

*"کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی بە بەشداریی لانیکەم دوو لە سێی ئەندامانی ئەسڵی ڕەسمییەت پەیدا دەکەن و بڕیارات وەختێک قەتعی دەبن کە زیاتر لە دوو لە سێی ئەندامانی بەشدار لە کۆبوونەوەدا دەنگیان بۆ بدەن".*

بەم هۆیەوە ئەو مافە تەشکیلاتییە بە لایەنی کەمایەتی دەدا کە بە کەڵک وەرگرتن لەو مافە پەکی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بخەن، لە بەر ئەوەی کە بە ئامادەبوونی لانیکەم چواردە کەس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پلینۆم پێک دەهات، بەڵام زۆرایەتی سێزدە کەس بوون، بۆیە لەو ماوەیەدا پێکهێنانی پلینۆم و پەسندکردنی بڕیار یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی زۆرایەتی بوو[٢٢] هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئەوان بە کەڵکی خراپ وەرگرتن لەو مافە، پێکهێنانی پلینۆمەکانیان پەک دەخست و بۆ پێکهاتنی پلینۆم داوای ئیمتیازی ناتەشکیلاتییان دەکرد. زۆر جار هەڵدەکەوت کە پلینۆمێک بە چەند مانگ نەدەگیرا و وە دوا دەکەوت، بڕیاراتی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان نەدەدران

و بەوەش حیزب تووشــی خەســاری زۆر دەبوو، خۆ گرفتەکەش ئەوە نەبوو کە لە پلینۆمێکدا بۆ بەرەوپێشبردنی کارەکان بە ناچاری لەگەڵیان بســازێ، بــەڵام ئەو رەوتە کۆتایی پێ نەدەهــات و هەموو جارێک کە باســی پێکهێنانــی پلینۆم دەکرا ئەو بەزمە ســاز دەبوو، هیچ بۆشــیان گرینگ نەبوو کە ئەم شــێوە هەڵسوکەوتە دەبێتە هۆی دواکەوتنی کارە زەرووریەکانی حیزب، چوونکە ئەوان حیسابی چەند مانگیان دەکرد کە لایەنی زۆرایەتی دان بە بێتوانایی خۆیدا بنێ لە بەڕێوەبردنی کارەکانی حیزبدا و کارەکان بەو جۆرەی دایاننابوو بەوان بسـپێرێ. بۆیە ئەوان بە پێی پلان هەموو کارشــکێنییەکیان دەکرد بۆ ئەوەی ئەو ئامانجەیان هەرچی زووتر وەدی بێ.

ئــەم رەوتــە نادڵخوازە درێژەی هەبــوو تا ئەو کاتەی کــە بەرەبەرە ژمارەیــەک لە ئەندامانی دڵســۆزی رێبەرایەتی کە لەگــەڵ جیابوونەوە نەبوون، بۆیان دەرکەوت کە ئەو رەوتە بەرەو جیابوونەوە موهەندیسی دەکــرێ و لە ئاکامدا لــە دوای کاک باباعەلی مێهرپەروەر، کاک لوقمان مێهفەریش لایەنی ئوپۆزیســیۆنیان بەجێهێشت و پەیوەست بوونەوە بە لایەنــی زۆرایەتی، بەم شــێوەیە زۆرایەتی بوون بــە پازدە و کەمایەتی بوون بە شــەش کەس و لەوە بە دواوە ئەو کارتە فشــارە لە دەســت لایەنی کەمایەتی هاتەدەر و زۆرایەتی دەیتوانی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پێک بێنێ و بڕیار بدا، ئەوەش لایەنی کەمایەتیی تەواو نیگەران کرد بە تایبەتی حەسەنزادە کە لێی حاڵی بوو نەک هەر ناتوانێ یارگیری بــکا، بەڵکــوو لایەنگرانــی لــێ دوور دەکەونەوە و کەســانێکی دیکەش خەریکن بە جێی بێڵن، بەرنامە دوژمن دڵخۆشکەرەکەی کە جیابوونەوە بوو، راگەیاند.

وەک نموونەیەک باســی دەردی ســەری و بەزمی پێکهێنانی پلینۆمێک لەو پلینۆمانە دەخەینە بەر باس بۆ ئەوەی خوێنەرانی ئەو دێڕانە بزانن کە ئەو هاوڕێیانەمان وەزعی نێوخۆی حیزبیان گەیاندە چ ئاستێکی خراپ:

پاش دواکەوتنی ماوەیەکی زۆر لە وادەی پێکهێنانی پلینۆم بڕیارماندا

لە کۆتاییەکانی مانگی ٣ی ساڵی ١٣٨٤ پلینۆم پێک بێنین. بۆ ئەو مەبەستە لە ڕۆژانی سەرەتای ئەو مانگەدا نامەی بانگهێشتن بۆ هەموو ئەندامانی ڕێبەرایەتی ناردرا، بەڵام لایەنی کەمایەتی ڕایگەیاند بەو مەرجە بەشداری دەکەن کە لانیکەم یەکێک لە ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندی کە لە لایەن ئەوانەوە دەنگی پێ بدرێ، لە پلینۆم ببێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. ئەو داوایە لە نێو زۆرینەی ڕێبەرایەتیدا جێگای موناقشە و باسێکی زۆر بوو، بەڵام لایەنی کەمایەتی بۆ ئەوەی بۆ دابینبوونی مەبەستی خۆی زەخت بخاتە سەر زۆرایەتی، ڕۆژی ١٣٨٤/٣/٧ی هـ (٢٠٠٥/٥/٢٨ی ز) حەسەنزادە لەگەڵ هەیئەتێکی لایەنی خۆیان چوون بۆ لای کاک مەسعوود بارزانی بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی خۆیان لە سەر لایەنی زۆرایەتی بۆ ئەوەی ئەو پلینۆمە پێک نەیە و ڕۆژی دوایی هەر بۆ هەمان مەبەست حەسەنزادە بە هەیئەتێکی دیکەی خۆیەوە چوو بۆ لای مام جەلال.

بە دوای ئەو شکایەتانە ڕۆژی ١٣٨٤/٣/١٢ی هـ لە سەر داوای کاک مەسعوود هەر دوو لامان مێوانداری کراین. لە لایەنی زۆرایەتی نووسەری ئەم دێڕانە و کاک حەسەن شەرەفی و کاک محەممەدنەزیف قادری بەشدار بووین، هەیئەتی لایەنی دیکەش بریتی بوون لە کاک حەسەن ڕەستگار، کاک باباعەلی و کاک حوسێن مەدەنی، لەو دانیشتنەدا کە بە حزووری کاک مەسعوود بە درێژی هەر لایەنەی قسەی خۆی کرد و کاک مەسعوودیش داوای ئەوە بوو، بەڵکوو ڕێگایەک بدۆزرێتەوە بۆ چارەسەری ئەو کێشانە و دووبەرەکییەکە لەوەی هەیە گەورەتر نەبێتەوە.

ڕۆژی ٣/١٨ لایەنی زۆرایەتی قبووڵی کرد کە لە پلینۆمدا دەنگ بدەن بۆ ئەوەی ئەو ئەندامەی جێگری کۆمیتەی ناوەندی سەر بە لایەنی ئەوان ببێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بۆ ئەوەی لە پلینۆم بەشدار بن و کارەکان وە دوا نەکەون. کاک باباعەلی کە لە لایەنی ئەوان بوو ڕایگەیاند لە پلینۆم بەشداری دەکا. بەڵام کاک مستەفا مەولوودی

ڕایگەیاند کە ئەوان هەر بەوەندە ڕازی نابن، بۆیە لە پلینۆم بەشداری ناکەن، بەڵام لێیان حاڵی بوو کە بە بەشداربوونی کاک باباعەلی ئەگەر ئەوانیش بەشدار نەبن کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی شەرعیەتی خۆی وەردەگری.

ڕۆژی ١٣٨٤/٣/٢٨ی هـ کۆبوونەوەیەکی گشتیمان ڕێک خست، سەرەڕای ئەوەی کە لایەنی کەمایەتی ئەو کۆبوونەوەشیان تەحریم کرد، خەڵکێکی زۆر بەشداری کۆبوونەوەکە بوو، لە کۆبوونەوەکەدا وەزعی حیزب، زیدەخوازییە ناتەشکیلاتییەکانی لایەنی کەمایەتی و ئەو کۆسپانەی دەیخەنە سەر ڕێگای بەرەوپێشچوونی کارەکانی حیزب بۆم ڕوون کردنەوە، بە دوای مندا کاک باباعەلیش قسەی کرد، لە قسەکانی خۆیدا ئەو کردەوانەی لایەنی کەمایەتیی مەحکووم کرد و بە شێوەیەک ئامادەبوانی کۆبوونەوەی تێگەیاند کە باڵی حەسەنزادە بەرەو دابڕان لە حیزب هەنگاو دەنێ، بۆیە ئەو بە جێی هێشتوون.

ئەو کۆبوونەوەیە و بە تایبەتی قسەکانی کاک باباعەلی کە تا چەند ڕۆژ پێشتر لەگەڵ ئەوان بوو، شوێندانەریی زۆری هەبوو و لە ڕاستیدا دەستی لایەنی حەسەنزادەی بۆ خەڵکەکە ڕوو کردەوە. دوای ئەو کۆبوونەوەیە، ڕۆژی ٣/٢٩ کاک حەسەنی ڕەستگار هات بۆ لام و ڕایگەیاند کە لایەنی ئەوانیش لە پلینۆم بەشدار دەبن.

● هەوڵی یەکگرتنەوە دوای جیابوونەوە

بێگومان ڕاگەیاندنی خەبەری جیابوونەوە لە حیزبدا هەموو کوردێکی دڵسۆزی نیگەران کرد، بۆیە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە ناوخۆ و دەرەوە کەوتنە هەوڵدان، بەڵکوو بتوانن تا مەسەلەکە تازەیە، چارەسەری بکەن. لەو پێوەندییەدا دەستپێشخەرییەک لە لایەن سەرکردایەتیی پارتی و یەکیەتییەوە هاتە ئاراوە و لە هەر دوو لایەن چەند کەسێکیان پێکەوە بانگ کردین بۆ ئەوەی بە ڕاوێژکردن بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک قسە بکەین. لە لایەن پارتی دێموکراتی کوردستانەوە بەڕێز کاک مەسعوود بارزانی، سەرۆکی

هەرێم و سەرۆکی پارتی لەگەڵ چەند کەس لە بەرپرسانی پایەبەرزی ئەو حیزبە و لە لایەن یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بەڕێز کاک کۆسرەت رەسوول، جێگری سەرۆکی هەرێم و جێگری بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی، سکرتێری یەکیەتی لەگەڵ چەند کەس لە بەرپرسانی ئەو حیزبە ئامادە بوون، هەیئەتی حیزبی دێموکرات بریتی بوون لە نووسەری ئەم دێڕانە و چەند کەسێک لە ئەندامانی رێبەرایەتیی حیزب و لایەنی جیابۆوەش حەسەنزادە و چەند برادەرێکی خۆی.

لە دانیشتنێکی گشتیدا هەرکام لە لایەنەکان بۆچوونی خۆیان دەربڕی، دوای ئەوە بە جیا لە پێشدا داوایان لە من کرد کە بە تەنیا لەگەڵ هەیئەتی پارتی و یەکیەتی دابنیشم، دوای ماوەیەکی کورت باسکردنەوەی پرسەکە، کاک مەسعوود پرسیاری رێگاچارەی یەکگرتنەوەی لە من کرد، من وەڵامم دانەوە با ئەو لایەنە بەیانیەیەک بدەن و بگەڕێنەوە نێو حیزب. ئێمە بە باوەشی ئاواڵەوە پێشوازییان لێ دەکەین و هەرکەس لەوانیش بچێتەوە سەر بەرپرسایەتی و ئەرکی خۆی، کاک کۆسرەت فەرمووی با نەڵێین بگەڕێنەوە، بەڵکوو بڵێین یەکمان گرتەوە، وەڵامم داوە من قبووڵمە، هەر دوو بەڕێز بە وەڵامەکەی من زۆر خۆشحاڵ بوون بەوەی کە لایەنێکی پرسەکە زۆرایەتییە رازییە بە یەکگرتنەوە. من بە جێم هێشتن و دوای من حەسەنزادەیان بانگ کرد، من ئاگادار نەبووم کە چییان لەگەڵ ناوبراو باس کردووە، بەڵام ویدەچی هەر ئەو داوا و پرسیارانەی لە منیان کردبوو لەگەڵ ئەویشیان هێنابێتە ئاراوە، بەڵام چوونکە ناوبراو مەبەستی یەکگرتنەوە نەبوو، لە وەڵامی پرسیارێکدا دەڵێ ئاوا وەڵامم داوەتەوە :

*"یەکەم ئەوە کە دەگەڵ ئەوەی دڵنیام قبوول دەکرێ. بەڵام ئێمە ئێستێ کومیتەی مەرکەزیمان هەیە.. چوونکی دوای لەتبوون ئێمە کومیتەی مەرکەزیمان دروست کرد .ئەوە دەبێ کومیتەی مەرکەزی بریاری لە سەر بدا. دەفتەری سیاسیمان نەبوو بەڵام کومیتەی مەرکەزی*

مەبوو. گوتم دڵنیام پەسندی دەکا بەڵام ئەو دەبێ بڕیاری لە سەر بدا چونکی بە تەنیا ئەو سەلاحیەتەم نیە بڕیاری لە سەر بدەم.

دووهەمیش ئەوە بوو کە دیارە دەپێشدا پرسیم ئەو بەیانە لە لایەن کێوە دەردەچێ؟ فەرمووی بۆ ئەوەی ئیشکالی لێ پەیدا نەبێ ئەو بڵێ ئەوە حیزبی دێموکرات نیە ئەوە چ نیە، با هەر بە ناوی توو ناوی کاک مستەفا ئیمزا بکرێ. گوتم باشــە بەڵام تێبینییەکــەم ئەوەیە کە ئەگەر مزگێنیمان دا و سبەینێ یەکمان نەگرتەوە خەتای کێیە؟ پرسی مەبەستت چییە؟ گوتم دەبێ لەسەر هێندێک شتی ئوسوولی و کشتی ڕێکبکەوین. ئەوەی لە ســەر دەستی جەنابت ئیمزا بکەین، جــا ئەو وەختی بەیانەکە دەر بکەین. دوایە دیســان پێمان خۆشــە نوێنەری جەنابت لەوێ حازر بێ دانیشین لە سەر جوزئیات قســە بکەین. ئەگەر ڕێکنەکەوتین مەعلووم دەبێ کێ لەو ئەسلانە لای داوە. کاک مەسعوود فەرمووی وەک چی؟ سێ، چوار خاڵم بۆ ڕیز کردن گوتم وەک ئەوانە. گوتم دەبێ لە پێشــدا ئەو شــتانە قەبووڵ بکەین جا دانیشین بۆ قسەکردن. گوتی زۆر حیسابییە. جا بە ڕاستییش حیسابی بوو. چونکە هەر لە خۆڕا مزگێنیی یەکخستنەوە بە خەڵکی دەدەی ئەگــەر یەکت نەگرتەوە خەتای کێیە وەختێکی هیچ معیارێکت نیە"[٢٢].

بێجگە لە هێندێک شــتی نادروست کە حەســەنزادە لەو کۆبوونەوەدا باسی کردووە دوو خاڵ جێگای سرنجن:

● یەکــەم: هــە ر بــە پێی وتەکانی خــۆی کە لە ســەرەوە باس کران چەندیــن تێبینــی و مەرج دادەنێ بــۆ کاک مەســعوود بارزانی کە بەو مەرجانــە ئامادە دەبێ بۆ یەکگرتنــەوە، ئەوەش کە ئەو مەرجانە دێنێتە ئاراوە و لەوی وەلامێکی کۆنکرێت و دیار ناداتەوە، بێجگە لە دژایەتی

لەگەڵ یەکگرتنەوە هیچی دیکەی تێدا بەستە نیە.

● دووهەم: دیسان لێرەدا حەسەنزادە نمایشی دیموکرات بوون دەدا و وەڵام نەدانەوەی خۆی بە پێشنیارەکەی کاک مەسعوود بە نیشانەی دیموکرات بوون و راوێژکردن لەگەڵ کۆمیتەی مەرکەزییەکەی دادەنێ و موافقەتی من بە نیشانەی نادیموکرات بوون و پرس نەکردن بە کۆمیتەی ناوەندی و دەڵێ:

"*ئەو (مەبەستی مستەفا هیجرییە) بە ناشکوری نەبێ هیچ بە پێویستی نەدەزانی مەشوەرەت لەگەڵ کۆمیتەی مەرکەزییەکەی بکا کە رەنگە ئەوە باش نەبێ*"(٢٤).

سەیر ئەوەیە کە حەسەن زادە لە دژی بڕیاری کۆنگرەیەک کە نزیک بە سەت و پەنجا کەس وەک نوێنەرانی هەڵبژێردراوی هەزاران کەس لە بەدەنەی ئاشکرای حیزب بوون، ئەو ئاژاوەیە ساز دەکا هەر چوونکە بڕیارەکە لە راستای بەرژەوەندیی خۆی و تاقمە خۆشەویستەکەیدا نەبووە و تا خەیانەت کردن بە حیزب و رابردووی خۆشی دەچێتە پێش، بەلام لێرەدا جلی دیموکرات بوون لە بەر دەکاتەوە و پێی وایە کەس لێی حاڵی نابێ. ئەگەر بە راستی حەسەنزادە ئەوەندە دیموکراتە چۆنە کە دەنگی کۆنگرەیەکی قبووڵ نییە کە بە نوێنەرایەتیی هەزاران کەس لە بەدەنەی حیزب، رێبەرایەتییەک هەڵدەبژێرن، بەلام کۆمیتەی ناوەندییەکەی خۆی کە لە نێو تاقمە جیابۆوەکەی هەڵبژێردراوە، ئەوندە لە لای عەزیزە کە بە بێ مەشوەرەتی ئەوان ئاو ناخواتەوە؟ بێجگە لەوە، ئەگەر ناوبراو ئەوەندە پابەندە بە مەشوەرەت کردن لەگەڵ کۆمیتەی ناوندییەکەی، بۆچی بەبێ مەشوەرەت لەگەڵ وان موافقەتی خۆی رادەگەیەنێ ئەگەر یەکگرتنەوەکە بە دڵی وی سەری گرت بەیانییەکە بە ناوی ئەو (حەسەنزادە) بدرێ بۆ ئەوەی هێندەی دیکە خۆی هەڵکێشێ و کارەکە بە ناوی خۆی تەواو بکا؟ حەسەنزادە چۆن زانیی کە کۆمیتە ناوەندییەکەی بەو ئیمزاکردنە رازی دەبێ؟

لایەنێکی دیکەی ئەو پرسە ئەوەیە کە کاتێک ئێمە وەک دوو لایەن

بۆ کۆبوونەوەکە بانگهێشت کراین، مەبەست لە کۆبوونەوەکە دیاری کرابوو کە قسەکردن لە سەر یەکگرتنەوەیە نەک شتێکی دیکە، کەوابوو هەر دوو لامان بە ئامادەییەوە بەشداری لەو کۆبوونەوەمان قبوول کردبوو، من پێش لە بەشدار بوون پرس و راوێژی خۆم لەگەڵ هاوڕێیانم کردبوو و موافقەتی ئەوانم بۆ یەکگرتنەوە لە لا بوو، من هەڵگری پەیامی رێبەرایەتیی حیزبەکەم بۆ ئاشتی و یەکگرتنەوە و پێکەوە کارکردن لە چوارچێوەی یاسا و بڕیارەکانی حیزبەکەمدا بووم و دەربڕینی موافقەت لە سەر پێشنیاری هەیئەتی پایەبەرزی پارتی و یەکیەتی سەبارەت بە یەکگرتنەوە، دەربڕینی بۆچوونی حیزبەکەم بوو.

بێگومان لایەنی جیابووەش ئاگادار بوو لەو کۆبوونەوەیەدا چ باسێک دێتە ئاراوە، کەوابوو ئەگەر حەسەنزادە باوەڕی بە راوێژکردن لەو پرسە گرنگەدا بووبێ و باوەڕی بە یەکگرتنەوەش بووبێ، پێش ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکەدا راوێژی خۆی کردووە و ئاکامەکەشی دەبێ بوو بێتە ملنەدان بۆ یەکگرتنەوە. ئەم هەموو خاڵ و مەرجانەش کە ناوبراو باسی دەکا و گوایە لەگەڵ هەیئەت هێناویەتە ئاراوە، نیشانەی ناڕەزایەتی لە سەر داوای هەیئەت بۆ یەکگرتنەوەیە، بەڵام خۆ نەدەکرا راست و رەوان لە بەرانبەر داوای هەیئەتێکی پایەبەرزی یەکیەتی و پارتی بڵێ جوابتان نادەمەوە و یەکناگرمەوە، بەم شێوەیە حەسەنزادە هەڵگری وەڵامی «نا» بە داوای دڵسۆزانەی هەیئەت بوو، لە لایەن هاوڕێیانی خۆیەوە. کەوابوو با حەسەنزادە ئەوندەیش خۆی بە زیرەک نەزانێ پێی وابێ بەو قسانە هەموو کەس دەتوانی فریو بدا و باری قورسی ئەو گوناحە گەورەیە لە سەر شانی خۆی سووک بکا. هەر ئەوەش کە دوابەدوای گەڕانەوەمان لە کۆبوونەوەکە، هەواڵی کۆبوونەوەکەیان ئاشکرا کرد کە بڕیار بوو ئاشکرا نەکرێ، ئەوەش ناڕەزایەتیی پارتی و یەکیەتیی لێ کەوتەوە.

لە درێژەی ئەو باسەدا ناڕاستیی ئەو قسە و ئیدیعایانە زۆرتر دەردەکەوێ، ئەویش کاتێک باس لە هاتنی هەیئەتی یەکیەتی و پارتی

دوای قسە و باسەکانی کۆبوونەوەکە و چارەسەری کۆتایی مەسەلەکە وەک یەکگرتنەوە دەکا. لەو دانیشتنەدا کە هەیئەتی پارتی و یەکیەتی دوای کۆبوونەوەکەی سەری ڕەش و باس لە ئامادەکردنی وردەکارییەکانی یەکگرتنەوەکە پێکیانهێنا، دیسان حەسەنزادە دان بە ڕاستییەکاندا نانێت و باسی ئەو قسانە ناکا کە لەو دانیشتنەدا هاتنە ئاراوە و تەنیا باسی ئاکامی دانیشتنەکە دەکا و دەڵێ:

"پاش ماوەیەکی وابزانم یەک حەوتوویی، هەیئەتێک لە لایەن پارتی و یەکیەتییەوە هات کە لە کۆبوونەوەکەیدا بە هیچ شتێک نەگەیشتین. دوایە هەیئەتەکە پێشنیاری بە ئێمە کرد کە بۆچوونی خۆمان لە سەر یەکگرتنەوە بنووسین گوتم بۆ ئێمە بینووسین؟ ئێمە دوو لاین، دەبێ هەر دوو لا بینووسین. کاک فازل میرانی قسەیەکی کرد کە دیارە قبوولی کرد. گوتی باشە هەر دوو لا بنووسن. حەوتوویەک دانرا کە هەر دوو لامان بۆچوونی خۆمان بنووسین. قەرار بوو هەر کاممان بۆچوونەکانی خۆمان بۆ هەیئەتەکە بنێرین کە تێکەڵاوێک بوو لە یەکیەتی و پارتی. دوایە ئەوان دەبوایە ئەو شتانە بۆ ئێمە بنێرن ئێمە لە ماوەی چوار ڕۆژدا شتەکەمان ئامادە کرد و بۆمان ناردن. لە لاوەڕا تێگەیشتین کە ئەوانیش شتێکیان ناردووە. بەڵام ئەو هەیئەتە نە پێشنیارەکانی وانی بۆ ئێمە نارد و نە ئیحتماڵەن هی ئێمەشی بۆ ئەوان ناردبێ. بۆیە دەڵێم پیاو نابێ لە خۆڕا قسە بکا. ئی خۆمان دەزانم بۆمان نەهات، بەڵام ئەمن چووزانم، بۆ ئەوان چووە یان نا. هەرچەند بە دووریشی دەزانم بۆ ئەوانیشیان ناردبێ" (٢٥).

بەڵام ڕاستی ئەو کۆبوونەوەیە چ بوو و حەسەنزادە بۆ چی باسی لێ ناکا؟ کۆبوونەوەکە لە دەفتەری سیاسیی حیزب پێکهات و لە سەر

داوای هەیئەتی پایەبەرزی یەکیەتی و پارتی هەیئەتی حیزب ئامادە بوو. داوامان لە حەسەنزادە کرد کە هاوڕێ لەگەڵ هەیئەتی خۆی بێن بۆ کۆبوونەوەکە، دیارە ئەوانیش هاتن. لە کۆبوونەوەکەدا هەر حەسەنزادە دەمڕاستیان بوو، نەزەر و بۆچوونی خۆیان لە سەر چۆنیەتیی یەکگرتنەوەکە پێشکەش کرد، لە پێشدا داوایان لە من کرد بۆچوونی خۆم دەربڕم، من زۆر بە کورتی باسم کرد کە هەر وەک چۆن لە کۆبوونەوەکەی سەری ڕەش لە خزمەت کاک مەسعوود و کاک کۆسرەت عەرزم کردوون ئێمە ئامادەین پێشوازی لە یەکگرتنەوە بکەین، تەنیا ئەوەندە کە ئەو هاوڕێیانە بەیانییەیەک بدەن کە ئێمە یەکمان گرتۆتەوە و ئێمەش هەر بەو شێوەیە لە بەیانییەکەدا پێشوازییان لێ دەکەین و هەرکام لەو هاوڕێیانە بگەڕێنەوە سەر کار و بەرپرسایەتیی خۆیان، هەموومان پێکەوە کار دەکەین تا دەگەینە کۆنگرەیەکی دیکە. خۆ لەوانەیە ئەو جارە دیسان نوێنەرانی کۆنگرە بە جۆرێک دەنگ بدەن کە ئەوان بێنەوە بە زۆرایەتی لە ڕێبەریی حیزبدا و ئێمە سەر بۆ بڕیاری کۆنگرە دادەنوێنین. ئەوجار ڕوویان لە حەسەنزادە کرد و نەزەری ئەویان پرسی، ئەویش دووبارە دەستی کرد بە دانانی کۆمەڵێک شەرت ومەرج، لەوانەی کە لە بیرم ماوە نەفەری ئەوان لە بەشی دارایی حیزبدا، لە ڕاگەیەندندا، لە پێوەندیدا و... بەشدار بێ، من لە وەڵامی ئەو مەرجانەدا بۆ هەیئەتم ڕوون کردەوە کە تا پێش جیابوونەوەیان بەرپرسی ماڵیی حیزب کاک مستەفا مەولوودی بوو، بەرپرسی ڕادیۆ کاک عومەر باڵەکی بووە، بەرپرسی ڕێکخستنی حیزب کاک باباعەلی مێهرپەروەر بووە (کە هەموویان لەوان بوون) - کاک باباعەلی مێهرپەروەر لە مانگەکانی دواییدا ڕیزی ئەوانی بە جێ هێشت - بەرپرسی پێوەندیی حیزب لە هەولێر کاک کەماڵ کەریمی بووە، با ئەوانە هەموویان وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بگەڕێنەوە سەر کار و بەرپرسایەتیی خۆیان، کاتێک هەیئەتی پارتی و یەکیەتی ئەو قسانەیان بیست کە بە حزووری هەیئەتی حیزب و هەیئەتی هاوڕێیانی جیابۆوە

پێشکەشم کردن، چوونکە هەمووشی هەر وا بوون کە ئاماژەم پێ کرد، هەیئەتــی هاوڕێیانی جیابۆوە بڕێک دامان، بەڵام ئەو جار حەســەنزادە جارێکی دیکە دەستی کردەوە بە شەرت و مەرج دانان بە شێوەیەک کە ئەندامانی هەیئەتی یەکیەتی و پارتی بەو قسانە ماندوو بوون بە تایبەت پێداگــری کردن لە ســەر ئەو مەرجانە لە ســەر بنەمــای هیچ مەنتقێک نەبــوون کە بکرێ قســەی لە ســەر بکــرێ، تا ســەرئەنجام کاک فازل میرانــی کە وەک ســەرۆکی هەیئەتــی پارتی ئامادە بــوو، ڕووی کردە حەسەنزادە و پێی گوت ئێمە هاتووین کار بکەین بۆ ئەوەی ئەو حیزبە ببێتەوە یەک، بەڵام ئەوانەی تۆ باسیان دەکەی وەک ئەوەیە دوو حیزبی جیاواز دابنێی لە تەنیشت یەک، کار بکەن بە ناوی یەک حیزبەوە ئەوەش کارێکی زۆر ئەســتەمە، کاک حەســەن ڕەســتگاریش کە دیار بوو لەو باس و قسانە ماندوو ببوو، بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند:

*"بابە ئەو هەموو شێر و ڕێوی هێنانەوەی ناوێ، زووتر لێکمان جیاکەنەوە باشترە".*

ئەوە بوو ئیدی دوای ئەو قســانە باسەکە کۆتایی پێهات و هەیئەتی میوان گەڕانەوە، وەک حەسەنزادە دەڵێ :

*" لە کۆبوونەوەکەیدا بە هیچ نەگەیشتن"*

بەڵــێ ئەوە ڕاســتە بەڵام هۆی ئەو بە هیچ نەگەیشــتنە ئەو شــەرت و مەرجــە نەگونجاوانــە بوون کە زۆرتــر وەک بەهانەیەک بۆ بە "هیچ نەگەیشــتن" دەیخســتنە بەر نەزەری هەیئەت، نەک بۆ بە هیچ گەیشتن، لــە پرســیارێکی دیکە هــەر لەو لاپەڕەیــەدا کاتێک هەیــاس کاردۆ لێی دەپرسێ:

*" بۆ نەیان ناردەوە (مەبەســت هەیئەتیان نەناردەوە بە دوای کارەکەدا) دەلیلی چ بوو؟"*

حەسەنزادە وەڵام دەداتەوە:

*"دەلیلــی نازانم، وەختێکی ئــەوان نەیاننارددەوە ئێمەش نەمانپرسییەوە، بە دوای ئەوەدا ئەو هەوڵانەش درێژەیان*

*پێ نەدرا*"[٣٦].

بەڵام حەسەنزادە بە پێچەوانەی ئەوەی دەیڵێ، دەلیلەکەی باش دەزانێ کە هەیئەتەکە بۆیە نەهاتەوە کە ئەو شەرت و مەرجانەی ئەو دایدەنان جێگای باس کردن نەبوون و ئەوانیش پەیامی ئەو لایەنەیان وەرگرت کە بە شێوەیەکی سیاسی پێیان حاڵی دەکەن کە نایانەوێ یەک بگرنەوە، بۆیە ئیدی هاتوچۆی هەیئەت کۆتایی پێهات و حەسەنزادە لە پلانەکەی، یان پیلانەکەیدا سەرکەوتوو بوو.

● ئەنجام

ئەکتەرەکانی ئەو ئینشعابە دەکرێ بە دوو بەش دابەش بکەین:

● ١. ئەکتەری نائاشکرا

ئینشعاب ئەکتەرێکی پشتی پەردەی هەبوو کە بۆ ئێمە تا ئێستا نەناسراوە؛ بۆیە سەرەڕای دەنگۆی جۆراوجۆر، بۆ ئێمە روون نیە چ کەس یان لایەنێک لە پشتی پەردەوە هاندەر و یارمەتیدەری ئەو ئینشعابە بووە. ئەوەی تا ئێستا دەتوانین باسی بکەین، پێداگری کردن لە سەر بوونی ئەو ئەکتەرەیە. هۆی ئەو پێداگرییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو راستییە کە ئەو ئینشعابە راستە کەمایەتییەکی لە حیزبی دێموکرات لەگەڵ بوو، بەڵام هەر ئەو کەمایەتییەش لە باری ژمارەی نەفەر و خێزانەوە ژمارەیەکی بەرچاو بوون کە هەر لە رۆژانی سەرەتاوە هەموو ئەو یارمەتی و خزمەتکارییەیان بۆ دابین کرا کە پێشتر لە حیزبی دێموکرات وەریان دەگرت و بگرە لە هێندێک بواردا زیاتریش، دیارە لە سەرەتادا بۆ ماوەی ٢ . ٣ مانگ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە باری مرۆییەوە هێندێک یارمەتیی ماڵی ئەوانی دەکرد، بەڵام ئەو یارمەتییە زۆر لەوە کەمتر بوو کە ئەوان مەسرەفیان دەکرد. حەسەنزادە لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە چۆنیەتیی حەوانەوە و بژێوی خۆیان دوای جیابوونەوە لە لاپەڕەی ٦٢٧ی کتێبەکەیدا سناریۆیەکی سەیر و سەمەرەی ساز کردووە کە گوایە یارمەتییان لە خەڵک کۆ کردووەتەوە و خەڵکەکەیان بەو یارمەتییانە ژیاندووە. حەسەنزادە بۆ خۆشی و

هەمــوو هاوڕێکانی کە ســاڵانێک لە نێو حیزبدا بــوون باش دەزانن کە بژێوی و پێداویســتیی ئەو خەڵکە بە یارمەتی وەرگرتن لە خەڵک دابین نابێ، بۆیە بێگومان پاڵپشتێکی ماڵیی باشیان هەبووە و لەو پێوەندییەدا نیگەرانییان نەبووە هەر بۆیەش وا لە سەر جیابوونەوە پێداگر بوو و تا بیانوویەکت لێ دەبڕی دوو بیانووی دیکەی دەهێنایەوە.

بێجگــە لەوە، ئەوان هەر لــە چەند حەوتــووی دوای جیابوونەوەیان دەزگایەکــی پەخشــی رادیۆییــان وەڕێ خســت، ئەوانــە و زۆر شــتی دیکــە دەرخەری ئەو راســتییەن کە ئەوان لە بــاری داراییەوە لە کاتی جیابوونەوە نیگەرانییان نەبووە و پاڵپشــتێکی جێگای متمانەیان هەبوو، دەنا بە بێ ئەوە کەس خۆی لە قەرەی ئینشعابێکی ئاوا نادا.

● ٢. ئەکتەری ئاشکرا

ئەوەی لێرەدا لە هەموو شت گرینگترە، دینامیزمی ئەو جیابوونەوەیە، لە نێو ڕێبەرانی ئەو گرووپەدا وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد گرووپی (ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ)ی پێشوو کە پەیوەست بەوان بوون، گرووپێکی ئەوەنــدە بەهێز نەبــوون کە بۆ خۆیان دەخۆڕا ببێنــن جیا ببنەوە، بەڵام کاتێــک بــۆ جیابوونــەوە مەجالیــان بۆ رەخســا، بــوون بــە هاندەر و پاڵپشتێک بۆ گرووپی حەسەنزادە، هەر بۆیەش گومان لەوەدا نامێنێ کە حەســەنزادە دینامیزمی راســتەقینەی ئەو "بزووتنەوەیە"! بوو و ئەگەر ئەو نەیویستبایە ئەو جیابوونەوەیە رووی نەدەدا.

ئەوە راســتییەکە کە هەموو ئینشــعابییەکان بە ورد و درشــتیانەوە دەیســەلمێنن و لە هێندێک کۆبوونەوەی خۆیاندا لەم ســاڵانەی دواییدا وەک ناڕەزایەتــی دەربڕینێــک لەو جیابوونەوەیە و دەوری ســەرەکیی حەسەنزادە، ئەوەیان باس کردووە.

بەڵام حەسەنزادە کە بە ئەکەرێکی زۆر لاواز لەم دواییانەدا بیری لەو گوناحە کردیتەوە کە دوای ساڵانێکی دوور و درێژ لە کار و تێکۆشان لە حیزبدا کردوویەتی، لانیکەم بۆ پاساوی ئەو گوناحە و بۆ ئەوەی لە تانە و لۆمەی خەڵک و مێژوو ڕزگاری بێ و مێژوو لە سەری نەنووسێ،

بەشێکی نزیک بە سەعات و بیست لاپەڕەی لە کتێبی «ئەزموونی خەبات» بۆ ئەو پاســاوانە تەرخان کردووە. من لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەم بــە چەند ناراســتی و چەواشــەکاریی ناوبراو کردووە بۆیــە ناچمەوە سەر وەڵامی یەک یەکی ئەو چەواشەکارییانە کە ئەوە بۆ خۆی کاتێکی زۆری دەوێ، بەڵام بۆ ناســاندنی باشــتری کەسایەتیی حەسەنزادە بۆ ئەو کەسانەی کە لە دوورەوە ناویان بیستووە و لە نزیکەوە نەیاندیوە، ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکەم لە کەسایەتیی ئەو زاتە بۆ ئەوەی لانیکەم بزانن کە ئێمە لە ماوەی ژیانی حیزبایەتیمان لەگەڵ بەڕێزیان بە تایبەتی لە ماوەی دە ساڵ سکرتێر بوونیدا چمان کێشاوە:

- چەواشــەکارییەکان بــە مەبەســتی بەلاڕێدا بردنــی رای خوێنەر و مێژوو

حەســەنزادە قینی لە ڕێبەرایەتیی زۆرینەی کۆنگرەی ســێزدە ئەوندە بەهێزە کە بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایەتی لەوان و بەخشینی ڕەوایی بە خۆی هیچ بۆی گرینگ نیە کە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان لێکۆڵەرێک بە مەبەســتی لێکۆڵینەوە لە بەشێک لە مێژووی خەباتی کورد، یان حیزبی دێموکرات ویستی لەو کتێبەی ناوبراو کەڵک وەربگرێ، با بە هەڵە نەچێ و نەختاڵێک هەست بە بەرپرسایەتی بکا و هێندە چەواشەکاری نەکا. ئەو قســەڵۆک و باسە دیوەخانییانە ســەرەڕای چەواشەکارییەکانیان فڕیان بە ڕاســتییەوە نیە و ئەو بەشــە لە کتێبەکەی پڕن لەو شــێوە ئاخاوتنە کە تەنانەت بایەخی وەڵامدانەوەیشــیان نیە. بەڵام بۆ ڕوون بوونەوەی ڕاســتیی، ئەو چەواشــەکارییانە ئاماژە بە چەنــد نموونەیەک دەکەم. لە لاپەڕەی ٦٢٨ی کتێبی ئەزموونی خەباتدا دەڵێ:

*"تەواوی ئەســنادی موســەووەری ئێرەیان [مەبەستی کوردســتانە] پاش لەتبوونی دەنێو باغەڵاندا بردە دەرێ. جالیب بوو، ماوەیەکی زۆر هەموو شتەکە بە دەست وان بوو، مەسەلەن ســکرتاریا یەک شتی دەبەر دەستی مەدا نەبوو. بەڵام مورەتەب بە نهێنی ئەو شــتی سکرتارییان*

*دزیـوە بردوویانـە لە جێی «ئەمن» دایـان ناوە. چونکی بە هەموو تەسـەووری خۆیان پێیـان وابوو ئەمن داوام کردوە یەکێتیی نیشـتمانی بێ هوجوومیان بکاتە سـەری و بیانگری...".*

● یەکەم: راستییەکەی ئەوەیە حیزب لە زەمانی شەهید د. قاسملووە بڕیارێکـی هەبووە کە هەموو ئەسـنادی کۆنگرەکان وەک فیلم بەرێتە دەری. لە بەر ئەوەی بنکەکانی دەفتەری سیاسـی و سـکرتاریای ئێمە وەک هەمـوو بەشـەکانی دیکەی حیزب کە لە باشـووری کوردسـتان هەڵکەوتوون، هەمیشـە لە ژێر هەڕەشـەی کۆماری ئیسلامی و... بوون و زۆر جاریش هەر لەو شـوێنانە کەوتووینەتە بەر هێرشـی تۆپباران و بۆمبارانی فڕۆکە و تەنانەت هێرشـی سـەربازیی کۆماری ئیسـلامی لە کۆیە و حەسـەنزادەش بـۆ خۆی ئاماژەی بەم هەڕەشـانە کردووە و ئێسـتاش ئێمە لەو هەڕەشـانە بە دوور نین. خۆ حەسەنزادە هەر بە پێی ئەو بڕیارە کە بڕیارێکی بەجێ بووە، بۆ خۆشی دوای کۆنگرەکانی ١٠، ١١، ١٢ کە سـکرتێر بووە هەر ئەو کارەی کردووە، کەوابوو چۆنە ئەگـەر دوای کۆنگرەی سـێزدەش هەر بە شـێوەی پێشـوو ئەو کارە کرابـێ، لە ترسـی هێرشـی یەکیەتیی نیشـتمانییە؟ ئایا بۆ خۆشـی و سکرتێرە شەهیدەکانیشمان لە ترسی هێرشی یەکیەتی ئەو ئەسنادەیان گواستووەتەوە؟

● دووهـەم: وەک بـۆ خۆی هەر لە رستەکانی سـەرەوەدا ئاماژەی پـێ کـردووە، خۆ دوای کۆنگرەی سـێزدە لایەنـی زۆرایەتی «هەموو شـتەکانی بەدەست بووە و سـکرتاریا یەک شـتی لەبەر دەستی واندا نەبووە» ئەگەر ئەم قسـەیەی ئەو بەڕێزە راسـتە، کە راستیشە، ئەدی بۆچی بە نهێنی شـتی سـکرتارییایان دزیوە! و بردوویانەتە جێی ئەمن؟ بـە دزیـی کێ و نهێنی لە کێ؟ ئاخر ئەوە نیە ئـەو لایەنە لە زۆرایەتیدا بووە و سـکرتێر و سکرتاریا لە دەستی ئەواندا بووە، ئەوان دزییان لە خۆیان کردووە و شتەکانیان لە باغەڵیان ناوە؟.

هەر لەو چەواشەکارییانە و لە لاپەڕەی ٥٧٨ی کتێبەکەیدا باس لە دروستکردنی میکانیزم بە مەبەستی خاشەبڕکردنی جیناح‌بەندی دەکا و لەو پێوەندییەدا ئاماژە بە گەلاڵەیەک دەکا کە کاک باباعەلی مێهرپەروەر پێشکەشی کردووە و دەڵێ:

*"... هەر ئەوەش بوو کە بۆ کۆنگرەی سێزدەش کاک باباعەلی تەرحێکی هێنا کە هەڵبژاردنی کۆمیتەی مەرکەزی بە جۆرێک بێ کە ئەو جەناحبازی و یارگیری‌یە تەئسیری لە سەر نەبێ. ئەوان [مەبەستی لایەنی کەمایەتیی پێش کۆنگرەی سێزدەیە] جەناحبازی‌یان کرد بۆ ئەوەی لە کۆنگرەدا ئەو تەرحە خونسا کەنەوە ..."*

بەڵام حەسەنزادە کە مەبەستی چەواشەکارییە ناچێتە سەر هۆی راستەقینەی پووچەڵبوونەوەی ئەو گەلاڵەیە. راستییەکەی ئەوە بوو کە:

. ئەو گەلاڵەیە لە پلینۆمێکی کۆمیتەی ناوەندیدا پەسند کرا چوونکە ئەوان زۆرایەتیی رێبەریی حیزب بوون و ئەو گەلاڵەیەش بەو شێوە داڕێژرابوو کە مانەوەی ئەوان لە زۆرایەتی لە کۆنگرەی سێزدەدا دەستەبەر بکا و پێشگیری بکا لە دەنگدان بە کەسانێکی دیکە بە تایبەت ئەو کادر و پێشمەرگانەی کە کەم تەمەنتر لەوان بوون کە ئەوکات لە ریزی رێبەرایەتیدا بوون، بۆیە کاتێک ئەو گەلاڵەیە لە بەدەنەی حیزبدا خرایە بەرباس نارەزایەتییەکی وەها بە قەوەتی لێ کەوتەوە کە لە پلینۆمی دواییدا وازیان لێ هێنا، بە شێوەیەک کە لە کۆنگرەدا هەر باسی لێوە نەکرا تا لایەنی کەمایەتی رەدی بکاتەوە یان پەسندی بکا.

- بەخۆداهەڵگوتن و خۆبەزلزانین

بۆ ئەوەی کەسێک ئاستی خۆبەزلزانی و بە خۆداهەڵگوتنی حەسەنزادە بزانی تەنیا خوێندنەوەی کتێبی «ئەزموونی خەبات» بەسە، بە تایبەت لەو بەشەیدا کە دێتە سەر باسی جیابوونەوەی دوای کۆنگرەی سێزدە، رەنگە کەم لاپەڕەی ئەو کتێبە بخوێنییەوە چەندین جار چاوت بە

ڕەستەی لەو چەشنە نەکەوێ " ئەمن وام گوت" یان"ئەمن وام کرد"، چەند نموونەیەک:

- "جارێکی ڕۆژنامەی کوردستان ... شازدە مەقالەی تێدا بوون، سێزدەیان ئی من بوون"(٢٧).

بەڵام نالێ کام ژمارەی کوردستان بووە. ئەو جار ئەو کاتی کە ڕۆژنامەی کوردستان بە ئیمکاناتێکی زۆر کەم و ناتەواو چاپ دەکرا، لاپەڕەکانی زۆر کەم بوون تەنانەت ئێستاش ڕۆژنامەی کوردستان کە بە قەتعێکی گەورە و بە ئیمکاناتی ئەوڕوپیی چاپ دەکرێ قەت ناتوانێ ١٦ مەقالەی تێدا بێ کە سێزدەیان هی کەسێک بێ.

- لەو بەخۆداهەڵگوتنەدا دەگاتە ئاستێک کە قسە بە زمانی ڕێبەرانی شەهیدیشەوە دروست دەکا، وەک ئەوەی دەڵێ:

*"د. قاسملوو لەکن خەڵکی گوتوویەتی فڵانکەس تیپیک ئەندامی حیزبی دێموکراتە. یانی ئەگەر بتەوێ یەکێک بکەیە سمبوڵ بۆ حیزبی دێموکرات ئەوە"*(٢٨).

بەڵام بێجگە لە خۆی هیچ کەس بانگەشەی ئەوە ناکا کە د. قاسملوو بەم شێوەیە ئەوی ناساندووە، ئەو خەڵکانەی کە د. قاسملوو لەلای ئەوان ئەو قسەیەی کردووە کێن؟ ئەوە لە حاڵێکدایە کە شاهید هەن کە لە مەجلیسێکی میوانیدا کە بە بۆنەی تەشریف هێنانی مام جەلال ساز بوو، چەند کەس لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی هەر دوو لا لە سەر سفرە ئامادە بوون. مام جەلال لە بەینی قسە خۆشەکانیدا ڕووی کردە د. قاسملوو لێی پرسی دوکتور ئەو مامۆستایەت پێ چۆن کەسایەتییەکە؟ کاک دکتور قاسملوو بە پێکەنینەوە فەرمووی"مەلایە"، مام جەلال فەرمووی باشە منیش دەزانم مەلا بووە بەڵام چۆن پیاوێکە، دوکتور قاسملوو دیسان هەر وەڵامەکەی پێشووی دووپات کردەوە و فەرمووی "مەلایە".

- یان لەزمانی کاک د. سەعیدەوە دەڵێ:

*" د. سەعید گوتوویەتی ئەگەر خوا نەخواستە د.*

*قاسملوو بمرێ هیچ خەم نیە چوونکە فلان کەس دەتوانێ تەواوی ئەفکاری دوکتور قاسملوو بنووسێتەوە"*[٢٩].

ئەوە لە حاڵێکدایە کە شەهید دوکتور سەعید زۆر لەگەڵ حەسەنزادە ناتەبا بوو و لە هەڵسوکەوتەکانی زۆر قەڵس بوو. حەسەنزادە بۆ خۆشی ئەو راستییە باش دەزانێ. لە جێیەکی دیکە لە لاپەڕەی ٥١٤ دا، حیکایەتێک ساز دەکا کە گوایە لە کۆنگرەی ٩دا د. سەعید دیفاعی لێ نەکردووە کە ببێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، بەڵکوو هێرشی کردۆتە سەری و لە کاتی کاندید بوونی بۆ ئەندامی دەفتەری سیاسی لە دەوری یەکەمدا هەڵنەبژێردراوە، ئەوەش لە بەر ئەوە بووە تۆڵەی لێ کراوەتەوە! (مەبەستی دوکتور سەعیدە کە تۆڵەی لێ کردبێتەوە) و کۆمەڵێکی دیکە شێر و رێوی هێنانەوە و بەخۆدا هەڵکوتن. هەر بە پێی ئەو قسانەی خۆی ئەگەر دوکتور سەعید ئەوندە ناوبراوی بە کارامە زانیوە، چۆنە کە دیفاعی لێ نەکردووە هەتا لە دەوری یەکەمدا ببێتە ئەندامی دەفتەری سیاسی، یان تۆڵەی لێ کردووەتەوە؟

- دوای شەهیدبوونی د. قاسملوو، کاک حەسەن شەرەفی وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی و حەسەنزادە کە ئەوکات ئەندامی رێبەرایەتیی حیزب نەبوو، لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە دیاری دەکرێن بچن بۆ پاریس بۆ ئەوەی بە نوێنەرایەتیی حیزب لە رێوڕەسمەکانی بە خاکسپاردنی تەرمی د. قاسملوو و چاوپێکەوتنی خەڵک بەشدار بن. شتێکی زۆر ئاساییە لە هەیئەتێکی وادا ئەندامی دەفتەری سیاسی بەرپرس و نەفەری یەکەمە، کە چی حەسەنزادە دەڵێ:

*"هەر چەند کاک حەسەن ئەندامی دەفتەری سیاسی بوو، بەلام بە حوکمی ئەوەی ئەمن تەمەنم زیاتر بوو یان هەرچی بوو، بەکردەوە نەفەری یەکەمی هەیئەتەکە ئەمن بووم"*[٣٠].

- خۆبەزلزانیی حەسەنزادە جارجار سنوورێکی نامێنێ، وەک ئەوەی کە بە دوای کۆنگرەی هەشت و جیابوونەوەی "رێبەرایەتیی شۆڕشگێر"،

تاقمی جیابۆوە حیزبی دیموکراتیان بە فراکسیۆنی شەرەفکەندی قاسملوو ناو دەبرد، حەسەنزادە تەنانەت ئەوەشی بۆ تەحەممول ناکرێ و بۆ ئەوەی لە د. قاسملوو و د.سەعید بەجێ نەمێنێ بە زۆری زۆرداری خۆی دەخزێنێتە ئەو ناوە داتاشراوە و دەڵێ :

*"بەڵام بیستمەوە! کە ئەو فکرەیان دە بەیندا بووە [مەبەستی رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕە] کە بیکەنە فراکسیونی حەسەنزادە ـ شەرەفکەندی ـ قاسملوو ئەمنیشی لەگەل بخەن تەنانەت وە پێشم بخەن..."*.

ـ لە لاپەڕەی ٥٠٨دا دەڵێ:

*"کاک حەسەن شەرەفی زۆر لە من لە پێشتر بێ، لە کاری نووسین و ئەوەدا ئیدی لە من لە پێشتر نەبوو. نە بووە و نە هەیە و نە دەبێ"*.

ئەوانە تەنیا چەند نموونەیەک بوون لە بەخودا هەڵگوتن و لە خۆڕازیبوون، دەنا باقی ناوەڕۆکی کتێبەکە کە سەرجەم ٧٣٤ لاپەڕە لە خۆ دەگرێ پڕە لەو شێوە ئاخاوتنانە و سازکردنی بەڵگە بۆ گەورەیی، تێگەیشتوویی و ... خۆی. بە بۆچوونی من کەسایەتییەک کە بەڕاستی خاوەنی ئەو هەموو بەهرە و نبووغە بێ، پێویست بەوە ناکا بۆ خۆی باسیان بکا، بەڵکوو دەبێ خەڵکی دیکە باسیان بکەن، تەنانەت ئەگەر وای دابنێین هەمووشی راست بێ. حەسەنزادە هەرچی بیهەوێ بلیمەت بوونی خۆی بە خوێنەری کتێبەکەی بسەلمێنێ تێیدا سەرکەوتوو نابێ، چوونکە هەر کەسێکی تێگەیشتوو ئەو بە خۆداهەڵگوتنەی ناوبراو و باقی ناوەڕۆکی کتێبەکەی چاو پێ بکەوێ، زۆر زوو راستییەکانی بۆ دەردەکەوێ.

ـ حەسەنزادە لە پەسندویژیی خۆیدا لە هێندێک شوێنی کتێبەکە تەنانەت پرەنسیپیش تێ دەپەڕێنێ و پاڵەوانەتیی خۆی لە شکاندنی هاوڕێی خۆیدا کە بۆچوونەکانی لەگەڵ بۆچوونی ناوبراو جیاوازە دەبینێ، نموونەیەکی ئەو شێوە کارەی سەبارەت بە داخستنی رادیۆ

دەنگی کوردستان لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوەیە، ناوبراو لەلاپەڕە ٤٢١ی کتێبەکەیدا دەڵێ:

*"مام جەلال لە کۆیە بوو، لە دوای منی ناردبوو، گوتی تەنیا بۆ ماوەی پێنج ڕۆژان بۆمان داخەن گوشارمان زۆر لــە ســەرە. گوتم بۆ ماوەی پێنج دەقیقــەش دای ناخەین. چوونکــی فایــدەی نیــە، خۆ ئەگــەر دامانخســت بەوەی تەواو نابی، سبەێنێ فشــاری دیکەتان بۆ دێنن. چوونکی پێـش ئەوەی بچــم دەمانزانی بۆ ئەوەمان لە دوا دەنێرن، بڕیارمـــان دا جوابەکە ئەوە بێ دەنا هەر لە خۆمەوە ئەو جوابــەم نەدایــەوە. پاش چەند ڕۆژان ئــەو جار لە دوای کاک مستەفای ناردبوو. دووبارە حەدسمان لێدا بۆ ئەوە بێ و دیســـان بڕیارمان دا جوابی کاک مســتەفایش هەر ئەوە بێ. کاک مســتەفا ڕۆیشــت و ماوەیەکــی پێوە خرا هاتــەوە. گوتمان چی بوو؟ گوتــی وەلا کەرەمان کرد بە زەنگ قەولمان پێدان".*

ئەو قسـانە ئەوەندە ناڕاسـت و سـازکراون کە تەنیا کەسێکی وەک خۆی دەتوانێ سازیان بکا. بەلام ڕاستیی ئەو پرسە ئەوە بوو کە دوای ئەوەی حەسەنزادە چوو بۆ لای مام جەلال و گەڕایەوە لامان، دیار بوو لەسـەر داخستنی رادیۆ دەنگی کوردسـتان بە تەوافوق نەگەیشتبوون؛ بەلام حەسەنزادە لەوەی کە داواکەی بەڕێز مام جەلالی قبوول نەکردبوو ناڕەحـەت بوو، لەوە دەگەڕا کە تێی هەڵبێنێتەوە، بۆیە دوای چەند ڕۆژ مام جەلال جارێکی دیکە بە دوایدا ناردین و وەک حەسەنزادە دەڵی لە دەفتەری سیاسـیدا باسمان کرد، دوای لێکدانەوەی بابەتەکە بەو ئاکامە گەیشتین مادام تەنیا بۆ پێنج ڕۆژ داوا دەکەن رادیۆ دابخەین، با قسەی مـام جەلال نەشـکێنین و موافقەت بکەین و حەسـەنزادەش بە تەواوی موافقی داخسـتنی رادیۆ بوو بۆ ئەو چەند ڕۆژە، ئەوە بوو من و کاک حەسـەن شەرەفی وەک هەیئەتی دەفتەری سیاسی چووین بۆ لای مام

جەلال و موافقەتی دەفتەری سیاسیمان راگەیاند. بەخۆشییەوە کاک حەسەن شەرەفی ئێستایش شاهیدێکی زیندووی ئەو رووداوەیە بەم چەشنە کە باس کرا، جا حەسەنزادە چۆن شاهیدی کاک حەسەن بە پێچەوانە و بە دڵی خۆی هەڵدەگێڕێتەوە و چۆن ئەو ئیجازەیە بە خۆی دەدا، هەر بۆ خۆی دەزانێ.

- ئەو خۆبەزلزانییە گرفتی زۆری بۆ حیزب پێک هێنابوو، یەکێک لەو گرفتانە ئەوە بوو کە فەزایەکی گونجاوی دروست کردبوو بۆ ئەوەی کەسانێکی هەلپەرەست لە کادر و پێشمەرگە و تەنانەت هێندێک ئەندامی رێبەرایەتیی حیزب و بە تایبەتی هێندێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەی دەوری بگرن و قسەو قسەلۆکی بن دیوار و شەقام و کۆڵانەکانی بۆ بگێڕنەوە (بەڕاست یان درۆ) و دڵی بە نیسبەت کەسانێک کرمی بکەن. بۆیە گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی کە خەڵکێکی زۆر بەدایم بۆی لە پیلاندان. پاشملە باسی خراپەی دەکەن و دوژمنایەتیی دەکەن. لە کتێبی ئەزموونی خەباتیشدا زۆرن نموونەی ئەو قسانە کە بەشی هەرەزۆریان دروست کراوی ئەو خەیاڵاتەن.

لێرەدا بۆ روونبوونەوەی زیاتری خوێنەرانی بەڕێزی ئەم دێڕانە، ئاماژە بە چەند خاڵ لەو بابەتانە دەکەم کە مشتێکن لە خەروار:

- حەسەنزادە دەڵێ:

*"شتێکیان بۆ گێڕامەوە. گوتیان بە کاک مستەفایان گوتووە ئێوە کە فلانە کەستان کردووەتە ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کومیتەی شارستان خۆ پێنج کلاسی سەواد هەیە. گوتیان جوابەکەی ئەوە بووە کە خۆ من نەمدەزانی پێنج کلاسی سەواد هەیە، پێم وابوو کەمتری هەیە. بەڵام ئەگەر بێسەوادیش بێ، پێم لە دیپلۆمەکەی تۆ چاکترە".*

وادیارە لە کاتی دەربڕینی ئەو قسەیە کە بۆیان گێڕاوەتەوە، لە بیری نەبووە، هەیئەتی ئیجرایی کومیتەی شارستان چۆن هەڵدەبژێردرێن:

تـا ئـەو کاتەی لە ڕێکخسـتنەکانی حیزبدا ناوەندێـک وەک کۆمیتەی شارسـتان یـان ناوەند بـووە، ئەندامەکانی بە هەڵبـژاردن و بە دەنگی نهێنی بە پێی یاسـای دیاریکراو لە کۆنفرانسدا هەڵدەبژێردران و دوای ئەوەش هەر بەو شێوەیە ئەندامانی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەکە بە دەنگی نهێنیی ئەندامانی کۆمیتەی شارسـتان هەڵبژێردراون و تا ئێسـتاش لە حیزبدا هەر بەو شێوەیە، جا سەیرەکە لێرەدا ئەوەیە کاتێک ئەو قسە بێ بنەمایەیـان بۆ گێراوەتـەوە، بیری لەوە نەکردۆتەوە کە چۆن بە بوونی ئـەم یاسـا جێکەوتووە کە هەمـوو کادر و پێشـمەرگەیەک لێی ئاگادار بوون، کەسـێک یان لایەنێک دەتوانێ نەفەرێک بکا بە ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی؟ ئەدی ئەندامانی کۆمیتە چۆن ئەوەیان قبووڵ کردووە؟

- کاتێـک بابەتێـک پێوەندیـی بە خـۆی و نزیکەکانیەوە بـێ، هەموو بڕیار و یاساکانی حیزب فەرامۆش دەکا یان دەیخاتە لاوە: گلەیی دەکا کـە ئینتشـاراتی حیزب کتێبێکی ئاسـۆی کوڕی کە لە سـەر فیدرالیزم نووسـیویەتی، چاپ نەکردووە[٣١]. حەسەنزادە باش دەزانێ و ئێستاش لـە بیریەتـی کە ئینتشـاراتی حیزب ئـەو کتێبانەی بـە خەرجی حیزب چاپ دەکرد کە پێشـتر دەفتەری سیاسـی پێشـنیاری نووسینی دەکرد و لـە چوارچێـوەی ئەو پێشـنیارەدا کتێبەکە ئامادە دەبـوو و ئەو کاتە چـاپ دەکرا. ئەوە بڕیارێک بوو کە لە کاتی سـکرتێریی خۆیدا پەسـند کرابـوو و ئێسـتاش لە حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێراندا هەر وایـە و لەوانەیە لە لای خۆشـی هەر وابێ، هـەر بۆیەش لەو ماوەیەدا هێندێـک لە هاوڕێیانـی حیزبی زەحمەتیان کێشـا و کتێبیان نووسـی، بـەڵام چوونکە لە چوارچێوەی ئەو بڕیارەدا نەبوون، لە لایەن حیزبەوە چاپ و بڵاو نەکرانەوە و نووسـەرانیان چاوەڕوانییەکی واشیان نەبوو، چونکە هەموو لا ئاگاداری بڕیارەکە بوون، بەڵام حەسەنزادە سەرەڕای زانیاریی تەواوی بە سەر ئەو بڕیارەدا بۆچی ئەو چەواشەکارییە دەکا؟ بۆ دوو مەبەست:

● یەکـەم: چوونکـە بابەتەکە پێوەندیـی بە کوڕەکەیـەوە هەیە، بۆیە

لێرەدا بڕیار بۆی زۆر گرینگ نیە.

● دووهـەم: ئـەو زوڵمە گـەورەی! کە لـە کوڕەکەی کـراوە دەخاتە بەربـاس، لەبەر ئەوەی دەزانێ کە خەلک (خوێنەرانی کتێبەکەی) بێجگە لە ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتیی حیزب خۆ ئاگایان لەو بڕیارە نیە، کەوابوو فرسەتە با لایەنی بەرانبەری خۆی پێ خەتابار بکا.

- هەر لەو قسـە گێڕانەوانەدا وادیـارە بەو قەناعەتەیان گەیاندووە کە کۆمیتەی ئەمنیەت خستوویەتە ژێر چاوەدێری و دەڵێ:

*"کۆمیتـەی ئەمنیـەت رووبـەڕووی ژووری مـن بوو، تەقریبەن هەمیشە یەکێک لەوێ راوەستابوو ژوورەکەمی خسـتبووە ژێر چاوەدێری بـۆ ئەوەی بزانن کێ دێتە کن مـن. جارێـک چوومە کـن کاک مسـتەفای گلەییم کرد و گوتم ئەرێ بابە ئەوە چیە. یەکێک دانیشتووە دایمە بزانێ کێ دێتە کن من. بۆ وایە؟"* (٣٢).

بە زانیاریی تەواوەوە دەڵێم کە ئەو قسـەیە بێجگە لە "خیاڵپەردازی" هیچ شتێکی دیکە نیە و ئەو قسانەی کە گوایە لە نێوان من و خۆی لەو پێوەندییەدا باسی کردوون سازکراوی خەیاڵاتی خۆیەتی، بۆ ئەوەی بە پشت بەستن بەو قسانە رەوابوونی کردەوە جوانەکەی! خۆی (ئینشعاب) بە تەنیا رێگای مومکین بە خەڵک بقەبلێنێ.

- حەسـەنزادە لە کتێبەکەیدا چەند جـار پێداگری دەکا کە گوایە قەت بەرپرسایەتیی حیزبیی پێ خۆش نەبووە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە ١٠ ساڵ سـکرتێر و سـالانێکی زۆری دیکەش ئەندامی دەفتەری سیاسی بووە، هەر ئەو دووفاقییە لە قسـە و کردەوەیدا ئاسـتی راسـتیی! ئیدیعاکەی دەردەخا، باشە ئەگەر ئەوەندە بەرپرسایەتیی حیزبیی پێ ناخۆش بووە بۆچی ئەو هەموو ساڵانە بەرپرس بووە؟ ئەوە نیە لە کۆنگرەی هەشتدا خـۆی کاندید نەکـرد و نەبوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، کەسـیش ناچاری نەکرد خۆی کاندید بکا؟

لـە یـەک دوو بڕگەی زەمانیشـدا کە خۆی بـۆ ئەندامەتیی کۆمیتەی

ناوەنــدی کاندیــد نەکــردووە دەگەڕێتــەوە ســەر هــۆی تایبەتی، نەک پێناخۆشــبوونی بۆ وەرگرتنی بەرپرســایەتی. لە کۆنگرەی هەشــتدا و چەند مانگێک پێش کۆنگرەی هەشــت لایەنگران و موخالفانی لیســتەی فیکس کە بۆ بردنەپێشی بۆچوونەکانی خۆیان لە باس و جەدەلی گەرمدا بوون، لە کۆنگرەش ئەو بابەتە یەکێک لە باســە گەرمەکان بوو و زیاتر لە هەموو بابەتەکان لە هەر دوو لاوە قســەی لە ســەر کرا، فەزاکە بە جۆرێــک بوو کــە کەس نەیدەتوانی بە راشــکاوی بڵــێ لایەنگرانی کام بۆچوون لە کۆنگرەدا ســەر دەکەون، حەسەنزادە لەو فەزایە دەترسا و بە هۆی ئەوەی لەگەڵ هێندێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزب کە دژی لیستەی فیکس بوون نزیکایەتی و تێکەڵاویی هەبوو لەوانەیە ئەوەی لێ بیستبن.

سەبارەت بەو بابەتە لە لاپەڕەی ٤٨٧دا دەڵێ:

> *"خەتەرەکــە یەکجــار زۆر بــوو، چوونکــی پێشــتر گوتبوویــان، یان بیســترابوو لە هێندێک کــەس کە ئەوە ئیدی وەک پێشــوو نیە. ئەو ســەفەرەی ئەگەر ئاوا بێ و ئاوا بێ ئینشعاب دەکرێ".*

وادیــارە بەو ئاکامە گەیشــتبوو کــە لەوانەیە ئەو بابەتــە ببێتە هۆی ئینشعاب لە حیزبدا، بۆیە نەیدەویست لەو حاڵەتەدا بەرپرسایەتیی هەبێ، ئەگەر پێش کۆنگرەش لێرەولەوێ باسی ئەوەی دەکرد کە لە کۆنگرەدا خۆی کاندید ناکا بۆ ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تــرس و نیگەرانییەی لە ئاکامی کاری کۆنگرە، نەک ئەوەی ئیدیعا دەکا کە پێــی خۆش نەبووە ببێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، دیارە ئاســتی لە خۆڕازیبوونەکەشی ئەو هەستەی تێدا خولقاندووە کە ئەو زۆر لەوە زیاترە کە تەنیا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بێ، بەڵکوو پێی خۆش بووە ببێتــە ئەندامی دەفتەری سیاســی (وەک بۆ خۆی دەڵێ)[٣٣]، بەلام ئاخر بــۆ ئــەوەی ببێتە ئەندامی دەفتەری سیاســیش بە پێــی پێڕەوی نێوخۆ پێویســتە ببێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. ئەو ئیدیعایە لەو بارەشەوە

سەیرە کە ئەگەر کەسێک لە شیرکەتێک، لە حیزبێک، لە دەوڵەتێک و... دا دەیەوێ، یان پێی خۆشە بە پێی لێهاتوویی خۆی ببێتە بەرپرس - تەنانەت بەرپرسی یەکەم - بۆچی شتێکی عەیبە؟. عەیب ئەوەیە درۆی لەگەڵ خەڵک بکەی و هەوڵدانی خۆت بۆ بەرپرسایەتی پێ عەیب بێ، بەڵام بەکردەوە دەیان ساڵ بەرپرس بوونی خۆت بەخواستی خۆت و بە بێ ئەوەی فشارێکت لەسەر بێ، بە جێی شانازی کردن بزانی و تەنانەت پێکهێنانی ئینشعاب لە حیزبدا بە مەبەستی پاراستنی دەسەڵاتی خۆت و تاقمەکەی بە "بزووتنەوە" بزانی و خۆت بە "رەمزی" ئەو بزووتنەوەیە دابنێی.

هەموو لایەکمان ئاگادارین لە فەرهەنگی خەباتی سیاسیدا بە چ جووڵانەوەیەکی بەرینی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەڵێن "بزووتنەوە". بۆ نموونە زۆربەی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان - نەک یەکێکیان - هەڵبەت بە رێژەی جیاوازەوە، بۆ ماوەی چەندین دەیە لەسەر بناغەی "بزووتنەوە"ی کوردایەتی ئەوە خەریکی خەباتی سیاسین. پرسیارێکی جێگای تێرامان و لێورد بوونەوە کە حەسەنزادە رۆژێک لە رۆژان دەبێ لە خۆی بپرسێ ئەوەیە کە چ شێوە بیرکردنەوەیەک وای لێ کردووە دوای تەمەنێک کاری سیاسی، ناوی بزووتنەوە لەسەر دەمراستی کردنی جەماعەتێک بۆ سازکردنی ئینشعاب لەناو حیزبێکی خۆشەویست و جێگای هومێدی خەڵکی کوردستان دابنێ؟ ئەوە چ شێوە تێفکرینێکە شانازی نەک بە کوردایەتی، نەک بە حیزبایەتی و تەنانەت نەک بە جیناحبازی لەناو حیزبێکدا، بەڵکوو شانازی بە ئینشعاب پێکردنی دەستەیەک یا وەک بۆ خۆی دەڵێ لەتکردنی حیزبێک دەکا؟ با هەر بۆ خۆی لە لای ویژدانی خۆی وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە کە دوای تەمەنێک کاری سیاسی، ئایا ئەمە کارنامەیەکی شیاوە و بۆ شانازیپێکردن دەبێ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە حەواڵەی خۆی و حەواڵەی خوێنەری ئەم کتێبە دەکەین. ئێمە بە دڵ ئاواتمان دەخواست کارنامەی سیاسیی حەسەنزادە بەو دەردە نەچووبا، بەڵام با ئەو رووداوە بۆ

هەمـوو چالاکان و خەباتگێڕانی کورد ببێتە دەرسـێک کە لە داهاتوودا ئینشـعابی لەو چەشنە بە هێڵی سـوور بزانن و وا بە بەلاش کارنامەی سیاسیی خۆیانی پێ زایە نەکەن.

ئەو قسـانەی حەسـەنزادە و پێ ناخۆش بوونی بەرپرسـایەتییەکەی رووداویکـی وە بیـر هێنامـەوە کە یارمەتـی دەدا بـە روونکردنەوەی زیاتـری ئەو ئیدیعایە؛ بۆیە باسـی دەکەم: ئەگەر هەڵەم نەکردبێ دوای کۆنگرەی یازدە بوو، ئەو کاتی کە من جێگری سکرتێر بووم و لە رەوتی زیزبوون و تۆرانەکانی حەسـەنزادە کە سـکرتێریی بە جێ دەهێشت و جـار نە جارێک ئەو مەسـەلە بۆ ماوەی حەوتوویـەک دە رۆژ دەهاتە پێـش، دوایە کارەکانی دەسـت پێ دەکردووە، بۆ دەفتەری سیاسـی و کۆمیتەی ناوەندی تەواو ببوو بە شتێکی ئاسایی و کەس پێیەوە ماندوو نەبوو.

جارێکیان کە ئاخر جاری زیزبوونەکەی بوو، بە دەربڕینی نارەزایەتی لە هێرشـێک کە کاک حەسـەن رەسـتگار لە کۆبوونەوەیەکی دەفتەری سیاسی کردبیە سەری، تووڕە بوو و کلیلەکانی ژووری کارەکەی فڕێ دا و بڕێـک قسـەی سـووکی بـە خۆی گـوت ئەگەر بێـت و چی دیکە سـکرتێریی حیزب بکا. وەک ئاماژەم پێکرد، ئەو کارەی ئەوجارەش لە دەفتەری سیاسی هەروا ئاسایی وەرگیرا، بەلام دەرکەوت ئەو جارەیان دەیەویسـت نیشان بدا کە لە سـەر بڕیارەکەی جیددییە. چەند رۆژێکی پێ چوو، چەند کەسـێک لە هاوڕێیانی دەفتەری سیاسیمان راسپارد کە قسەی لەگەل بکەن بێتەوە سەرکارەکەی با لە نێو خەلک دەنگ نەداتەوە، بـەلام پێداگـر بوو کە ئیسـتیعفای داوە و ناگەڕێتەوە سـەر کارەکەی. مـاوەی نزیـک بە دوو حەوتوو وەزعەکە هەر بەم شـێوەیە بوو و کار و کۆبوونەوەکانی دەفتەری سیاسـی بە هەلاوەسراوی مابوونەوە. ئەو مەسەلەیە لە بەرەبەری پلینۆمدا بوو. رۆژێکیان کاک حەسەن رەستگار و کاک حوسـێن مەدەنی کە هەر دووکیان ئەندامی دەفتەری سیاسـی بـوون، هاتنە ژووری کارەکەی مـن و گوتیان بابەتێک هەیە دەمانەوێ

لەگەڵت باس بکەین، منیش عەرزم کردن لە خزمەتتاندام. کاک حەسەن باسی زیزبوونی حەسەنزادەی کرد و ئاماژەی بە بێ ئاکام بوونی هەموو ئەو هەوڵانەی کرد کە لەو پێوەندییەدا درابوو بۆ گەڕانەوەی حەسەنزادە بۆ سەرکار و بەرپرسایەتییەکەی، لە ئاکامدا باسی ئەوەی کرد کە وادیارە سکرتێر لە سەر داواکەی سوورە و ئێمەش پلینۆممان لە بەر دەستدایە، لە پلینۆمدا ئێمە هەمووومان، ئێوە وەک سکرتێر دەناسین و دەنگت پێ دەدەین با لەو ناز و زیزبوونانەی حەسەنزادەش رزگارمان بێ و بە هەمووشمان هاوکاریت دەکەین. دوای ئەوە کاک حوسێنیش هەر لەو پێوەندییەدا قسەی کرد و بە شێوەی خۆی قسەکانی کاک حەسەنی دووپات کردەوە، منیش لە هەموو ئەو باسانەدا بێدەنگ بووم و گوێم لێ گرتبوون، دوای کۆتایی قسەکانیان روویان لە من کرد و لە بۆچوون و بەڵێنی منیان پرسی، منیش پێکەنیم. کاک حوسێن گوتی بە چی پێدەکەنی؟ گوتم هاوڕێیان من سپاسی لوتفی ئێوە دەکەم، بەڵام با بزانن حەسەنزادە دەست لە سکرتێری هەڵناگرێ و لە پلینۆمدا پەشیمان دەبێتەوە بۆیە تکاتان لێ دەکەم ئێوە ئەو باسە لەگەڵ کەسی دیکە مەهێننە گۆڕێ، دیارە هەر دووکیان لەو باوەڕەدا بوون کە حەسەنزادە تازە ئەو بەرپرسایەتییە قبووڵ ناکاتەوە، چونکە ئێمە چەند جار بۆ خۆمان داوامان لێ کردووە و راسپاردەمان ناردووەتە لای، ئەو هەر لە سەر قسەی خۆی سوور بووە، گوتم جا راوەستن تا پێکهاتنی پلینۆم ئەو دەم دەردەکەوێ کە بۆچوونی کاممان دروستترە، هەر چەند ئێوە هەر دووکتان زیاتر لە من لەگەڵ حەسەنزادە حیزبایەتیتان کردوە، بەڵام من باشتری دەناسم.

قسەکان کۆتایی پێهات و ئەوانیش ئیدی باسیان نەکردەوە، کە پلینۆم دەستی پێکرد، یەکەم باس ئیستیعفای حەسەنزادە بوو لە سکرتێری و سووربوونی لە سەر داخوازەکەی، کاک عومەر باڵەکی یەکەم کەس بوو قسەی کرد و برێک کرووزایەوە کە فلان کەس بۆ کارەکەت ناکەی ئەدی ئێمە چی بکەین و حیزب چی لێ بە سەر دێ ئەگەر تو سکرتێر

نەبی و ... ، حەسەنزادە نەیهێشت کرووزانەوەکەی کاک عومەر کۆتایی پێ بێ، گوتی جا باشــە مادام کۆمیتەی ناوەندی پێی باشــە، منیش بۆ مەســڵەحەتی حیزب ئیســتیعفاکەم وەردەگرمەوە و درێژە بە کارەکەم دەدەم.

کاک حوســێن مەدەنی لە تەنیشت من دانیشتبوو، ئانیشکی تێ کوتام و بــە گوێچکەمــدا چرپاندی: "کــوڕە ئەتۆ چۆن ئــەو کابرایەت وا باش ناسیوە؟". وادیار بوو بۆ حەسەنزادەیان گێڕابۆوە کە ئەو دوو هاوڕێیە بۆ مەبەستێکی ئاوا هاتوونەتە لای من، وای لێک دابۆوە کە من قبوولم کــردووە و لەو پلینۆمەدا من جێــگای ناوبراو دەگرمەوە. بۆیە، هەر کە قســەکانی یەکەم کەسی بیست لە بڕیارەکەی پەشیمان بۆوە، بەڵام ئەم هاتنەی کاک حەسەن و کاک حوسێن بۆ لای من ئەو قازانجەی تێدا بوو کە ئیدی حەسەنزادە زیز نەبۆوە، چونکە لەوە ترسابوو ئەگەر زیز بێ، وا تەگبیر کراوە جێگاکەی بگرنەوە. دوایە کاک حەســەن ڕەستگار بۆی باس کردم کە لە دانیشتنێکی خۆیاندا حەسەنزادە لەو بارەوە گلەیی لێ کردووە.

حەســەنزادە بە پێچەوانەی ئیدیعاکانی و بە پێچەوانەی هەڵسوکەوتە ڕواڵەتییەکــەی کــە دەیویســت وا بــە خەڵــک نشــان بدا کە بــە دوای دەســەڵاتەوە نیە، یەکجار زۆر ئۆگری دەســەڵات بــوو، چونکە بە پێی خۆبەزلزانییەکــەی بــە مافی خــۆی دەزانی کە دەسەڵاتبەدەســت بێ، لەو پێوەندییەدا قســە و تەوجیهێکی زۆر بەناوبانگی هەبوو کە کادر و پێشمەرگەکان بە گاڵتە دەیانگوتەوە، ئەویش ئەوە بوو دەیگوت :

"من بە دوای کورسیدا ناگەڕێم، کورسی بە دوای مندا دەگەڕێ".

تەنانەت دوای ئینشعاب کە بە ڕواڵەت لە حیزبە تازەکەیدا سکرتێری گشــتی نەبوو، بەڵام بۆچوون و قســەکانی لە لایــەن نوینەرانی فیکری ناوبراو لە ئۆرگانەکانی بڕیار بەدەستی حیزبەکەیدا یەکلاکەرەوە بوون و لانیکەم بۆ ماوەی چەند ساڵ ئەو دەسەڵاتە لە پشتی پەردەوە ئیعمال دەکرا ـ لە ئێستایشــدا ئەوە نزیک بە ســاڵێکە دووبــارە وەک ڕاوێژکار

هاتووەتەوە نێو ڕێبەرایەتیی حیزبەکەی.

تەنانەت بیری لەوە کردبۆوە کە دوای کۆنگرەی سێزدە کە بە پێی بڕیار، کۆتایی بە ماوەی سکرتێریی ناوبراو لە حیزب دەهات، چۆن و بە چ شێوەیەک دەسەڵاتەکەی بپارێزێ، هەر بەو مەبەستە نزیک بە ساڵێک پێش کۆنگرە زەمینەی ئامادە کرد کە کاک بابا عەلی میهرپەروەر ببێتە کەسایەتییەکی مەترەح بۆ ئەو بەرپرسایەتییە، چوونکە ئەگەر کارەکانی کۆنگرە بە شێوەیەک چووبانە پێش کە پلانەکەی سەری بگرتایە و کاک باباعەلی ببوایە بە سکرتێر، ئەو کات ئینشعابی پێک نەدەهێنا. هەر بۆیە لە ماوەی ساڵی ئاخری پێش کۆنگرەدا لە سەفەرەکانی بۆ دەرەوەی وڵات ناوبراوی لە جێی خۆی دیاری دەکرد و لە هەموو کارە گرینگەکان و هەیئەتەکانی حیزبیدا کاک باباعەلی لە ڕیزی یەکەمدا بوو. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە پێشتر هیچ بایەخێکی بە کاک باباعەلی نەدەدا و لە نێو خەڵکدا بە ئاشکرا و لە غیابی خۆیدا گاڵتەی پێ دەکرد و دەیشکاندەوە. دوای ئەوەی یەکیەتیی نیشتمانی ڕادیۆکەمانی داخست، ناچار لە سەر ئیزنی حکوومەتی بەغدا ڕادیۆکەمان لە کەرکووک دامەزراندەوە و کاک باباعەلی لە هەمان‌کاتدا کە ئەندامی دەفتەری سیاسی بوو، بەرپرسی ڕادیۆش بوو، بۆیە زۆربەی کاتی لە کەرکووک لە شوێنی کارەکەی بوو، بەڵام ڕەفتاری حەسەنزادە وەک سکرتێری حیزب لەگەڵ ناوبراو هێندە نادیموکراتیک و پڕ لە سووکایەتی بوو کە لە تەسەووردا ناگونجێ. بێجگە لەوەی بە کەسێکی نالیهاتووی دەزانی، هیچ متمانەیەکیشی پێی نەبوو. بۆ ئەوەی لە بەر چاوی پێرسۆنێلی ڕادیۆش بیشکێنێ تەرەفی خیتابەکەی لە جیاتی کاک باباعەلی وەک بەرپرسی ئەو ئۆرگانە، کادرێکی دەرجە چواری حیزبی بوو کە لە ڕادیۆ کارێکی پێ ئەسپێردرابوو، بەڵام لە ڕیزی ئەو کەسانەدا بوو کە حەسەنزادە لە زۆر جێگای کتێبەکەیدا باسیان دەکا و دەڵێ "بۆیان گێڕاومەوە..."، حەسەنزادە ئەگەر کارێک یان ڕاسپاردەیەکی بە ئۆرگانی ڕادیۆ بدایە زۆرتر لەگەڵ ئەو کادرە پێوەندیی دەکرت و ئەو پەیامی

سکرتێری بە دڵی خۆی بە کاک باباعەلی دەگەیاند و بەدڵی خۆشی وەڵامەکەی بۆ سکرتێر دەناردەوە.

بەڵام لەم دواییەدا لە شەو ڕۆژێکدا کاک باباعەلی گوایە ببوو بە جێی متمانەی سکرتێر و یارمەتیدەری، بۆ ئەوەی دوای کۆنگرەی سێزدە بیکاتە سکرتێر، کاک باباعەلیش چاوپۆشیی لەو شێوە بەرخوردانەی حەسەنزادە کردبوو و ببوو بە مەحرەمی سکرتێر و لە سەر ئەو باوەڕپێکردنە، خۆی بۆ سکرتێری لە کۆنگرەدا ئامادە دەکرد و یەکێک لە کاندیدەکان بوو. حەسەنزادە بەو ئاکامە گەیشتبوو کە ئەگەر کاک باباعەلی ببێتە سکرتێر، بێجگە لەوەی کە ماندووبوون لە کاری سکرتێری نامێنێ بەڵام دەسەڵاتبەدەستی سەرەکی هەر بۆ خۆی دەبێ، کەچی ڕووداوەکان لە ئاراستەی سیناریۆکەی حەسەنزادەدا نەچوونە پێش.

● بێ مودیریەتی و ناشارەزایی لە بەڕێوەبردندا

حەسەنزادە ئەزموونێکی ئەوتۆی لە بەڕێوەبەریدا نەبوو، هەموو ئەزموونی لەو بارەوە دەگەڕایەوە شوێنە بەرتەسکەکانی پێشووی ژیانی و خوێندنەکەی، هەر بۆیە ناوبراو لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە بەرپرسایەتیی لە حیزبدا وەرگرتبوو تەنانەت بە سکرتێریشەوە، ئەو ناشارەزاییە هەم بۆ خۆی و هەم بۆ ئەوانەی کاریان لەگەڵی دەکرد موشکیلەساز بوو، لەو پێوەندییەدا و بۆ حاڵیبوون لە شێوەی مودیریەتی ناوبراو ئاماژە بە دوو نموونە دەکەم:

● یەکەم: نامەی کاک کەمال داوودی

کاک کەمال داوودی کادرێکی حیزبیی بەرپرسی پێوەندییەکانمان لە پاریس بوو. ئەو نامەیە بەشێک لەو تایبەتمەندییانەی کە حەسەنزادە هەڵگریان بوو، دەر دەخا، نامەیەک کە دەرد و زووخاوی پەنگخواردووی کادرێکی حیزبییە سەبارەت بە شێوەی هەڵسوکەوتی حەسەنزادە لەگەڵ ئەوانەی جیاواز لەو بیر دەکەنەوە و زمانحاڵی زۆرێک لە کادرەکانی دیکەیە. نموونەی کەمال داوودی کە لە هەڵسوکەوت و شێوەی بەڕێوەبەریی عەبدوڵلا حەسەنزادە وەزاڵە هاتبوون کەم

نین. کاک کەماڵ لە سەردەمی شەهید دوکتۆر قاسملوو و دوکتور سەعیدەوە یەکێک لە کادرەکانی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزب لە پاریس و بەرپرسی پێوەندییەکان لەگەڵ فەرانسەوییەکان و نوێنەری حیزب لە ئەنترناسیۆناڵ سۆسیالیست بوو کە هەمیشە لە کۆبوونەوەکانی ئەو دامەزراوەیەدا بەشداریی دەکرد. بەڵام لەو وەختەوە کە بۆ حەسەنزادە دەرکەوت کە ناوبراو رای جیاوازی هەیە و لە هەڵسوکەوتەکانی ناڕازییە بە تایبەت لە مەسەلەی یەکگرتنەوەی دوای کۆنگرەی دەی حیزبەوە، کەوتە دژایەتیکردنی.

کاک کەماڵ داوودی دوای کۆنگرەی دەی حیزب و پاڵپێوەنانی لە لایەن حەسەنزادەوە، نامەیەکی ٧٨ لاپەڕەیی بۆ کۆمیتەی ناوەندی نارد کە هەمووی سەبارەت بە شێوەی هەڵسوکەوتی نادیپلۆماتیکی حەسەنزادە و تۆڵەکردنەوەی بە دەرکردن لە سەر کارەکەی و بە گشتی لە حیزبایەتییە. ئێمە لێرەدا تەنیا بەشێک لەو نامەیە دەخەینە بەر نەزەری خوێنەرانی بەڕێز :

*"... بە جێگەی کۆبوونەوەی گشتی و ئیعلامی ئاشکرای بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندی، سکرتێری بەڕێز پێی باشتر بوو وتوویژی دوو کەسی و (غەیرە رەسمی) هەروەها درێژە پێدا و ئاوا حەزفی من دەستی پێکرد. فەزای پێش کۆنگرەی وە بیر دێنامەوە، دیارە بەو جیاوازییەی کە ئەگەر لە کوردستان ئەو دیاردەیە دەلیلی وجودیی هەبوو، لێرە (پاریس) نە تەنیا قازانجێکی ئەوتۆی بۆ حیزب نەبوو و لە واقیعدا تاریخی مەسرەفی ئەو شێوە «کارە» تەواو ببوو، بەڵکوو فەزایەکی یەکجار بەدبینی و دوو بەرەکیی ساز کرد. هەڵبەت دیارە بە خۆشییەوە ئەمن لەو دیاردەیەی مەحرووم بووم و لە ئێوەش ناشارمەوە کە بۆ کاری سیاسی و لە حیزبێکی دێموکرات و مودێرندا، دەربڕینی نەزەر و رەخنەم لە*

کۆبوونـــەوەدا پێ بــە قازانجترە هەتا شـێوەی مەزهەبی (ئیعتیراف) وەرگرتن بە هێندێک شتی «تایبەتی».

شورای ئەنترناسیونال سۆسیالیست بۆ کۆبوونەوەکەیان (ڕێکەوتــی٧ی دیســامبری ١٩٩٥ی ز) کــە ئەمجــار لــە بروکســل دەگیــرا، وەکــوو جــاران نامەی بەشــدارییان بـۆ حیزب ناردبـوو. وەکــوو کادری دەفتــەر، لانی کەم دوای کارەســاتی بیرلین، لە تــەواوی کۆبوونەوەکانیاندا بەشــداریم کردبوو و بە شــانازی دەزانم عەرزتان بکەم کــە لەو ڕێگەوە ـ هەتا جێگەیەکی لە چوارچێوەی دەفتەر ئیجــازەم پێ درابوو. تــەواوی عەقڵ و ئیبتیکاری خۆم لە پێنــاوی بەرژەوەنــدی و ئیجرای سیاســەتی داڕێژراوی حیزبــدا بــەکار هێنابوو. بە بڕوای من بــە بۆنەی ئیعتبار و بیرەوەریی ڕێبەرایەتیی شەهیدمان بە تایبەتی دوکتور قاســملوو و هەروەها مانەوە و تێکۆشــانی حیزبەکەمان دوای ئــەو هەمــوو کارەســاتە و هەڵبــەت ئیدامــەکاری دەفتــەری پاریس لــەو بوارەدا، حیزب ڕەوتــی بە ئەندام وەرگیرانــی بۆ نێو ئەو کۆمەڵە زۆر گرینگە نێونەتەوەییە گرتبــووە بــەر. مامۆســتا بە شــێوەیەکی یەکجــار یەک لایەن و ســەرەڕای نەزەری زۆربەی هاوڕێیان، کادرێکی دیکــەی دەفتــەری لــە جیاتی مــن هەڵبژارد. بــە داخەوە شــتەکە بــە نامە و لــە دوورەوە پتر وەکــوو گێڕانەوەی کایەی منداڵان دەچێ! بەڵام لە واقیعدا بریتیە لە شــێوەی «نــوێ»ی حیزبایەتی و هەڵبژاردنی «مۆرە» بە جێگەی «کادر»ی سیاسی!. هەڵبەت پێش ئەوەی مامۆستا لەگەڵ مەسئوولی دەفتەر و هاوڕێی ئینتسابی لە کۆبوونەوەی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیستدا بەشــداری بکەن، ئاوێکی ســارد و ســڕی بەدەســت هەموو ئۆگران و لایەنگرانی

سۆسیالیسمی دێموکراتیک و ئیدامەدانی پێوەندیی حیزب لەگەڵ ڕۆژئاوادا کرد! مامۆستا ئیعلامی کرد: «ئێمە نامانەوێ ببینە ئەندامی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست»!؟ دەمزانی مامۆستا ئوورووپایی و بە گشتی خەڵکی ڕۆژئاوای خۆش ناوێ، یانی «دانیان» پێکەوە ناکولێ، بەڵام نەمدەزانی ئەو ناکۆکی و ناخۆشەویستیی شەخسیە لەگەڵ فەرهەنگ و شارستانییەتی ڕۆژئاوا دەتوانێ تەنانەت ئەرکی حیزبایەتیشی بگرێتەوە!

ڕۆژێک پێش بەشدارییان لە کۆبوونەوەی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست، بە «نیوەڕەسمی» بە من ڕاگەیەندرا مامۆستا گوتوویەتی کە ناتوانێ لەگەڵ فلان کەس (یانی من) کار بکا.

زۆر لە مێژە نەزەر و هەستی مامۆستا سەبارەت بە خۆم دەزانم، بەڵام لە پێوەندیی حیزبایەتی و بەتایبەتی لە پۆزیسیۆنی سکرتێری گشتیی حیزبێکی دێموکراتدا، بە بڕوای من پێویستە بە شێوەیەکی ڕوون، ڕاستەوخۆ و بە بێ غەرەز و کینەی شەخسی عەمەل بکا هەتا پێچەوانەکەی. بە کورتی بە هۆی نەبوونی بەرنامە و سەراحەتی بەیان، فەزای دەفتەری پاریس هەر دەهات و خراپتر دەبوو؛ لە لایەکی، سکرتێر وەختی بەنرخی خۆی لە کیس دەدا و لە لایەکی دیکەوە، بە بێ ئیعتمادی و دڵساردی، کادرەکانی دەبوغزاند.

بەڵام لە پێوەندی دەگەڵ ئەو جەماعەتەی کە «بڕیارەکانی کۆنگرەی هەشتەمیان لە ژێر پێ ناوە و بە لادەر ناسراون» مامۆستا بە داخەوە بە شێوەیەکی زۆر «تەحریک ئامێز» لەگەڵ کادرەکانی دەفتەر ڕەفتاری کرد و پتر وەکوو سکرتێری بەشێک لە حیزب هاتە بەرچاو

*هەتا هیی گشتی".*

کاک کەمال هەر لە درێژەی ئەو نامەیەدا دەنووسێ:

*"لەو ماوەیەدا وەزعی من هەر وەکوو ڕەنگە بتوانن لە بەرچاو «مجسم»ی بکەن زۆر سەیری لێ هاتبوو. مامۆستا دوای هەوەلین کۆبوونەوەی دوو قۆلی (بە حزووری کاک باباعەلی) ئیتر خۆی لێ لا دەدام و هەتا جێگەیەکی ئیمکانی هەبا قسەی لەگەڵ نەدەکردم. هەڵبەت ئەو وەزعە نەیدەتوانی هەر ئاوا درێژە پەیدا بکا. ئەمن جاروبار و بە (بەهانە)ی جیاواز سەری قسەم دەکردەوە، بەلام هاوڕێی سکرتێر ئیتر ئەمنی بە مردوو دانابوو و دیار بوو ئیتر وجوودم «تحمل» ناکا. ڕۆژێکی عەرزی مامۆستام کرد کە پێم خۆشە دانیشتنێکمان هەبێ و ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە خەریکی هەرچەشنە «مدرک» کۆکردنەوەیەک دژی من بوو! دانیشتین و ڕاستەوخۆ فەزای سکووتم شکاند و گوتم کە: «دەمزانی ئێوە تەسفییەم دەکەن و دوای هەڵبژاردنتان بە سکرتێری لە کوردستان ئەوەم پێشبینی کرد». سەرتان نەیەشێنم دانیشتنەکە بەپێچەوانەی مەیل و ڕەزامەندیی من وەکوو دانیشتنی قاوەخانە ـ مزگەوتی لێ هات!. نەقل گێڕانەوە، سوێند و قورعان خواردن و تەنانەت ڕێزدانەنان بۆ عەقلی سەلیم، ناوەڕۆکی گشتیی ئەو دانیشتنە بوو!. مامۆستا تەنیا (موشکیلەی ماڵی) وەکوو مەوزووعی موشەخەس باس کرد. بە کورتی، دوای باس لەسەر موشکیلەی ماڵی و تەنانەت نیشاندانی شێوەیەک ڕێگەحەل و تەوزیح و پێشنیاری ئیسلاحی هێندێک شت، بە تەواوی تێگەیشتم کە موشکیلەکەی وەکوو دەمزانی «ماڵی» نیە و سکرتێر بڕیاری سیاسیی خۆی داوە. بە لە بەرچاو گرتنی ئیدەی*

فیکسی ماموستا لە سەر بۆچوون و بیروباوەڕی من، زۆرم بە زەحمەت دەزانی نەزەری تەسفییەی بگورم. هەر لەوێ عەرزم کرد کە: «سەربەخۆ لەوەی کە هەرکاممان شێوە ئیستیدلال و بە تایبەتی مەنتقکی جیاوازمان هەیە، لە واقیعدا ئەمن بوومە قوربانیی تێکۆشان و دەربڕینی بیروباوەڕم لە پێش و هەروەها دوای کونگرەی دەهەم». کونگرەی دەهەم کە بە شانازیی پەنجا ساڵ خەبات و تێکۆشان لە لایەن بەشدارانەوە، بە کونگرەی پەنجا ساڵەی حیزب ناسرا، مانای مێژوویی (بلوغ)ی سیاسی بوو کەچی بەداخەوە رەفتار و فەرهەنگی سکرتێری ئێستا، مێژووی تاڵی ساڵەکانی ٦٠ی زایینیی زیندوو کردەوە.

دوای دوایین کۆبوونەوەی دووقۆڵی کە هێندێک بە زوری و بە پێشنیاری خۆم بوو، ماموستا هەتا ڕۆژی ئاخر و ئەویش لە فڕۆکەخانەی پاریس (رواسی) لە سەر ئەو مەوزووعە زاری لێک نەکردەوە!. بەڵام کاتێک کادر یان ئەندامێک «مغضوب»ی سکرتێر دەبێ هەر بە تەسفییە خەلاسی نایە، بۆ سەلماندنی ناراستییەکان پێویست بوو بەهانە و ئیشکالی کاریش بدۆزێتەوە. رەنگە پێویست بێ عەرزی ئێوە هاوڕێیان بکەم کە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا، چاوەڕوانی کۆبوونەوەی گشتی بووم هەتا لانیکەم لە بیلانی کار و تێکۆشانم لە بەشی پێوەندییەکاندا، رەخنە و قسەیەک بکرێ و ئەوە نە بۆ فێڵ و تەڵەکە و دەرفەت دۆزینەوە بۆ «مانەوە»م، بەڵکوو هەر نەبێ بۆ ئیسلاحی کارەکان و بەرنامەداڕشتن بۆ داهاتوو پێویست بوو. ئاشکرا بوو کە ماموستا بە تایبەتی کۆبوونەوەی گشتی لەگەڵ هاوڕێیانی دەفتەر بە کەیفی نەبوو...!.

● دووهەم: بەشێک لە ئاخاوتنی کاک فەتاح کاویان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە باڵی حەســەنزادە، لە سەر حەسەنزادە لە کۆنگرەی سێزدەدا

کاک فەتــاح کاویان کە زۆر لە حەســەنزادە دڵپــڕ بوو ، لە کۆنگرە و لە نۆرەی قســەکردنی خۆیدا، بەشــێک لە دڵپڕییەکەی بەم شــێوەیە لە هەڵسوکەوتی حەسەنزادە هەڵڕشت و دەڵێ:

*"... بــەڵام لە ماوەی ئەو حەوت ســاڵەدا کە ئێمە تێکەڵ بووینــەوە، ئەمنیــان دا بە ســکرتاریا، بــا عەرزتان بکەم دەزانــم دوایە مامۆســتا دێت جوابی قســەکانم دەداتەوە و لەو قسانەشــدا دیوتانە مامۆســتا عەمەلەن کەسی پێ ناوێــرێ، بــەڵام ئەوەی کــە پێتان عەرز دەکــەم بە دڵەو بە ســەداقەتەوە بە شەرەفی خۆیشم زەمانەت دادەنێم و دەڵێم ڕۆژی ئەوەڵ پێی گوتم: «دەزانی بۆچی کاک فەتاح ئێمە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی نابەینە ســکرتاریا» وتم «نەوەڵڵا» گوتی: «بۆ ئەوەی موداخلە لە کاری کادرەکاندا نەکــەن» یانی نابێ تۆ لــە کاری ئەواندا موداخلە بکەیت. حەوت ســاڵ لەو ماڵەی قەڵایە دانیشتم سادقانەش کارم کرد تاکوو ئەمڕۆ. بێ ئەوەی کە قەت قەت حەتا خەبەرێک لــە ئۆرگانەکەی خۆم، بڕیاراتێک کە دەدرێ هیچ شــتێکم پێی نەگەیشتووە. قەت پێم نەگوتراوە (ئەوە مامۆستا لێرا دانیشتووە) بەداخیشم کە قسەکانم زۆربەی هەرە زۆری لەسەر مامۆستایە.*

*مامۆســتا لەگــەڵ هەمــوو لێهاتوویــی و دەقیقــی و ئیستعداد و هەموو شتێکیەوە متەوەجیهی یەک واقیعیەت نیــە ئەویش ئەوەیە کــە مودیری چاک ئەو کەســەیە کە لــە هەموو کــەس کەمتر کار بکات کارەکان بســپێرێ بە دەستی مەسئوولانی ژێر دەســتی خۆی، بەڵام هەموو*

کارەکانی لەسەر شانی خۆی کەڵەکە کردووە، جا بۆیە ئەعسابیشی ورد دەبێ و هەموو جارێک ئیعتسابی دەکرد و پێی نەدەکرا، دەنا لە باری ئیستعداد و لێهاتوویی و زمانزانییەوە زۆر لەمە بەرزترە، بەڵام ئەو واقیعیەتە موتەوەجیهـ نەبوو کە مودیری چاک ئەو کەسەیە کە کاری عەمەلی بۆ خۆی کەمتر دەکات، بەڵام حەتا بۆ بەڕێ کردنی موسافیر بۆ بەغداش دەبێ مامۆستا رەئی بدات. ئەمن یەکێک لەو شتانەی کە لە حیزبدا تێمهەڵدرا ئەوە بوو وتم لەو خودمختارییەدا کە زۆر مەعزەرەت دەخوازم مامۆستا و چەند کەسی دیکە دەیانهەوێ من نامەوێ، وتیان بۆ؟ وتم لەو خودمختارییەدا رەئیس جمهوور لە کارێژدا موسافیر بەڕێ دەکا، ئەمن ئەوەم ناوێ. عەرز کەم، بەڵام ئەمن ئەندامی کۆمیسیۆن هەم چەند شتان عەرز دەکەم، بۆ نموونە هەر ئەو نەورۆزەی زیاتر لە ١٠ـ١٥ جار چەند مێوان هاتوون حەتا بەعزێک داوای منیان کردووە، بەڵام یەک جاریش ئەمن لە جەلەساتی نەورۆزی نەبووم لە نێو میهمانەکاندا، بۆ خۆیشم نازانم بۆ؟ دانیشگای کۆیە ئیفتتاح دەکرێ کاک برایم زێوەیی وەک کوڕی خۆم خۆشم دەوێ، نانیشی بە قەرز نادەمێ، ئەو لەوێ بەشداری دەکات لە ئیفتتاحی دانیشگای کۆیەدا، بەڵام ئەمنیش کە ساڵ و نیوێک کە سابیقەی تەدریس لە دانیشگای سپاهیانی ئینقلابم هەیە کە سازمان موتەوەجیهـ بوو دەریان کردم. دوازدە ساڵ مودیری گەورەترین موئەسەسەی زمان بووم لە تاران لە هاویندا ١٥ هەزار موحەسیلی هەبوو لەوێ مودیر دروس بووم، بەڵام ئەمن حەقم نەبوو لە ئیفتتاحی جەژنی دانیشگای کۆیە بەشداری بکەم بۆ؟ عەرز بکەم

ئەوانــە موهیم نیە چونکە قبوولم کردووە هەر شــتێکیش هاتووە لە هەر جێگایەکی هاتووە نامەی ئینگلیســی ئەمن تەرجومەم کردووە بۆ خۆشــم تایپم کــردوە بە داخەوە تایپیستی ئینگلیسیشمان نیە.

ئێمە لــە ڕۆژی ئەوەڵەوە بە دڵی پاکــەوە هاتین تێکەڵ بووینــەوە، بــەڵام هــەر لــە ڕۆژی ئەوەڵەوە لــە تەرەف مامۆســتا ـ بــۆ باســی ئەو دەکــەم چوون ئەو ســکرتێر بوو بڕیا ئەو نەبایە کاک مســتەفا بایە ئێستا باسی ئەوم دەکرد ـ کاک مستەفا ئەمنی خۆش ناوێ، بەڵام قەت قەتی بێئیحترامی پێ نەکردووم".

هەر لە درێژەی ئەو قسانەدا کاک فەتاح کاویان دەڵێ:

"لــەوەش بگەڕێتــەوە ئەمــە پێمان خۆشــە لــە هەموو کەســمان بیســتووە لــە دەیان کەس لــە نــاو حیزبدا لە ســەدان کەس، ئــەرێ بۆ پارتی و یەکیەتــی ڕێکناکەون؟ ڕاســت ناکەیــن. ئەوە نیە بــۆ خۆمــان ڕێکناکەوین؟ خۆ ئەوان مەنتەقەیان بە دەســتەوەیە بە سەدان ملیۆنیشیان لــە ئیختیاردایە بۆ ئاگاداریتان یەک میلیارد و چوارســەد ملیون دۆلار لە حسابی غەزا لە موقابیلی نەفتدا ماوەتەوە، ئەوانە کە شەڕیشــیان هەیە لە سەر شتێکە. ئێمە لە سەر چی بە شــەڕ دێیــن؟ ئەگەر حەقمان هەیە لەو ســێڕایەی نزیک ســێڕای کۆیە و هەولێر کــە دەچێ بۆ تەق تەق لە کن ئازادیدا حەقمان هەیە لەوێ ماشــینێک ڕابگرین بڵێین بۆ کوێ دەچــێ؟ ئــەو شــەڕەمان لە ســەر چییە بە قەولی شکســپیری «شــەڕ و هەڵای زۆر لە ســەر هیچ» ئەمە لە خاکی خۆماندا نین ئەو ســەندەڵییەی کە دامناوە لە ســەر خاکی کوردســتانی ئێراقییە، بەشــێک لە ئێراقە جا دەترســم ڕۆژێکی خودا بــکا جێبەجێ بــێ بچینەوە

*فیدرالیزمیش دروست بێ ئینجا بزانە ئەو دەمی چۆن بە شەڕ بێین لە سەر کورسی...".*

بە گشتی و بە دڵنیاییەوە دەکری بڵێین کە حەسەنزادەش لە خانەی ئەو سەرکردە دەسەڵاتپەرەست و لە خۆڕازییانەدا جێ دەگرێ کە بە مەبەستی پاراستنی دەسەڵات، گەورەترین زەربەیان لە جووڵانەوە داوە و قەتیش رەخنە، یان کەموکورتییان بە خۆیانەوە شک نەبردووە. ئەوان ئەقڵی تەواو بوونە و ئەوانی دیکە هیچ، و کاتێک هیچەکان! کەوتوونەتە بیری لادانی ئەقڵی تەواو، کارەساتیان خوڵقاندووە. ئێستاش بە داخەوە ئەو رەوتە لە بەشێک لە خۆرهەڵات و لە نێو بەشێک لە کوردیشدا بەردەوامە.

سەرچاوە و پەراوێزەکان

١.لە نێو ئەو هەیئەتەدا تەنیا کاک تەیموور و مام ئەسعەد لە لایەنی ئۆپۆزیسیون بوون و باقی دیکە لە لایەنگرانی هەلسووڕی باڵی زۆرایەتی بوون.

٢. دوای کۆنگرەی دەهەم و پەسندکردنی یەکگرتنەوەی حیزب و ڕێبەرایەتی، ناڕەزایەتییەکی زۆر لە نێو ئەو بەشە لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبدا پەرەی گرت کە لایەنگری ئەو یەکگرتنەوەیە نەبوون؛ بۆیە من نیگەران بووم کە جارێکی دیکە یەکڕیزیی حیزب تێک بچێتەوە. وادیار بوو سکرتێری نوێش ئەم هەستەی تێدا پێکهاتبوو، بۆ ئەوەی ئەو نیگەرانییە بڕەوێتەوە و لاپەڕەیەکی نوێ لە نێو لایەنگران و موخالفانی یەکگرتنەوە هەڵبدرێتەوە و ئەوندەی دەکرێ کار و تێکۆشانی حیزبی پەکی نەکەوێ، کاتێک حەسەنزادە پێشنیاری جێگری سکرتێری پێ کردم دوای ماوەیەکی نزیک بە دوو حەوتوو بیر لێکردنەوە قبوولم کرد، هەرچەند دەمزانی کارکردنی من لەو بەرپرسایەتییەدا زۆر نەگونجاوە.

٣. کاک مەلا حەسەنی شێوەسەڵی کە ساڵانێکی زۆر لەگەڵ حەسەنزادە ژیابوو و بێجگە لەوە بە هۆی خزمایەتی زۆر باشی دەناسی، لە کۆنگرەی دە لە سەر فێڵاوی بوونی حەسەنزادە گوتی:

"مامۆستا ئەگەر پێی خۆش بێ وشتری بە بارەوە بە کونی دەرزیدا تێپەڕ دەکا".

٤. ئەزموونی خەبات لاپەڕەی ٥٥٥

٥. « «٥٥٤

٦. « «٥٥٤

٧. بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ پەسند کراوی کۆنگرەی ١٣ "کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندی بە بەشداریی لانیکەم دوو لە سێی ئەندامانی ئەسڵی ڕەسمییەت پەیدا دەکەن و بڕیارەکان وەختێک قەتعی دەبن کە زیاتر لە دوو لە سێی ئەندامانی ئەسڵیی بەشدار لە کۆبوونەوەدا دەنگیان بۆ بدەن".

٨. ئەزموونی خەبات، لاپەڕەی ٦٤٨ نامەی ١٣٨٥/٥/٧ ئۆپۆزیسیونی ناوخۆیی

• خاڵەکانی:

"٤. ... لە دوو ساڵی ڕابردوودا بە سەدان کەس سزا دراون، تەشویق کراون، پلەیان دراوەتێ یان لێیان ئەستێندراوەتەوە، نەقڵ کراون و تەنانەت خراونەتە بەندیخانەوە کە ئەگەریش بیانوویەکیان بۆ دروست کرابێ، هۆی سەرەکی، لێکدانەوەی جیناحی بووە. بۆیە داوا دەکەین هەموو ئەو جۆرە بڕیارانە ڕابگیرێن و هەیئەتێکی هاوبەش بە سەلاحیەتی وەک یەکەوە لە جەناحی دەسەڵاتبەدەست و ئۆپۆزیسیون پێک بێ کە بە هەموویاندا بچێتەوە و ئەوەی بە ساڵمی نەزانی هەڵیوەشێنێتەوە.

٥. بۆ ئەوەی ئەو جیاوازیدانانە لە داهاتوودا دووپات نەبێتەوە داوا دەکەین جارێک

بۆ هەمیشە کۆتایی بەو فشار و پاڵ پێوەنانە بهێنرێ و هەیئەتێکی هاوبەشیش پێک بێ لەسەر هەموو نەقل و ئینتقال و تەوبیخ و تەشویق و پلەدان و پلە وەرگرتنەوەیەک و هەر جۆرە سزادانێک بڕیار بدا.

٦. داوا دەکەین هەیئەتێکی هاوبەش بۆ لێکۆڵینەوەی وەزعی ئەوانەی دێن بۆ پێشمەرگایەتی پێک بێ و هەموو رەتکردنەوە یان وەرگرتنێکی پێشمەرگەی تازە بە بڕیاری ئەو هەیئەتە بێ.

٨. بە روونی دیارە کە کاری تەشکیلاتی لەگەڵ هاوڕێیانی نێوخۆی وڵات و دنیای دەرەوەش کەوتوونەتە ژێر تەئسیری بیروباوەڕی جەناحی، بۆیە داوا دەکەین هەردووکی ئەم بەشانە لە لایەن هەیئەتێکی هاوبەشەوە ئیدارە بکرێن".

بەڕێز کاک مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزب

لەگەڵ سڵاو

ئەمڕۆ شەممە ٨٤/٢/٧ نامەیەکمان بە ئیمزای کاک حەمەنەزیف قادری بەرپرسی سکرتاریا پێگەیشت کە داوا دەکا رۆژی دووشەممە (دووسبەی) سەعات ١٠ی بەیانی بۆ بەشداری لە پلینۆمی کومیتەی ناوەندی‌دا لە سکرتاریا ئامادە بین. لەو پێوەندی‌یەدا، بە پێویست دەزانین سەرنجتان بۆ ئەم چەند خاڵە رابکێشین:

١. شاراوە نیە کە گیروگرفتێك لە نێوخۆی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران دا هەیە کە هەموو فکری هاورێیانی بەخۆیەوە خەریك کردوەو بە کردەوە کاروباری حیزبی بەرەو راوەستان بردوە. ئێمە لە ماوەی رابردوودا ریزە پێشنیارێکمان بۆ چارەسەری ئەو گیروگرفتانە خستۆتە بەرچاوی هاورێیان کە بەداخەوە هیچ گوێیان لێ‌نەگیراوە.

٢. پلینۆم‌و کات‌و شوێنی گیرانی‌و بەرنامەی کارەکەی دەبێ بە بڕیاری دەفتەری سیاسی دیاری بکرێن‌و هیچ ئائیننامەیەك سەلاحییەتی بە بەرپرسی سکرتاریا یا سکرتێر نەداوە بەتەنیا لەو بارەیەوە بڕیار بدەن. لێرەش دا لە شەش ئەندامی دەفتەری سیاسی ٣ کەس موخالیفن‌و ئەو جۆرە بانگهێشتنەکە لە جێ‌دا دروست نیە.

٣. لەبەر هەر دوو هۆی سەرەوە ئێمە هەشت ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌و سێ جێگرو دوو موشاویر بڕیارمان داوە نەیەینە هیچ کۆبوونەوەیەکی لەو بابەتەو ئاشکراشە بەپێی بەندی دەهەمی پێڕەوی نێوخۆی حیزب، تێبینیی٢، پلینۆمی کومیتەی ناوەندی بەبێ ئامادەیی ئێمە کە زیاتر لە سێیەکی ئەندامانی ئەسڵیی کومیتەی ناوەندیمان لەگەڵە رەسمییەت پەیدا ناکاو بڕیارەکانی کۆبوونەوەیەکی لەو بابەتە نامەشرووعن.

٤. بەستنی ئەو کۆبوونەوەیە کە ناوی "پلینۆم"تان لەسەر داناوە پێشێلکردنی راشکاوانەی پێڕەوی نێوخۆی حیزب، لەبەریەك هەڵتەکاندنی ریزەکانی حیزب‌و لەیەك قسەدا کودیتایەکە دژی یەکپارچەیی حیزبەکەمان لە یەکێك لە ناسکترین هەلومەرجەکانی ژیانی سیاسیی خۆی‌دا.

٥. بەراشکاوی رادەگەیەنین ئەگەر کۆبوونەوەیەکی وا بگرن‌و ناوی پلینۆمی لەسەر دابنێن، ئێمە بە لێبڕاوی‌یەوە هەڵوێستی لەسەر دەگرین‌و ناشەرعی بوون‌و نارەسمی بوونی لەقاو دەدەین. هەر لەو کاتەدا هەموو رێگایەکی مەشرووع دەگرینەبەر بۆ ئەوەی پێشی بەرێوەچوونی بڕیارە ناشەرعی‌یەکانی ئەو کۆبوونەوەیەو لەتکردنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بگرین.

٦. پاش هەموو ئەمانە داوا لە جەنابت‌و هاوڕێ‌یانی‌کانت دەکەین بۆ پاراستنی ئوسوولی حیزبی‌و یەکیەتیی تەشکیلاتیی حیزب‌و بۆ کۆتایی هێنان بە نیگەرانیی هەموو دڵسۆزانی حیزب، واز لە گرتنی ئەو کۆبوونەوەیە بە ناوی پلینۆم بێنن‌و لە جیاتی ئاڵۆزترکردنی فەزای نێو حیزب رێگای دیالۆگ‌و برایەتی‌و تێك گەیشتن بگرنە پێش. دڵنیابە ئەو هەنگاوەی بە نیازن هەڵی بێننەوە نە قازانجی حیزب‌و بزووتنەوەی تێدایەو نە شانازی‌یەك بۆ هیچ

کەس، بە ئاواتی بڕیاری بەرپرسانە ئەندامانی ئەسڵی و جێگرو موشاویری کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران:

حەسەن ڕەستگار — [illegible]

مستەفا مەولوودی — حەسەن قادرزادە

کەمال کەریمی — سمایل بازیار

عومەر باڵەکی — لوقمان مێهفەر

خەدیجە مەعزوور — محەممەد حەسەن پوور ٤

محەممەد کەسرایی — هێمن سەیدی

عەبدوڵڵا بەهرامی

١٣٨٤/٣/٧

.١٠

بۆ چارەسەری گرووگرفتەکان و بۆئەوەی هەموو تێکۆشەرانی حیزب خۆیان لەنێو حیزبەکەیان دا ببیننەوە و حیزبیش بتوانێ لە هەموو توانا و زەرفیەتەکانی بۆ بەرەو پێش بردنی ئەرکەکانی گەلەک وەرگرێ، ڕیزە پێشنیارو داخوازێکمان دەخەینە بەرچاو. ئاواتمان ئەوەیە بە واقیع بینی و سنگ فرەوانی‌یەوە چاویان لێ بکەن و پەسەندیان بکەن. ئەمەش ڕیزی داخوازەکان:

١ـ هەروەک لەماوەی ١٠ ساڵ و سێ کۆنگرەی پێشتردا ڕەفتار کراوە، ئێوەش بوونی ئۆپۆزیسیۆن بە ڕەسمی بناسن و لە هەر مەسەلەیەک دا لەگەڵی بکەونە دیالۆگ و حیسابی بۆ بکەن.

٢ـ بڕیارێک کە لە کۆنگرەی١٢ دا پەسەند کراوەو کۆنگرەی ١٣ش پەسەندی کردۆتەوە لەبارەی ئازادیی بیروڕا دەربڕین لە کۆبوونەوەکانی حیزبی و ئۆرگانی نێوخۆیی‌دا بە وردی جێبەجێ بکەن، ڕێگا بە هەموو کەس بدرێ لە نێوخۆی حیزب دا هەر نەزەرێکی هەیە دەری بڕێ و بە تەواوی پێش بە سووکایەتی پێکردن و شێواندنی کۆبوونەوەکان بگیرێ.

٣ـ وەک لە پێشەوە گوترا لەماوەی ٢ ساڵی ڕابردوو دا زۆر هەڵەی سیاسی کراون کە زیانیان لە پەرستیژی حیزب داوە. ئەگەر زۆر لەوانە بە دووریان ئەکردەوە کەم و زۆر قەرەبوو بکرێتەوە، هەڵەیەک کە لە نامەی بەڕێز سکرتێر بۆ ئاغای ئەرزی ئەفشار دا کراوە بە پێدەنگە لێ‌کردن ڕاست ناکرێتەوە. ئەمە پەیوەندیی بە مەسەلەی خاک و کەرامەتی نەتەوەیی کوردەوە هەیەو دەبێ بەڕاشکاوی ڕاست بکرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە داوا دەکەین یان کاک مستەفا ئازادانە ڕوونکردنەوەیەک بڵاو بکاتەوەو قسەکەی خۆی وەربگرێتەوە، یان دەفتەری سیاسی لە بەیاننامەیەک دا بە ڕەسمی ڕایگەیەنێ کە لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە هەموو ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بەشێک لە خاکی کوردستانە و شەهید حکۆش ڕیبەرێکی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردە و بێ‌حورمەتی بەو بێ‌حورمەتی بە کەرامەتی نەتەوەی کوردە.

٤ـ وەک لە پێشەکی دا گوترا لە دوو ساڵی ڕابردوو دا بە سەدان کەس سزا دراون، تەشویق کراون، پلەیان دراوەتێ یان لێیان ئەستێندراوەتەوە، تەقل کراون و تەنانەت خراونەتە بەندیخانەوە کە ئەگەریش بیانوویەکیان بۆ دروست کرابێ، هۆی سەرەکی، لێکدانەوەی جەناحی بووە. بۆیە داوا دەکەین هەموو ئەو جۆرە بڕیارانە ڕابگیرێن و هەیئەتێکی هاوبەش بە سەلاحیەتی وەک یەکەوە لە جەناحی دەسەڵاتبەدەست و ئۆپۆزیسیۆن پێک بێ کە بە هەموویان دا بچێتەوەو ئەوەی بە ساڵی نەزانی هەڵی وەشێنێتەوە.

٥ـ بۆ ئەوەی ئەو جیاوازی دانانە لە داهاتوو دا دووپاتە نەبێتەوە داوا دەکەین جارێک بۆ هەمیشە کۆتایی بەو فشارو پاڵ پێوەنانە بهێنرێ و هەیئەتێکی هاوبەشیش پێک بێ کە لەسەر هەموو تەقل و ئینتیقال و تەوبیخ و تەشویق و پلەدان و پلە وەرگرتنەوەیەک و هەر جۆرە سزادانێک بڕیار بدا

٦ـ داوا دەکەین هەیئەتێکی هاوبەش بۆ لێکۆڵینەوەی وەزعی ئەوانەی دێن بۆ پێشمەرگایەتی پێک بێ و هەموو ڕەتکردنەوە یان وەرگرتنێکی پێشمەرگەی تازە بە بڕیاری ئەو هەیئەتە بێ.

٧ـ بە ئاشکرا دیارە کە یەکیەتییەکانی ژنان و لاوان وەک دوو یادگاری سەردەمی کۆماری کوردستان بێ‌لوتفییان لەگەڵ دەکرێ و بایەخی شیاویان پێ نادرێ. بۆیە پێویستە هەردووکیان بە تەواوی پشتیوانی بکرێن و بە تایبەتی دەست لە کارشکێنی و دەست تێوەردانی کاروباری یەکیەتیی لاوان هەڵ بگیرێ.

2

٨ـ بە ڕوونی دیارە کە کاری تەشکیلاتی لەگەڵ هاوڕێیانی نێوخۆی وڵات و دنیای دەرەوەش کەوتۆتە ژێر تەئسیری بەرەوباوەڕی جەناحی. بۆیە داوا دەکەین هەردووکی ئەم بەشانە لە لایەن هەیئەتێکی هاوبەشەوە ئیدارە بکرێن.

٩ـ لە دانانی پێرسۆنێلی تەلەفزیۆنیش دا وەك هەموو شتەکانی دیکە گیانی جەناحی و جەناحبازی زاڵە، هەر بۆیە پێویستە سەرپەرستییەکی کارزان و لێوەشاوەو هاوبەش بۆ کاری تەلەفزیۆن دابنرێ.

١٠ـ لە دوا دەوری دانی پلەی کادر دا بەناحبازی کەیشتە لووتکە. زۆربەی وەرگیراوەکان سەر بە جەناحی زاڵ بوون و زۆربەی ڕەت کراوەکان هی ئۆپۆزیسیون. بۆیە پێویستە تەواوی ئەو کەسانەی ڕەت کراونەوە پلەیان پێ بدرێ بۆئەوەی لانی کەمی موساوات دابین بکرێ.

١١ـ بە ڕواڵەت کاری تەشکیلاتی ئاشکرا بە ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی سپێراوە کە سەر بە ئۆپۆزیسیۆنە، بەڵام بە کردەوە ڕێگای کاری لە نێو ئەندامانی ئاشکرا دا لێ گیراوە و تەنیا (خودیها) هەقی تەماس لەگەڵ وانیان هەیە. پێویستە دەستی ئەو هاوڕێیە ئاوەڵا بکرێ و زۆریش باشە کە دوو کەس هەریەکەی لە جەناحێك ئەرکەکە وە ئەستۆ بگرن.

١٢ـ زۆر کادری بەوەج و تەنانەت زۆر لە ئەندامانی کادری ڕێبەریی پێشوو، یان بێکارن یان کاری شیاویان نیە. پێویستە بۆ هەموان کاری موناسیب دیاری بکرێ و ڕێزیان بپارێزرێ.

١٣ـ هەموو دەستکارییەکی ئاییننامەکان و زۆربەی بەخشنامەکان کەوتوونەتە بەر تەئسیری ڕووحی جەناحی. پێویستە تەواوی ئەوانە چاویان پێدا بخشێندرێتەوەو جۆرێك بنووسرێنەوە کە هەقی کەس بەفیڕۆ نەچێ.

١٤ـ بە پێچەوانەی کونگرەکانی پێشوو کە تەوازون لە نێوان ئەندامانی سەر بە جەناحەکان لە کۆمیتەی ناوەندی دا هەبوو، ئەم جارە بەشی شێر بۆ قۆلی دەسەلاتیەدەست دانراوە. بۆ قەرەبووکردنەوەی بەشێك لەو نابەرابەرییە داوا دەکەین:

أ: جێی خالیی کاك خالید عەزیزی لە کۆمیتەی ناوەندی دا بدرێ بە ئۆپۆزیسیۆن و دیاریکردنی ئەفەرەکەش بە خۆی بسپێردرێ.

ب: جێگای چەند موشاویر کە بەتاڵە بە کەسانێك لە ئۆپۆزیسیۆن پڕ بکرێتەوە.

ج: هەر ئۆرگانێك بەرپرسەکەی لە زۆرایەتی بوو، جێگرەکەی لە کەمایەتی دیاری بکرێ بۆئەوەی هەردوو لا لە ڕەوتی کارەکان ئاگادار بن.

١٥ـ هەتا کۆنگرەیەکی دیکە، لە دەرەوەی وڵات ئەندامانی کۆمیتەکان بە پێی نیسبەت دیاری بکرێن و داوا لە کۆنفرانسەکان بکرێ دەنگیان پێ بدەن. بەرپرسی کۆمیتەش لەو جەناحە بێ کە زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی لەگەڵە، مەگەر بە تەوافوقی هەردوولا جۆرێکی دیکە بە سەلاحی حیزب بزانرێ.

١٦ـ لە ناوەندەکان زۆربەی ئەندامان(کادر و پێشمەرگە) لە هەر جەناحێك بوون، بەرپرس لەو جەناحە بێ و ئەندامانی دیکەی ناوەندیش بە پێی نیسبەت لە لایەن هەرکام لە جەناحەکانەوە هەڵ بژێردرێن.

۱۷ـ هەر سەرمایەگوزارییەک دەکرێ بە ئاگاداریی کەسانێک لە هەردوو جەناح و بە ناوی کەسانێک لە هەردوو جەناح بێ.

۱۸ـ چاو بە تەقسیمی کار و سازماندەهی دا بخشێندرێتەوە و بە جۆرێک رێک بخرێتەوە، کە هەردوولا بە پێی نێوەشاریی لە تەرک و سەلاحیەتەکان دا بەشدار بن.

۱۹ـ پێویستە رێگە بە بڵاوبوونەوەی بیروبۆچوونی ئەفرادی هەردوو جەناح لە رادیۆ و رۆژنامەو تەلەفزیۆنی حیزب و راگەیەنە گشتییەکانی دیکە بدرێ و کەس لەسەر ئەوە موحاسەبە نەکرێ. ئەگەر نەزەری ئۆپۆزیسیۆن موخالیفی نەزەری جەناحی دەسەڵاتبەدەست بوو لە تێکۆشەر، ئۆرگانی نێوخۆی حیزب دا بڵاو بکرێتەوە، کە ئەمە هەقێکە دوو کۆنگرەی ۱۲و۱۳ بە رەسمییان ناسیوە.

۲۰ـ بڕیارێک کە لەبارەی خوێندنی هاورێیانی کادر و پێشمەرگەوە دراوە بە جۆرێک دەستکاری بکرێ کە دەرفەتی خوێندن و بردنەسەری پلەی زانستی و خوێندەواری بۆ تێکۆشەرانی حیزب بڕەخسێ.

هاورێیانی بەڕێز!

جارێکی دیکە ئارەزوو دەکەین بەرپرسانە بە دەنگی ئەم بانگەوازەوە بێن و کارێک بکەن کە حیزبە خۆشەویستەکەمان لە وەزعی نادڵخواز و شێرزەی ئێستای بێتەدەر و متمانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەدەست بێنێتەوە.

لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە

۱۳۸۵,۵,۷

١٠-١١

## نامەی حەڤدە خاڵیی زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی بۆ ئۆپۆزیسیۆن

**هاوڕێیانی بەڕێزی کۆمیتە**

**بەسڵاوی گەرم و برایانە!**

به هەست بە بەرپرسایەتیی زۆرایەتی حیزب و ڕێزدانان بۆ هەوڵ و تێکۆشانی دۆستان و دڵسۆزانی حیزبەکەمان لە پێوەندی لەگەڵ پاراستنی یەکریزی تێکۆشەرانی حیزب و لە سەر بناغەی هەموو ئەو دانیشتن و باسانەی کە بۆ لەنێوبردنی گیروگرفتە نێوخۆییەکانی حیزب ئەنجام دراون و هەوڵەکانی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لەپێناو یەکریزیی حیزبدا، ئەرزەری خۆمان لەم حاڵەتەی خوارەوەدا کە بەشێکی بەرچاوی داخوازییەکانی کەمینەی لەخۆ گرتووە ڕادەگەیەنین. هیواداریین ئێوە هاوڕێیانی کەمینەش بە هەست بە بەرپرسایەتی تەواوەوە وەری بگرن و کارێك بکەین کە موژدەی لەنێوچوونی گیروگرفتەکانی نێوخۆی حیزب بە هەموو دۆستان و دڵسۆزانی حیزب بدەین و دوژمنانی حیزبەکەمان لەگەڵ ناهومێدی بەرەوڕوو بکەین.

1. سەبارەت بە ئازادیی ڕادەربڕین:

ئەلف: ئازادیی ڕادەربڕین پرەنسیپێکی دێموکراتیکە کەم و زۆر لەمێژە لە حیزبی ئێمەدا جێگای گرتووە، بۆیە هەموو ئەندامانی حیزب بۆیان هەیە لە کۆڕ و کۆبوونەوەی حیزبیدا لە سەر بابەتە تەشکیلاتی و فیکرییەکان ڕاشکاوانە بیروڕای خۆیان دەربڕن یا لە "تێکۆشەر" نامیلکەی نێوخۆیی حیزبدا بڵاوی بکەنەوە.

ب: بۆ کەس نیە لە دەرەوەی حیزب باس و بابەتە نێوخۆیی و تەشکیلاتییەکان باس بکا، بەڵکوو هەموو ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی حیزب دەبێ دیفاع لە سیاسەت و بڕیارەکانی حیزب بکەن.

2. هەیئەت لە زۆرینە و کەمینە دەستنیشان بکرێ کە بە سکاڵای هەر کادر و پێشمەرگەیەکی حیزب ڕابگا کە پێی وایە لە باری سزادان و پلەی تەشکیلاتییەوە مافی لە بەرچاو نەگیراوە.

3. وەرگرتنی بە پێی بڕیارێك بە هەیئەتێك تەسبیت کراوە کە لە نوێنەرانی ئۆرگانەکانی پێوەندیدار پێك دێ، دەکرێ دیاریکردنی نوێنەرانی ئەم ئۆرگانانە جۆرێك بێ کە ئەرزەری گشتیی دابین بکا.

4. یەکیەتییەکانی ژنان و لاوان و خوێندکاران و هەموو ڕێکخراوە دێموکراتیکەکانی سەر بە حیزبی دێموکرات پێوەندیی ئۆرگانییان لەگەڵ حیزب بە پێی نوسوولێك دامەزراوە کە تا ئێستا پێڕەوی لێکراوە بۆیە بۆ هیچکەس و جەمعێك نیە کە بۆ هیچ مەبەست و بەرژەوەندییەکی تایبەتی دەست لە کاروباری ئەم ڕێکخراوانە وەربدا.

5. کاری تەشکیلاتی نێوخۆی وڵات هەر ئێستاش بە شێوەی هاوبەش بەڕێوە دەچێ.

6. بۆ تەشکیلاتی ئاشکرا جوارچێوەیەك دیاری دەکرێ کە سنووری کارکردنی ناوەندەکان لەو بەشەدا و بەشی تەشکیلاتی ئاشکرای کومیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی بە ڕوونی دیار بکا و ڕێکخستنی ئەندامانی حیزبی ڕێکوشوێنی گونجاوی بۆ دیاری بکرێ.

7. دوابەدوای دەوری دانی پلەی کادر کە بە شێوەیەکی مەنتیقی و لە سەر بناغەی ڕیزە پێوانەیەك لە لایەن کومیسیۆنی سیاسی ـ نیزامییەوە کە ئەندامانی لە کەمینە و زۆرینە پێکهاتووە دیاری کراوە، بەو حاڵەش هەر پێشمەرگەیەك هەست دەکا مافی لە بەرچاو نەگیراوە دەتوانێ سکاڵای خۆی بدا بە هەیئەتی لێکۆڵینەوە و ئەو هەیئەتەش ئاگاداری کاری خۆی بداتەوە بە دەفتەری سیاسی.

۲.۱۱

8. ئەو کەسانەی تا ئێستا چەند جار داوایان لێکراوە ئەرک و بەرپرسایەتی وەربگرن بەڵام ئامادە نەبوون کاری پێشنیارکراو قبووڵ بکەن ئەگەر ئامادە بن ئەرک وەئەستۆ بگرن، بە پێی لێوەشاوەیی هەرکامیان کاری شیاویان بۆ دیاری بکرێ. تەشخیسی ئەم لێوەشاوەییە بە ئۆرگانەکانە.

9. ئایین‌نامەکان جاویان پێدا بخشێندرێتەوەو ئەگەر مەوردی وا هەبێ کە بەر بە جووڵەپێش کارو ئەرکەکان بگرێ دەستکاری بکرێن. بۆ ئەو مەبەستە هەر کەس و هەر ئۆرگانێك دەکرێ پێشنەهاداتی خۆی بدا بە دەفتەری سیاسی.

10. لە کونفرانسەکانی دەرەوەی وڵات، هەوڵ بدرێ لە هەڵبژاردنی ئەندامانی کومیتەدا موشارکەتی گشتی و "انسجام"ی تەشکیلاتیی پێوە دیار بێ.

11. هەروەك پێشتر هەوڵ درا کە بەرپرسی ناوەندی 2 ئەندامێکی کومیتەی ناوەندی سەر بە کەمینە بێ بەڵام قبووڵ نەکرا ئێستا کە ئەوە یەکێك لە داواکانی هاوڕێیانە موافقین ئەم بەرپرسایەتییە بە ئەندامێکی کومیتەی ناوەندی سەر بە کەمینە بدرێ.

12. بڕیارێك کە سەبارەت بە خوێندنی ئەندامانی ڕێبەرایەتی و کادرو "پ.م"ی حیزب پێش کۆنگرەی 13 دەرچوو ئەوەندەی بکرێ جۆرێك تەنزیم بکرێتەوە کە هەم دەرفەتی زیاتر بۆ ئەو مەبەستە بڕەخسێ و هەم ڕێگا بە بەڕێوەچوونی کارەکانی حیزب نەگرێ.

13. لە ئەساسنامەی حیزبدا ئوپۆزیسیۆن نەهاتووە بۆیە ناکرێ بە ڕەسمی بناسرێ.

14. هەموو کادرو پ.م و ئەندامی حیزب دەبێ پەیڕەوی لە ئەساسنامەو ئایین‌نامەکانی حیزب بکەن.

15. لە هەموو هەلومەرجێکدا دەبێ پرنسیپە دێموکراتیکەکانی حیزب بپارێزین.

16. هەموومان بەرعۆدە بین کە بەرانبەر بە بێکاری و کەمکاری و کارشکێنی هەڵوێست بگرین.

17. پاش ساغبوونەوە لە سەر ئەم خاڵانە هەموومان بە ڕوحی برایەتی و یەکگرتوویی بۆ بەرەوپێش بردنی بەرنامەو بەرژەوەندییەکانی حیزب هەنگاو بنێین.

1385/9/6

2006-11-27

١٢. لە درێژەی ئەو ماوەیەدا کە ئەو نوێنەرایەتییەیان پەیامەکانی دێنا و دەبرد، ڕۆژێک لە جەریانی باسێکدا کە لە دەفتەری سیاسی بوومان و پێشتریش هێندێک شتم لە کانالەکانی خۆیان بیستبۆوە، هەستم کرد کە ئەو هەیئەتە ڕاسپاردەکانی ئێمە بە ئەمانەتەوە ناگەیەنێتە لایەنی دیکە، بۆیە لەوێ داوایەکم لێ کردن کە ئیزن بدەن من بۆ خۆم لە جێگایەک کە ئەوان دیاری دەکەن ئامادە بم و بۆ هەموو ئەو کادر و پێشمەرگانەی کە لایەنگری ئەوانن، یان لانیکەم بۆ ئەو چەند کەسەی کە وەک ڕێبەرایەتیی ئەو لایەنە خۆیان ناساندووە قسە بکەم و داوا و ڕاسپاردەکانی لایەنی زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەوان بێنمە ئاراوە، ئەگەر پێشنیار یان ڕەخنەیەکیشیان بوو، ڕووبەڕوو وەڵامیان بدەمەوە و داخواز و پێشنیاری ئەوانیش ڕاستەوخۆ ببیسم، هەیئەت وەڵامیان داوە کە ئەو پێشنیارە دەبەنەوە لای هاوڕێیانی خۆیان و لە کۆبوونەوەی داهاتووی دەفتەری سیاسیدا وەڵامەکەی دێننەوە، بەڵام وەڵامەکەی کە هێنایانەوە ڕەدکردنەوەی پێشنیارەکەی من بوو و گوتبوویان کە پێویست ناکا من بچم قسەیان بۆ بکەم، ئەو وەڵامە زیاتر ئەو باوەڕەی لە لای ئێمە بەهێز کرد کە ئەوانە پیلانی جیابوونەوەیان هەیە و نیگەرانن کە ئەگەر جەماعەتەکەیان قسەکانی ئێمە ڕاستەوخۆ ببیستن لە ڕێبەرایەتییەکەی خۆیان بەگومان دەبن و ڕەنگە هێندێکیان لانیکەم لە جیابوونەوەدا دەگەڵیان نەڕۆن، دەنا هیچ مەنتقێک نیە کە ئیزن نەدەن سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ کۆمەڵێک لە کادر و پێشمەرگەی حیزبەکە قسە بکا و بۆچوونی ئەوان ببیستێ.

١٣. دەقی تەواوی قسەکانی ئەو کۆبوونەوەیە لە بەردەستدایە

١٤. ئەزموونی خەبات لاپەڕەی ٥٤٥

١٥. حەسەنزادە لێرەش بە ناڕاستییەکی زۆر ئاشکرا لە کتێبەکەیدا (ئەزموونی خەبات) لاپەڕەی ٦١٢ دەڵێ:

*"ئەو ڕۆژە بەیانیەکەمان نووسی بۆ بڵاوکردنەوە. گوتمان دەینێرین بۆ ئەوان بەڵکم بڵێن کاکە ئەگەر بڵاوتان نەکردۆتەوە بڵاوی مەکەنەوە. شایەد بڵێن با ئێستێ دانیشین. ئەگەر وایان گوت دیسان دادەنیشین چوونکە دانیشتنەکەیشیان قەتع کردبوو. وا بزانم کاک حەسەنی ڕەستگار و کاک مستەفای مەولوودی بۆیان بردن. هەروەک خەبەرێکی خۆشیان پێ بکا، هیچ داوایان نەکردبوو کە بڵاوی مەکەنەوە".*

١٦. مەبەست لە دەست لە کار کێشانەوە و دابڕانی ئەو کەس و لایەنانە بە هۆی ناتەبایی دروشم و بەڵێنەکانی سەردەمی جیابوونەوە لەگەڵ کردەوەکانی ئەو ماوەیەدایە، دەنا دوورکەوتنەوەی ئەندامان لە هەر حیزبێکدا و پەیوەستبوونی کەسانی دیکە بەو حیزبە دیاردەیەکی ئاساییە و لە هەموو حیزبێکدا دێتە پێش.

١٧. لە دوای راگەیاندنی بەیانیەی جیابوونەوە، بەشێک لەو کادرانەی کە دوایە لە نێو لایەنی جیابۆوەدا بە گرووپی هەڵوێست ناسران، لە شوێنی کارەکەم هاتنە لای من، هاوڕێیەکیان کە وادیار بوو زۆرترین باوەڕی پێکراوە فایلێکی نایە بەر دەستم کە کۆمەڵێک نووسراوەی تێدا بوون و پێیان راگەیاندم کە ئێمە کۆمەڵێک کادر و پێشمەرگەین و کۆمەڵێک داخوازیمان هەیە. داخوازەکانمان لە دووتوێی ئەم فایلەدایە، بە مەرجێک ئێوە ئەو داخوازانە قبووڵ بکەن ـ کە یەکێک لەو داخوازانە بەڕەسمی ناسینی ئەو کۆمەڵە کادرو پێشمەرگانە وەک فراکسیۆنێک لە نێو حیزبدا بوو. ئێمە ئامادەین لەگەڵ لایەنی ئینشعابی نەکەوین و لە نێو حیزبدا بمێنینەوە، من بە بێ ئەوەی تەماشای ناو فایلەکە بکەم پێم گوتن لە حیزبی دیموکراتدا بە ڕەچاو کردنی چوارچێوەیەک کە دیارە هەموو ئەندامێک لە دەربڕینی بیرو بۆچوون و داخوازەکانیدا ئازادە و لەو پێوەندییەدا مافی هەموو تاکێک پارێزراوە، بۆیە پێویست بە بوونی فراکسیۆن ناکا و ئێوەش ئەگەر پێتان باش بێ دەتوانن بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ئەسڵە لە حیزبدا بمێننەوە و کارو تێکۆشانی خۆتان درێژە بدەن، بێجگە لەوە هیچ مەرجێک لە هیچکەس و گرووپێک قبووڵ ناکرێ، ئەوان دوای بیستنی قسەکانی من فایلەکەیان هەڵگرتەوە و ڕۆیشتن و پەیوەست بوون بە تاقمی ئینشعابییەوە، چونکە ئەوان ئەو مەرجانەیان لێ قبووڵ کردبوون. ئەو گرووپە هەر ئەو هاوڕێیانەن کە دوایە بە ناوی گرووپی «هەڵوێست» لە نێو لایەنی ئینشعابیدا خۆیان ناساند و دوای ئەوەی کەوتنە ژێر زەخت و ئەو بەڵێنانەی لەو پێوەندییەدا پێیان درابوون و دواتریش هیچکامیان جێبەجێ نەکران ئەو جار بە کۆمەڵ لێیان جیا بوونەوە.

ئەوە یەکێک لەو بەڵێنانەیە کە بەو کۆمەڵە کادر و پێشمەرگانەیان دا تا پەیوەست بن بەوان و بە گشتی بەم شێوە بەڵێنانە بوو کە توانیان کۆمەڵێک کادر و پێشمەرگەی حیزب لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە.

١٨. هەر لە نێو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیدا چەند کەسێکی دیکەش دەست لە کار کێشانەوەی خۆیان راگەیاند بەڵام دوای ماوەیەک لە ژێر زەختی ڕێبەرایەتیی گرووپی ئینشعابی و دووبارە بە وەرگرتنی وەعدە و بەڵێنی دیکە گەڕانەوە ریزەکانی ئەوان بەڵام ئێستاش وەک مۆرەکانی ناڕازی لە نێویاندا ماونەتەوە.

١٩. هەر وەک کاک ئیقبال ئاماژەی پێ دەکا لایەنی ئینشعابی دوای جیابوونەوە و لە کۆنگرەی خۆیاندا ویستیان نیشان بدەن کە لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی

ئێران نەتەوەیی‌ترن و خەباتی ئەوان تەنیا لە پارچەیەکدا (کوردستانی ئێران) قەتیس نامێنێتەوە، هەر بۆیە وشەی «ئێران» یان لە سەر ناوی حیزب لابرد و لە نیشانە (ئارمی) حیزبیشدا کە کێوێک بە نیشانەی بەشێک لە کوردستان دانرابوو کردیان بە چوار شاخ بە نیشانەی چوار پارچەی کوردستان.

بەلام دوای هەشت ساڵ لەم دواییانەدا (لە ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٠١٤ی زایینی) جارێکی دیکە دروشمی رۆژهەلات تەوەرییان بەرز کردەوە و وەک ئەوەی داهێنانێکیان لە سیاسەتی حیزبەکەیاندا کردبێ و، بە جۆرێک کۆڕ و کۆبوونەوەی بۆ پێک دێنن و لە راگەیەنەکانیاندا بانگەشەی بۆ دەکەن وەک ئەوەی بڵێن کەس ئەقلی پێ ناشکێ کە (رۆژهەلات تەوەری) هەر هەمان (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران)ە کە لە دوای ئێنشعاب پێی رازی نەبوون و لە خۆیان ڕابینی شان بدەنە ژێر باری خەبات بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان.

بەلام دوای ئەو ماوەیە جارێکی دیکە گەڕاونەتەوە سەر خاڵی سەرەتا. واتە «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران» و چڕکردنەوەی خەباتیان بۆ ئەو بەشە. ناوەڕۆکێک کە لە کۆنگرەی ٣ی حیزبی دێموکراتەوە بۆ سنووری خەبات و تێکۆشانەکەی دیاری کراوە و تا ئەمڕۆش (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) بەو ڕێڕەوەدا هەنگاو دەنێ. کەوابوو «رۆژهەلات تەوەری» داهێنانێکی نوێ نیە.

٢٠ ـ ئامادەکردنی عەزیزشێخانی

٢١ـ رۆژنامەی «وشە» چوار شەممە ٢٠ ئاب ٢٠١٤

٢٢ـ حەسەنزادە لە لاپەڕەی ٥٩٥ی (ئەزموونی خەبات) لە وەلامی پرسیارێکدا دیسان هەر بە ناڕاست و بە بێ هیچ بەلگەیەک دەلێ:

" هەموو خەلک خۆیان کاندید دەکرد بەلام کەلەبابەکە بە لەپان لێ نرابوو". یانی هەموو شتێک دیاری کرابوو. ئەو لایەنەی منی تێدا بووم هەشت کەسی بۆ دانرابوو. پرسیار ئەوەیە: وەختێک بە قسەی خۆی خۆ کاندیدکردن و دەنگدان ئازادە تۆ چۆن پێشتر ئاوا بە راشکاوی ژمارەی کاندیدە دەرچووەکانی دوو لایەن پێش دەنگدانەکە و ژماردنی دەنگەکان دەزانی؟ ئەگەر ئەو قسەیە راست بێ زۆرایەتی بۆ لایەنی خۆی نەدەکردە لانیکەم چاردە کەس تا لەو هەموو سەرئێشەیە کە جەنابیان بۆ پێکهێنانی پلێنۆمەکان پێکیان دێنا، رزگار بکا؟

٢٣ـ ئەزموونی خەبات لاپەڕەی ٦١٨

٢٤ـ « ٦١٩

٢٥ـ « ٦١٩

٢٦ ـ « ٦١٩

٢٧ـ « ٥١٠

٢٨ـ « ٤٩٢

٢٩ـ « ٤٩٢

٣٠ـ « ٥٠١

٣١ـ « ٦٠٥

٣٢ـ « ٦٠٧

٣٣ـ « ٤٨٦

# *Resilience in the Face of Decline and Division*

Mustafa Hijri

Kurdistan 2015

# *Resilience in the Face of Decline and Division*

**Mustafa Hijri**

Kurdistan 2015